


# کاسکێتەکەم بە پاییز بسپێرن





بەلای منەوە کەوتنی  مرۆڤێک، بەقەد بەربوونەوەی
ئەستێرەیەک سەرنجڕاکێشە.. هەر منیشم زۆرجار بە کۆمەڵم
گوتووە: **با شەقامەکان بە گوڵ سوور کەین، نەک بە خوێن.**
بەڵام کۆمەڵ نەیبیست و نەیبیست.

ئەبوبەکر



ژیان و بەرهەمی
شاعیری شەهید
**ئەبوبەکر عەلی**

# کاسکێتەکەم بە پاییز بسپێرن

ئامادەکردنی:
**فەرەیدون عارف**

ناوی کتێب: کاسکێتەکەم بسپێرن بە پاییز
(ژیان و بەرهەمی شاعیری شەهید بەکر عەلی)
ئامادەکردن: فەرەیدون عارف
پیتچنین و هەڵەبڕی: ئامادەکار
دیزاینی ناوەڕۆك و بەرگ: ئاسۆ مامزادە
چاپی یەکەم، سلێمانی- 2010
چاپ: چاپخانەی کارۆ
ژمارەی سپاردنی (923) ساڵی 2010 لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکانی هەولێری وەرگرتووە.

(مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە)

**پێشکەشە بە..**

- رۆحی هەرگیز ئارام نەگرتووی (حەلیمەخان) دایکی شاعیری جوانەمەرگ ئەبوبەکر عەلی..
دایکێک، حەسرەتی سێ کوڕی گوللەبارانکراو، ژیانی کردبووە دۆزەخ.

- شەهیدی وشە و حەقبێژیی (عەبدولخالق مەعروف)و کتێبە گەردن خوێناوییەکەی.

بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا

گۆران

رەبی مووی لێ بێ زمانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەر کەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

حەمدی ساحێبقڕان

# پێڕست

دەستپێک (پەڵە خوێنێک بە تەوێڵی شارەوە) .......................................... 9
مەسیحێکی شاعیر .......................................................................... 14
ئەو شەوانەی لە پرچەکانت رەشترن ................................................ 25
شەوی یەکەم ........................................................................... 27
شەوی دووەم .......................................................................... 28
شەوی سێیەم .......................................................................... 29
شەوی چوارەم ......................................................................... 31
شەوی پێنجەم ......................................................................... 33
شەوی شەشەم ........................................................................ 36
ون بوون ................................................................................ 38
شەوێک لەگەڵ ژەنراڵی پاییزدا ..................................................... 41
سەفەر .................................................................................. 46
سنوور .................................................................................. 48
هەڵۆ ................................................................................... 50
درەخت ................................................................................. 51
تکا ..................................................................................... 52
هانا .................................................................................... 53
پەپولە ................................................................................. 54
سۆراخ ................................................................................. 55
ترێی تاڵ ............................................................................... 58
من و تۆ ............................................................................... 62
(دوو پارچە شیعر) من و تۆ............................................................ 63
دایە .................................................................................... 64
میوانداری ............................................................................. 66
پارچە شیعرێکی تەواو نەکراو ....................................................... 68
زایەڵەی شەو ......................................................................... 69
(...............) ....................................................................... 71
ئەو ئێوارەیە .......................................................................... 74






پێنج کورتیلە شانۆیی ..... 77

شانۆیی قریشکەکان ..... 82

یاداشتی شاعیر ..... 106

چاوپێکەوتنی ئالای ئازادی لەگەڵ شاعیر ..... 148

وتاری 1ی ئایاری 1994 ..... 152

نامە ..... 154

(ئەبوبەکر عەلی) شیعری بەرزان عومەر ..... 155

وتاری ساڵیادی تیرۆرکردنی شاعیر ..... 158

یاداشتی ئەکرەم چاوشین ..... 160

ئەو چالاکیانەی لە دژی گوللەبارانکردنی ..... 172

کێ گێرە دەکا و کێ گێرە شێوێنە ..... 174

چۆنییەتی شەهیدکردنی ئەبوبەکر عەلی ..... 176

سەروتاری (رێگای کرێکار) ..... 178

ترێی تاڵی شەهید ئەبوبەکر عەلی ..... 181

بەکر عەلی لەگەڵ میلی کاتژمێردا یەکتر دەخۆن ..... 185

ئەبوبەکر عەلی ..... 190

بەیادی هاوڕێ بەکر ..... 205

لە کوژرانی ئەبوبەکر عەلی دا ..... 207

چی لەگەڵ بکوژانی ئەبوبەکر عەلی کرا ..... 209

لە 9/1 ..... 211

بیرەوەری و یادێک ..... 213

نامۆبوون لە دایەی بەکر عەلی ..... 216

لە یادی گیانبەختکردوو ..... 221

ئەمڕۆش وەک دوێنێ ..... 224

بەیاننامە ..... 229

ئەلبومی وێنەکان ..... 249

پاشکۆی دۆکیۆمێنتەکان ..... 273

سوپاس و پێزانین ..... 282





## دەستپێک..

# پەڵە خوێنێک بە تەوێڵی شارەوە

رەنگە یەکێک لە ناخۆشترین کار لە ژیانی مرۆڤدا ئەوە بێت، سەرەتاو کۆتایی کاری نادیاربێت و نەزانێت بە چ ئاراستەیەک هەنگاو بنێت. راستییەکەی لە سەرەتادا ئامادەکردنی ئەم کتێبە هەمان حاڵەت و تا رادەیەکیش جۆرێک لە سەرلێشێوانی تووشی من کردبوو. چونکە ئەو کاتەی بڕیارم دا ئەم کارە بکەم، تەنها نامیلکە شیعری (ئەو شەوانەی لە پرچەکانت رەشترن) لەبەر دەستم بوو. سەرباری ئەوەی بەردەوام هەستم دەکرد، مەرگی ئەو شاعیرەی کە جگە لە زانیارییەکی سەرەتایی شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نازانم، وەک پەڵە خوێنێکی هەمیشە تەڕ، بە تەوێڵی شارەکەمەوەیەو وێنەو دەربڕینە شیعرییە باڵاکانیشی هەمیشە بە پێوە رایدەگرن و ناشهێڵن قەتماغەی ئەو خوێنە ببینین و وەک خوێنی بە ناحەق رژاوی (جەمال عیرفان و عەبدولخالق مەعروف) مێژووی جەهالەت و سەرشۆڕیی کەسانێکی بەدڕەفتار و بەربەری و نامۆ بە هەستی مرۆڤبوونمان بۆ دەگێڕێتەوە. بۆیە دەستپێکردنی ئەو کارە، تا رادەیەک ئەستەم و وەک جۆرێک لە مەحاڵ وابوو. هێشتا ئەو دۆخەم تێنەپەڕاندبوو، کە نوسینە بەپێزەکەی نووسەری بەڕێز (حەمە سەعید حەسەن) لە کتێبی شیعرو شمشێر، کە دەربارەی ئەبوبەکر عەلی نووسی بووی، کەوتە بەرچاو و خوێندمەوە. ئیدی ئەمە بووە هاندەرێکی زیاترم و کەوتمە سۆراخی ئەو سەرە داوانەی دەمگەیەنێتە شوێن و کەسانی مەبەست. دوای گەڕان و پرسیارێکی زۆر لە ڕێی هەندێ هاوڕێ و دۆستی ئازیزەوە بەتایبەت (دڵشاد هیوا، مەریوان هەڵەبجەیی، عومەری میرزا ئەحمەد و سەلام مستەفا)، توانیم خانەوادەی شاعیری جوانەمەرگ بدۆزمەوە، ئیدی ئەرکی من لێرەوە دەستی پێکرد. هەروەها ئەو هاوکاری و بەدەمەوە هاتنە زۆر و پەرۆشییەی (کوێستان خان)ی





خوشکە تاقانەکەی ئەبوبەکر عەلی، کە دەتوانم بڵێم بەبێ هاوکاری و دەستگیرۆیی ئەو بەڕێزە، ئەم کارە هیچ ئەنجامێکی نەدەبوو. هەموو ئەو نووسراو و بەڵگەنامە و وێنانەی لە دوای شاعیر بەجێمابوو بە ئەمانەتەوە لە (کوێستان خان)م وەرگرت و کەوتمە ئیشکردن. ئەمەش بۆ من کارێکی نوێ و گران، هاوکات چێژ بەخش بوو. چونکە گەڕان بە دوای رووداوێکی مێژوویی و هەڵدانەوەو خوێندنەوەی سەدان لاپەڕەی جۆراوجۆر و دەستنووسی مرۆڤێکی زوڵملێکراو، کە دەستی غەدر زەفەری پێ بردووە و هاوکات تێکۆشەرو شاعیرێکی هەستناسک و نیشتمانپەروەرێکی بێگەرد و رۆشنبیرێکی بەهەڵوێست، کە لە سیما و گوفتار و رەفتاریدا قارەمانی ناو رۆمانە ریالیستییە مەزنەکانی کەڵە نووسەرانی سەدەی بیستەمت دێتە پێش چاو، کارێکە ماندووبوونت لەبیر دەباتەوە. هاوکات خۆی لە خۆیدا ئاشنابوونە بە مێژوو، و سەردەمانێک کە نەوەی نوێ لێی وەئاگا نییە و ئێستاش لە هەر ساتێک زیاتر پێویستمان بەو ئاگاییە هەیە. ئیدی بە تامەزرۆییەوە زیاتر لە دوو ساڵ لە نێو کتێب و گۆڤار و رۆژنامەو ماڵپەڕەکان بۆ نووسین و بابەت و ناوی (ئەبوبەکر عەلی) گەڕام و هەمیشە لە سۆراخی ئەو کەسانەشدا بووم، کە لە نزیکەوە شاعیریان ناسیوە و لەگەڵیدا ژیاون، یان داوێک دەیانبەستێتەوە بەو مەزنە مرۆڤەوە. بەڵام بەداخەوە هەندێک لەو بەڕێزانەی کە ئاشنایان بووم و لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ کردن، دوای کۆمەڵێک بەڵێن و چاوەڕوانییەکی درێژخایەن، تووشی نائومێدییەکی گەورەیان کردم. هەر بۆیە نەمتوانی قسەی زۆرێک لە هاوڕێ و خزم و دۆستانیشی وەربگرم و بەمەش شەرمەزارو قەرزارباری ئەو مرۆڤە ئازیز و دڵ سافانە بووم، کە بە چاو و دڵی پڕ گریانەوە سەربوردەی رۆژانێکی تەمەنیان لەگەڵ شاعیردا بۆ دەگێڕامەوە. ئەمەش بەو هۆیەی کە نەدەکرا بەشێکی تایبەت تەرخان بکەم بۆ ئەو بەڕێزانە، بەڵام هاوڕێ ئەدیب و نووسەرەکانی قسەیەکیان نەبێت بۆ گووتن. ئیدی بڕیارمدا ئەو کارە هەڵگرم بۆ چاپی دووەم و هەر لێرەوە بۆ چەندەمین جار داوایان





لێ بکەمەوە، گەر نایانەوێت ئەو مێژووە فەرامۆش بکەن، ئەوا دەتوانن یادگاری و یاداشتەکانیان لە دووتوێی چاپی دووەمدا جێ بکەنەوە. بەڵام لە بەرامبەریشدا چەند هاوڕێیەکی ئازیز و وەفادار بۆ یادی هاوڕێکەیان، بەگەرمی هاتنە پێشەوەو نووسین و یاداشتەکانیان خستە بەردەستم، کە بۆ من هاندەر و هەمیشە جێگای سوپاسن. دەبێت ئەو راستییەش بڵێم، کە هەر زانیارییەکی ورد و تایبەت بە ژیانی شاعیر و خانەوادە بەڕێزەکەیان، دیسانەوە لە خاتوو کوێستان وەرگیراوە و لەو بارەیەوە تەواوی کاتی خۆی بۆ روونکردنەوەو گێڕانەوەی رووداوەکانی ئەوێ رۆژێی ژیانی خانەوادەکەیان تەرخان کرد.

سەبارەت بە ناوەڕۆک و بەشەکانی کتێبەکە و لایەنی ئەدەبی نووسینەکان نامەوێت قسەیەکی ئەوتۆ بکەم، ئەوە جێدەهێڵم بۆ رەخنەگران و نووسەرانی تایبەتمەندی ئەو بوارە. هێندە هەیە دەمەوێت هەندێ وردە سەرنج و روونکردنەوە لەسەر کتێبەکە بە گشتی و بەشێکی گرنگی کتێبەکە بە تایبەتی بدەم، کە ئەویش یاداشتەکانی شاعیرە. ئەوەی پەیوەندی بە زمانی شیعرەکانەوە هەبێت تا رادەیەکی زۆر هەستدەکەین شێوەزاری سلێمانی زاڵە بەسەریدا، بە تایبەت لە گۆکردنی هەندێک لەو وشانەی بە (دە) دەستپێدەکەن و لە ناوچەی سلێمانی بە (ئە) گۆ دەکرێن. وەک دەزانین لە رابردوودا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەندێک لە نووسەرانی سلێمانی ئەم شێوە نووسینە پەیڕەو دەکەن. دیارە (ئەبوبەکر)یش شیعرەکانی بەم شێوەیە نووسیوە، هەربۆیە رێم بەخۆم نەدا دەستکاری ئەو زمانی نووسینە بکەم، چونکە پێموابوو بە کردنی ئەو کارە، سروشتی شیعرەکان و ئەو موزیکەی لەنێو وشەو دێڕ و وێنە شیعرییەکاندا هەستپێدەکرێت دەشێوێنم. هەروەک هەمان مامەڵەم لەگەڵ کۆی نووسینەکانی تر کردووە، بەڵام لە هەڵەی رێنوس و زمانەوانی و رەچاونەکردنی سێنتاکس و رستەسازی چاوپۆشیم نەکردووە و بەپێی توانا هەوڵمداوە بژاری ئەو کەموکوڕیانە بکەم. لەگەڵ





ئەوەشدا دەزانم هێشتا کتێبەکە بێ هەڵەو کەموکوڕیی نییە، کە هیوادارم بە هاوکاری دڵسۆزان لە چاپی دووەمدا ئەو هەڵانەش نەهێڵین.
تایبەت بە یاداشتەکانیش رەنگە کەسانێک مافی ئەوەم پێ نەدەن و بڵێن نەدەبوو ئەو یاداشتانە، کە ئاوێنەیەکی روونی واقیعی ژیانی تایبەتی شاعیرە بڵاوبکرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا، کە ناتوانین بزانین ئەگەر بکوژانی لێگەڕابان، (ئەبوبەکر عەلی) ئەم یاداشتانەی چی لێدەکردن و چەند لاپەڕەی تری راستگۆیانە دەنووسییەوە. بەڵام دەتوانین لەوە تێبگەین ئەو هەستە بەرز و ویژدانە مرۆڤدۆستانەو هەڵوێستە مەزنەی لە یاداشتەکانیدا دەیبینین، هاوکات لە چوارچێوەی وێنەو رستە و دەربڕینی شیعریدا لە ئاستێکی هونەری جوان و بە زمانێکی باڵا بەرجەستە کراوەو دەربڕیوە. ئیدی با یەکجۆر هەڵوێست و هەستی مرۆڤدۆستانە بە چەندین شێوازی نووسین و لە ژانری جیاوازدا گوزارشتی لێبکرێت، دواجار هەر نووسینە و گرنگی و قورسایی و کاریگەریتی خۆی هەیە و خوێنەریش لە هەر تەرزە نووسینێک چێژی جیاواز وەردەگرێت.
لەم سۆنگەیەوە پێموابوو، کە ناکرێت ئەم یاداشتانە بە فەرامۆشی بسپێرم. بەتایبەت کە لەگەڵ گێڕانەوەی سەربردەی ژیانی پڕ نەهامەتی خۆیدا، بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گوزەرانی ژیانی نالەباری مرۆڤەکان و قۆناغێکی مێژوویی گرنگی کۆمەڵگای کوردیمان ئاشنا دەکات. لە هەمووی گرنگتر هەندێ راستی ژیانی (ئەبوبەکر) لێرەو لەوێ بە هەڵەو هەندێ کات بە ئەنقەست شێوێنراوە، بۆیە یاداشتەکان دەتوانێت وەڵامێکی دروست بێت بۆ پرسیارە بێ وەڵام و راستییە شێوێنراوەکان. هەروەها بە پێویستی دەزانم سوپاسی بێ پایانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە بکەم، کە نووسینەکانیانم دووبارە بڵاوکردۆتەوە. گەرچی بەهۆی نەبوونی ئەدرێسی هەندێکیانەوە نەمتوانی لەگەڵ هەموویاندا قسە بکەم، بەڵام ئەوانەی توانیم لەگەڵیان قسە بکەم بەخۆشحاڵییەوە رەزامەندبوون لەسەر بەکارهێنانەوەی نووسینەکانیان، کە جێگای رێز و سوپاسن.





بەهەرحاڵ ئەوەی لە بەردەستاندایە هەوڵێکی بچوک و سادەیە بۆ زیندوو راگرتنی یادی مرۆڤێک، کە هەموو ژیانی بۆ خزمەتی هەژاران و بێ لانەکانی شار تەرخان کردبوو. مرۆڤێک دەبوو هەمووان شانازیمان بە هەبوونییەوە کردبایە، نەک ئەوەی نامەردانەو ترسنۆکانە تیرۆری بکەین. دواجار داوا لە هەر بەرێزێک دەکەم کە رەخنە و پێشنیاز و تێبینی و سەرنجێکی هەیە، یاخود دەیەوێت لە چاپی دووەمدا یاداشت و نووسینێکی جێ بکرێتەوە، بەم ئیمەیلە پەیوەندیمان پێوە بکات و ئێمە دەستی ماندووبوونی دەگوشین.

kasketakam@gmail.com





# مەسیحێکی شاعیر

14 رۆژ بەر لە شەهیدکردنی لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیر دەکرێت. پاش 6 رۆژ لە ئازارو ئەشکەنجەدان، ئازاد دەکرێت و 8 رۆژ بەسەر ئازادکردنیدا تێناپەڕێت، کە زۆر نامەردانە تیرۆری دەکەن.)

ئەو دەمەی براکان دەست و خەنجەریان لە خوێنی حەڵاڵکراوی یەکدیدا سوور کردبوو، (ئەبوبەکر عەلی) وەك تاکە فریادڕەسی کۆمەڵێك خێزانی لانەوازو بێ دەرەتان، لە خەمی پەیداکردنی ژەمێك نان بوو بۆیان. ئەو دەیزانی گەر دەستبەرداری ئەو خەڵکە هەژارو بێ لانەیە ببێت، چ نەهامەتی و ڕۆژێکی ڕەش چاوەڕێیان دەکات.. ! هەر وابوو، پاش چەند رۆژێك لە شەهیدبوونی، نیوەشەوێك، پیاوێك شەرافەتمەندانە لەژێرخانووچکەیەکی بە قوڕو تەنەکە دروستکراوی گەڕەکەکەیان و لەبەر برسێتی گیانی دەسپێرێ و رووی بەرپرسانی وڵات لە رۆژی هەژاران رەشتر دەکات.

شەوان کە لەبەردەم و مۆم و چرادا شیعری دەنووسی، زۆر جار دایکی لێی تورە دەبوو، کە بۆچی خۆی بە وەها کارێکەوە خەریک دەکات. بەڵام ئەو بە هێمنییەکەوە بە دایکی دەگووت: (دایە گیان، کەسێک ئەم شیعرانەی من ئەخوێنێتەوە و ئەیانلێتەوە، کە هێشتا لە دایک نەبووە). ئەو هەر لە منداڵییەوە کەسێکی جیاوازبووە لەناو خێزانەکەیانداو لەگەڵ هێمنی و لەسەرخۆییەکەی، بەڵام هەمیشە سەرسەختی و چاونەترسی و یاخیبوونەکەی، لە هاوڕێیانی و دەوروبەرەکەی جیایکردۆتەوە. تا ئێستا

زۆرێک لەو نووسینانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان باسیان کردووە، ئەو هەڵەیە دووبارە دەکەنەوە، کە ساڵی 1963 لە گوندی چوخماخ لە دایک بووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە (ئەبوبەکر عەلی) شاعیر، لە **1968/6/19 لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لە دایک بووە، تا پۆلی** دووەمی ناوەندی دەخوێنێت و بە هۆی دەستکورتی و نەدارییەوە دەستبەرداری خوێندن دەبێت. بەڵام ئەو لەو کەسانە دەبێت، کە بڕوای بە خۆپەروەردەکردن زیاترە، تا خوێندنی ئەکادیمیانە. هەر بۆیە بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوە دەبێت و تەنانەت لە ناخۆشترین و نالەبارترین ساتەکانی ژیانیدا دەستبەرداری ئەم خووەی نابێت. رۆژانی 9 10/ 1993/7 لە دووەمین ساڵیادی ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991، یەکێتی نووسەرانی کورد کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ کۆمەڵێک شاعیر ساز دەکات. لەوێدا هەمووان شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی دەخوێننەوە، بەڵام (ئەبوبەکر عەلی) وەک هەمیشە جیاواز لە هەمووان، شیعرێکی سۆزداری دەخوێنێتەوە. گەرچی دەبێتە مایەی خۆشحاڵی میوانەکان، بەڵام هەندێک لە ئامادەبووان نارەزایی لە بەرامبەر ئەو کارەی دەردەبڕن. لەبارەی ئەو رۆژەوەو لە دەفتەری یاداشتەکانی ئەو شەوەدا، لە بەشێکدا ئاوا دەنووسێت "**من هەمیشە لە سەنگەردام، چاوەڕێش نیم هیچ کام لە پارتەکان سێبەر بگەیەننە ئەو هەڵقرچانە بێدەنگ و نهێنییەی ناوەوەم، یان بە واتایەکی تر من لەو میهرەجانەدا ویستم ئەوە بسەلمێنم، کە هەرگیز خۆم بە کەڵەبابی بەر مایکرۆفۆن نەزانیوەو ناشزانم. من هەندێ ئەرکی نیشتمانی هەن، نایاندەم بە قەڵەمەکەم و سواڵی چەپڵەش ناکەم و بەنیازیش نیم خۆم تەرشیح بکەم، بۆ دەزگایەکی باڵا، تا شیعرو نەڕە نەڕ پاسپۆرتی ئەو خەونەم بن. بۆ نانەڕێنم؟!**"

# (ئەبوبەکر عەلی) و مەراسیمی 1ی ئایاری 1994

ئەو وتارەی لە مەراسیمی 1ی ئایار (چەژنی کرێکاران)دا، لە ستادیۆمی سلێمانی بەناوی خەڵکی هەژارو ئاوارەی حامیەوە پێشکەشی دەکات، بە تەواوی دەبێتە هۆی تورەبوونی دەسەڵاتدارانی شاری سلێمانی. چونکە لەوێدا (بەکر عەلی) سەبارەت بە بڕیاری تێکدانی خانووەکانی حامیەو کردنی بە پارک، بە دەسەڵاتدارانی شار دەڵێت: "ئێوە کە بیر لە گۆڕینی ئەو ژیانە (قوڕینە)مان ناکەنەوە بە ژیانێکی وەک هی خۆتان (گوڵین) بۆ هێندەشمان پێ ڕەوا نابینن؟" هەروەک لە بەشێکی تری وتارەکەیدا دەڵێت: "گەر باس لە گێڕانەوەی مومتەلەکاتی دەوڵەتە، ئێوەش مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی چۆڵکەن و بیدەنەوە بە حکومەتی هەرێم، لقی چواریش با چۆڵی کات و بیداتەوە بە دەوڵەت، ئیزاعەکەی کاکە حەمەش با چۆڵی کات و ببێتەوە بە زراعەکەی جاران و زۆر جێی تریش، ئەو کاتە ئێمەش حامیە چۆڵ دەکەین. "

لە دوای ئەم وتانە، ئەو جەماوەرەی لە مەلعەبەکە دەبن، بە چەپڵەیەکی گەرم قسەکانی پێدەبڕن و ناچاریدەکەن، کە ئەو وتانە دووبارە بکاتەوە. لە دوای ئەم وتارەی، کە بە شاهیدی ئەو کەسانەی ئەو ڕۆژە لە ستادیۆمی سلێمانی ئامادەی یادەکە بوون، حەماسیترین و واقیعیترین و کاریگەرترین وتاری یادەکە بووە، ئیتر لەم ڕۆژە بە دواوە بەردەوام لەژێر چاودێری و هەڕەشەدا دەبێت. تا دەگات بەوەی، کە لەلایەن بەرپرسێکی باڵای یەکێتییەوە دەستگیر دەکرێت و دواتر بە هەوڵێکی زۆری (مامۆستا شاهۆ) ئازاد دەکرێت. هەربۆیە لێرەوە دڵی لە یەکێتی دەڕەنجێت و بۆ ماوەی نزیکەی دوو مانگ لە شاری سلێمانی دوور دەکەوێتەوەو دەچێتە هەڵەبجەی شەهید.





# پەیوەندی (ئەبوبەکر عەلی) بە حیزب و ڕێکخراوەکانەوە

لە پاش شەهیدکردنی، هەندێک لە حیزب و ڕێکخراوەکان وەک ئەندام و لایەنگرو هەڵسوڕاوی خۆیان ناویان دەهێنا. بەتایبەت حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ڕێکخراوی بێکاران وەک ئەندامێکی کارا و هەندێکی تر، کە لەناو پارتیدا کەسانی دیار و بەرپرس بوون، وەک لایەنگری پارتی و لەبەرامبەریشدا هاوڕێکانی، کە ڕۆژانێک لە کاری ڕێکخستندا لەگەڵیدا بوون وەک کادیرێکی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک) ناویدەهێنن. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە خانەوادەی (ئەبوبەکر عەلی) ئینتیمایان بۆ یەکێتی دەبێت. لە ساڵی 1986 باوکی بۆ ماوەی ساڵێک و سێ مانگ لە زیندانەکانی سلێمانی و موسڵ لەگەڵ برایەکی (عومەر فەتاح)ی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی پێنجەم)، زیندانی دەبێت. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکیش (حەلیمە خان)ی دایکی لە (ئەمنە سوورەکە)ی سلێمانی دەستبەسەر دەکرێت و (کوێستان)ی خوشکە تاقانەیشی بەهەمان شێوە بۆ ماوەی چەند مانگێک لە زیندانی موسڵ دەستبەسەر دەبێت. تەنانەت براژنەکەیشی بۆ ماوەیەک دەگیرێت بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی واتە برای (بەکر) ئیعتراف بکات. دوو برای بە ناوەکانی (ئاکۆ و عومەر) لە ساڵی (1989) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەسەر کوردایەتی و ئەندامێتیان لە ڕیزەکانی یەکێتی دا گوللەباران دەکرێن. لە پاش تیرۆرکردنیشی برایەکی، کە پێشمەرگەی دێرین و خانەنشینی یەکێتی دەبێت، لە شاری (بانە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی ئیشکردندا لەسەر باڵەخانەیەکی بەرزەوە، بە بیستنی هەواڵەکە دەکەوێتە خوارەوەو دواتر تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت و هەر بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە ساڵی 2006 کۆچی دوایی دەکات. دایکیشی بە ناسۆرو حەسرەتی کوڕەکەیەوە پاش دوو ساڵ لە شەهیدبوونی سوێی دەبێتەوەو کۆچی دوایی دەکات. هەروەک بۆ خۆیشی لە ساڵی 1987 لەلایەن (بەکری فاتە)وە- **کە ئەو سەردەمە یەکێک بووە لە جەللادەکانی**





**ڕژێمی بەعس لە سلێمانی-** دەستگیر دەکرێت، بەتۆمەتی یارمەتیدان و هێنانی پێشمەرگە بۆ ناو شارو پاش چوار مانگ لە ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر ئازاد دەکرێت. لە ساڵی 1989 ئەمجارەیان لەسەر قسەیەکی (شیروان ئاغا) ناوێکەوە دەستگیر دەکرێت، کاتێک ناوبراو بە خاڵی بەکر دەڵێت: بە بەکر بڵێ: ئەگەر بێتوو بۆ قادسییە بنووسیت ئەوا هەموو وشەیەکت بە پارەیەکی زۆر ئەکرم. بەڵام بەکر بەم جۆرە وەڵامی بۆ دەنێرێتەوەو دەڵێت: "لە کوێوە هاتووی بگەڕێرەوە بۆ دەوێ، من ویژدانم بۆ پارە نادۆڕێنم". بەم شێوەیە پاش چەند ڕۆژێک دەستگیر دەکرێت و دەینێرن بۆ ئەمنی عامەی بەغدا و لەسەر ئەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن، کە گوایە کۆڕێکی گێڕاوە دژ بە رژێمی بەعس، بەڵام ئەو دان بەو تۆمەتەدا نانێت و پاش مانگێک ئازاد دەکرێت. هەر لە هەمان ساڵدا جارێکی تر لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە دەستگیر دەکرێت و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر، خۆڕاگرانە بەرگری دەکات و ئیعتراف لەسەر هیچ شتێک ناکات و ئازاد دەبێت. هەروەک لە دەفتەری یاداشتەکانییەوە دەردەکەوێت، کە چەندین کارو چالاکی گرنگ و ترسناکی بۆ یەکێتی ئەنجامداوە. تەنانەت لە یەکێک لەو چالاکیانەداو لە مانگی حوزەیرانی 1993 لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا فیشەکێک بەر رانی دەکەوێت و بریندار دەبێت. هەروەک لە بەشێکی یاداشتەکانیدا باس لە گفتوگۆیەک دەکات لەگەڵ کادرێکی راگەیاندنی لقی چواری پ.د.ک و لە وەڵامی داواکارییەکی ئەو ئەندامەی پارتیدا ئاوا دەنووسێت "***من کە بە حەپەساوی لەگەڵیا دەهاتم و دەچووم، پێم گووت: (ناتوانم)، ئامادەم وەک هاوڵاتی یان فەرمانبەری راگەیاندن لەگەڵ هەر پارتێکدا کاربکەم، بەڵام مەسەلەی ئینتیما.. قەت نا. چونکە من خۆم لەساڵی 1982 لە رێکخستنەکانی (ی. ن. ک) دا کار دەکەم و گەر وازیش لە ی. ن. ک بهێنم، ئامادەنیم لە هیچ پارتێکی تردا کاربکەمەوە***". بەڵام ئەوەی، کە وا دەکات یەکێتی و دەسەڵاتدارانی شاری سلێمانی بکەونە گومان و دژایەتی و تا دەگات بە هەڕەشەو گرتن و ئەشکەنجەدان و کوشتنی، **جگە لە نوێنەرایەتیکردنی هەژارانی گەڕەکی حامیە، کە دەسەڵاتدارانی سلێمانی تەواو تەنگەتاو دەکات،** تا ئێستا





بەتەواوی ئەو هۆکارانە نازانرێت، و لەم ڕووەوە بەتەواوی لە دۆزینەوەی تاوانبارانیدا هەموو هەوڵێک بێ ئاکام بووەو کەیسەکەشی بەشێوەیەکی نادیار لە دادگا داخراوە. ئەوەندەی کە ئاشکرا بێت، لە پاش مەراسیمی 1ی ئایار و دوورکەوتنەوەی لە یەکێتی و پاشان زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی لە زیندانەکانی یەکێتی دا، ئیدی جێگایەکی لە سلێمانیدا نامێنێ و ڕوو دەکاتە هەڵەبجە، کە ئەو کاتە بە هۆی شەڕی براکوژییەوە لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوو. ئەمەش کاریگەرترین هەنگاوی دوورکەوتنەوەی (بەکر) دەبێت لە یەکێتی و ڕێکخستنەکانی، کە زیاتر لە 10 ساڵ، زۆر بە گەرمی و پەرۆشەوە کاری تێدا دەکرد. لە هەڵەبجە کۆمەڵێک کەسی رۆژنامەنووس و نووسەرو هونەرمەند دەناسێت و لە گەڵیاندا کارێکی شانۆیی پێشکەش دەکات، بەناوی (قریشکەکان)، کە دەقەکە لەلایەن (بەکر)ەوە دەنووسرێت و لەلایەن (بەرزان عومەر)ەوە کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامدەدرێت. ئەم دەرکەوتنەی لە هەڵەبجە، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە لەلایەن یەکێتییەوە گومانی بوونە پارتی لێبکرێت. لەپاش نزیکە 2 مانگ مانەوەی لە هەڵەبجە، دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی و بەردەوام دەبێت لەسەر نوێنەرایەتیکردن و خزمەتکردنی دانیشتوانی هەژارنشینی حامیە، لێرەشدا بەو هۆیەوە کە ڕێکخراوی یەکێتی بێکاران و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەردەوام پشتگیری لە دانیشتوانی حامیە دەکەن، جۆرێک لە نزیکبوونەوە لە نێوان نوێنەرانی خەڵکی حامیەو یەکێتی بێکاران و حیزبی کۆمۆنیست دروست دەبێت. بە ڕادەیەک کە زۆر کەس (بەکر) وەک ئەندامی بێکاران و لایەنگری حزبی کۆمۆنیست ناودەهێنن. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە (ئەبوبەکر عەلی) لەگەڵ ئەوەی، کە بیروڕای چەپ و بڕوای بە خەباتی پرۆلیتاری و رادیکاڵیەت و شۆڕشی کرێکاری و چەوساوەکان هەبووە، بەڵام هیچ دۆکیۆمێنتێک لەبەردەستدا نییە ئەوە بسەلمێنێ کە ئەندامی ئەو حزب و ڕێکخراوانە بووبێت. ئەوەی تا ئێستا لێی دڵنیا بین، ئەویش لە ڕێی نووسینی یاداشتەکانی و ناسنامەکانییەوە، هەر ئەوەیە، کە ئەندام کەرتی کۆمیتەی خوێندکاران و ئەندامی کۆمیتەی قەرەداغی سەر بە مەڵبەندی ڕێکخستنی





سلێمانی (ی.ن.ک) و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد، بووە. بۆ ئەندامێتی و لایەنگیری لە پارتی دیموکراتی کوردستان، بەهەمان شێوە هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە. بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی کێشەی خانووە بێ تاپۆکانی حامیەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی لەگەڵ (ی.ن.ک) جۆرێک لە گرژی و ئاڵۆزی و دوورکەوتنەوەی تێدەکەوێت. ئیدی پاش گەڕانەوەی لە هەڵەبجە بە ماوەیەکی کەم لە 1994/8/17 لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە لە نیوەڕۆیەکداو لە ماڵە قوڕینەکەی خۆیاندا لەحامیە، دەستگیردەکرێت و ماوەی شەش ڕۆژ لە ئاسایشی سلێمانی بەند دەکرێت. وەکو خۆی دواتر بۆ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی گێڕاوەتەوە، کەسێک لە دەرەوەی ئاسایشەوە دێت و بە شێوەیەکی وەحشەتناک ئەشکەنجەی دەدات.

## گوڵە سوورەکەی حامیە، یان مەسیحی هەژاران

زۆر کەس تا ئێستاش، کە ناوی دەهێنن، لەبری ناوەکەی خۆی پێیدەڵێن "گوڵە سوورەکەی حامیە" ئەمەش لەو خۆشەویستییە زۆرەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەو گەنجە ڕۆح سووک و خوێن گەرمە بەهۆی خۆبەخشی و خزمەتکردن و مرۆڤدۆستییەوە، لە دڵی خەڵکانی هەژارو بێلانەو ئاوارەکانی حامیە، بەهۆی لەخۆبردوویی و وەفادارییەوە لە دڵی هاوڕێکانی و بەهۆی شیعرە بەرزەکانییەوە لە دڵی عاشقە دڵگەرمەکاندا دروستی کردبوو. ئەو بەڕادەیەک خۆی بۆ خزمەتکردنی هەژار و بێلانەکان تەرخانکردبوو، کە چەندین ڕۆژ کاری خۆی جێهێشتووە و لەبەرامبەردا چووە بۆ ئەوەی لە لایەنێک، یان ڕێکخراوێکی خێرخوازییەوە بڕێک یارمەتی بۆ ئەو خەڵکە هەژارو بێ دەرەتانەی خانووە قوڕینەکانی حامیە دەستەبەر بکات، یان کێشەیەکیان بۆ چارەسەر بکات. بەڵام هەندێکجاریش بە نائومێدی و بە دەستی بەتاڵ گەڕاوەتەوەو لەبری پاروە نانێک، جگە لە خەندەیەکی تەماوی زیاتر شتێکی پێ نەبووە بیداتە مناڵە بێ نازەکانی گەڕەکەیان. هەرچۆنێک





لەو دیمەنانە ڕابمێنی (مەسیح)ێکت دێتە بەرچاو. بەتایبەت کە ڕووداوی شەهیدکردنەکەی لەسەر زاری یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانییەوە دەبیستین، هیچ گومانێکت لەوە نامێنێ، کە بەیانی ڕۆژی 1994/9/1لە سلێمانی، دووبارە مەسیح لە خاچ دراوەتەوە.

**چواردە رۆژ بەر لە شەهیدکردنی لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیردەکرێت ولەدوای بڵاوکردنەوەی چەندین بەیاننامە، پاش شەش ڕۆژ لە ئازارو ئەشکەنجەدان ئازاد دەکرێت. کە لێرەدا بەشێک لە یەکێک لەو بەیاننامانە بەرچاو دەخەین، کە ئاراستەی پارێزگاری سلێمانی کراوە:**

(ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە، کە ئەم نوێنەرەمان ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 1994/8/17 کاتژمێر 12ی نیوەڕۆ، بە بەرچاوی خەڵکی (حامیە)وە، لاندکرۆزەرێکی سەر بە دائیرەی ئاسایش لەماڵەوە گرتوویانە. ئێمە باوەڕمان وایە، ئەو نوێنەرەمان بە هەر بیانوویەک گیرابێت، دوورە لە ڕاستییەوە. تەنها ئەوە نەبێ، کە نوێنەرێکی زۆر دڵسۆزی ئێمەی هەژارو دەستکورتە. بۆیە داوا دەکەین دەستبەجێ کاک (ئەبوبەکر عەلی) ئازاد بکرێت.

**جەماوەری خانووە بێ تاپۆکانی حامیەی کۆن**
**1994/8/18**





وێڕای ئەوەی لەو ماوەیەدا چەندین جار هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت، بەڵام (ئەبوبەکر عەلی) نە گرتن و ئەشکەنجەدان، نە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە وای لێناکەن دەستبەرداری کێشە ڕەواکەی بێت. لەگەڵ داوای زۆری هاوڕێکانیشی، کە بەتایبەتی ئەو ڕۆژە نەچێتە خۆپیشاندان و ئاگاداری گیانی خۆی بێت، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود دەبێت. چونکە ئەو ڕاستگۆتر بوو لە هەمووان، ئەو بە خوێنی خۆی شیعری دەنووسی. وەکو شیعرەکانی یاخی و ڕاستگۆ بوو، بە ئاسانی کەوی نەدەکرا. تەنها مردن توانی زمانی لە گۆ بخات.

(تازە ڕابوورد،
دوێنێی خۆمم ناشت و
ئەمشەو شیعرم دەڵێ:
وشەکانم، وەك با، پێخواسن و
وەك ئەو لاسارن و ماڵی ناکرێن..)

(خۆم گۆڕی خۆم هەڵئەکەنم
لانکەیەکم دەیان ساڵە
چەقۆو خەنجەر ڕائەژەنم.)

یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی (ئەبوبەکر عەلی) کە ئەو بەیانییەی ڕێپێوانەکە دەستپێدەکەن لەگەڵیدا دەبێت تا ساتی کوشتنەکەی، ئاوا ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە دەگێڕێتەوە " *بەپێی بڕیاری پارێزگاری سلێمانی دەبوو ڕۆژی 9/1 خانووە قوڕینەکانمان بەسەردا برووخێنن، بەڵام ئێمە بڕیارماندا، کە خۆپیشاندانێکی هێمنانە سازبکەین بۆ بەردەم پارێزگای سلێمانی و لە ڕێی نوێنەرەکانمانەوە، کە سەرەکیترینیان (شەهید بەکر) بوو، یاداشتی ناڕەزایەتی و داوای هاوکاری پێشکەشی جەنابی پارێزگار بکەین.*





*بەڵام بە گەیشتنمان بۆ بەردەمی پارێزگا، پاسەوانەکان بە زەبری چەک و هێز ناچاریانکردین، کە بچینە بەری باخی گشتی. لەم کاتەدا چەکدارەکانی پارێزگار ویستیان بە پاڵنان و بەزۆر (شەهید بەکر عەلی) ببەنە ژوورەوە- ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە پارێزگار لەناو بینایەی پارێزگا نەبوو . بەڵام ئەو خۆی نەدایە دەستیان و لەگەڵ ئێمەدا، کە (من و شێرکۆی برای بەکرو دوو کەسی تر بووین) دوورکەوتینەوەو هەوڵی ڕاکردنماندا. بەڵام چەکدارەکان کە مەبەستیان بوو بە هەر جۆرێک بووە شتێک لە (بەکر) بکەن بە دوامان کەوتن.* (لەو کاتەدا (بەکر) بە (شێرکۆ)ی برای دەڵێت: ئاگات لە من بێت، من دەستنیشانکراوم، مەبەستی (بەکر) لەم قسەیە ئەوەبووە، کە یەکێک لەناو ئاپۆرای خۆپیشاندەرانەوە بەردێکی بچووک هەڵئەدات و بەر سەری (بەکر) دەکەوێت، ئەمەش لای ئەو وەک نیشانەکردنێتی، کە خۆی دڵنیابوو لەوەی‌پیلان بۆ کوشتنی داڕێژراوە، چونکە پێشتر چەند جارێک هەڕەشەی کوشتنیان لێکردبوو". (بەکر) خۆی زوو لەمە تێدەگا، هەر بۆیە سڵ دەکاتەوەو هەوڵی دەربازبوون ئەدات)، *چەکدارەکان تەقەیان لێ کردو بە فیشەکێک، کە بەر پشتی کەوت بریندارریان کرد"* پاش ئەوەی کە بە بریندار دەکەوێت، هاوڕێکانی دەیانەوێت بە هاوکاری چەند ژنێک لە ڕێپێوەکان، کە عابا ڕەشەکانیان دەکەنە دیوارێک تا لە پشتییەوە (بەکر) بە برینداری بخەنە ناو باخی گشتییەوە بەمەبەستی دەربازکردنی. بەڵام یەکێک لە چەکدارەکان، کە پلەی لەوانی تر بەرزتردەبێت، زوو دەگاتە سەری و پەلاماری دەدات و فیشەکێک دەنێت بە ناو دەمییەوە. (ئەو چەکدارە بەرپرسی پاسەوانەکانی پارێزگار دەبێت و دواتر لە شەڕی ناوخۆدا دەکوژرێت). هەروەک لە یەکێک لە وێنەکانیشدا دەردەکەوێت، کە لە فەرمانگەی پزیشکی دادوەری سلێمانی لە کاتی شیکاریدا گیراوە، ڕاستی ئەو گێڕانەوەیە دووپات دەکاتەوە. دواجار هەموو ئاماژەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە کوشتنی ئەبوبەکر عەلی کوشتنێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو پلانێکی ورد و پێش وەختەی بۆ داڕێژراوە. سەرەڕای ئەوەش تەرمەکەی نادەنەوە بە خێزانەکەی تا بەڵێن نەدەن، کە بە بێدەنگی بینێژن، پاش ماوەیەکیش لەبری ئەوەی تاوانبار





دەستگیر بکرێت (شێرکۆ)ی برای دەستگیر دەکەن، بەو بیانووەی گوایە دەیەوێت تۆڵەی براکەی بکاتەوە، بەڵام حاکم قوبادی جەلیزادە (شاعیر) زوو فریای دەکەوێت و ئازادی دەکات.
لە پاش شەهیدکردنی (بەکر عەلی)، دانیشتوانی حامیە بۆ ماوەی 40 رۆژ بە بەرگی ڕەشەوە پرسەی بۆ دەگێڕن. هەروەک لەسەر هەر ماڵێکەوە پەرچەمێکی ڕەش بەرزدەکرێتەوە، وەک شیوەن و پرسەیەکی بەردەوام بۆ مەرگی نوێنەرو کوڕە ڕۆحسووک و فریادڕەسەکەیان، کە بە دەستی غەدر و بە ناهەق تیرۆریان کرد. ئەو هەمیشە دەیگووت: (با شەقامەکان بە گوڵ سوور کەین، نەک بە خوێن)، بەڵام ئەم پەیامە پیرۆزە بەر گوێی کەڕ کەوت و پەیامبەریش هەمان قەدەری (حەللاج) ی هەبوو.

# ئەو شەوانەی
# لە پرچەکانت ڕەشترن

شیعر

ئەبوبەکر عەلی

1993

بە:

- (دەریا) ی خوشکەزام
- بەو خەونە گەورانەی لە خەوتنی بچووک دەکەونەوە
- بەوانەی گرەونین، کێ بیانباتەوە هی ئەو بن

پێشکەشە.. .

ئەبوبەکر

# شەوی یەکەم

وەرە ئەمشەو..
ئەمرم و ساکە خۆشترەویێم
لە پرچەکانتا بمنێژە
ئەو پرچانەی کە ڕۆژانێ..
لە جۆگەلە درێژتربوون
سالۆن (تارا) و، (تریفە)یان نەئەناسی
خەم بوون وەک (با)
وەک شکانی پیاڵەی چاوی
ئەو (نالی)یەی
شکا و هێشتا
شەوانی
(گۆیژە) و (مەلکەندی) و
(کانێسکان)یان لە بندابوو
سەری بڕاوی (بابان)یان لە بندابوو
کەچی ئەمڕۆ لە پرچ ناچن
هاوەڵی ئەو کێردو چەقۆو مەقەستانەن
کە بۆیان بلوێ هەر ئەمشەو
پرچەکانی (دایەحوسنی)[1]ش
هەڵئەپاچن.

---

1. (حوسنی): ئافرەتێکی شێتی شارەکەم بوو.

## شەوی دووەم

وەرە ئەمشەو..

ئەمرم و سا کە خۆشترەویێم

لە پرچەکانتا بمنێژە

ئەو پرچانەی کە ڕۆژانێ

لەو پرچانەی دایکم ئەچوون

کە لەودیو کەللەی بەتاڵی باوکمەوە

ئەوەرین و سپی ئەبوون.

بەڵێ ئازیز لەو پرچانەیا بمنێژە

کە تا دوێنێش نەقرتابوون.. .

لەو دڵەزەردانە ئەچوون

کە لە پاشکۆی

مایینەکەی سوڵتانا بوون..

کەچی ئەمڕۆ لە پرچ ناچن،

دوو دارستانی سووتاون

دوو چرای قوڕگ هەڵکەنراون

دوو لاوکی

سەرەی شاڵ و

قژی دیکی و

مێشکراون..





## شەوی سێیەم

وەرە ئەمشەو بممرێنە
تۆفانێ بەو ڕۆحیانەتم ڕاوەشێنە.
وەرە ئەمشەو بممرێنە
گڕکانێ بە..
نەک هەر من و نامەکانم
دوا قانوونی خۆشەویستیش بسووتێنە.
لێت ناترسم..
خۆم گۆڕی خۆم هەڵئەکەنم
لانکەیەکم دەیان ساڵە
چەقۆ و خەنجەر
ڕائەژەنم..
ئەزانم هەر لەو ڕۆژەوە
کە ڕۆیشتووی
خانمێکی و
تیمساحانە.. ناودەمی ئەو پیاوە ئەجووی
کە وەک (موشیر)ی باپیری
نەک هەر من و ملەی بازیان
نەک شێخی بەردەقارەمان
مشکییەکەشی بۆ کردوویتە





جووتێ پووت و
لەپێی کردووی !..
— بەڵام ئازیز
هۆ دڵە زەردەکەی پاییز
دڵنیابە ئەو پیاوەی لە باخەڵتایە.. .
ئەو سوارەی سەری جۆگەلەو
شیعر و چرا،
لە پاشکۆی ئەسپەکەیدایە
تەمەنی کورتە.. کورت وەک بۆن
کورت وەک دارەکەی مێبەرسۆن..
جادووە.. جادووە.. جادوو..
گەر وانەبێ، کێ ئەتوانێ خۆڵ بەسەری
فوراتا کا؟!.
کێ ئەتوانێ باڵی (با) کا؟!.
هۆ فوراتی پرچ بڕاوم
هۆ ڕەشەبای باڵکراوم
ئا ئەم شیعرە دڵۆپەیەو
دەبێ ئەمشەو
لە بنمیچ و کۆشک و سەرا و
باڵەخانەی (شا) شا داکا..





## شەوی چوارەم

ئەشێ ئەمشەو
ماندوو بووبم و، خەوتبم
ڕەنگە هێشتاش هەڵنەستابم
ئەشێ ئەمشەو
شاعیرێکی تەمەڵ بووبم
ڕەنگە هێشتا
لە پێنووسەکەم نەتکابم
ئەشێ ئەمشەو،
چەمێ
بەردێ
بروسکەیە
لە پەنجەرەکەی نەدابم..
ئەشێ ئەمشەو
لە ئێوارەوە نووستبم و،
سەرینەکەم قوتیدابم
ئەشێ ئەمشەو؛ وەک هەرشەوێ
بەسەر سیمای غەریبیما نەگریابم،
بەسەر ماڵی
چۆڵ و هۆڵی بێ تۆییما نەگریابم..

بەڵام ناشێ بەر لە نووستن

بەر لە خەو و لەتربردن..

لەو مەقەستانە خۆشبووبم

پرچیان بڕیت.

لەو کوڕە پانتۆڵ فشانەی

دڵیان دزیت..

لەو ڕەشەبایەش خۆشنابم

تەنها شەوێ

لە حەوشەتانا نووستبێ،

بۆنی تەوێڵ و

پەرچەم و

هەناسەتی..

بۆ کەسێکی کە بردبێ**!**..





## شەوی پێنجەم

نیوەشەوەو؛

لەم پەنجەرە دارینەوە بۆت ئەگەڕێم

دە.. دەرکەوە.. .

کوای هۆ سێبەری سپی خوا؟**!**.

هۆ ئەو کچەی لاسارتری لەڕەشەبا.. .

نیوەشەوەو نانووم هەتا

بێیت و بە پرچی تەڕەوە دیدەنیم کەیت

دە.. دەرکەوە.. .

هۆ شارنشینی چاو گەڵا

سا هۆ گەڕیدەکەی شاران

بەم عومرەوە چیم خۆشبوێ؟..

چی جوانترە

لە دیمەنی

پرچ و چاوو،

هەنیەی کچێکی بەر باران؟**!**.

نیوەشەوەو؛

شارێک نووستوەو نەنووستووم

نیوەشەوەو؛

نازانم ئەم شەوی هەتەر

ئادەمی کام سەرەی حەوا

پەلی گرتووم؟.. .

چ یاقوبێ ونی کردووم؟

– سا یوسفی وڵاتی ملیۆنەها بیر

شاعیری شێت

بنوو ئاخر لەم میسری

ملیۆن بیرەیا

کام زولێخا.. .

کام یاقوب و بیر و برا..

لە تەنیایی و

گریانی(یوسف)یت ئەگات؟

ئەم سەرەیە

سەرەی دۆلار و قەحبەیە

دەسا ئیدی

کێ ئاگر و گوڵ و تاڤگە

بۆ سبەینێی (یوسف) ئەبات؟.

– نیوەشەوەو

وا هەناسەی ئازارێکی کەڵەگەت.. وەک؛

دارچنارەکەی (قزلەر)م..

تەڕ وەک چاوی

منالأنی دەربەدەرم.. .





دۆستانەتر لە لاوژەکانی (ڕەشۆڵ) و
(سێوە)و
(سەی عەلی ئەسغەر)م.. .
لەو کراسی یوسفەی کە
منی میسر، منی برا
منی تابوتی هەزاران
هەزارران.. هەزار.. زولێخا
ئەمشەو کردوومە تەبەرم،
ئەمباو لەوێ..
لەو ئاسمانە نزمانەی کە
خۆر و .. مانگ و
ئەستێرەیان تیا ئەخەوێ
نغرۆم دەکا.. بانغرۆبم.
بەڵام گیانە
بەو حاڵەشەوە خۆشنابم
چۆن لەپرچی مەزنترنیم
ئەو ئەمشەو ئەیقرتێنن.. من
سی ساڵ بەر لە ئەو قرتابم؟!..

## شەوی شەشەم

ئەمشەو من و پەنجەرەکەم..
دوو هاوڕێی گیانی بەگیانین
ئەو (با) دڵداریێتی و منیش
خانمێکی سەرلێشێواو
ئەمشەو من و پەنجەرەکەم..
دوو تەریکی شارێکی پڕ لەتلیاک و
کەڵبەو قەڵەمی سۆزانین
ئەو (با) دڵداریێتی و منیش
چەمێکی دەستەمۆکراو.
دەئەی پەنجەرەی دارینم
زویر نەبی ئەمشەو ئەنووم..
هۆ خانمەکەم.. .
تۆش ئەی هەڵبەستەوانی زووم
ئەمشەو ئەنووم..
شیعر ناڵێم..
شیعر مۆمێکە پێ نابێ
من شاعیری چرایەک نیم
لەگەڵ خووا
پەنجەیان تێکهەڵکێشابێ..





من شاعیری..

وڵاتێ نیم

سەران شەو، پۆلیسەکانی

جڕت و

تف و

لیسەکانی..

خواو..

ئەستێرەو

خۆشەویستی و

شیعرەکانمیان.. ڕاونابێ.

خۆشم ناوێن

هۆ ئەوانەی خۆشم ویستوون

لەم شەوەوە خۆشم ناوێن

ئێوە شەهوەت بە دەمارتانا ئەگەڕێ

خۆشم ناوێن

خۆشەویستیتان سەگیکە..

پێم ئەوەڕێ.

**تێبینی/ ئەم شیعرانە تەنها ئەم شەش شەوە نین، چاوەڕێی شەوەکانی تریش بن.**

# ون بوون

دەستیان دایە، تابلۆیەک و

هاتنە زمان؛

– شنو معناته یا فنان؟..

▪ ئەمە دارەو

دار شتێکی ئەوتۆ نییە

هێندە نەبێ، کە ئەم دارە

لە ڕەگەزی

لیسەکانی ئەنگۆ نییە**!**..

بۆ دووەمیان؛

– و های شنو؟

یالله اچیلنا یا سوران.. .

▪ ئەمە بازەو

باز شتێکی ئەوتۆنییە

هێندە نەبێ، کە ئەم بازە

وەک بازی سەر بێرییەکانتان

مس و پۆلا و

پەڕۆ نییە.. .

ئەم بازانە لە ڕەگەزی





بازمریشکەکانی (شا) نین..

ئەم بازانە

پۆلێ ئاگری باڵدارن

تەختەو

بەن و

مەقەبا نین.. .

ئەم بازانە

مەلۆی فڕیوی جوتیارن

سۆمای چاوی کرێکارن

ئەم.. با.. ز.. ا.. ن.. ە.. .

ئێستا (سۆران)..

بێ هەواڵێکە وا ئەمشەو..

شاری بێ خوا و

چەم و ئێستگەو

گشت کتێبە قەدەغەکان

بۆی ئەگەڕێن..

هاوڕێم سۆران؛

ئەی بەرگی ڕەشی هەمووومان

لە هەرکوێ هەی

دووری یا نزیکی لێمان..

ئەمشەو هاتووم

گڕم پێیە

بۆ دەروونی ئاگردانت

لاسم پێیە

بۆ خەزاڵی تابلۆکانت

بازنەی ڕۆحی (وەلی)م پێیە..

بۆ مەچەکی فڵچەکانت

دە لێم وەرگرە هاوڕێکەم

منی شاعیری

شەو و خەم

تەنها ئەوەندە شک ئەبەم..





## شەوێک لەگەڵ ژەنراڵی پاییزدا...

### "پێشکەشە بە شاعیری پاییز و گەڵاڕێزان
### کاک محەممەد عومەر عوسمان"

– ئەمەوێ بمرم.. .

● گەر ئەمری بمرە

بەڵام با هەزار ملیۆن گلێنەی پڕ خۆڵ و بەرد بێ

با ئەمشەو مردن

هەروەک دەفەکەی دەروێش عەبدوڵڵا

بێ نەواو زەرد بێ..

– ئەمەوێ بمرم.. .

● ئای چ مەرگێکە بۆ وا زوو ئەمری؟

خۆ تۆ گەڵا نیت

خۆ تۆ پەپوولەی ناو ماڵەکانی

(ڕەحیماوا) نیت..

خۆ گفتەکانی (نەجیب پاشا) نیت

تۆ خوێنی سەوزی

ئەو دارستان و، لێڕەوارانەیت

ڕۆژێ لە ڕۆژان

ئاسمان کاسکێتە هەورینەکەی خۆی

تیا نەتەکاندووون

(با) نەی شەکاندووون..

کەچی هەر سەوزن،

سێبەر، بلووزی لق و چڵیانە

ڕەش وەک چاوی (زین)..

ڕەش وەک گەردنی

ئەو ماکەوانەی

مردن و نەفڕین.. .

سارد وەک دڵی زێ

وەک کلک و باڵی

ئەو شەپۆلانەی یەکتریان ئەڕست

سارد وەک ئەو گڕەی

شەو لە چراکەی (موشیر)ا ئەنووست

دە باوانەکەم ئێستا دەڵێی چی؟

ئایا هەر ئەمری؟

- دەبێ بمرم و ئەفسووس کە ئەمشەو..

هێشتا تا کەمەر نوقمی گەڵانیم**!**

ڕووبار دەنگی خۆی نابیستێ و منیش

هێشتا لە ئاهی خۆم دڵنیانیم.

بۆ دەبێ نەمرم.. کە دڵنیاشم

ئەم مەرگە زەردە..





زەرد وەک دڵی پیر

زەرد وەکو چاوی سەگەکانی میر

دەترسم ئەمشەو، نەمرم و دیسان

وەک سەدان ساڵە

گوللە گڕ ئەجوێ و

نایەینە زمان..

سمێڵی (صەدام) لە لێومان ئەڕوێ و

نایەینە زمان..

ئەستێرە ئەنوێ و نایەینە زمان.

هەر بێ زمان بم

منیش وەک ئێوە، درۆی ژیان بم

کاغەزی.. بەردی.. داری..

پەڵاشی..

بتی شکاوی سەرشۆستەکان بم.

— نا باوانەکەم

هۆ ئەو شاعیرەی

ئەمشەو میوانی هەڵبەستی منی،

تۆ تانجەرۆیت و

وەک ئەو شەرمنی..

خۆ تەخت و تاج و

مشتووی شمشێر و





فرمێسکەکانی (نەجیب شا)ش زەردبوون
خۆ پرچ و پووت و
کراس و جانتای
مادۆناکانی بەر (سەرا)ش زەردبوون..
کەچی تۆ هاتی و، لە بنمیچێکی
زەرد وەک ڕووخساری
ئەو تورکە زەرد و زڕە پیاوانەی
ڕۆژانێ نالی..
دەرگای حوجرەکەی ئەدان بەڕوودا و
شەرم ئەیگەستن..
لە بنمیچێکی سارد.. گەلێ ساردتر
لە دەست و پەنجەی ئەو جۆگەلانەی
رۆژانێ لەسەر سنگی مەلکەندی و
سەرا ئەنووستن.
وەک ئەو هەورانەی
هەرگیز بیابان مەمکی نەمژیون..
وەک ئەو چەمانەی.. هەرگیز لم داینەپۆشیون
ئا لەو بنمیچەی تونێل ئاسادا..
لەژێر ئەگریجە لوولەکەی با دا..
گریای پڕ قوڕگی ئەو جوانەمەرگەی
تەنها نووسینی سەر کێلەکانی بەسەریا ئەگرین،





گریای پڕ چاوی ئەو جۆگەلانەی
لە شوێنپێیکانی (نالی)یا تەقین..
هێندە گریاوی هاکا پاییزێ
چاوەکانیشت وەک گەڵا وەرین.





## سەفەر

سەفەر سەلامەت.. گەر ئەڕۆی
گەرچی کە ئەمەم نەئەویست
ئای چ گێل بووم،
سەفەر خەمێ بوو، نەم ئەبیست.
دیدار ئاخر..
چ خۆزگەیەکی شەرمن بووی!.
دیدار ئاخر..
چ تابوتێکی نەوسن بووی!.
ئەوەتام هەر بە لێواری ئێوارەوەو
تۆ نامبینی..
ئا ئەمەیە ئێوارانی وڵاتەکەم
ئەو وڵاتەی
ئەمشەو لە جانتاکەمایەو
بۆ هاوڕێ قەرەجەکانی
شەوانی (تەوحید)[2] می ئەبەم.
ئەم کۆچە هی کەسێ نییە
ئێوارانی نەناسییەم

[2]. (تەوحید) میوانخانەیەکی شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

پێڵوم تەڕە
تەڕیم بۆ ئافرەتێ نییە
فرمێسکێکی نەیمژیبم..
سا دڵی پڕی
ئەمشەوی شیعرەکانم،
سەفەر سەلامەت گەر ئەڕۆی..
گەر ناشێی بۆ
ئێوارانم.

## سنوور

من ئەڕۆم و
تکایە پێیبڵێن ئیتر
بە دیدارم ناگاتەوە..
من ئەڕۆم و
کە ڕۆیشتیشم، وەک چەم ئەڕۆم
چەمیش ئاوڕ ناداتەوە.
بێزارم.. بێزارم.. لێرە
لە دار.. لە بەرد
بێزار لە شارەکەی، لە خۆی
لە ئاوێنەو تەوقەو شانەو
قژی نیگرۆی
لە دەست و پەنجەی دەستەمۆی**!**..
خۆشم ویستی و، وام ئەزانی
لەو ڕۆژەوە.. خۆشم ویستووی
پەپوولەیەکی خەمباری و
لەسەر برژانگم هەڵنیشتووی
خۆشم ویستی و، وام ئەزانی
ڕوونی وەک فرمێسکەکانم





وامزانی زرێباریش بم

تۆ قووڵتریکی لە گیانم..

بەڵام ئەفسووس

سا هۆ (خەزاڵ)ی ئێرانم،

هۆ دەستنوێژی قەت نەشکاوی شیعرەکانم

بۆ وە ناشێی خۆشم بوێی،

فەرمووتە دێم.. مەیە، چونکە

ئەم سنوورە ڕێگەنادا

لە شیعرێکم مارە بکرێی!..

من ئەڕۆم و

بەڵام ئەفسووس، ئا لێرەیا

لەم ئێرانی جبەو جادو و

مێزەرەیا..

دەبێ لە هەر ئەرتەشگایەک

هەر سەربازگەو پایەگایەک

جانتاکانم بکەمەوە..

دەسا ئیدی چۆن چەند تاڵێ

پرچی (خەزاڵ)

بۆ (لاس)ێکی وڵاتەکەم

بیەمەوە؟!.

# هەڵۆ

ئای کام هەڵۆ بوو،
فڕی و لەوێوە
داهاتەوەخوار؟
خۆی دا،
بەسنگی تاشە بەردێکا و
بوو بە چنگێ خوێن
کاتێ کە ویستیان
ئەویش یەکێ بێ
لەو هەڵۆیانەی،
لە ناوچاوانی
(بیری) یەک ئەدرێن.

## درەخت

ئای کام درەخت بوو
لە نیوە شەودا..
زەمین قووتی دا؟
کاتێ کە ویستیان
بۆ شاری بێنن،
بیکەن بە چرپای
زەردی شاهانەو،
"ساجیدە"خانی
تیا بخەوێنن.





# تکا

لە وڵاتێکا خۆشم دەوێ
گردۆڵکەو چیاکانیشی
کە ئێستاکە
لە سەرێکی تاشراو ئەچن
بێ نزارن،
هی ئێمەنین
هی پایتەخت و
ژنەکانی سەرکۆمارن..
دەسا گەورەم،
هۆ ئەو کچەی
سێبەرەکەشم ئەیەوێ،
گەر خۆشترەوێم
مەهێڵە قەت
خۆشم بوێ!.





## "دوو شیعر بۆ مۆسیقای کوردی"

### هانا[3]

دە.. دەرکەوە گوڵم هێشتا، پێڵوو فەرشی سەرەڕێیە
دڵ کڵۆیەک بەفری سووری ناو پێڵەکانی شەوێیە
وەرە ئاخر کێ فەرموویە بەو ناسکییەوە، بێ دڵ بی
پاییزم گۆڕێکی تەنگ بێ، لەو گۆڕەدا مشتێ گڵ بی
وەرە لێرەو لەم ژوورەدا، دارچنارێ باڵا ئەکا
لەجیاتی بەفر یا باران، تەورێ بەسەریا دائەکا
دوابڕیارە دەڵێی ئازیز، هەر چرکەیەک سەرت دابێ
نەهاتووی تا دار و بەردی ئەم ڕێگەیەش نەگریابێ
چ دارێکە، بڵێ تاکەی لەو دەرگەیە ڕابمێنم؟
دە.. دەرکەوە گوڵم ئاخر خۆ ڕووبار نیم بتفڕێنم
هەورنیم تا فریشتەکەم ڕوو لەئاستانەکەی "با" کەم
تا بمهێنی و لە بنمیچی ژوورەکەتدا بەخوور داکەم
بۆچی نایەی فریشتەکەم گوڵم هۆ خەمەکەی شەوێم؟
کە دڵنیام وەک ئەستێرەو ئاسمان و خوا خۆشت دەوێم
دەسا کوا دڵ پەپوولەکەم، کوا بۆ ئەچیتە ژوورەوە؟
چۆن دڵت دێ، پەپوولەیەک فڕێدەیتە تەنوورەوە؟
دە ماڵئاوا گەرچی نەمریت، بەڵام قەینا نەشمیلەکەم
لەباتی تۆ، مشتێ خۆڵی ئەم ڕێیە لەگەڵ خۆم ئەبەم.

---

[3] ئەم شیعرە لەلایەن هونەرمەند شێرکۆ تالیب کراوە بە گۆرانی





## پەپوولە[4]

هۆ پەپوولەی سەر بەردەکانی باوەنوور
ئاخر گوڵم، هۆ حەبیبەکەی شارەزوور
ئەم دڵە باڵندەیەکە، شەوانە دێ
پەڕوباڵی لە دەرگەکەتان هەڵئەسوێ
کەواتە چۆن دەمەو ئێوارانێ کە دێی
نەزانانە پێی پیائەنێی؟
ئالێرەدا ئەبم بەخۆڵی سەر ڕێگا..
ئەبم بە بەرد، ئەبم بە ئاو، بە ڕەشەبا
گەر بزانم تۆ، کە هەر خوێنم ئەڕێژی
فرێم نادەی، لە پرچەکانتا ئەمنێژی
چۆن وانەبم باوانەکەم، کە دڵنیام؟
وەک تولەڕێی قەدپاڵێکی گۆیژە تەنیام
ئەوا ئێستاش لەم ڕێیەدا، کە وەستاوم
وا تێنەگەی پەیکەرێکی بێ هەناوم
حەزم ئەکرد بەرلەوەی کە بڕۆمەوە
نازدارەکەم لە پێکێکدا بتخۆمەوە
بەڵام چیبکەم؟ دەروونی تۆ سەیرترە
دەروونی تۆ، لە ژوورەکەم تەزیوترە!
دەروونی تۆ دەریایەکی هێند واڵایە
بێ گومانم گۆڕی سەدان (ئەراگۆن)[5]ی لە بندایە

---

[4] ئەم شیعرە لەلایەن هونەرمەند کەمال محەمەد کراوە بە گۆرانی
[5]. (ئەراگۆن) شاعیری گەورەی فەرەنسا.





## سۆراخ

ئاخۆ ئێستا
لە کام جێدا
لە کام کۆڵان و کام ڕێدا
بتدۆزمەوە..
ئاخر هۆ(نیشتە)گیان
لە کوێی؟
خۆ تۆ (با) نیت
بۆ بێ شوێن پێی؟!
ئەمشەو تەنیام
شەو تابووتی ملیۆن زایەڵەو خۆزگەمە
شەو دۆزەخە.. زامە.. خەمە.. قریشکەمە
وەرە تا خەو راینەژەندووم
تا پێک سەری لێ نەسەندووم!
ئاخر لە کوێی، لە چ شوێنێ..
لە کام ڤێلای شارەکەمای..
چ شیعرێکم ئەتروێنێ؟
وەرە تا خەو ڕاینەژەندووم
تا پێک سەری لێ نەسەندووم!
ئەمەوێ بێی

هۆ ئەو ڕقەی سی و شەش مانگە

خۆشم دەوێی،

دڵنیابە.. فرمێسکێکی

لە گلێنەی هەموو شیعرێکما

ئەبینرێی.

بەڵام ئەفسووس

تۆش هەروەکو

کچانی تری شارەکەم،

با.. نیت.. شنەی

چەم.. نیت.. زنەی

شەستەباران.. نیت.. پرووشەی

تەنیا درۆ و،

عەتر و بۆیەو،

بووکەشووشەی.

- بۆچی ئەتهێشت خۆشم بوێی؟

کە ئەتزانی من ئەو ڕەندەم

لەم وڵاتە بچکۆلەیەی

دڵی خۆشما، پەناهەندەم!..

دە ئاخر بۆ

بۆچی ئەتهێشت

ببی بەم پێستوونی عەشقەو





بمگریەخۆ،

کە ئەتزانی فەرهادێکم

دەمم پڕە لە جنێو و

تف و، درۆ..

شاعیرێ نیم،

وەک هەندێ شاعیر دەستەمۆ

دە ئاخر بۆ؟

بۆ

بۆ

بۆ

بۆ؟**!**.

**تێبینی / شیعری (سۆراخ) دوا شیعری ئەم نامیلکەیە.**





# ترێی تاڵ

بیستوومە گوایە پێم ئەڵێی:
شاعیرێکی تەواو تەریوو.. .
خۆپەرستە، گێلە، سستە
ئەمەو.. ئەوە.. و ئەوەیەتی
پرچ و شەوو ڕق و جوێن، ناسنامەیەتی..
شیعرەکانم ترێی تاڵن
نابنە گوللە..
نابنە قامچی و قەپ و barووت
سندوقێکن
پڕن لە پێڵاو و پێک و ئافرەتی ڕووت. !
بەڵام گیانە ئەگەر واشبم
شاعیرێکی وەک ئەفەرمووی
بەم رادەیە بەرەڵاشبم،
بەختەوەرم هەر هیچ نەبێ
وەک ناوت نام،
منی گێل.. منی ترێی تاڵ،
تەنها شەوێک
نوێنەکەتم پڕ نەکرد، لە ماچ و قەپاڵ.
خۆت تاوانباری، کە کاتێ





پەنجەرەکەت بانگی کردم

منیش مەستێکی بێ سەر بووم،

بۆیە هاتم، رووبارێک بووی

پەلت گرتم.. فڕێتدامە ناو خۆتەوە

منیش عەشقێکی بێوەر بووم،

بۆیە هاتم

ئەگەر شیرین..

گەر موچڕکەو لێدانی دڵی نەبووایە

رەنگە فەرهاد

تەشوێی هەر نەشبینیایە.

ئەمەش منم، ئەوەش منی لەو فەرهادە

رەنج بەباتر

ئەمەش منی لە خۆرئاوابوون

ئاواتر.

ئەمە عەشقەو

ئەمە بەری ڕووبارێک بە لەپ گرتنەو

هەر بە منالی رۆچۆتە دەمارمەوە..

ئەمە ژەهرەو

تکاوەتە ڕەفتارمەوە..

نەمناسیتایە چی ئەبوو؟

ئێستاکەش هەر من نەبووایەم،

ئاخر کێ؟

کێ بەم خانمەی ئەزانیت؟

کام ئەستێرەی بان کۆشکەکەتان نەیدیوم؟

ئەو شەوانەی منی رووبار

ماندوویێتیم بۆ ئەهانیت.

نەمناسیتایە چی ئەبوو؟

ئێستاکەش هەر من نەبووایەم

ئاخر کێ؟

کێ وەک من ئەکەوتە شوێنت؟

چ شیعرێکم گلێنەی تەڕمی نەدیووە**!**؟

ئەو شەوانەی منی باران

لە تنۆکێکما ئەمبردی و

دیجلەم ئەکردە پشتوێنت،

بۆ دیدەت نەئەسووتانم؟

بۆ خۆت ئەدایە بەر نیگای

قەرەجێکی دەوارنشین؟

ئەی شەمی من

کە ئەتزانی لەم هەوارەیا هەڵناکەی

بۆچی دڵت نەئەشکانم؟

بۆ ئەبوویتە ئا ئەم قیامەتی عەشقەو

بەبێ گوناە ئەتسووتانم

ئەی خەمی من
کە ئەتزانی لەم هەڵقرچانەم تێناگەی؟
لێتان ناگرم بەڕێزینە ئێوە هەروان
هەریەکەتان تاوانێکی تری حەوان..





## من و تۆ[6]

نە تۆ ئەنووی..
نە من ئەنووم..
تۆ بالۆرەی گەڕانێکی بێسنووری و
منیش نمەی زەرد و سووری
ئابڕووی تکاوی ئارەزووم!
ئێمە لەنێو وردە شەپۆلی ئازارا
یەک.. دوو چرپەی نەبیستراوین
ئێمە لەنێو پڕووشەی خەمی خۆشمانا
سەربازێکی نەناسراوین؟!
ئێمە خوێنی برینێکی نەبینراوین،
لەو ڕۆژەوەی ڕووبار، خشتی
دوایین هەنگاوی خۆی دانا..
شەپۆل بووە پارچە گوریسێکی پساو
هەواری هەنگاومان چۆڵەو
ناگەینە سەر تنۆکێ ئاو..

---

6 ئەم شیعرە لە ئەرشیفی شاعیردا بەم جۆرەیە، بەڵام لە گۆڤاری هەڵەبجەدا بە هەندێک دەستکارییەوە بڵاوکراوەتەوە. بۆیە بە پێویستم زانی هەردووکیان دابنێم.



## دوو پارچە شیعر[7]

(1)

### من و تۆ

نە تۆ ئەنوی، نە من ئەنوم
تۆ بالۆرەی گەڕانێکی بێ سنووری
منیش نمەی زەردو سووری
ئابڕوی تکاوی ئارەزووم..
ئێمە لە نێو وردە شەپۆلی خەوماندا
یەک دوو چرپەی نەبیستراوین
لەنێو جەنگی عاشقاندا
دوو سەربازی نەناسراوین
ئێمە خوێنی برینێکی نەبینراوین..
کە دەریا دوای هەنگاوی
شەتەکی دا
شەپۆل بووە پارچە گوریسێکی پساو
سەدان ساڵە
سەوڵی مەینەتی لێئەدەین
ناگەینە سەر دڵۆپێ ئاو..

---

7. گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارە 1، لا42، ئازاری 1999، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنبیریی هەڵەبجە.

(2)

**دایە**

دایە.. دایە
ئازارە بێ جەمسەرەکەی شیعرو دەسرازەو لای لایە
لە گەڕانی ئەو جانتایەی خۆمی تیابووم
دام بە شانا..
درەختێ بووم هەڵیان کەندم
لەنێو دنیای ڕەگەکانا
ڕۆژگارەکان
لە چاوی قەسیدەوە ڕەنگ ئەڕێژن
تابووتەکانیش پێم ئەڵێن:
دایکت دەمرێ و لە دەستی تۆیا دەینێژن
شەقامەکان
لە هەردوو قاچم ئاڵاون
گەربێ و بچم
وا تێک دەشکێم پەراسووم دەچێ بە چاوما
گەر بێ و نەچم
ئەبمە تەختەو لە قەراغی شۆستەکانا
بزمار دەژی لە هەناوما
دایە.. دایە
وا دەبینم خۆزگەکانم





*لەگەڵ میلی کاتژمێردا*
*یەکتر ئەخۆن..*
*ئەم شیعرانە*
*وڵاتە گچکەکەی من و*
*گونکی ژێر تیرۆکەکەی تۆن.*

**تێبینی/ ئەم شیعرانەی لەمەودوا دێن بۆ یەکەمجارە بڵاودەبنەوە.**

# میوانداری

شەوێک زەڵم میوانم بوو
بە من بایە.. شەو لەسەر سنگم بینوێنم
میوانداری شاعیر وایە
ئەی جەنگەڵی وڵاتەکەم
بەمن بایە.. لەناو لەپما بتڕوێنم،
تا دارکەن نەیڕنیتایە..
بەڵام ئاخر..
من کێم، لە شاعیرێک زیاتر؟!
ئەی وڵاتە بچکۆلەکەم،
تۆ ئەی تەوێڵی قاش قاشم..
بەمن بایە،
لە پێناوتا چەمێ قوتدەم
شارێک بە زمان بماڵم،
پەیکەرێکت لە فرمێسک، بۆ بتاشم
بەڵام ئاخر..
من کێم لە شاعیرێک زیاتر؟!
لەمێژ نییە، هەر دوێکە بوو
لە هۆڵی بارەگایەکتا..
پاش سکاڵا و سڵاو و زمان تەکاندن





(سەرکردەیەک)، ببورە (بەرەڵڵایەکتا)
منی شەرمنترینی شار
من و وڵاتێکی زامدار..
منی چەند ساتێ لەوەو بەر
کانی، یا چەمێکی باڵدار
سەدان شەپۆلی سەرچڵم،
سەدان ماسی بن ئەم بەردە سوورەی دڵم،
وەرین.. بوون بە سەدەها پرسیار.
دە ئەی هێلانەکەم ئاخر
چی بم لە شاعیرێک زیاتر؟!
شیعر بروسکەی ناو ئاوە..
هۆ گەلەکەم!
من بڵێم چی؟ کە تۆ هێشتا لە (بروسکەی ناو ئاو ناگەی)..
شمشێرێکی لەناو خوێن ڕاوە..
دە سا چی بکەم؟ کە تۆ هێشتا لە شمشێری لەناو خوێنا ڕاو ناگەی.





# (پارچە شیعرێکی تەواو نەکراو)[8]

( بەچیم ئەکەی بمکە ئەمشەو،
نەپرسی چۆن گەیوومە لات..
بە مانگە شەودا سەرکەوتووم.
ئەی سوێی دڵی ئێوارانی شارەزوورم
بمزانیبا.. وەک چۆن، هاژەو شەپۆل و با.. ماڵی ناکرێن
وەک چۆن، چاو و مانگەشەو و خوا.. ون ناکرێن.
..............................................................
.................................... .)

[8] سەرنج/ ئەمە یەکێکە لەو شیعرانەی کە لەناو دەستنووسەکانی شاعیردا بە تەواونەکراوی کەوتە بەرچاوم، هەرچەند سۆراخم کرد، هەر ئەوەندەم بینییەوە. لەگەڵ ئەوەی شیعرەکە تەواو نەکراوە، بەڵام سەرەتایەکی هێند جوانی هەیە، کە نەمتوانی فەرامۆشی بکەم.





## زایەڵەی شەو

بە چیتان ئەوێ بمکەن، بەس..
رازی نابم گوڵان بکرێن بە پێڵاوی هیچ گەورەیەک
وەکو گەڵای دار پرتەقاڵێکی باشوور
هەڵوەرینم بەس بە تەنها بریتیبێ لە لەنجەیەک
زۆر شەو بە دزی شەوەوە.. داوەتی مانگەشەو ئەکەم
ئەو کاتەی کە(شا)ش نووستووە..
من تازە خەریکە، شارو
شیعرە نوێ کەم.. لە خەو ئەکەم
بەڵێ ئێوە.. گەورەو سەردارانی وڵات،
وا ئەو داپیرە شەرمنەی
دەیان ساڵە،
بۆ بزەیەک.. پشکۆ لەسەر چاو فوو ئەدا
ئەو منداڵە..
بێ بووکە شووشەو بالیفە، رەشتاڵەیەی
ئەو سیزیفە حەوت ساڵەیەی
سی و شەش مانگە بێ ئابڕوییتان تل ئەدا،
بەس بەتەنها درەختێکی بلوز سەوزی..
ئەم جەنگەڵی لاویەم نین
هەر خەمێکی خۆشەویستی..





ئەم شەوە خەماوییەم نین
ئەوان زام و
ئەوان چاوی چاوەڕوانیی
حەبیبەی وشەی شەوانمن..
گەر ماسی بم.. بێدەنگیم و
گەر لاوک بم.. بێڕەنگیم و
گەر باڵم بم.. فڕینەکانمن.

## (...........)

بیستم دوێکە، ماڵ نووستنان
سەرخۆشێ لە دەرگای داوم..
بە من بایە
هەر دە پەنجەی، بە قوڵفی دەرگاکەوە جێیمایە.
گەورەکانم من شاعیرم و
میوانداری شاعیر وایە.
هۆ (میمی) گیان
دێم و ئەمشەو
با.. دووریمان
هێندەی دووری
نێوانی چاو و بینین بێ..
نا (میمی) گیان
دەرگاکە مەخەرە سەر پشت..
ئەزانم گەر بێم پێم ئەڵێی:
رەنج بێوەرم مەکە لاوۆ،
ئەم شارە زۆری وەک تۆی کوشت.
وەلێ ئەمشەو
بە ئیرشادی چاوەکانتەوە مل ئەنێم،
چ دەروێشێکی بێ چاوم**!**

باوانی من..

تەنها ئەمشەو، دەرگاکە مەخەرە سەرپشت

حاڵم چۆن ئەبێ با وابێ..

ئای بەم خەمەوە چەند جوانین

گشت سپێدەیەک ئەتبینم..

ئەتبینم گەر

کەپکە شاخێکیش بە چاوما هەڵواسرابێ.

باوانی من..

خۆزگە لەگەڵما ئەبووی کە،

دوێکە، من و

دوێکە، شەش چاوی بێ بن و

سەدان دروشمی ورگن و

چەند وێنەیەک..

دوێکە، من و منداڵێک و داپیرەیەک..

ئای بەو خەمەوە چەند جوان بووی،

گەر بتدیایین!

دڵمان گوشییە سەر لێوی یەکتر و

بێدەنگ.. هەر یەکەمان، بۆ ئەوی ترمان ئەگریایین!

وەلێ خانم

لەم شەوەوە پێیان ئەڵێم:

تازە رابوورد،

دوێنێی خۆمم ناشت و
ئەمشەو شیعرم دەڵێ:
وشەکانم، وەک با پێخواسن و
وەک ئەو لاسارن و ماڵی ناکرێن..
........ ........ ........ ........ ..
........ ........ .... ..
........ ....
خۆشتان نەڵێن،
زامەکانی سەر لاق و سنگتان شایەدن..
........ ........ ........
زۆر شەو ئەبوومە گوڵدانی برووسکەو تا..
(شێرکۆ)م بڵێ:
ئەمشەو شەوی پێشمەرگەیە[9]
با زامەکان بگەنە شاخ..
خەنجەر بێ کێلان ئەگەڕێ[10] و
قەحبەجاڕە ئەم سەدەیە..

---

9 و 10دوو نیوە دێڕە شیعری (شێرکۆ بێکەس)ن.

## ئەو ئێوارەیە[11]

ئەو ئێوارەیەی بەمیوانت بووم
واڵا بووی.. تەڕ بووی
لە خەونی خۆتا من گوڵانت بووم،
هەر کە دەرکەوتم
وشکهەڵاتی.. هەڵلەرزیت
لاڵبم.. . ڕێبەندانت بووم.

***

ئەو ئێوارەیە شەوی پێ نەبوو
حیکایەتێک بوو، بەسەر زەمان و بوونەوە ئەفڕی
تۆ زەمانم بووی.. من زەمانت بووم

***

[11] ئەم شیعرە بە سوپاسەوە لە ئەرشیفی هاوڕێی ئازیزم کاک (عومەری میرزا ئەحمەد) وەرگیراوە. ماوەیەک بەر لە سەرهەڵدانی کێشەی خانووەکانی حامیە، شاعیر داوێتی بە کاک عومەر، وەک بەڕێزیان باسی دەکەن قەسیدەیەکی درێژبووە، بەڵام بەهۆی تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر بەسەر کارەساتەکەو ژیانی تایبەتی خۆیەوە بەشێکی قەسیدەکە فەوتاوەو هەر ئەوەندەی ماوەتەوە.

وتت: ( دانیشە،

ئەو پەنجەرەیە خەیاڵت نەبات

ڕێی مەدە بڕوێ

ئەتباتەوە سەر مێژووی تووڕەهات).

پەنجەرەیەک بوو لە دایکم ئەچوو،

شەڵاڵ بوو لە سۆز

خێرا لەچکەکەی نایە سەر دەمی و

لەگەڵ ئاهێکدا

لە خەمی زوڵم و خەونی سەعاتێک دڵنیایی دا

ڕۆچوو نووقم بوو..

هێشتا نازانم لەکوێوە هاتووم

هاتووم.. یان ون بووم

یان بە کاڵفامی (شاعیرانەی خۆم)

وەهمی بەهەشتێک لەگەڵ خۆی بردووم

***

وتت: (زۆر ساردی.. ئەڵێی هەتیوی

تۆ.. گەڵای خەونی زۆری وەک منیت

خۆ نەوەریوی؟

وتیان.. . شاعیریت،

باڵای تووڕەییت زۆر شکۆمەندە

خۆ نەبەزیوی؟





ئەمڕۆ میوانی باوەشی منیت..

تۆ نەتەریوی.)

ئای لە عەزابم..

چۆن تەرە نابم

شەقامێک نییە، ڕاوی نەنابم

ڕۆژێکم نییە،

بەدیار سووتانی عومری دایکمەوە

هەتیو و گریاو، هەڵتەکورمابم

***

هاوار لە عومرم. !

بۆ ئینسان نەبم..

بۆ حیکایەت بم؟

بۆ حەقم نییە بەحورمەتەوە

لە تێپەڕینی عومرم شایەت بم؟

# پێنج کورتیلە شانۆیی[12]

(1)

* تۆ زۆر سەیری؟؟!

_ سەیر!.. سەیر وەکو چی..؟

* وەک ئەو ماسییە تەمبەڵەی خۆی تەسلیمی شەپۆل دەکات، تا بیگەیەنێتە جوانترین ئۆقیانووس. بەڵام لە ناشرینترین زەلکاودا خۆی دەبینێتەوە.

_ ماسی لە هەر جێیەک بێت.. هەر ماسییە.

* ڕاستە، بەڵام ئەو ماسییانەی لە زەلکاودا دەژین، زیاتر هاوڕێی بۆق و سەرەمێکوتەن.

---

12 گۆڤاری رامان، ژمارە (2)، 11ی ئابی 1996، لا59.





(2)

* ئەزانی ئەو پیاوە دوو ورگانە.. كە لەناو خۆیاندا كۆئەبنەوە چی دەڵێن؟
_ چی؟
* دەڵێن: (یەک) سەربڕەو لە ماڵی (دووا) بیخۆ.. پاشان (سێ) خۆی ئەمانەت بۆ دەكات.
_ ئەوەندە و بەس!
* ئەی چیتر..؟
_ گەر بیڵێم پێناكەنی؟
* هەوڵ ئەدەم
_ ئەی بۆ ناڵێی گەر وا بڕوا.. كاک دینار و دینارخانیش ئەبیستین..؟
* "پێكەنینێكی بەرز" ها.. ها.. ها..
_ بۆ نا؟ هەروەک گەورەیەكیش ئەفەرموێت "كەوچكێ ژەهر بەسە بۆ پیسبوونی كوپەیەک هەنگوین".





(3)

* بۆ وا پەستی؟

_ ئا ئەمە بخوێنەوەو.... "!!.. .؟!.... . !!!.... ..؟؟؟.... .. "

لێی وەرگرت و دەستیکرد بە خوێندنەوەی "ئەمشەو ببومە ڕوویەکی تری پرۆژەکانی باوکم.... وا بڕوا، منیش وەک زۆر شتی تر دەکرێمە، شیک و دینار. نەجاتم دە، تا نەیان بردووم ".

- * ئەمە چییە.. !؟

_ شیی.. . وو.... .. شوو ووو وو

_ ئەفسووس کە دەبێ بڵێین: ئافرەتەو، ئافرەتیش لەم وڵاتەدا پیاڵەیەکە فەیلەسووفێک و گەمژەیەک، بەیەک نرخ تیای دەخۆنەوە.

(4)

* بەسە.. بەس.. خەون.. مێژوو.. چی و چی.. ئەمانە شتێکن بۆ ڕازاندنەوەی کێڵەکانمان.. . و.. . هیچی تر.

_ ئەی بۆ ناڵێی ئەمانە شتێکن بۆ بە درۆخستنەوەی کێڵەکانمان.. ها.. بۆ ناڵێی؟

* تۆ سواری کەللەی خۆت بوویت و دانابەزی!..

_ نا بەپێچەوانەوە، دابەزیوم و ئەمەوێ سواربیمەوە.

* هەی داد.. . ناسرەوی و نەسرەوتنت ئەمترسێنێ.

_ ڕەنگە بڵێی ترسیش لە ئەقڵەوەیە.. !

* ئەوەی نەترسێت ناژی، ئەوەش بزانە، تۆ ژانەکانت، لە (تۆی دووەم) گەورەترن، کە هەر تۆی.. هەی بەدبەخت، قامچی دەسەڵاتدارە.

_ دە وا منیش لە ئێستاوە، ئاسەواری جەنگەکانی سبەینێم و ناشترسم. ئەوەش بزانە لە پشتی هەر "نەء"ێکەوە "ئا"یەک هەیە.





(5)

* ئەتەوێ بڵێی: هۆ خەڵکینە لێگەڕێن، با ڕێوی خەتیب بێ و ببڕێتەوە، خۆ گرنگ وتنە. بەڵام با پێتبڵێم: مرۆڤ بە وتنەکانیا دەناسرێتەوە، نەک بە بیستنەکانیا..

_ نازانم، چی تیایە گەر ڕۆژێ لە ڕۆژان وتمان شەیتانیش فریشتەیە.. ها چی تیایە؟!..

* (نا) و ملیۆنەها (نا)، چونکە ئەمە ناونانێکی شێتانەیە.. نازانم من چۆن ئەو دەستە بە دەستی "گیڤارا" بزانم کە مەمکێکی تیایە، نەک نارنجۆکێک.. بۆ نا..؟ ئەوەتا زۆردارێکی وەک مستەر "..... " لە دیدارێکدا بە دەنگی بەرز ئەشیرێنێ و دەڵێ: "ئەمڕۆ پاش ئەوەی ملیۆنەها بێشکەم فڕێداوەتە ئاو و ئاگرەوەو نەشترساوم. دەترسم و دەڵێم: هۆ هاوڕێکانم گەر خۆشتان دەوێم.. هەموو ئەو درەختانەش لە زیندان بنێن، کە بێشکەو شەقشەقەیان لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەمڕۆ لە هەر بێشکەیەکدا سەرکردەیەکی نووستوو دەبینم".

# شانۆیی قریشکەکان[13]

سالّی 1994 لەیادی رۆژی جیهانی کرێکاراندا لە یاریگای سلێمانی، وەک نوێنەری بێلانەکانی شار و وەک ئەنجوومەنی مالّەکانی حامیە، "ئەبوبەکر عەلی" وتارێکی خوێندەوە. بەکر لە وتەکەیدا بە دەسەلاّتدارانی شاری گوت: ئێوە ئامادەنین سەگەکانیشتان لەو شوێنەدا بژین. ئەی بۆ لێمان ناگەرێن ئێمە، ئێمەی بێلانە لەو کونە سەگانەدا بژین؟

ئەم قسەیە کاتێک کرا، کە بەنیازبوون حامیەی شار، کە سەدان خێزانی هەژاری تێدا دەژیا، بروخێنن.

پاش ئەوە (بەکر) دەرفەتی ژیانی لە سلێمانی نەما و هاتە هەلّەبجەی شەهید. دەوێ رۆژێ مۆتەکەی جەنگی کورد کوشتن بە دەستی کورد، بالّی بەسەر ئەم ولاّتەدا کێشابوو. لەوێ زیاتر بووینە هاورێ و بیرمان لەوە کردەوە، لە شەوەزەنگی شەڕەکاندا ئێمە کۆڕی رۆشنبیری و هونەری گەرمتر بکەین.

لە "باخی گشتی هەلّەبجە" لەگەلّ هاوڕێیانم ( بەکر عەلی و بەرزان عومەر و بەرزان حامد و وریا) رێکەوتین لەسەر ئەوەی کارێکی شانۆیی بکەین، بەکر گوتی: من تێکستەکە دەنووسم و بەرزان عومەریش ئەرکی دەرهێنان و بەرزان حامدو وریا و کۆمەلێک هاورێش وەک ئەکتەر و منیش بەرێوەبردنی کارە هونەرییەکان.

نمایشەکە لە مانگی تەموزی 1994 بۆ ماوەی 3 رۆژ نمایشکرا و چانسی ئەوەم بەرکەوت، کە تێکستی ئەو شانۆییە بەر ئەرشیفی من بکەوێت و لەیادی 12 سالّەی تیرۆرکردنیدا وا دەیخەمە بەر دیدی خوێنەران.

نامیق هەورامی

---

13 ئەم شانۆگەرییە بە سوپاسەوە لە ئەرشیفی کاک (نامیق هەورامی)یەوە وەرگیراوە.

# قریشکەکان

*سەر شانۆ چۆڵە تەنها بریسکەی لێدانی رووناکی دەبینرێت، لەناو خەڵکەکەوە کۆرس بە دوو ریز دێنە سەر شانۆ ئەم سروودە دەڵێن:*

***کۆرس***

کێ نەی ئەدی.. . کێ نەی ئەدی
ئەم بروسکەی ناو ئاوەمان
ئەم شمشێری لەناو خوێندا ڕواوەمان؟
کێ نەی ئەدی.. .
خۆ ئەو هەورێکی ڕەسەن بوو
هەوری رەسەن لە هەناویا پشکۆ دەژی
پشکۆ دەژی.. پشکۆ دەژی

کۆرس لەسەر شانۆ دابەش دەبن و لەگەڵ دابەشبوونیاندا ئەم سروودە دەڵێن:

*با شاهنشاکان گوێبگرن*
*شاعیرێک دەیەوێ بدوێ*
*با ڕەشەباکان ڕاوەستن*
*نێرگزێک دەیەوێ بڕوێ*
*با تفەنگەکان بێدەنگ بن*
*منداڵێک دەیەوێ بنوێ*





***ڕاوی:*** زۆرن ئەو کەسانەی، کە زۆر کەسن لە یەک کەسدا، لە کاتێکدا کە مرۆڤ پێویستە یەک کەس بێت لە زۆر کەسدا، لە ڕاستیدا سەیرە دەی بۆ نا؟ ئەمە شتێکی عادەتییە ئەدیسۆن کارەبا و مارکۆنی ڕادیۆی دروستکرد. دەی با ئێمەش هەر هیچ نەبێ بێین و سەرو چەند شووشە شەڕابێک، بۆ مەستکردنی جەنگاوەرانمان دروست کەین، خۆ جیهان چیدی تێدا نەماوە لەوە زیاتر وەک مەستێ لێی وردبێتەوە.

***شاعیر:*** هیوا چییەو بەچی ئەچێ؟ بمتوانیایە دەنگ و گریانم لە کوکوختی ئەسەندەوە، بەڵام نەمتوانیوە و ناشتوانم کەواتە بۆ بەهیوا بم؟

***کۆرس:*** کێ نەی ئەدی.. . کێ نەی ئەدی.؟
ئەم بروسکەی ناو ئاوەمان
ئەم شمشێری لەناو خوێنا ڕواوەمان
کێ نەی ئەدی؟

***شاعیر:*** من کێم و چیم و لە کوێم
گوێ ڕادێرن پێتان دەڵێم
باوکم دەیگوت ڕۆڵە بترسە، ئەوەی نەترسێ ناژی، دایکیشم دەڵێ ترس لەعەقڵەوەیە. کەچی من.. ئا.. منیش دەڵێم ژیان لەپاڵ مردندا باشترە لە مردن لە پاڵ ژیاندا..

***کەسی یەکەم:*** کەس وەکو درەخت، جوان نامرێ.. مردنێک بە پێوە.

***کەسی دووەم:*** ئاژانسەکانی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنن کە قامچییەک پێویستە بۆ تەمبێکردنی هەموو بەشەڕییەت.

***کەسی سێیەم:*** دادگاییکردنی نووسەری بەناوبانگی رووس، دواخرا بۆ ئەو کاتەی کە دادگا فەرمانی لەسەر دەدات.

***کەسی چوارەم:*** ژمارەی کوژراوەکانی (ڕواندا) تەنیا ملیۆن و نیوێکە و بەس.

***کەسی پێنجەم:*** جەزائیر تەنیا ملیۆنێک شەهیدی دا و سەربەستی بەدەستهێنا.





***کەسی شەشەم:*** هەڵەبجەش (5000) گوڵە نێرگزی لە وەرزی بەهاردا ناشت.

***کەسی حەوتەم:*** ئێستا وەک جاران لەسەرخۆ نامرین، ئەتۆمێک چاوەڕوانمان دەکات.

***راوی:*** بێدەنگ.. تکایە بێدەنگ (بەتووڕەییەوە) بێدەنگ بن.

ئەو سندوقە داخراوەی پێیدەڵێن جیهان، زۆر لەوە زیاتری تێدایە، کە ئێمە بتوانین لە نمایشێکی ئاوا قشتیلەدا هەمووی بخەینەڕوو. بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لە گەڵایەکدا، دارستانێکتان نیشانبدەین پاشان خۆتان سەرپشک بن، خۆ نەهاتووین ئەو شتەتان بدەینێ، کە پێتان خۆشە، بەڵکو شتێ، کە پێویستتانە.

***شاعیر:*** لە جیهاندا کێ بە کێی وتووە پڕ بەچاوی من بگری؟ شارێک بە زمان ماڵینە، ئەم فەرمانە وەک ئەوە وایە، بتەوێ بەری چەمێک، رووبارێک بە لەپی دەست بگری.

***کۆرس:*** تۆ هەر کێیت و چیت و لە کوێی؟
هەر چۆنێ بێ لە وڵاتێکدا خۆشمان دەوێی،
گردۆڵکە و چیاکانیش، کە ئێستاکە لەسەرێکی تاشراو دەچن،
بێ نزارن
هی ئێمە نین، هی پایتەخت و
ژنەکانی سەرکۆمارن.
دەسا گەورەم،
هۆ ئەو کەسەی سێبەرەکەشمان دەیەوێی
گەر خۆشتدەوێین
مەهێڵە قەت خۆشمان بوێی.

<u>**(تاریکی)**</u>





***ڕاوی:*** کاتژمێر سفرە، شوێن هەرجێیەک کە خۆتان لەزەینی خۆتاندا بڕیاری لەسەر دەدەن.

ئێستا هەمووتان پێکەوە با لەحەرەمی ئاشووبگای سەردەمدا هەڵوێستەیەک بکەین و پەلی هەباسە بگرین تا بمانباتە دیوەخان و خۆمان بزانین لە دیوەخان چ باسە. زۆر شت هەن گەر بلوێ حەز دەکەن پەیکەریان لە فرمێسک بۆ بتاشن چونکە بەلاتانەوە مەزن و جوانن، بەڵام لەبیرتان نەچێ هەرگیز جوانی ناتوانێ جیهان رزگار بکات. بەڵکو دەبێ جوانی خۆی لە جیهاندا رزگار بکرێ. من، نا خەڵک وا دەڵێن. ئاسانە با دەرەوە شاشەی ناوەوە بێ، گرنگ تایبەتمەندییە، گرنگ جیاوازییە لە جەوهەردا. ڕێمبدەن قسەی ئەو نووسەرەتان بە بیربێنمەوە کە گوتی "گەر سروشت بە (گوو)ش بیخوڵقاندمایە، نەک مرۆڤ، ئەوساش پێم خۆش بوو. پێم وابوو وەک هەر گوڵێک بۆنم لە رەگەکانما بێت. حەزی من لە خەڵک نەچووە، دیارە من دەربار نیم، رایەڵی کێشەکانیش هەر لەم ئاستە و لەم چێوەن. مرۆڤ یەک جار ناو دەنرێ دز یان پۆلیس، بەڵام ها چەند خۆشە پیاو کە هەر دزیش بوو دزێکی قارەمان بێت، بەڵام قارەمانێتی مەرجی هەیە قارەمانێتی واتە ماراسۆن لەودیو دیوارەکانی مەرگەوە. وەرن (بۆ بینەران) با دەورەکان دابەشکەین، تۆ ئەوە بکە، کە دەبێ بیکەیت، تۆ پاپا بە، تۆ باخەوان، تۆ، نا.. ئەوەی پشتەوە سترانبێژ یان عاشق بە.

***کۆرس:*** قسە بەڕاوی ئەبڕێ (بۆ بینەران)

ئایا گەلەکەتان خۆشدەوێ (لەناو بینەراندا چەندین وەڵام وەک بەڵێ.. . ئەی چۆن.. . خۆشم دەوێ و زۆریش.

***کۆرس:*** دەی هەر ئەو گەلەشە پێتان دەڵێ:

ڕۆڵەکانم (ئەمڕۆ)م بدەنێ تا (سبەینێ) تان بدەمێ.

***ڕاوی:*** بەڵێ گەل.. واتە لانکی ملیۆنەها پیاو و شمشێر، کەوایە هەیهات بە حاڵی ئەو پیاوەی رقی گەل بەهیچ وەربگرێ.. . (تاریکی)..

*(شاعیر کە گەنجێکی قۆز و پۆشتەیە بەرێکەوت لەگەڵ شێتێک و سەرخۆشێکدا پێکەوە لە ژوورێکدان، وەرز زستانە و لە دەرەوە دەنگی باو باران دێ. شاعیر پاش*

*ئەوەی خۆی لە تەڕی باران وشک کردۆتەوە جار جارە پەنجەکانی لە شێوەی شانە دێنێ بەقژیا و بەقەناعەت بەخۆبوونێکی لە رادەبەدەرەوە ئەجوڵێ و لە شمەکەکانی ناو ژوورەکە و دوو کەسەکە ورد دەبێتەوە.*
*شێتەکە بە تەواوی شێت نییە، بەڵام تووشی جۆرە نەخۆشییەکی دەروونی هاتووە.)*

***شێت:*** سیانزە، حەوت، حەوت، سیانزە (روو وەرئەگێڕێ بۆ خاڵێکی نادیار) ئۆف خوایە گیان، ئەی بۆ دەڵێن فاسۆلیا ناخۆشە، (سەر ئەنێ بە دیوارە....) سیانزە، حەوت، حەوت، سیانزە، حەوت.

(شاعیر قسە بۆ جەماوەر دەکات)

ئەخیرەن ئەو گامێشە هەر دەبێ تێ بگا.

***شێت:*** (لە هەمان حاڵەتدا) حەوت، سیانزە، حەوت، سیانزە، پەنجەرەکان، مشکەکان، نا توخوا مێروولە نا مشک، ئا ئا مشک، حەوت، سیانزە، حەوت (زۆر بە خێرایی و بە حەپەساوی بە تەواوی چاوی کردۆتەوە) ئەی بۆ دەڵێن فاسولیا ناخۆشە؟

***شاعیر:*** دەسا وەرە لەم ئاشوبگایەدا بتوانە حەکەم بەو کەسیش مەغدور مەکە، نابێ چی لەوە ناخۆشرە کە مرۆڤ بەس بەتەنیا پاڵەوانی ناو خەونەکانی خۆی بێ و هیچیتر؟ (روودەکاتە بینەران) من ئێستا پیاوێکی کامل ئەوسافم و لە هیچم کەم نییە، پێم باشە خەڵک هەموویان وەک من بن، یان بە واتایەکی تر بە ئێستای عەقڵی من بیر بکەنەوە، دیارە منیش وەک ئێوە رابردووی خۆمم هەیە، بەڵام جیاوازییەکە هێندەیە من رابردووی خۆمم ناشت و خۆمم ناو نایەوە. ئەو رابردووەی ئێوە لە ئێستاوە پەیکەر و گۆڕتان بۆ ئامادە کردووە و لای خۆم زۆر لەوەش بێ ماناترە کە ئەم کەرەستانەی بۆبکڕی. کەرێتییە باسکردن لە وەفا. هاوڕێیەکم زۆر جار ئەیگووت ئەو جگەرەیەش کە بۆ دەقیقەیەک هاوڕێتە گوناهە پێی پیانێی، بەڵام.. بەڵام.. خۆ من گێل نیم مردووان بەخەڵکی بناسێنم من بیرەوەرییەکانم مردن و بڕایەوە. ئای ئەو رۆژگارە چەند موعجیب بووم بەو تەرحە ئەفکار و تورەهاتە، من جیهانێکم لە وشە بۆ خۆم دروستکردبوو وایشم دەزانی تیایدا خۆم بەڵێ خۆم و





بەس سوڵتانی خۆمم، بەڵام ئێستا پاش ئەوەی تێگەیشتم هەڵە بووم بێ سوودە پاش چی؟

ئێمەی خەڵکانی رۆژهەڵات درەنگ لەخۆمان تێدەگەین، گرفتەكەش ئەوەیە كاتێ كە تێگەیشتین هەڵەكانمان ناو ئەنێین تەجروبە، ئەی ترحێو (بە قاقاوە بۆینباخەكە رێک ئەخا و دەڕوانێتە دوو كەسەكەی تر) ئەوە وەک ئەوە وایە بڵێی قارەمانێتی لەزۆری تەجروبەكانمدا بەرادەی ئاو لە ئاگركەوتوو، سەیر سەمەرەن ئەوە فەخرن.

جیهان پڕە لە دەبەنگی سەركردەكان، عەقڵیان، درۆكانیان، گفت و ئیغرای سەر مێزی خواردنەوەی شەوانەیان رەوانەی بەرەكانی جەنگ دەكەن، كەچی هەمیشە مێژوو لە دەرباریاندایە و مەزن و ئازا و شكۆدارن (بەتەوسەوە). جا بەچی ئەچێ (بۆ بینەران) تكایە گەر رێزلێنانم بەهۆی رابردوومەوەیە من پێتان دەڵێم تا زووە سەر و پەیژە بۆ عەقڵتان دانێن دەی فەرموو بیكەن، بۆ نایكەن پەیكەرێک لە تف، كۆڕێک لە جرت و ئێق و رشانەوە..

من ئەمرۆم هەیە و قایلش نیم كەس لە رابردووم بدوێ تێگەیشتن؟ ئێوە چووزانن رەنگە من لە رابردوودا بە مەنزووری ئێوە هێندەی پەپوولەیەكیش تاوانبار نەبووبم كە قورسایی دەخاتە سەر گوڵێک، بەڵام ئایا ئەمە راستە؟ ئێوە راستن؟ ئایا ئێوە ئەو رابردووەشم وەک خۆم دەناسن كە زۆر جار پەلی ئەگرتم و ئەیناردمەوە شوێنە تاریكەكان؟ چوزانن پاشان بەئێوە چی؟ ها بۆ زمانتان گرێداوە و نادوێن؟ ژێوان دەبێتەوە وەک بڵێی نە دەبوو هێندە قسە بكا.. ئەها ئەمەیە دەڵێن قالۆنچە بە بۆنی خۆش، سەری دێشێ من بەچی؟ من ئێستا لە بارێكی تەواو هێمندام و لە هیچشم كەم نییە (شیعر دەڵێ)

***(ئەمەن مۆمێكی كزی شەوی تارە***
***لاشەم جەستەی مردوویەكی بێگۆڕە***
***من لەگەڵ هەورا گەورە دەبم***
***بەشنەبایەک باڵا دەكەم***
***شەوانە بیر لە گۆڕێک دەكەمەوە گەورەتر لە لاشەم***
***هۆ كریستاڵی سەوزی ئاسمانە رەنگ شەڕابییەكان وەرن ببمەنەوە***
***منی خەڵكی وڵاتی ئەستێرە ساردەكان لەگەڵ ئەم مردووانە چی بكەم***





***ئەمانە بەچکە و خوێن ئەخەنەوە***
***تاوانێکی نوێ دەکەنەوە***
***دە بمبەنەوە.. دە بمبەنەوە)*** [14]

***سەرخۆش:*** بەڵێ بەڵێ.. (قرقێنە ئەدات) ئەی چۆن هەر ئێستا سەحنە تائیرێک دێ و نەرم نەرم، ناسک ناسک وەک چۆن ژنەکەم دەست دەداتە گسکە نەعلەتییەکەی، دەست دەداتێ و هەڵت دەگرێ ئەتباتەوە.. کوڕە دەبیبڕەوە، ، ئەم دەنگە دەنگ و گرمە گرمە ئەڵێی شاخی ئەڕوخێی.

***شێت:*** سیانزە، حەوت، حەوت، سیانزە، حەوت (بۆ شاعیر) دەڵێم، سەر رووت، دەڵێم سیانزە، حەوت، دەڵێم........ ..
(بە هەردوو دەست بەسەری خۆیدا ئەدا وەک نەتوانێ دەوێ دەیەوێ بیڵێ) ئەی خوایە گیان.. . ئەی خوایە گیان.. . ئەی بۆ دەڵێن فاسولیا ناخۆشە (لەم کاتەدا سەرخۆش مۆڕەیەک لە شێت دەکا رووی لێ وەرئەگێڕێتەوە).

***شێت:*** نانا.. بیرم کەوتەوە، حەوت، سیانزە، سیانزە، حەوت، حەوت، حەوت.. سەر رووت، سەر رووت گیان، خۆشە، ناخۆشە، حەوت.. . ئابیرم کەوتەوە ئەرێ هەلیکۆپتەر هێلکە دەکا (شاعیر لە داڵغەدایە و وەڵام ناداتەوە)

***سەرخۆش:*** ئەی چۆن نایکا نەگریس.. بەڵام هێلکەیەکی بێ شومار دەکا و ئەو نەگبەتە وەک بڵێی خوا گرتبێتی لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە هێلکەکانی دەکا و زرم دەکەوێتە ئەرز دەشێکن و گڕ ئەگرن و (بە توڕەییەوە لە شێتەکە) ئەی چۆن نایکا ئەی کاو باشیش. ئەو ساڵە لەبیرمە لەسەر قردەکەی پلیاسان کە خەردە فەیارم بە کۆڵەوە بوو، ئەو لەسەر سەری منەوە هێلکەی کرد کەچی لەو تەکسی بارانەدا تۆپێک نەبوو سواری بم، وەڵاهی سەحن تائیرەکەی کاکی سەر رووتیش لەوێ بوایە رزگار نەئەبووم ئەگەر خۆم چاوم نەنوقاندبایە.

---

[14]. ئەمە پارچە شیعرێکی (بەرزان عومەر)ە کە لە شانۆییەکەدا بەکارهاتووە.





***شاعیر:*** (بە مۆڕەوە سەیرێکی سەرخۆش دەکا) براڤۆ.. شایەنی چەپڵەی قسەی خۆمان بێت باشی تێگەیوی.

***سەرخۆش:*** (چاوی هەڵئەگڵۆفێ و بە شانازی بەخۆکردنەوە) ها.. من باش باش ئەی چۆن (لەم کاتەدا شاعیر بەدەم مژدان لە جگەرەیەکەوە سەیری سەقفەکە دەکا و دەڵێ).

***شاعیر:*** (بە بێزارییەوە) نا.. نا تکایە لەوە زیاتر سنگم مەکوتن (وەک بڵێی قسە بۆکەسێکی نادیار بکا) ئێوە تا رووەکانی دەرەوەتان جوانتر بێ شەیتانەکانی ناوەوەتان ناشیرینترە دەی وەرن گەر بۆ ساتێکیش بووە با لە ژێر تاقگەکانی ویژدان وتەو بڕوا و شەیتانەکانی ناوەوەمان بەیەکتر بناسێنین. بە خەڵک، بەمێژوو، بەو خاکەی وەلامی دەوێ، (وەک پەشیمان بێت لە قسەکانی لەمەوبەری)

بەسە بەس بڕواناکەم کەس هەبێ حەز بەوە نەکا خەڵکی بە بیرەوەرییەکانی خۆی بناسێنێ یان پێچەوانەوە (دوای ئاهێکی قوڵ)

هێی ئاکۆ گیان تاقە براکەم. هۆ ئەو رێبوارە شەرمنەی کە ئێواران لە سەفەری غەریبی و کار ئەهاتییەوە هێند شەرمن لە دەرگاکەمت ئەدا حەزم دەکرد هەر رۆژە وێنەی پەنجەیەکت بە قوڵفی دەرگاکەمەوە جێبمایە. هۆ ئەو رێبوارەی گەرایتەوە بێ ئەوەی شەقامەکانی شارەکەم، گەڕەکەکەم بتناسن زۆر شەوان دەستم بە قژە خورمایەکەتدا ئەهێنا و پێم ئەوتی گرنگ نییە بجولێ، ئاکۆ گیان بجولێ. کرم ئەجولێ بەس بۆ ئەوەی بخوا.

تۆش بە زمان نا بە چاو بەو زمانەی کە هەمیشەماڵی فریشتە و پەری بوون پێت ئەوتم من ئەجولێم، بەلام هەی داد.. بەکێ بڵێم جولان لەسەر پەلێکی وشک خەم و بێ هودەییە، نەگبەتییە. خەڵکینە ئەرێ تاکەی نابیستن، ئەوەتا ئەمجارە بەچاوی تەڕەوە قسان دەکەم، رێم کەن با بەسەرهاتەکانم وەک من بتانگریەنن وەرن تێکەڵم بن. نانا پێویست ناکا ئاکۆ مرد.

***سەرخۆش:*** مرد؟
***شاعیر:*** مرد بەلام بە تۆچی؟ بێ دەنگ بە.
***سەرخۆش:*** من دەبینم بۆیە پێویستە بشڵێم.





***شاعیر:*** ئاخ نەگریسینە چۆنتان تێگەیەنم ئەشێ هەر یەک لە ئێوە لەباتی دڵ ورچێ لە سنگتاندا بێت، رقم لێتانە و (دەنگی قریشکە و زرمە زرم و ژاوەژاوێکی ئیزعاج دێت)، بەسە، بەس توخوا با بەس بێ لەوە زیاتر چیتان دەوێ، ئەوەتا پارچە پارچەتان کردووم و هەر رۆژەی پارچەیەکی خۆم ئەنێژم. تەنانەت شەوانەش وەک بڵێی لەسەر پشکۆ پاڵ کەوتبم، شارێک و وڵاتێک سەرتاسەر ئەنوێت، نانووم، ئاخ درەنگ تێگەشتم، راستیان وت ئەوەی وشەیەک کەمتر بزانێ خۆش و ئاسوودەتر ئەنوێ، بڕیا وا درەنگ نەکەوتمایە.

ئای ئاکۆ گیان.. هۆ گوڵەگەنمە چاو زەردەکەم..

لە چێشتخانەیەکدا کارت دەکرد، بەڵێ لە یەکێ لەو چێشتخانە پۆشتانەدا کە بەس مریشکی برژاوی تێدا پێشکەش بەمیوان دەکرا. میوانەکانتان ئەوەیان پێ نەنگ بوو وەک ئێمەو مانان گۆشت بە ئێسقانەکانەوە نەهێڵن. بۆیە تۆش هەر زوو کەوتیتە سەر فێڵی خۆت و پاشماوەکان، ئێسقانە بەتەواوی نەکرۆژراوەکانت لە عەلاگەیەکی رەش دەنا و کە وەستاشت پێی دەگووتی:

ها ئاکۆ ئەو ئێسقانانەت بۆ چیە؟

بێ سێ و دوو بەشەرمەوە وەڵامت دەدایەوە:

وەستا گیان سەگم راگرتووە، بەڵام وەستا نەیئەزانی سەگەکان دایک و خوشک و براکانتن، ئێمە بووین تا درەنگانێ بەهیوای هاتنەوەت لە چێشتخانە و هێنانی عەلاگەیەک ئێسقانی تر بۆ سەر خوانی بەتاڵی ئێوارەمان لەبەر دەرگا وەک پاساری هەڵدەتوتاین. تۆش کە دەهاتییەوە وەک بڵێی هەموو دنیات کردبێ بە هێلکەیەک و فڕێت دابێتە بەرپێی دایکت. لە درزی چاوە قاوەییەکانتەوە بەشەرمەوە ئەتڕوانیە قەپاڵە دڕەکانی دایکت، بەڵام بەچی ئەچێ، تۆ مردی و برسێتی و هەژاری خێزانەکەت هەر نەمردن.. ئای ئاکۆ گیان هۆ تەنیا رابردووەکەم، خەمخۆرم بووی زۆر جار بەو بچووکیەشەوە هێندە گەورە ئەبووی لەبەرچاوم وام هەست دەکرد ئەتوانی هەر ساتێ بتەوێ، یان خۆم بمەوێ دەمخەیتە ژێر باڵت و بەنێو





هەزاران سەرە رم و نێزەدا دەمبەیت و ناهێڵی زامدار بم. زۆر شەو کە ئەت دی سەرینەکەم بە گریان تەڕکردووە و لە خەیاڵ دام ئەهاتییە ژوور سەرم و دیسان بەزمان نا بەچاو پێت ئەوتم بنوو ماندوویت بەقەد ماندووی کەسێک کە بیر لە راستکردنەوەی سێبەری پەلکە گیایەک بکاتەوە، سبەینێش وەستا وەعدەی داوە گوێم لێ بگرێ ئەوسا....

منیش وەک خۆم بە زمان نا هەر بە چاو پێم دەگووتی، نا ئاکۆ گیان با برینەکان هەر نهێنی بن با هەر خۆمان بگرین، بێ خەو بین، برسی بین.

ئاکۆ گیان گەر ئەم زەمینە یەک تۆز عیبرەتی وەرگرتایە، ئەبوو لە جێی فرمێسکی وەستات و هەرکام لە کەسەکانی تری وەک وەستاشت ئەژدیهایەک هەڵقوڵێ، ئاکۆ گیان باوەڕت بێ ئەو پیاوە دوو ورگانە کە دەڵێ هەژار، ئەسپێ، ئەسپێ و مۆرانەیان بیر دەکەوێتەوە.. من زۆر لەو پیاوانە دەترسم کە بە ورگ پێ دەکەنن بەتایبەت ئەو دوو ورگانەش.

ها.. ها. ئەوە چییە نەخێر ببوورن، من رابردووم نییە و دڵیشم وەک هەر دڵخۆشێ خۆشە (بە شپرزەیی سەیری ئەملاو ئەولای خۆی دەکا و وەک بڵێی ترسابێ کەسێ گوێی لە بیرەوەرییەکانی بووبێت) تکایە کەس نەیبیستبێ ئەمە خەیاڵێکی شاعیرانەی خۆم بوو *(روو دەکاتە شێتەکە)*

هێی کوڕە تۆ بۆ ناچیتە دەرەوە و ئەو دەمە تەشت ئاسایەت بخەیتە بەر باران تا پڕ بێ لە ئاو.

***شێت:*** تەیرەکان، دکتۆرەکان، سیانزە. ، ئەی بۆ دەڵێن فاسۆلیا ناخۆشە.

***سەرخۆش:*** (هەڵدەستێ و زۆر بە تەمەڵی) بەخوا برا من دەچم بەلای مێز و مەزەی خۆمەوە (بۆ شێتەکە) ئاخر نەگریس کێ چ ئاژەڵێ وتوویەتی فاسولیا ناخۆشە تاگوێی یەک گەز راکێشم وبیکەم بە بۆینباخ بۆی، شەیتان بەنەعلەت بێ (ئەچێتە بەردەم شێتەکە و بە خۆ گێڤکردنەوە) وەڵاهی و بیلاهی و تیلاهی کە بە مەجموع هەرسێکی ناوی خوایە بە قەبری مەلەی نەنکی خەزووریشم کوڕە بە تەڵاقی ئەم شاعیرە چەنەبازە لە عەنکەبووت چووەش، جارێکی تر بڵێی فاسولیا ناخۆشە یەک زلەت لێ دەدەم عەلاگەیەک توکت لێدەکەمەوە.





***شێت:*** لەگەڵ کێت بوو؟

***سەرخۆش:*** (پاڵی پێوەدەنێ) لەگەڵ جەنابتم بوو هەر دەڵێی تەزبیحی پساوی، مردوت مرێ، هەی لە لۆکەی تەڕ ناشیرینتر (بەلاساییەوە) فاسولیا ناخۆشە. شێت: چوزانم وامزانی من ناڵێی.

***سەرخۆش:*** وا من رۆیشتم (بۆ شاعیرەکە) جا خۆشە یان ناخۆشە بەبن کلکی بارگیرم (لەم کاتەدا بابای شاعیر تەواو بێزارە و ژاوەژاو لە دەرەوەی شانۆ دێت وەک دەنگی قیتار و قریشکەی ئافرەت بڵێی خەریکی کوشتنی بن، دەنگی باران).

***شاعیر:*** ئاخ مێشکم تەقی (هەڵدەستێ دەرگا و پەنجەرەکە دا دەخا) سەرم دێشێ ئەمە چییە دەڵێی کەپکە شاخێکیان بە پێڵوما هەڵواسیوە ئەم بارە تەحەمول ناکرێ.. هەی داد.. هۆ سەرکردەکان.. کرێکاران، قاچاخچیان، هۆی ئەوانەی مردن و کوژران و هۆ ئەوانەش کە دەمرن و دەکوژرێن گوێ بگرن وامن دەرگاکەم داخست، کەواتە تەنیا شتێک کە بەدنیای ئەودیو دەرگاکە و ئێوەوەم گرێ بدا بیرەوەرییەکانمە، با گوللەکان هەر ببڕن و بڕۆن و ببڕن، با شارەکان خاپوور بن، با شاخەکان بەلادا بێن، جاڕ بە جەهەنەم بەمن چی؟ بەڵێ مێژوو بە من چی کە لەودیو دەرگاکەمەوە (پێکەنینێکی شێتانە پێدەکەنێ قاقا وەک بڵێی تووشی هیستریا بووە، بەڵێ.. ئا ئا بەمن چی *(لە پڕ دەداتە پڕمەی گریان دەکەوێتە پەلکوتان وەک بڵێی لە هەوادا مەلە بکات هاوار دەکا)*

با شەقامەکان بەگوڵ سوورکەین نەک بە خوێن، گوڵ نەک، بە خوێن، ، بە گوڵ نەک بە خوێن *(لەدیوی دەرەوە دەنگی قاقای قەبە و قەشمەریات دێت ئەم هارتر دەبێ و گوێی خۆی ئەگرێ هەموو قۆپچەکانی کراسەکەی دەکاتەوە، وەک بڵێی خەریکە بخنکێ)* بەڵام نا من مەزنم هۆ پێکەنینەکان..

فرمێسکەکان با دەنگتان بێت وا منیش دێمە دەرێ بۆ ناوتان، تا بزانم لە نزییکشمەوە هێند بەهێز و ترسناکن وا من هاتم.. م. م. م چوونە دەرەوەی شاعیر)

***شێتەکە:*** حەوت، سیانزە، سیانزە، حەوت، ئەی خوایە گیان ئەی بۆ دەڵێن فاسولیا ناخۆشە.

## تاریکی

***راوی:*** وا کاکی شاعیرمان خۆی فڕێ دایە جەنگێکی گەورەی ژیانەوە، رەنگە تیاشیدا بکوژرێ. خۆی واتەنی ئەوتا ئێستا جیهانێکی لە وشە بۆخۆی دروستکردبوو، دەی ئەم جارەیان پاش ئەوەی کە خۆی واتەنی کاتێ جوڵەیە بابجولێ و لە ئێسقانەکانی ئەو پردە دروست بکات، کە سبەیێنێ نزیکتر دەخاتەوە و سبەینێیەک کە وشە لاوازبوو لە ئاستیا، ئێستا ئەو دەڕوا و مێژوویەکی نوێ لە پێشەوە دەڕوا، بەڵام ئەوەشمان لەبیر بێ رێی باریک هەنگاوی باریکی دەوێ تۆ بڵێی ئەم لاوە سەرکێشە بگاتە مەنزڵ؟ فەرموون با هەمووان دوای کەوین.

## تاریکی

***(شوێن باخچەیەکی بچکۆلەیە و شاعیر و خۆشەویستەکەی پێکەوە تیایدا غەمبار دانیشتوون وەک بڵێی دەمێکە ئەدوێن نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک)***

***ئافرەت:*** بەسە بەس مێژوو خەون واقیع چی و چی ئەمانە شتێکن بۆ رازاندنەوەی کێڵەکانمان و هیچ تر.

***شاعیر:*** ئەی بۆ ناڵێی ئەمانە شتێکن بۆ بەدرۆخستنەوەی کێڵەکانمان.. ها بۆ ناڵێی.

***ئافرەت:*** تۆ سواری کەللەی خۆت بوویت و دانابەزیت.





***شاعیر:*** نابە پێچەوانەوە، دابەزیوم و ئەمەوێ سواربیمەوە.

***ئافرەت:*** (بەدەنگێک کە پڕە لە سۆز و خۆشەویستی پاڕانەوە) تۆ ناسرەوی و نەسرەوتنت ئەمترسێنێ.

***شاعیر:*** کاتێ ئەسرەوم توانیبێتم هەموو ئەو شەپۆلانە بپسێنم کە خۆی ئەگەیەنێتە کەنارە شیرینەکان.

ماڵی من، گلێنەکانم، ئەزانم خۆشەویستیت بۆ من ناچاری کردوویت ئەم قسانەبکەیت، بۆیە منیش هەرگیز داوای چارەسەر لە خەڵکی ناکەم، نەخێر ئەمیان ناکەم هەرگیز.

***ئافرەت:*** ئاخر، ئاخر.. کاتی ئەوە هاتووە کە ئیتر بۆخۆمان بین نەک خەڵک.

***شاعیر:*** ئۆف.. ئەوە چییە، وا هەست دەکەم ماندووبووبم
تۆ جوانی ئەزانم، لەمێژە وەک جاران ناسک نیم لەگەڵتا..
ئای لە ئێوارانی ئەم شارە تەواو خەمناکە.

***ئافرەت:*** بیرتە یەکەم دیدار چۆن لەشەرما وەک مس سوور هەڵگەڕابووی، ئای پاسارییەکەم، ئاخ هۆ گوڵەگەنمە چاو زەردەکەم تۆ بەو بچوکییە ناتوانی ئاگر تێرکەیت.

***شاعیر:*** (بە خۆڕاژەندنەوە)
بۆچی ئەتهێشت خۆشم بوێی
کە ئەتزانی من ئەو رەندەم
لەم وڵاتە بچکۆلەیەی دڵی خۆشما پەناهەندەم
ئاخر بۆ.. بۆچی ئەتهێشت
ببی بەم بێستوونی عەشقەو بمگریە خۆ
کە ئەتزانی فەرهادێکم دەمم پڕە لە جنێو و تف و درۆ
شاعیرێ نیم وەک هەندێ شاعیر دەستەمۆ

(دەنگی قریشکە و ژاوەژاو دروست دەبێتەوە، شاعیرەکە و ئافرەتەکە لە شێوەی خۆ رزگارکردنێکی لاوازدا پەل ئەکوتن، دەکەون و هەڵئەسنەوە، دەکەون و هەڵئەسنەوە





***دەنگی1:*** بۆ دەرەوە، ئێوە خەریکە شەقامە پاک و تەمیزەکانی شارەکەمان پیس دەکەن. ئێوە مافی هاتنە ژوورەوەی ئەم جۆرە شوێنانەتان نییە، بۆ دەرەوە.. بۆ دەرەوە..

***دەنگی 2:*** خەڵکینە لە ڕێی خوا، خێرێک، ورگ و گیرفانمان وەک یەکن.

***دەنگی 3:*** ها بیگرە ئەو لای کەوە نەهێڵی بە زیندووی رزگاری بێت. *(تاق تریق.. تاق.. تاق دەنگی تەقە)*

***دەنگی 4:*** لە سەبینێ زیاتر ناوەستم قەرزەکەم دەدەنەوە یان؟

***دەنگی 5:*** تو خوا، پیاوەکە بەسە، بەس لە ورگم هەڵدە، ئای فریام کەون کوشتمی.

***دەنگی 6:*** لە میم گەیلانەوە بۆ شاسوار تکایە گوڵەکان ئاودە بە جۆرێک چرۆکان گڕ بن نەک چرۆ.

***دەنگی7:*** ئێمە کە لەشاخەوە هاتینە شار فلچەو ڕەنگمان لە جوعبەکانمان نەنابوو تا خواست و مێشکی خەڵکی پێ رەنگ بکەین، با شەڕە پەرۆ بەس بێ........ .

*(شاعیر و ئافرەتەکە هێندە خۆیان داوە بە زەوی و یەکتردا لە پەل و پۆ کەوتوون و بە ئاستەم ئەجوڵێن. هەر ئاه و ناڵەیانە).*

## تاریکی

(شاعیر لە سوچێکی ژوورەکەیدا تەنیا دانیشتووە لەدالغەیەکی قوڵدایە، مژ لە جگەرەکەی ئەدا و لە بەرخۆیەوە شیعر دەڵێ:

من ئەڕۆم و تکایە پێی بڵێن ئیتر بەدیدارم ناگاتەوە

کە ڕۆیشتم، وەک چەم ئەڕۆم، چەمیش ئاوڕ ناداتەوە

هێی ئافرەت، هۆ ئەو لوغزەی تێت نەگەیشتم و تێشت ناگەم، ئەبو زوو بمزانیایە، ئافرەتیش لەم وڵاتەدا، پیاڵەیەکە فەیلەسووفێک و گەمژەیەک





بەیەک نرخ تیادا دەخۆنەوە، *(بۆ بینەران)* ئەویش جێی هێشتم، بەڵێ  ئافرەت ئەو شتەی، کە فەیلەسووفەکانیش لە ئاستیا گێلی نیشان دەدەن.

ئەو ڕۆژەی لەتۆ جیابوومەوە رۆژی مردنی پێکەنینەکانم بوو

ئێستاش لەم کۆلانە تەنگەدا شوێن پێکانی تۆ ماون

(قاقا پێ دەکەنی.. ها.. ها. ها) لەراستیدا سەیرە

*(فلاش باگ گەیاندیەوە بۆ یەکێ لە بیرەوەرییەکانی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا)*

***شاعیر:*** تۆ زۆر سەیری

***ئافرەت:*** سەیر؟ سەیر وەک چی؟

***شاعیر:*** سەیر وەک ئەو ماسییە تەمەڵەی خۆی تەسلیمی شەپۆل دەکا، تا بیگەیەنێتە جوانترین ئۆقیانووس، بەڵام لە ناشیرینترین زەلکاودا خۆی دەبینێتەوە.

***ئافرەت:*** ماسی لە هەر جێیەک بێ، هەر ماسییە.

***شاعیر:*** راستە بەڵام، ئەو ماسییانەی لە زەلکاودا دەژین زیاتر هاوڕێی بۆق و سەرە مێکوتەن.

بەڵێ ئەی خەڵکینە ئەوسا وام ئەزانی.... .

ئەویش تەشبیهی کردم بە هاوڕێی بۆق و سەرە مێکوتە، بەڵام من بلێم چی کە ئێوە خۆتان بە فیعلی ئەم رایەتان سەلماند، ئەویش رۆیشت و کێ ئەزانێ شەوانی ئەنگۆرەیی لەگەڵ چ مارێکدا تەواو دەکا

(لەبەر خۆیەوە بەدەم رۆیشتنەوە دێرە شیعرەکانی دەڵێتەوە.)

ئەمشەو ئەنووم شیعر ناڵێم

شیعر مۆمێکە پێ نابێ

من شاعیری چرایەک نیم، لەگەڵ فوا

پەنجەیان تێ هەڵکێشابێ.

من شاعیری وڵاتێ نیم،

سەدان شەو پۆلیسەکانی

جرت و تف و لیسەکانی





خواو ئاسمان و خۆشەویستی و شیعرەکانمیان راو نابێ،
خۆشم ناوێن، هۆ ئەوانەی خۆشم ویستوون،
ئێوە شەهوەت بە دەمارتانا دەگەڕێ.
خۆشم ناوێن،
خۆشەویستیتان سەگێکە پێم ئەوەڕێ.

## تاریکی

***ژەنەراڵ:*** *(بەرامبەر بە بینەران بەدەنگی بەرز دەڵێ)*
بەڵێ وەک وتم مەرج نییە ئەوەی دەیڵێین قەناعەتی هەموو ژیانمان بێ بەڵام پەنجەرەیەکیشە بۆ سەر هەموو ژیانمان. من بە دڕندەی دەریا ناسراوم با پێتان بڵێم، کەچی ئەمڕۆ پاش ئەوەی ملیۆنەها بێشکەم فڕێ داوەتەوە ناو ئاگرەوە نەترساوم و نە دەترسێم و دەڵێم هۆ هاوڕێکانم. گەر خۆشتان بوێم هەموو ئەو درەختانەش لە زیندان نێن کە بێشکەو رەوڕەوەیان لێدەکەوێتەوە. چونکە ئەمڕۆ لە هەر بێشکەیەکدا سەرکردەیەکی نووستوو دەبینم، دەی جا چییە خۆم ئەم حاڵەتە زۆر جێی بایەخ پێدان نییە، ئەی من دڕندەی دەریا نیم لەم بۆنەدا بە رۆڵەکانی گەلەکەم دەڵێم، تاعوون، رشانەوە، شەڕ، هەر دەبێ هەبن ئەگینا هەر هیچ نەبێ ئێوەی سەرباز وەک من نابن بە ژەنەراڵ (بەچرپە) بەینی خۆشمان بێ تا سنوورەکانی وڵات بچووک بکرێنەوە، سنوورەکانی گیرفان گەورەتر دەبن، ئەی چۆن؟ کەرێتییە سامانی جەنگ هەر بۆ جەنگ بێت، بۆ نموونە ئەم دوو جەنگاوەرە دەجەنگن، دەکوژن، دەگرن، دەبڕن بەس بۆ ئەوەی ببن بە ژەنراڵ، بەڵێ ئەم دوو جەنگاوەرە، کە رەنگیان لە لیرە جوانترە (بۆ دوای خۆی) وانییە خنجیلەکانم؟

***سەربازەکان:*** بەڵێ گەورەم ئەی چۆن وانییە؟





*(ژاوەژاو و قریشکە و دەنگەکان دروست دەبنەوە و ژەنەراڵ و جەنگاوەرەکان دێن بەیەکداو دەکەون و هەڵئەستنەوە.)*

***دەنگی1:*** ئێمە شەرمان کرد تا شەڕ نەهێڵین.

***دەنگی2:*** ئەمجارە وەحشیانەتر دەجەنگین.

***دەنگی 3:*** چەکەکان بێدەنگ کەن مناڵێک دەیەوێ بنوێ.

***دەنگی4:*** بژی ژەنەراڵ شۆ.. بژی وڵات.

***دەنگی 5:*** کاکە گیان 50 هەزار دینارم پێشەکی و 500 دینارم کرێی یەک مانگ.

***دەنگی 6:*** کوڕم بخەوە با شەولەبان نەتبا.

***دەنگی7:*** بەشەرتی چەقۆو وەرنەوە وەرنەوە، ماشەڵڵا دەڵێی لێوی فلان خانمە.

***دەنگی8***: خۆشەویستەکەم ڕێم بە بادەم و چاوم لە پرچەکانتا نقووم بکەم.

***دەنگی 9:*** گوڵاڵەی نزاری چاوکاڵ و بەهرەداری

چل شەوە جارێ ناتبینم، چۆن وا دەبێ دڵداری

## تاریکی

***راوی:*** ئەم لێو لە (تاریکی)دا گیرانە تاکەی و لە پای چی؟ ئێمە لێرەدا بانگەشەی ئەوە دەکەین کە لە زروفی نامەعقولدا هەموو شتێکی نامەعقول مەقولە، بەڵام نەک یەکجار بە ڕادەی پاڵەوانانی ئەم نمایشە هەرکەس بۆخۆی بدوێ، رۆژگارێکی سەیرە. خەڵکی هەموو شتێ بە ئەرک وەرگرن بەڵام *(سەیرێکی خێرای ئەملاوئەولای خۆی دەکا، وەک بێڵی لەوە بترسێ کەسێک گوێی لە قسەکانی بووبێ بۆ بینەران)* بەڵام گەلی برادەرینە، کاتی ئەوە هاتووە گورگ و مەڕ تێکەڵ کەینەوە وگیانلەبەرێکی نوێیان لێ دروست بکەین، بێ خوێن، بێ کەڵبە و بێ لیک و پەلامار دەی با لەخۆتان بپرسن کە دارستانێکیان گرتیبەردا، مارێک و پەپوولەیەک وەک یەک ناسووتێن؟

بێگومان دەی با ئاگاداربین ئەم دارستانی ژیانەمان ئێستا نا، ساتێکی تر گڕ ئەگرێ گەر نەهێڵین ئەمە رووبدات، خۆ ئەتوانین مادامەکێ ئەم مەرگی





مارو پەپوولە چارەنووسێکی حەتمییە، بابێین پێکەوە هەر هیچ نەبێ مەرگی مارەکان پێش بخەین.

*کۆرس:*

ئەگەر دەڵێی ئارەقم ئەکرێ بەدینار بۆچی
ئەگەر دەڵێی بۆ داهات و رەنج و ماندووبوونم ئەمساڵ
وەکو بنی ئەم کانیاوەی چاوم لێڵە،
دەبای دەوە.. . دەباای دەوە
گاسنی سەر پشتی خۆت بەو هیچ خاکێ نا
خۆت بکێڵە.

*راوی:* هەن دەڵێن تێبگە، تا پێبگەی، دەی گەر وابوو ئەو جوتیارانەی کە چوار وەرزی ساڵ بەدان و نینۆک ئەڕنن و عەماریان لەهی ئاغاکانیان پڕتر بێ، کەچی تێگەیشتن ئەمان لە خزمەتی پێگەیشتنی ئەواندایە و هیچی تر.

*کۆرس:*

ئای کام هەڵۆ بوو فڕی و لەوێوە داهاتەوە خوار
خۆی دا بە سنگی تاشەبەردێکدا و بوو بەچنگێ خوێن
کاتێ کە ویستیان ئەویش یەکێ بێ لەو هەڵۆیانەی
لە نێو چاوانی بێرییێک ئەدرێن.
ئای کام درەخت بوو لەنیوەشەودا زەمین قوتی دا.
کاتێ کە ویستیان بۆ شاری بێنن،
بیکەن بە چرپای زەردی شاهانە و
ژنی سوڵتانی تیا بخەوێنن.

*(قریشکەکان دروست ئەبنەوە و کۆرس ئەبن بە کەوالیس و چراکان دەکەن بە بینەران و چاراکان لەپشت خۆیانەوە دایانئەنێن).*

## تاریکی





***شوێن:*** شەقامی گشتی شارە، خەڵک لە هاتووچۆ قسەکردن، مەشخەڵەتێکی زۆردان، لەسوچێکی، شوێنێکەوە شێتەکە لەبەر خۆیەوە ورتەی دێ.)

***شێت:*** حەوت، سیانزە، مەشکەو خۆڵ، خۆڵ و مەشکە، نەخێر ناخۆش نییە، بۆ ناخۆش نەبوو، حەوت سیانزە ئەم شێتە شێت بوونەکەی لە زیادبووندایە هەندێ حاڵەتی نوێی تێدا دروست بووە، بۆ نموونە هەر کەس جولەیەکی بەرامبەر بکات ئەمیش وەک ئەو لەو خێراتر دوبارەی دەکاتەوە، یەکسەر بە دوایدا دەڵێ (رد فعل) دەست بۆ ناوچاوی بەریت ئەویش هەمان دەستوور دەکات و دەڵێ (رد فعل). هەر لەو شوێنە دوولاوی بازاڕی خەریکی کات بەسەربردنن لەگەڵ شێتەکەدا پێ دەکەنن لەم کاتەدا ژەنەراڵ و دوو سێ سەربازەکەی تر پەیدا دەبن وەک رێبوارانی تر خەریکی رۆیشتنن وەک بڵێی لەشتێکی گرنگ بدوێن سەرقاڵی قسە و جارجار ئەوەستن دەکەونە قسە و رۆیشتن و شێتەکەش ئیتر حەوسەڵەی پێ رابورادنیلاوەکانی نەماوە، بە دوای ئەواندا واتە ژەنەراڵ و سەربازەکان دەیەوێت بڕوات نزیکەی نیومەترێک لە پشتی ئەوانەوە دەکەوێتە هەنگاونان جارجارەش خەڵکی شار نە ژەنەراڵ دەبینین جۆرە ترسێک یان رێزێک نیشان دەدەن هەشیانە بۆی ئەنوشێتەوە لە پڕ یەکێ لە لاوەکان لە دواوە شەق لە شێتەکان هەڵئەدا و شێتەکەش وەک خۆی هەڵئەدا و یەکسەر بەدوایشدا چاودەبڕێتە چاوی ژەنەراڵ کە لەو کاتەدا وەرگەڕاوەتەوە لە شێتەکەو سەیری چاوی دەکا و.. . ردفعل.. ردفعل ژەنەراڵ لەم کاتەدا دەمارگیری دەبێ و بە لێدان دەکەوێتە وێزەی شێتەکە، شێتەکەش وەک خۆی ئەوەی جەنەراڵ دەیکات دەیکاتەوە دەڵێ (رد فعل) بۆیە ژەنەراڵ ئەوە بەسووکایەتی لێکردنی خۆی دەزانێ بەڵام پێش ئەوەی فرمان بدات یەکێ لەو دوو سەربازەی هاوڕێی دەست دەبات بۆ دەمانچەکەی و گوللەیەک دەنێ بە شێتەکەوە، شێتەکەش دەکەوێ وەک بڵێی گوللەیەک لە رانی درابێ دەیەوێ هەستێ و ناتوانێ دەکەوێتە تەپاوتل لەشێوەی سست بوونێکی خێرادا زوو زوو دەڵێ ئاخ.. سیانزە، حەوت، ئاخ سیانزدە، حەوت لە دوایدا هەردوو ئەفسەرەکە شێتەکە وەک لێفەی تەڕ بە دوای خۆیاندا رادەکێشن، ژەنەراڵ هەر توڕەیە و دوولاوەکەش وەک گوللە بۆی دەردەچن بەدەم رۆیشتنەوە قسە دەکەن





و پێ دەکەنن بێ گومان تا ئەوکاتە وەزعی شوێنە گشتییەکە تەواو تێک دەچێ ژمارەیەک سەرباز و پۆلیسی تر دێن و دەکەوێنە گرتن و لێدانی و تەقەکردن لە خەڵکەکە.

## تاریکی

***راوی:*** خۆ بەچاوی خۆتان دیتان (بۆ بینەران) ئای ژیان چ شاشەیەکی دۆزن دەرچووە، ببوورن بەڕێزینە هێڵنجم دێ لە راستیدا من ئا من بەزەییم بە ئێوەدا دێتەوە، ئەرێ تاکەی شوێنەکانتان جێ ناهێڵن ئای کەی ئێوە *(بۆیەکێ بە دانیشتووان)* تۆ هێی کوڕی باش، تۆ خانمی بەڕێز.. ئای دەکرێ ئێوە لەم دنیا جەنجاڵ و بێ پەردەیەدا هەر زیتەی چاوتان بێت؟ ئەه ە.. رەنگە ئێستا ئێوەش نابوورن ئا. قەیناکا دەڵێم رەنگە ئێستا ئێوە بەتایبەت لە داڵغەی ئەوەدان کە چۆن ببن بە جەنەراڵ، نەخێر ئەم وەزعە ئاسایی نییە و دەبێ بجوڵێن دەبێ بدوێن تا بزانم چی لەو ئەشکەوتە تاریکەی مێشکانتاندایە، گوڵ یان ئاگر.. دێو یا پەری بەڕێزینە تکایە تکایە لێم مەگرن رۆژگارێکە خەڵک لەبیرکردنەوە و بینین و بیستنی خەڵک دەترسن ها؟ ناتوانم دوای نەخەین تکایە کاکی دەرهێنەر با ئیتر بەس بێت هەست بو بوونی بۆمبێکی تەوقیتکراو دەکەم لە گیانی شێ هەڵاتوی ئەم بینەرانەدا ئەوەتا خەریکە ئا بەڵێ.. . ئا.. ئا لە راستیدا من دەترسم (لەو کاتەدا شاعیر دەیەوێ لەبەردەم راوی و بینەراندا تێپەڕێ، بەڵام راوی زوو پێشی ئەگەرێ تکایە لە جێی خۆت بوەستە.

***شاعیر:*** بە بێزارییەوە، ها.. من.. من ناتناسم
***راوی:*** ئەمەیان باسێکی ترە، گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە من تۆ ئەناسم.
***شاعیر:*** من! من کەس نامناسێ.





***راوی:*** بەڵێ بە تەواوی وەک سیخوڕەکان هەر هێندە ئەوان وا تێدەگەن کە کەس نایانناسێ ئێوەی شاعیر و گەورە و رووناکبیرانیش وا نیشان دەدەن کەس ناتاناسێ (دەی بۆ ئەمانە چۆن؟

***شاعیر:*** یانی ئێستا تۆ (بە فیزیکەوە دەست دێنی بەسینگتدا) تۆ ئەمناسی؟
***راوی:*** بەڵێ.
***شاعیر:*** دەی جا چییە وا ناسیشمت پێم بڵێ چیت دەوێ.
***راوی:*** دەمەوێت وابکەین کە گومان بکەم ئەتناسم یان نا (بە پاڕانەوە) تکایە گەورەم لێت دەپاڕێمەوە، کار بەمەش تەواو نابێ لێت دەپاڕێمەوە ئەگەر خستووتمەوە درزی چاوتەوە.. . لێرە دوورم خەرەوە، ئاە شەکەت بووم تکایە بەزەیی، قاچەکانم بوون بە پشتی کیسەڵ هێندە بە دواتدا گەڕام.

***شاعیر:*** ئەوەی ئەیڵێی وەک شمشێر بازی وایە لەگەڵ ئاودا ئەی دەبەنگ بە ئیزرائیل بڵێ رزگارت کا تا ئێستاش کێ کێی رزگار کردووە؟
***راوی:*** نە گەورەم هیچ نەبێ تۆ درۆکانت لە هی خەڵک جوانترن درۆیەک تەنیا یەک درۆ با شانۆکە دابخەین.

***شاعیر:*** پێم ناڵێی چ سندانێکە
***راوی:*** پەنجە بۆ بینەران رادەکێشێ و بە چرپە ئەم حەشاماتە دەبینی؟
***شاعیر:*** (بەلاموبالاتێکەوە) یەعنی..

***راوی:*** گەورەم تکایە دەستت.. قاچت زمانت ماچ دەکەم ئەوان.
***شاعیر:*** ئەوان چین

***راوی:*** سەرت.. داوای سەرت دەکەن
***شاعیر:*** ئاسانە، بەڵام من ئەمرۆکە هاتوومەتەدەر سەرم لە ماڵەوە لەسەر سەرینەکە جێ هێشتووە، تکایە ئەم داوایە دواخە.

***راوی:*** دە کەواتە درۆیەکی جوان، گەورەم تەنیا یەک درۆ بڕۆ..





***شاعیر:*** (روو وەرئەگێڕێ لەبەر خۆیەوە) ئاخر من ئەم گامێشە چۆن تێبگەیەنم ئەو نازانێ من گەڕانەوە بۆئەساڵەت مەستی کردووم، ئەمە نازانێ ئێستا من کچی ناو دارستانم لە کچی سەماگەیەک پێ جوانترە.

ئاخ.. خ.. خ.. حەزم دەکرد بتوانم لەگەڵ بەلغەمێکدا فڕێ بدەم و نەجاتم بێ ئەمە چ پەتایەکە.

***راوی:*** وتت چی؟

***شاعیر:*** هیچ دەڵێم سبەینێش وەک من بوو (بەخۆ راژەندنەوە)

ئای چەند بەرزە بەڵێ (بە قاقاوە) بەرزە بەرزە

(چەپڵە لێ ئەداو قاچ بەزەویدا ئەدا)

ئەگەر تاڵێک لەو قژی ئەیپەرستم

بەرلێوم دەکەوت

فوراتم، ئەکردە گۆرانییەک

مناڵیەتی هەمو دنیای هەڵگرتبێ.

***راوی:*** دەڵێی چی ئێمە سەیرین

***شاعیر:*** تازە ئەزانی (قاقا پێدەکەنێ و پێکەنینێکی ناقۆڵا و بەدەم پێکەنینەوە لەسەر شانۆ چۆڵ دەکا و ئەویش وەک میلی سەعات ملی بەدوایدا ئەگێڕێ.

***راوی:*** گەورەم مەڕۆ تەنیا درۆیەکی جوان (روو دەکاتە بینەران) دەنگی قریشکەکان دروست دەبێتەوە، راوی توند سەری ئەگوشێ، دەنگەکان ترسناک و بێزارکەرن.

***دەنگی1:*** ئێمە کە کرمیش بین خەونەکانمان.. هیواکانمان خەون و هیوای کرم نین.

***دەنگی 2:*** ئەزانن ئەو پیاوە دوو ورگانە کە لەناو خۆیاندا کۆ دەبنەوە چی دەڵێن؟

***دەنگی 3 و 4:*** چی. چی.. چی؟

***دەنگی 5:*** یەک سەربڕە و لە ماڵی دوو بیخۆ و پشان سێ خۆی ئەمانەت بۆ دەکا.

***دەنگی 6:*** بۆ دەکا.. بۆ دەکا.. بۆ دەکا.

***دەنگی 7:*** ئەوەندە و بەس؟

***دەنگی3 و4و6:*** ئەی چیتر ئەی چیتر ئەی چیتر.

***هەموو پێکەوە:*** پێ دەکەنین و پێ ناکەنین پێ ناکەنین.. پێ.. پێ.. . کەنین.

***دەنگی 3و4:*** نەخێر پێناکەنین و بڕیایەوە.

***دەنگی7:*** ئەی بۆناڵێن گەر وا بڕوا کاک دینار و دینارخانیش ئەبیستنەوە.

***دەنگی8:*** بۆنا؟ یەک بسم الله بەسە بۆ خوێندنی ئایەتێ.

***دەنگی1:*** بەردەوام بن، کۆڵ مەدەن لە دنیادا مەحاڵ نییە و لەپشتی هەر (نە)یەکەوە (ئا)یەک هەیە.

***دەنگی2:*** مێشکم تەقی.. مێشکم کوڕە مێشکم.

***دنگی3:*** با پیاوان بێنە سەر شەقامەکان جیهان لەمەترسیدایە.

***دەنگی 4:*** مەترسیدایە.. مەترسیدایە.. مەترسیدایە.

***دەنگی 5:*** های کوتاڵ.. های بەرگی سپی بازەیەکی فێنک و لوس.

***دەنگی 6:*** مێژوو بە ئەو چی کە لەودیو دەرگاکەوەیە.

***دەنگی 7:*** ئینگا.. ئینگا.. . ئینگا (دەنگی گریانی مناڵە)

***دەنگی 8:*** پێویستە راستەکان راستترو چەوتەکان نیشان بکەین.

***دەنگی 1و2:*** خەنجەر لەکوێ بێ دەوێ سنووری مەحاڵە..

***دەنگی 5:*** ژیان چییە؟

***هەمووان پێکەوە:*** قریشکەیەکی ئەبەدیە
قریشکە.. . قریشکە.. قریشکە.. قریشکە..

## تاریکی

تەموزی: 199





# یاداشت..

بێ گومان، ئەبوایە وا درەنگ نەکەوتمایەو تا ئێستا بەپێی زەرورەتی نووسەرێتیم، چەند بەرگێکم لەم یاداشتنامەیە هەبوایە. کە هەر یەکەیان ئەبوونە ئاوێنەیەکی راستگۆی ژیانم و لەم کەلێنە باشتر بوو، کە مێشکی داگیرکردووم (فقدان ذاكرة). بەڵام گەر لواو پێویست بوو، تا بتوانم لەڕێی یاد و بیرەوەرییەوە درێغی ناکەم. هەڵبەتە نەبوونی ئەو شتە باشەش لە کەمتەرخەمیمەوە نییە، بەڵکو لەم عێراقی ملیۆن کەوتن و هەستانەوەیەدا، بەتایبەت لە رۆژانی بەعسدا، هەموو شتێ قەدەغە بوو. کێ ئەیتوانی بیرەوەرییەکانی بە ئاشکرا خۆشبوێ و بیانخاتە سەر کاغەز؟ هەمیشە سانسۆر لەسەر جوڵەو بیرمان بووە. کەواتە تاوانەکە لەوێوەیە، بە هەرحاڵ هەوڵ ئەدەم لەمەودوا وانەبێ.

سوپاس بۆ ڕۆڵەو ئەندامانی گەلەکەم، کە ئێستا ئەتوانم ئازادتربم و بێ ترس خاوەنی یاداشتنامەش بم.

سوپاس و سوپاس

ئۆکتۆبەری 1992

ئەبوبەکر عەلی





(1)

ئەمشەو لەماڵەوە تەنیام و لەگەڵ یەکێک لە گۆرانییەکانی (حەسەنی دەرزی)دا دەژیم، ئەو گۆرانییەی، کە شەوێکی وەک ئەمشەوم لە کوردستانی ئێران لە سەردەشت – نەلاس؟ لەگەڵ تەواو کردووەو لەگەڵیدا هەست بە حەوانەوەی ڕۆحم دەکەم. دەمگێڕێتەوە دواوە، بۆ ئەو جێیەی کە تیایدا میوانێکی عاشق بووم. بەڵام هەڵبەتە ئەم حاڵەتەش جێی جێهێشتنە، چونکە من بەرلەوەی هەرچییەک بم مرۆڤم و.. کە بۆ ساتێکیش ناتوانم بە تەواوی خۆم جێبهێڵم. خشپەیەک، چرپەیەک بەسە بۆ دابڕانم لەو عەرشەی جارجار خەیاڵ و بیرەوەری دەمدەنێ، بەتایبەت کە لەم ڕۆژگارەو لەم شارەدا هەموو دەنگێک خۆش و هێمن نییە. پەستی شتێکە، لەگەڵ گەورەبوونما، گەورە بووە.

ئەم تەنیاییەم پێ ناخۆش نییە، من هەمیشە وابووم، لە تەنیاییدا هەست بە قەرەباڵغی دەکەم. بۆیە زۆرجاریش بە دۆستەکەمم وتووە (تەنیاییتم خۆشدەوێ)، ئەویش وایە، ئەویش لە خەڵک زیاتر خۆی دەدوێنێ. چی لە خەڵک بکەم؟ کە هیچیان پێ نییە بۆ من، بەشی هەموو پارچەیەکم دەدەن دڵم نەبێ. ئەوەتا لەم وڵاتەو لە هەندەرانیش مرۆڤ پیسن، زۆردارن. بەناوی مرۆڤایەتییەوە ئیهانەی مرۆڤ دەکرێت، بریا لە بەردێک بکەوتمایەوە و مرۆڤ نەبوومایە. کوا ئەو دەستە بەهەشتییەی دەمگەیەنێتە مانا ڕاستەقینەکانی ئینسانییەت؟!

ئاخ لە خەڵکی ئەم وڵاتە.. وا بڕوا تەواوم ئەکەن. خەڵکانێک هەن لە ڕەوە بەرازێکی دوو پێ بەدەرنین. بەهەرحاڵ خۆشحاڵم، کە دەنگی کاکە حەسەن و بیرەوەرییەکانی (نەلاس) هەر هیچ نەبێ، لە پەستیم دەبەن و دەمبەن.

1992/10/20





(2)

ئەمڕۆ بۆ فرۆشتنی ئەو تەلەڤزیۆنەم، کە لە یەکێ لە دوکانەکانی هەراجخانە دامنابوو، تا بۆم بفرۆشێ، لەماڵ چوومە دەرەوە. بەر لە گەیشتنم بە شوێنی دیاریکراو، بە دووری چەند مەترێک لە گازینۆی (شەعب)ەوە، چاوم کەوت بە دەرۆزەکەرێک، کە زۆرجاری ترو لە زۆر جێگەی تردا کەوتبووە بەرچاوم. ئافرەتێکی نزیک 40 ساڵ، لاواز و رەنگ زەرد، ئەم ئافرەتە هەمیشە جێی سەرنج و ڕوانینم بووە، بەتەواوی داگیری کردووم، بەتایبەت کە لەو سیما زەردەیا، دایکایەتی دەبینم. دوو چاو، کە هەندێ جار رەشیان دەکا، دوو چاو، کە هێندە ئەتوانم بڵێم: جوان بن یان ناشرین، رەش بن، یان شین، پاک بن، یان پیس، هەرچییەک بن، من خۆم دوو دارستانی سووتاویان تیا دەبینم. زەحمەت و ماندوویی خاوەنەکانیان نیشان دەدەن، پڕن لە شەرمی سواڵکردن. ئەو چاوانە هەموو شتێک دەڵێن، سێبەرو خەو و پێکەنین نەبێ. لەم وڵاتەدا و بە تایبەت لەکاتی ئەم جەنگ و هەرەسی ئابوورییەدا، شەقامەکان بوونەتە خێمەی هەزارەها رواڵەتی ئاوها، لەکاتێکدا کە پلەکانی شۆڕش و جەنگ زۆر کەسی کەم عەقڵ و ویژدان ڕزیویان گەیاندۆتە کۆشک و ئەپارتمانەکان. بەهەرحاڵ بەرچاوکەوتنی ئەمجارەیان جیاواز بوو، زۆر بە ماناتر لە جاران سەیری کردم. کە گەیشتیشمە بەردەمی، **وەک دەنگێ کە شاخێکمان لەنێواندا بێ، ئاوا.. نزم.. وەک هانایەک لە کورەکانی دۆزەخەوە، ئەو دۆزەخەی، کە ئێمەی ئینسان لە ئاسمانەوە هێناومانەتە سەر زەوی،** ڕووی تێکردم و وتی: (*توو خوا فریام کەون، لە رێی خوا.. بۆ خوا..*).

ئای لەو دەنگە بەئازارە، دەنگێ پڕ بە قوڕگ و زمانی هەر هەموو بەشەڕیەت، ویژدان شایەتمە، کە حەزم دەکرد لەو ساتەدا پارچەیەکی خۆمم لەبارمتەی تێرکردنیا دابنایەو منیش و ئەویش رزگارمان بێ، بەڵام هەڵبەتە منیش لەناو ئەو مرۆڤە بەردینانەیا لەو باشتر نەبووم، بۆیە تەنها ئەوەندەم پێ کرا، کە 750 فلسی بدەمێ. ئەوەبوو ڕۆیشتم و دوای ئەوەی کە پیاوێکیش لەو نزیکانە بوو، هاتبووە لامان، وتی: دەک خوا بێ وەییت بکا.

منیش ڕۆیشتم و هێشتا چەند مەترێک لێوەی دوور بووم، کە زمانەکانی ناوەوەم، ویژدان و پیاوەتیم، دەیانگووت: هێشتا کەمە بگەڕێرەوەو 2 دیناری تری بدەرێ. بەڵام هیوایەک کە هیوای فرۆشتنی تەلەڤزیۆنەکەم بوو نەیهێشت بگەڕێمەوە، کە بەخێر فرۆشراوەو لەوسەرەوە کە گەڕامەوە پارەیەکی باشی بدەمێ، بەڵام کە گەیشتمە جێ، تەلەڤزیۆن نەفرۆشرابوو. کەس لە 800 دینار زیاتری نەدەدامێ، لەکاتێکدا کە خۆم 1100 دینارم پێداوەو هەڵیان خەڵەتاندووم. ئیتر بەتێکشکاوی هەراجخانەکەم جێهێشت و بە هەمان ڕێ دا، گەڕامەوە، بەڵام ئەفسوس کە ئەو بەڕێزە (دەرۆزەکەرەکە) لە جێی خۆی نەمابوو، تا هەر هیچ نەبێ ئەو 2 دینارەی بدەمێ. ئەشێ ئەویش بۆ پەیداکردنی چەند پارچە دراوێک چووبێتە سەر ڕێیەکی تر. ئێستا لەکاتی نووسینی ئەم دێڕانەشدا دڵم لایەتی و خۆزگە و خۆزگە، گەر ئەمجارە بینیمەوە ئەوەندەم پێ بێ، کە دڵخۆشی بکەم.

1992/10/26





(3)

وەک هەموو سەر لە ئێوارەیەکی تر، خۆم و برایەک و خوشکێک و خوشکەزایەک لە ماڵەوەین.

لە ژووەوە، ئێوارانی ئەم شارە هەراسانی کردووم. ساڵانێکە، لە ئێواراندا هەست بە تەنیایی و خەم و دابڕان دەکەم. بە تایبەت لە ئێواراندا، کە ژوورێک، واتا ماڵەوە.. دوا وێستگەی هەموو ڕۆژێکمە. چ ژوورێک، کە زیاتر لە کۆنە گۆڕێک دەچێ نەک ژوور، هەرچی پێی بڵێن: ڕەنگ تیایدا نییە، ئەو ڕەنگانە نەبن، کە مەرگ و توانەوە دەگەیەنن.. ڕەش، بۆر، زەرد.. . هتد.

لە ئێوارانا، تەواو تەواو، هەست بە پڕبوون دەکەم، پڕبوون لە دەرد و دادو مرۆڤی بەردین. ئەوەتا ڕۆژ نییە، دەمەقاڵەو بێ مانایی و لێکترازانی هاوڕێیەتی و چی و چی، پەست و نائارامم نەکەن. لەم ڕۆژانەدا مرۆڤ ئەوەندە لەگەڵ ورگ و ژمارەدا ژیاون، زۆربەیان کە قسە دەکەن، دەڵێیدەڕشێنەوە. بەجۆرێک لە مرۆڤ و دەوروبەر بێزارم، کاتێ کە لە ماڵ دەردەچم و دەگەمە ناویان، بە ڕادەیەک سست و کەم زەوق دەبم، دەڵێی کەپکە شاخێکیان بە ملمدا کردووە. کار گەیوە بەڕادەیەک، لە چاوو دەمی زۆر مرۆڤدا، تەرم و خوین و گوللەو پەلامار نەبێ، هیچی تر نابینی. تەنانەت ئەو خانمەش کە جاران هەستم بە جۆرە سۆزو تێکەڵییەک دەکرد بەرامبەری و، وای بۆچووبووم، کە جارجار دوو دەستی سپی لەچاوەکانییەوە دەهاتنە دەرێ و بانگیان دەکردم. ئێستا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مرۆڤێکی ئاسایی تێدا نابینم. کوشتن و دەست درێژیکردنە سەر ئابڕوو ماڵ و کەرامەت و ژیانی زۆر کەس، بەجۆرێک لەزیاد بووندایە، کە بەڕاستی تەحەمول ناکرێ. نازانم ئەم خەڵکە بۆ بەو ڕادەیە سەخیف و بەرەڵان؟! کوشتن بە واتا کەوتنی لاشەیەک، پڕ لە خەون و گەورەیی و هانا، هەر دەستڕێژەو کەوتنی کەسانێک. بەلای منەوە کەوتنی ئینسانێک، بەقەد بەربوونەوەی ئەستێرەیەک سەیرو سەرنجڕاکێشە. تەنانەت هەر ئەم هەستەش بوو وای لێکردم بەوپەڕی پەستی و بێ ئارامییەوە بڵێم: با





شەقامەکان بەگوڵ سوور بکەین نەک بە خوێن. کەچی کەس نەیبیست و هیچم نەکرد.

من لەگەڵ ئەوەشدا، کە باوەڕناکەم کەسێکی ئاسایی و خراپیش بم، کەچی زۆر جارو لەلایەن زۆر کەسەوە تەهدید کراوم، کە گوناهباریش نیم بەو ڕادەیەی ئەو نا ئینسانانە تێیگەیشتوون. ئێمە بەر لە ڕاپەڕین کەسانێک بووین، بەو پێیەی تەمسیلی بەرژەوەندییەکانی بەعس و گەراکانیمان نەدەکرد، زۆر جارو بە زۆر ڕێگا ئیهانە دەکراین. هەڵوێستمان، هیچ لە هەڵوێستی گەورەکانمان، ئەوانەی ژان و برینیان گەیاندبووە شاخ (پێشمەرگە) کەمتر نەبووە، و ئەمەش ئەوەی لا دروستکردبووین، کە ڕاپەڕین.. وامان ئەزانی براو ڕۆڵەکانمان هەر کە گەیشتنە شار، بەجۆرێک ئەگەڕێنەوە، سەرو ڕێزو گوڵمان دەدەنێ، کەجێی خۆشحاڵی و لەخۆڕازیبوونی تەواومان بێ. کەچی بەداخەوە، کە هێشتا ئێمەی نووسەران، وەک هەر کەسێکی بچووک لەم وڵاتەدا کەوتووینەتە بەرپێ و وا بڕوا، تف لە تەنها چرکەیەکیش دەکەین، کە لەگەڵ کوردو ئینسانی کوردا تەواومان کردبێ.

نەفرەت.. نەفرەت لەو وڵات و ئاڵایەینووسەران ژیان و کەرامەتیان تیا نابینن. نەفرەت لەو دەستوورو یاسایەی لە برسێتی و سواڵ ناکۆڵنەوە. دەنا.. خۆزگە بەیاسای دارستان، بەسەگ و بەراز، بە بەرد، بە گەواد.

1992/11/3

(4)

ئەمشەو لەگەڵ ئەندامانی خێزان، لەماڵەوە دانیشتووین. دایکم پاش ئەوەی چەند ڕۆژێکە لە ماڵ نەبووەو چووبووە ماڵی پوورم، ئێستا هاتۆتەوەو جۆرە خۆشی و دڵنیاییەکی داوەتەوە بە ماڵەوە. بێ گومان لە ژیانما زۆر کەسم خۆش ویستووە، بەڵام هەڵبەتە یەکەم باوەش ماناو ڕێزی خۆی هەیە. ڕاستە زۆر جار لەبەر هەر هۆیەک بێ پێکدا هەڵئەپرژێین، ئەمەش وا دەکا زۆر کات رق و خۆشەویستی لەیەک کاتدا بدەمێ. هەرچۆنێک بێ، ئەمە لە رێزو گەورەیی دایک کەم ناکاتەوە. ئێستا لە یادو بیرەوەری دوورترم. چونکە بە رای من، مرۆڤ پێویستە بایی ئەوەی راستەو سانسۆر لە دوێنێ ئەخاتە کار، خەریکی ئەو مێژووە بێ، کە ڕەنگە لە سبەینێدا بەرپرسیاری بکا. بەڵام هەندێ جار گەڕانەوە بۆ ئەو راڕەوە ئەدەبیانەی کە دوێنێیان تیا جێهێڵراوە، خراپ نییە.

ئەدەب زۆر لەوە گران و پڕ ئازارترە، کە هەندێ تێی گەیشتوون، بەتایبەت بۆ کەسێکی وەک من، کە لە ئەدەبەکەمدا ئەوەندەی قسە لەگەڵ هەست و سۆزدا دەکەم، بەشی عەقڵ نادەم. ئەمە زۆر جار وایکردووە، کە هەندێک کەس کورتبینانە بڕواننە بەرهەمەکانم. ئەوەتا ماوەیەک لەمەوبەر (ئاوات مەحمود)کە یەکێک لە هاوڕێیانمەو خۆیشی بە ئەدەب و بەتایبەت بواری شیعرو رەخنەوە خەریک کردووە، پاش ئەوەی پێی وتم: کە بەنیازە شتێک لەسەر شیعرەکانم بڵێ. لەدانیشتنیکدا پێی وتم: "خۆت ئامادەبکە توانیومە زۆر کەلێنی عەقڵیی ناو شیعرەکانت دەستنیشان بکەم، کە رەنگە تا ئێستا ئەو جمهورە گێلە درکیان پێ نەکردبێ".

منیش وتم: زۆر چاکە، گەر وایە نموونەیەکم بدەرێ.

لە وەڵامدا وتی: "تۆ شاعیرێکی کۆنەپەرستی و نەهی لەو دیاردە شارستانیانە دەکەیت، کە شارستانییەتی جیهان سەپاندوویەتی بەسەرماندا، وەک سالۆن و چی و چی". راستە لەجێی خۆیدا، لە بزەیەک زیاتر هیچ شتێکم نەکرد، بەڵام هەڵبەتە لەگەڵ راکەیدا نەبووم. نازانم ئەم خەڵکە بە چ ڕوویەکەوە دەستکاری ژیان و هەستی خەڵک دەکەن؟! دیارە (ئاوات) نەی





ئەزانی کە من کچی ناو دارستانێکم پێ لە کچی ناو سالۆنێک جوانترە. لە کاتێکدا، وابزانم سالۆن ناشبێت بە یەکێ لەو دیاردە شارستانیانەی کە ئەو وای پێدەڵێت. خۆ ئەگەر باس لە شارستانییەتیش بێ، چی لە شارستانییەتێک بکەم، کە قەرەباڵغی و ژاوەژاو، و هاڕەو گرمەی ئەو هەموو ئامێرو کارگانە نەهێڵن چێژ لە جریوەی باڵدارێک وەربگرم؟! جاران کە منداڵ بووم و ژیان وەک ئێستا ماندووی نەکردبووم، هەر هیچ نەبووایە یەکێک لە چیرۆکەکانی دایکم، ئەیکردمە پاڵەوان. بەڵام ئێستا تێدەگەم کە رۆژگاری پاڵەوان بەسەرچووەو جیهانیش بەو زل و زەبەلاحییە، لە مەترسیدایە!

ڕەخنەگرەکان، ناتوانن لەگەڵ زمانەکانی ناوەوەمدا، تەبابن. زۆرجار ڕێکەوتووە لە ئەسڵی گەڵایەک، کلوە بەفرێک بکۆڵمەوەو زۆرجاریش شنەبایەک ئەمبا. من تا ئێستەش بەچاوی منالێکەوە لە وجود دەڕوانم. چی هەیە لە رووبار دەربەدەرتر؟ ئەمە پرسیارێکی خنجیلەیە، بەڵام پرسیارێکە ناتوانم ڕێزی نەگرم. ئا ئەمەیە نەگبەتی شاعیر، ئەوەتا بەفر، کە هاوڕێی منالیمە، هێشتا حەز بەوە دەکەم، کە لە پشتی پەنجەرەوە سەرنجی بدەم، میوانداری بەفریشم زۆر کردووە، رەنگە تا سالانێکی زۆری تریش هەر وابم. ئەوەتا لە یەکێ لەو شیعرانەمدا کە کاتی خۆی وابزانم ساڵی 1989 بۆ (کاروان عوسمان)ی جوانەمەرگم نووسی، تا ئاوازی بۆ دابنێت، لەم ماوەیەشدا زانیم کە (ئەحمەد رەزا)ی شاعیر، لێی دزیوم و لە گۆڤاری (پشتگیری)دا بە هەندێ دەستکارییەوە بڵاویکردۆتەوە، لەو شیعرەدا دەڵێم:

"دە دەرگاکە ئاوەڵاکە
جۆگەیەکی سرک و ماندووم.
خۆشم ئەوێی نارۆمەوە،
لەگەڵ بەفر و شەوا هاتووم..
هاتووم، لە ناو لەپتا بنووم!"

کەچی ئەحمەد رەزا لە لاپەڕە 17ی ژمارە 2ی ساڵی 1992ی گۆڤاری (پشتگیری)دا دەنووسێت:

"ئەو دەرگایە مەترازێنە
منیش لێرەم،
لەگەڵ بەفرا بە میوانی هاتوومەوە!"

بەهەرحاڵ من لێرەدا باسم لەمە نییە و مەبەستم لە ناکامڵیی لاوە رۆشنبیرەکانمانە، کە گەر وابڕوا، ئەدەبەکەمان ئەتک ئەکەن.

1992/11/4





(5)

کاتژمێر 12ی نیوەڕۆیە، نوعمان و ئەو دوو هاوڕێیەی کە (عوسمان و کازم)ن، لێرە بوون و ڕۆیشتن.

ئێستاو لەکاتی نووسینی ئەم چەند دێڕەدا، خاوەنی یەک دینار نیم. لە کاتێکا، کە هەژاری و برسییەتی تەواو بێزاریان کردووم. ئاخر خێزانێکی پێنج کەسی چۆن و بەچی بەڕێوەدەبرێ؟ بەتایبەت بۆ کەسێکی وەک من، هەڵبەتە من نەک هەر ئێستا، بەڵکو بە درێژایی ژیانم هەر وابووم.

هەرگیز خاوەنی لەوە زیاتر نەبووم کە لە گیرفانمدابووە. لە ڕۆژانی بەعسدا، هەڵوێستی سیاسی و زۆرجاریش بەپێی ئیلتیزام نەکردنمەوە، بە خزمەتی سەربازییەوە، هەمیشە هەڵاتوو.. کەنارگیر بووم. هەر ئەمەش وایکردووە، کە نەتوانم کارێک بکەم و لەوێوە ژیانی خۆم بەشێوەیەکی سەردەمیانە دروست بکەم. ئەمە جگە لەوەی کە ژینگەش، لە تەمەڵی و خەونی ڕەنگاو ڕەنگ و سەراب، زیاتر هیچی تری نەداومەتێ. تا ئەم تەمەنە هیچ پیشەیەک فێر نەبووم، ئەمەش تاوانێکە بەپلەی یەکەم لە ئەستۆی ژینگەکەمدایە. من لە خێزانێکدا گەورە بووم، کە ئەندامانی هەر یەکەیان جیاواز بوون لەوی تریان، لە زۆر لایەنی عەقڵی و ئەزموونی و هەستییەوە. بەر لە من دوو برای گەورەتر جەمسەری ڕاستی و چەوتییەکان بوون، کە هیچیان ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیانتوانیوە بەپێی پێویستی ژیان و وجود، بڕواننە چ خۆیان و چ ماڵەوە. بۆ خۆیشم هەرگیز نەمتوانیوە سێبەر لەوانەوە بخەمە سەر ژیان و بەرژەوەندییەکانم، ئەوان بۆ خۆیشیان نەبوون. بۆیە ئەو سێ کەسەی ئێستا باسم کردن واتە نوعمان و هاوڕێکانی، هاتبوون تا قسە لەو کارە بکەین (حەماڵی) کە لە سنوور (ناوچەی چۆمان) بەنیازم بیکەم. ئەوەبوو گەیشتینە ئەوەی، کە ڕۆژانی یەک شەممە و دوو شەممە بێن بە دواماو بمبەنە سەر کارەکەم. گەر بەخت یار بێ، ڕەنگە لەوێوە بگەمە هەندێک لە خەونەکانم. من لە ژیانما زۆر خەونم هەبووە، بەڵام زۆربەیان بە مردوویی لەدایک بوون. چونکە دەمامکەکان





ڕۆژانە لە زۆر بوونان و بە قەولی هەندێکیش "لەم ڕۆژانەدا، خەڵک لە پشتەوە جوانترن. " چونکە کەس ناتوانێ لە مواجەهەی کەس دڵنیا بێ، بۆیە خەڵک حەز بەوە ناکەن، ڕووت لە کەسیان بێت، لە تەکلیف و خەرجکردن دەترسن. ئەمە بە تایبەت دەوڵەمەندە بێئابڕوو، و ناوگەڵ برسییەکان. خەونەکان زۆرن، بەقەد هەموو چرکەکان، هەموو تەمەن، بەڵام چی لەوە ناخۆشترە کە مرۆڤ بە تەنها پاڵەوانی ناو خەونەکانی خۆی بێ و هیچیتر؟!

زۆر شەو دوای ماڵ نووستنان، سۆپەرمانی سەر سەرینەکەمم، بەرنامەکانم زۆر جوان و ژیانبەخشن، بەڵام لەگەڵ سپێدەی هەر بەیانییەکدا، کەوتنێکی تر و جۆرێکیتر لە کبریاء داخێکیتر گیانمان دەتەنێ. غەریب نییە کە بڵێم، لەم جۆرە کاتانەدا ئەوەندە ڕەشبینم، کە لە هەموو شتێک نزیکتر لێمەوە ئەو گۆرانییەی داریوشە کە ئەڵێ:

"هەوای قەفەس کوشندە
دەریش پڕ لە دڕندە
بۆ کوێ بچێ باڵندە؟!"

هەر منیشم کە لەم کاتانەدا ئەڵێم:

"هیوا چییە و بەچی ئەچێ؟
بمتوانیایە دەنگ و گریانم لە کوکوختی دەسەندەوە
بەڵام نەمتوانیوەو ناشتوانم،
کەواتە بۆ بەهیوابم؟!"

چوارشەممە 1992/11/5





(6)

کاتژمێر 5ی سەر لە ئێوارەیە و لەماڵەوەم و کوێستانی خوشکم نزیکەی یەک مەتر لەولای منەوە دانیشتووەو خەریکی درومانە. دایکیشم لە هەیوان خەریکی ئاگرکردنەوەیە بە دارو تەختە. دوو رۆژە لایەک لە ژووری ئەو خانووەی تیایداین، رووخاوەو ماڵمان تەواو شێواوە. بێ گومان ئەم خانووە گڵەو نزیکەی سێ مانگ دەبێ خاوەنی خانووەکە ئاگاداری کردووین، کە بڕۆین، لەکاتێکدا کە ئێمە خۆشمان لەم خانووە بێزارین و خۆشمان نزیکەی 8 مانگە بۆ خانوو دەگەڕێین. نزیکەی 2 هەفتەیە خاوەن خانووەکەمئاگادارکردۆتەوە، کە هۆدەی دووەمی ئەم خانووە دارەکانی رزیون و دەڕووخێ، بەڵام ئەو دەیگووت: چاکی ناکەم، بۆ ناڕۆن؟ منیش هەرگیز نەموتووە ناڕۆم تەنانەت دوو جار هەر خۆیان خانوویان بۆ هەڵداین کە گوایە چۆڵن، چووین و بەنسیبمان نەبوون. چونکە وەک وتم ئێمە لەبەر دوو هۆ بێ ئەوەی ئەو بڵێ یان نا، مەبەستمانە بڕۆین، یەکەم، زۆری ئەندامانی خێزان وکەم جێگەیی ئەوان و دووەم، بێزاری ئێمەش لە خانووەکە. ئەمە جگە لەوەی کە من لەو کەسانەم، تا رێگەی ئاشتی هەبێ، بیر لە شتی تر ناکەمەوە. ئەوەبوو دوو رۆژ لەمەوبەر بە واتای شەوی 11 لەسەر 12ی ئەم مانگە، کات 2ی شەو کە باران دەباری لایەک لە خانووەکە رووخاو هەر باش بوو کەسێکی نەکوشتین. خاوەن ماڵەکەش وەک ئێمە لەگەڵ دەنگ و زرمەی داروپەردووی هۆدەکەدا، وەئاگا هاتن. بەڵام تەنانەت بە وشەیەکیش چییە بەسەری نەکردینەوە و گوێیان نەدایە ئەوەی کە ئێمە ئەو رووخانە چەند عاجزی کردووین، یاخود ئایا کەسمان زیانی جەستەییمان پێنەگەیشتووە؟ ئەوەبوو بۆ بەیانی دوا هیوا کە خانوویەک بوو، گوایە رەنگە چۆڵ بێ، نەهاتەدی و منیش ئەمجارە کاتێک یەکێک لە کوڕەکانی خاوەن ماڵەکە لەبەر دەرگا وەستابوو، پێم وت: "کاکە گیان وا دوا هیواش نەماو ئێستا وا خانووەکە لایەکی رووخاوەو بێ گومان لە سبەینێدا هەر هەمووی دەڕووخێ، چارێکمان بکەن. " وتی: من حەقم نییە بچۆ بە باوکم بڵێ. کە چوومە لای باوکی و پێم وت، وتی: چاکی ناکەم، کە

دڵنیاشبم دەڕوخێ و کێش ئەکوژێ با بیکوژێ، بۆ ناڕۆن؟! ئێستا من نەک لە ئەو نەک لە خۆم و کەس، لەم جیهانە کەرە دەپرسم بۆ کوێ بڕۆم؟ ماڵی چ گەوادێ دەمگرێتەخۆی؟! بەهەرحاڵ چوومە رێکخستن و لەگەڵ کاک عەبدوڵا قسەم کرد، ئەویش تەلەفۆنی بۆ بنکەی پۆلیسی ئیسکان کرد، کە وا هاوڕێیەکیان کێشەیەکی هەیەو دێتەلاتان، تکایە هاوکاریی بکەن. بەخێرایی گەیشتمە بنکەی پۆلیس، بەڵام پۆلیسی پاسەوان لەبەر دەرگا پێیوتم کە ئەفسەری ئێشکگر لێرە نییەو ئەو کێشەیەش لای ئێمە چارەسەر ناکرێ وخاوەن ماڵیش بۆی هەیە چاکی نەکا با بیشرِوخێ. کەواتە پۆلیسیش داڵدە نادا، بۆیە بە دڵشکاوی گەڕامەوە ماڵەوەو دایکم هێند قوڕو بەرد و دارو ئاوی دەردابوو، بە حاڵ نوزەی تیا مابوو. ئەوەبوو دوای نیوەرۆ چوومەوە رێکخستن (کۆمیتەی 3) و ئەمجارە کاک خالید و کاک عەلیم تێگەیاند، ئەوەبوو کاک عەلی نامەیەکی دامێ بۆ نەقیب ئازاد لە ئاسایش. بەڵام لەراستیدا نامەکەم نەگەیاندو نەشچوومە لای ناوبراو. چونکە وەک وتم من وام، حەزناکەم خاوەن ماڵەکەم لێ عاجز بێ. کە ئەمەش بێ گومان کەم هەڵوێستی من نیشان ئەدات، کە بۆ دەبێ ئەو کەسەی ژەهرم نیشان دەدا، من هەنگوینی بۆ راگرم! بەهەرحاڵ بڕیار وایە سبەینێ کات 12 ی نیوەڕۆ نوێنەرانی کۆمیتە بێنە ماڵەوەو لە کێشەکەم بکۆڵنەوەو یارمەتیشم بدەن، جا نازانم ئەنجام چی دەبێ؟

1992/11/13

(7)

ئەمڕۆ وەک لە یاداشتی 13 ی مانگدا، واتا دوێنێ شەو، ئاماژەم پێدابوو، چەند هاوڕێیەکی کۆمیتەی 3ی کەرتی خوێندکاران، هاتنە لام و لەکێشەکەمیان کۆڵییەوە. گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە من ئیش لەو ژوورە رووخاوە بکەم و گەر لواش، خانووم دەستکەوت بگوازمەوە. ئەمە جگە لەوەی نامەیەک و 300 دیناریشیان لە کۆمیتەوە بۆ هێنابووم. نامەکە خەمنامە و پارەکەش یارمەتی بوو، بۆ کڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ چاککردنی ژوورەکە. منیش پێشنیارێکم دانێ، کە تیایدا داوای پسولەیەکی یاساییم کردبوو، بۆ تەواوکردنی پرۆژەی ئەو کتێبەی بەنیازم کە بەناونیشانی (لەگەڵ قارەماناندا)یە. بێ گومان ئەوەی لە رووخانی ماڵەکەم و هەڵوێست و زمانی خاوەن ماڵەکەش زیاتر هەراسانی کردووم، تەواوکردنی کتێبەکەیە. چونکە ئەم کارە پەڕینەوەی قارەمانە، لە پۆستەرەوە بۆ کتێب. ئەو قارەمانانەی ساڵەهایە تەمسیلی خاک و ئازادی و ئێمە دەکەن لە شاخ. جا ئەوانە کێ بن و سەر بە چ تاقمێک بن، گرنگ نییە و من ئەو لایەنەیان وەردەگرم کە گەلەکەم پێویستێتی. هەرچەندە بەقەولی رۆشنبیران، نەک ئەم کارەی من لەگەڵ بوارە ئەدەبییەکەمدا ناگونجێ، بەڵکو جمهورەکەم خراپ مەحکومم دەکەن لەسەری. چونکە ئەمەو ئەوە لەئارادان. بەڵام من بەشانازییەوە دەیکەم و گوێش نادەمە هیچ کەس. نازانم ئەم رۆشنبیرانە چ سندانێکیانە؟[15] ئەوان لە رۆژانی (رژێمی بەعس)دا گەر کەسێک لەسەر کوردی نەنووسیایە پێیان دەگووت: خۆپەرست و بێ هەڵوێست. ئێستاش گەر کەسێک بۆ کورد بنووسێ، بەتایبەت شۆڕشی کورد، هەر پێی دەڵێن خۆپەرست و بێ هەڵوێست. جا ئەمە ناوبنێین چی؟! لەکاتێکدا خۆیان هێندە

15. تێبینی/ بێگومان ئەو جۆرە رۆشنبیرە، لە رۆژانی رژێمدا، کە ئێمە بە هەڵهاتوویی (فرار) و بێ ئەوەی ئەندامانی نووسەرانیش بین، لە کۆڕەکانماندا شتی وامان دەگووت، کە ئەوان لەو جۆرە جێیەدا نەیاندەوێرا گوێگر و جمهوریش بن. جا نازانم ئەوانە چ جۆرێکن و چیان دەوێت؟! (بەکر عەلی)





خۆپەرست و بێ هەڵوێستن، دڵنیام گەر بۆیان بلوێ، رەنگ و سێبەر لە دارستانەکانیش دەسەنەوەو بە هەڵوێستی تێدەگەن. نازانم کام بێ هەڵوێستی، لە کوێی کارەکامدا دەبینن؟ ئێ باشە ئەوانە گەر ئێمەی ئەندامانی گەل لێیان نەدوێین، کێ ئەمەمان بۆ دەکا؟ داگیرکەر؟ رژێم؟ بۆیە من ئەیکەم و بەناوی گەلیشەوە مواجەهەیان ئەکەم. ئەنجامیش چی دەبێگرنگ نییە، با زۆر شتیش بدۆڕێنم، وەک ئەوان دەڵێن. سەبارەت بە کێشەی نێوان من و خاوەن ماڵەکەش نازانم لە سبەینێدا ئەنجام چی دەبێت.. چونکە ئەوەندەی من عەقڵیان گەڕاوم، لەوەناچێ ئەنجام باش بێ، ئەوانە کێوی و کەم هەستن!

1992/11/14





(8)

ئەمڕۆ چوومە لقی چوار، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی ڕاگەیاندنی پ.د.ک، کە بەنیازی ئامادەکردنی پەڕاوی (قارەمان). بۆ ئەم کارە چاوم بە کاک عەبدولوەهاب کەوت و بەڵێنی دامێ کە کارئاسانی تەواوم بۆ بکات و هەندێ کەسایەتی پێویست بۆ کارەکەم لە پارتەکەیدا تێبگەیەنێت.

پاشان چوومە بازاڕ و لەوێوە ویستم بچمە گەڕەکی پیرمەنسوور، بۆ دیدەنی دۆستە نوێیەکەم،

لە ڕێگا (کەریم)ی برادەرمم بینی و ئەویشم لەگەڵ خۆم برد. بێ گومان من وا ماوەی 3 – 4 مانگ دەبێ، بەڕێکەوت کچێکم لەو گەڕەکەدا بینی و شتێکی تێدا دروستکردووم، نایناسم و ناشزانم ناوی چییە، ئەوەندە نەبێ کە لە دوورەوە خۆشمدەوێ و گومانیشم نییە، کە ئەویش خۆشیدەوێم. ئەم خانمە زیاتر لە ئاسکێکی ترساو ئەچێ، نەک کچ. زۆر جوانە، سرک و فێڵباز دیارە. جا من لە ژیانما ئەو جۆرە ئافرەتەم پێ جوان و بەنرخە. بەڵێ.. بینیم و نیشانی کەریمی برادەریشمم دا. ماکسییەکی شینی لەبەردا بوو، بەردەرگای دەشۆرد. ماوەیەکیش لە دوکانەکەی ئەوبەریانەوە راوەستاین و دوو قاپ شێلممان خوارد، بەو مەبەستەی زیاتر یەکتر ببینین و دڵنیاشبم کە خۆشی دەوێم، یان نا. نازانم ئەم ئاسکە شارییە، ڕۆح سووکە، دەبێ بەو ئافرەتەی کە لە منداڵیمەوە لێی دەگەڕێم؟!

کێ چوزانێ، ڕەنگە هەر هیچ نەبێ، ببێ بە یەکێک لە شیعرە مەزنەکانم. بەڕاستی ئێستا خۆشمدەوێ و مەبەستیشمە ڕێزی بگرم. بەڵام بڵێی ئەوە دەرچێ کە مەبەستمە؟! خۆزگە وابوایە.

1992/11/22





(9)

## (ڕووداوێکی ناخۆش)

ئەمشەو ڕێکەوتی 1992/11/25 کات 5,45 سەر لە ئێوارە، لەبەرئەوەی کە ئەندامانی خێزان بەدرێژایی 3 ڕۆژە هاتووینەتە ئەم خانووە نوێیە" سەرما و دووکەڵ لێیانی ئەدا، کوێستانی خوشکم و دەریای خوشکەزام و دایکم، هەر سێکیان بوورانەوە. بەتایبەت حاڵی کوێستان و دەریا زۆر خراپ بوو. وا ڕێکەوتبوو، کە 10 دەقیقەیەک لەمەوبەر عوسمانی برام، بەخۆی و لاداکەیەوە هات، ئەگەر ئەو نەهاتایە لەم گەڕەکە چۆڵ و دوور لە شارە رەزیل ئەبووین. ئەوەبوو عوسمان سواری سەیارەکەی کردن و بردنی بۆ نەخۆشخانە، بەڵام من کە ئەبوایە لەگەڵیان بچووبام، لەبەر باری نائاسایی مێشک و هەستم، لەبەر شپرزەییم نەپەرژام لەگەڵیان بچم. ئەمە تاڕادەیەک دڕندەیی من دەگەیەنێ بەڵام هەر هیچ نەبێ بۆ پاکانەی خۆم، بۆ خۆ پاکردنەوەم لەم دڕندەیی و کەم دەسەڵاتییەم بەرامبەر خێزانەکەم دەڵێم: تف لەم درۆ گەورەیەی پێیدەڵێن مرۆڤایەتی.. تف لە ویژدانێک کە ژیان و ئابڕوو و چارەنووسی زۆربەی ئەدرێتە دەست. ئەمە چ حاڵێکە، کە مەلۆتکەیەکی وەک (دەریا)، دوکەڵ و بەفر هەڕەشە لە منداڵێتی بکەن؟ ئاخ کەی ڕەوایە خێزانێک لەم حاڵەتەدا. گیرفانی هەر هەموویان لێکدەیت (1) دیناری تیا نەبێ؟ ئەمە بە ئەستۆی چ سەرسەریەک؟ کام سەرکردە؟ کام مرۆڤ؟ خۆ من یەکێکم لەوانەی بەدرێژایی ژیانم خاوەن هەڵوێست و مرۆڤ و خاک دۆست بووم. ئەی کوان ئەوانەی بەرگریم لە ناو و ئابڕوویان کردوە؟ لەپێناویاندا زیندانی کراوم و نەمتوانیوە وەک هەندێ بەختیاربم. ویژدانم دەنگم ئەیا.. گەر پیاو بوومایە و لە ئاگر نەبوومایە، نەدەبوو سێ مرۆڤی شێواو لەگەڵ کەسێکی شێواوتردا تەنها نەکەم و لەوە زیاترم بکردایە، کە ئەبوو بکرێ. بەڵام ئەمەش بەئەستۆی واقیع. گەورە پیاوان کە ئەوەندە ماندووم. ناتوانم ئیلتیزامی تەواو بە هەر ڕوداوێکەوە





بکەم. بەدرێژایی ئەمرۆ لەچاوەڕوانی برای بەڕێز حەمەی حاجی مەحمود دا بووم و نەهات، جگە لە هیوابڕان. زۆری تریش کە بەنیازم بۆ کتێبی (لەگەڵ قارەماناندا) دیداریان لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەوانیش هەندێکیان زۆر سەیرن، کەسانی وایان تێدایە شەوی چەندان هەزار دەدەن بە ڕشانەوەو سەما، بەڵام ئەم داوایەی من نائاسایی وەرئەگرن. کە دەڵێم بەڕێزان ئەم پەڕاوە 4 چوار هەزار دیناری تێدەچێ، کەواتە دەبێ هەریەکەتان بەپێی خۆی هاریکاریم بکەن. بەهەرحاڵ دەمێکە لەوەگەیشتووم کە لەم وڵاتەدا ئەوەی گورگ نەبێ، گورگ ئەیخوا. ئێستا من زۆر پەستم، بەڕادەیەک گەر بۆ خێزانەکەم نەژیابایەم و گەیاندنی ئەوان بەو بەختیارییەی هەندێک هەیانە، بێ شک هەر ئەمشەو پاش ئەوەی یەک بەڵغەمی پڕ بەدەمی ئینسانیەتم ئەکردە خۆم و رەفتار و ئەفکارم و خۆم ئەکوشت. دەبێجیاوازی من و قالۆنچەیەک چی بێ، کە نازانێ بۆ دەژی؟ بۆ کێ؟ تاکەی؟ لێیگەڕێ ئەمە باجی پاکێتیمانە، بابیدەین. من ئەو ئەبوبەکرەم کە لە رۆژانی بەعسدا و هەر بەعس خۆی سەدەها تروسکەی لەهی ئەم کۆشکانە گەورەتر و مسۆگەرتری نیشان دەدام و بەڵێنی پێبەخشینی دەدامێ، کە بەس ئینتمای پێوە بکەم و بۆی بنووسم. لەکاتێکدا کەوتبوومە بەرپێ و پێویستم بەو هەموو شتەش هەبوو، کە نیشانیان دەدام، لەکاتێکدا زۆربەی ژیانم هەڵاتن و خۆشاردنەوەبوو، لە نوێن و بەرمیلی نەوتدا. بەڵام نەمویست و نەمویست. بۆ کێ؟ بۆ میللەتێک، کە تەنها ئەو ساتەی شیعرەکانم دەخوێنێتەوە دەمناسێ و پاشان جیاوازیم نییە لەگەڵ ئەو دوکەڵەدا، کە هەر ئێستا من خۆم لە پەنجەرەوە کردمە دەرێ.

ئێستا نازانم ئەو سێ مرۆڤە ماون؟ لە خەستەخانە کەوتوون، وەزعیان چۆنەو چیان دەوێ؟ چونکە لێرە لە کەنار شارین و یەک فلسیشم نییە بەکاری بهێنم. (پارە) ئەو فریشتەیەی هێشتا ئەدرێسم نازانێ و نەیدیوم، گەرچی من زۆرجار بەدزی خەڵک و خۆشمەوە میوانداریم کردووە. (پارە) ئەو شەرەفەی کە نیمە.. ئەو زمانەی کە فێری نەبووم و رێی فێربوونیشی نازانم.





پارە، رەوشت، کەرامەت، خاک، بەهەشت، ژن، سەما، گەرم، سارد، نەمری.. ی.. ی.. و.. و رێز.. ز.. ز.. ز.

مرۆڤ سەیرە ئەوەتا من لەم شەوە ناخۆشەدا و لەناو ئەم هەموو دڵەڕاوکێ و گومان و ترسی یەکترنەبینینەوەیەدا، هێشتا ناتوانم چرکەیەک لەو کەسە دوورکەومەوە، کە حەزدەکەم سەرینەکەمی لەگەڵدا بەش کەم. ئێستا لەیادی ئەو کچەدام، کە ماڵیان لە پیرمەنسورە و ناشزانم ناوی چییە. رەوشتی، ئەفکاری، بنەماڵەی چین و کێن. ئەوەندە نەبێ کە لە ئاکار و رووخساری وام دێتەبەرچاو لە ئاگر پاکتر بێ. ئەم حاڵەتەشم شاز نییە، چونکە من خۆمم باش ناسیوەو ئەزانم کە لەهەمووشتێک زیاتر، عاشقم.. بەڵام عاشقێکی خۆخەڵەتێن و خەیاڵپەروەر. هیوادارم بەم نزیکانە چاوم پێی بکەوێت و بشتوانم بیدوێنم.





(10)

وابزانم سەرلەبەیانی 22ی مانگ بوو، چوومە لقی 4 ی پ. د. ک بەو مەبەستەی، كە ئاگاداریان بكەم لەوەی دەمەویَ لەگەڵ چەند كەسایەتییەكیان چاوپێكەوتن بكەم بۆ پەڕاوێک. ئەوەبوو (س) كە یەكێكە لە كارگەرانی راگەیاندنی پارتی ناوبراو، نازانم بە چ مەبەستێک زۆر هەوڵ دەدا، كە من رازی بم بەوەی كە لە (یەكگرتن)[16] كاربكەم و ببمە دۆستیان. ئەم كارەش بەرامبەر بە پارەی باش و مانگانەی هەمیشەییش لەلایەن پ. د. ک، جا نازانم چەندی بە چەند ئەندامێكی پ. د. ک حەزبكات من لای یەكگرتن كاربكەم و دۆستی پ. د. ک بم و چی و چی و زۆریتر.. .

من كە بە حەپەساوی لەگەڵیادەهاتم و دەچووم، پێم گووت: (ناتوانم)، ئامادەم وەک هاولاتی یان فەرمانبەری راگەیاندن لەگەڵ هەر پارتێكدا كاربكەم، بەلاّم مەسەلەی ئینتیما.. قەت نا. چونكە من خۆم لەساڵی 1982 لە رێكخستنەكانی (ی. ن. ک) دا كار دەكەم و گەر وازیش لە ی. ن. ک بهێنم، ئامادەنیم لە هیچ پارتێكی تردا كاربكەمەوە. بەهەرحاڵ كە هاتەسەرئەوەی تەقدیمی كاک عبدالوهاب بەرپرسی راگەیاندنی پارتیم بكا، بۆ مەبەستی سەرەوە پێی وتم: كە عبدالوهاب لێیپرسیت سەر بە چ حزبێكی، بڵێم (حسک)م. منیش هەر زوو وتم: نەخێر دەڵێم، یەكێتیم، چونكە من حسک نەبووم. هەرچۆنێک بیَ ئەمە جێی پرسیار و سەرنجمە و خۆزگە بمزانیایە هۆی ئەم شتانە چی و چین؟

25 ـ 1992/11/26

---

9. لەو سەردەمەدا چەند پارتێک لە ژێر ناوی (یەكگرتن) كۆبببوونەوە كە پێكهاتبوون لە (حزبی سۆشیالیستی كوردستان، پارتی گەل، پاسۆک.)

(11)

ئەمرۆ 1992/11/30 چوومە بارەگای (حسک) کاک سەرکارم دی، هەر لەوێش مامۆستا عەبدوڵای برای شەهید مام ئاراسم دی. لەوێوە چوومە مەڵبەندی پ. م بۆ لای کاک بێستون سابوراوایی، تا دەفتەری بیرەوەرییەکانی بدەمێ، کە لەلام بوو. لەوێ کاک بێستون پێی وتم: چوویتە مەڵبەند؟ وتم نەء. وتی نەت بیستووە کە بانگ کراوی؟ وتم نەء، چونکە بەمەم نەزانیبوو. پێی راگەیاندم کە لە مەڵبەند داوام دەکەن، بەو سیفەتەی کە گوایە راپۆرتیان لەسەر داوم، کە پرۆژەی کتێبی (قارەمانان) مەبەست لێی پەیداکردنی پارەیە. گوایە 500 دیناریشم لە کاک بەکر فەتاح سەندووە. بەڕاستی بریندارببووم بەم راپۆرتە درۆیە، چونکە من تەنها 100 دینارم لە کاک بەکر قتاح وەرگرتووە، نەک 500 دینار. ئەوەبوو خواحافیزیم لە کاک بێستون کرد و چوومە مەڵبەند لای کاک ئاسۆ، بەڵام ئەو وتی ئاگام لەم شتە نییە، بچۆرە راگەیاندن. کۆپییەکیناملکە شیعرییەکەمم پێشکەش کرد و چوومە راگەیاندن. لەوێ داوای ئەوەیان کرد، کە بە زوویی پسولەکەم لێبسەننەوە، کە بۆ هـ پ کوردستان و ئاگادارکردنیان بوو لە پرۆژەکەم و هاوکاریکردنیان. پاشان داوام لێکرا، کە لەم ساتەوە کارەکەم راگرم. دواتر پێیان وتم: دوو سبەی کاتژمێر 10ی سەر لە بەیانی سەریان لێبدەمەوە و دوائەنجامم بدەنێ. ئەمە پاش ئەوەی کە تا رادەی پێویست بەرگریم لە خۆم کرد و بەم هۆیەشەوە هەندێک رایان گۆڕا بەرامبەرم.. جا نازانم ئەنجام چی دەبێ؟!

هەرچۆنێ بێ گەر (تکسب)یشم بە کارەکەمەوە کردبێ، بۆ دەبێ جێی ئەو بانگکردنە ناشرینە بێ؟! زۆربەی هەرە زۆری تیپە مۆسیقییەکانمان، شەوانە لەگەڵ ئێق و رشانەوەی جمهورەکەیاندا، لە باڕ عەزف دەکەن، کەچی لە چەپڵەو پارەو گوڵ، نوقمن. بەڵام گەر نووسەرێک رێکەوت جارێ لە جاران، داوای نرخی پەڕەو پێنووس، یا جگەرەی کاتی نووسین بکا.. نەک لە جمهورەکەی بەڵکو لە فیکری.... یا هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی مەحکومی دەکەن و بەقەڵەم فرۆش و بێ هەڵوێست ناوی دەبەن. بەڵام کێ





بێ هەڵوێستە؟ بێ گومان لەو گەلە بێ هەڵوێستتر نییە، کە نووسەرانی ناچار دەکا بێ پارە نەنووسێ.. ئایا ئەدیب ورگی نییە؟ سنگی ئەدیب سەگی تیایە، یان دڵ؟ سێبەر و دەنگ، پۆشاک و خۆراک پێویست نین بۆ ئەدیب؟ گەر ئەدیب رێی پەیداکردنی ئەم شتانەی بۆ ئاسان نەکرێ، چی بنووسێ و لەکوێ؟ لەسەر بەرد و سەر سەکۆی مزگەوتەکان؟! لە بازاڕ، کە نەبێ کاری تێدا بکا، نەک نووسین؟ ئەم میللەتە تەواو گێلن.

(12)

ئەمڕۆ 1992/12/5 چوومەوە بۆ راگەیاندنی مەڵبەند، دیسان هاوڕێیانی راگەیاندن سووربوون لەسەر ئەوەی، کە کارەکەم رابگیرێ، بەڵام من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم. پاش نیوەڕۆ چوومە لقی چوار بۆ لای (خ) کە خۆی ئەو کاتەی بۆ دیاری کردبووم، هەر خۆم نەبووم، کاک محمدی کوڕی باجی بەدری (ژاژڵەیی)م لەگەڵ بوو. چاوم بە (خ) کەوت و لە حەوشەی لقی چوار کەوتینە پیاسەکردن و بەدەم پیاسەوە ئەمانەمان وت:

- تۆ ئامادەی ببی بە دۆستمان؟

+ هەر دۆستم بەڵام بە مانا حزبییەکەی نا.

- لە راگەیاندنی مەڵبەند کار دەکەی؟

+ نەخێر.

- دەتوانی لەوێ کار بکەی؟

+ نازانم.. رەنگە بتوانم، بەڵام خۆم نەمویستووە لەوێ بم.

- رۆژی ئەوە هاتووە دنیایەکی رازاوەت دەستکەوێ، ئێمە ئەتدەینێ گەر لەوێ کار بۆ ئێمە بکەی.

+ چ جۆرە کارکردنێک؟ مەبەستتان ئەوەیە ی. ن. ک دەرخواردی پ.د.ک بدەم.

- نەخێر کارەکان ئاسانن، هەر شتێکیش داوا بکەی ئامادەیە بۆت، پارە، هێز، سیقە.

+ من ناتوانم ناپاکی بەسەر مەڵبەندەوە بکەم!.. باوەڕت بێ گەر مەڵبەندیش کە خاوەنی 10 ساڵ خەباتم لەگەڵیا، داوام لێ بکا بێم لە راگەیاندنی پ. د. ک کار بکەم و سیخوڕبم نەک نووسەر، نایکەم. جا چۆن بەرامبەر مەڵبەند بیکەم؟!

- ئێمە لقی چوارین نەک مەڵبەند، ئێمە بەکەڵکت دێین، تکایە ئەم هەلە لەدەست مەدە.





+ من هاتووم چاوپێکەوتنی چەند قارەمانێکتان بکەم نەک بمکەنە سیخوڕ، بەتایبەت بەسەر سەنگەرەکەی خۆمەوە، ئەمە چ جۆرە داوایەکە ئێوە دەیکەن؟

- هەر لەبەر ئەمەشە کە تا ئێستا نەتتوانیوە چاوت بە کەسیان بکەوێت، چونکە گەیشتنت بە هەرکامیان پەیوەستە بە جۆری رێکەوتنت لەگەڵماندا.

+ کەواتە نایەمەوەو سوپاستان دەکەم، دیارە ناتانەوێ کەس بتانناسێ.

- نا براگیان وەرەوە، بەڵام هیوادارم کە 3 شەممە هاتییەوە لەیەکتر بگەین.

+ باشە 3 شەممە دێمەوەو لەیەکتریش ئەگەین.

ئێستا من تێناگەم ئەم بەڵایە چییەو لە چییەوە دروست بووە؟ تۆ بڵێی مەڵبەند بۆ زیاتر دڵنیابوون لە راستی و چەوتی و پاکی مەبەست لە کارەکەمداو ئەو دیالۆگەی بە لقی 4 نەسپاردبێ.. یان ئەمە کاری کۆمیتەکان نەبێ؟

گەر وانییە، خۆ ئێستا بە بەرچاوی هەموو خەڵکانی وڵاتەوە (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) دۆستن و حکومەتی هەرێم پێکدەهێنن. کەواتە تۆ بڵێی ئەم دۆستایەتییە لای ئەوان و خەڵکیش هەڵەیەکی مێژوویی بێ، یان جۆرە ناچارییەک نەبێ؟ دەنا بۆ دەبێ راگەیاندنی پ. د. ک ئەو نرخە زۆرە بدا بە من، بەس ئەوەندەی ببمە دۆستیان و ئینتماشم لەگەڵ ی. ن. ک بەردەوامبێ و لە دەزگایەکی یەکێتی کاریان بۆ بکەم و نهێنیش بێت؟ دیارە ئەم دیالۆگە هەروا کەم و بێ بایەخ نییە، کەوا بۆ چەندین جارە دەچمە لقی چوار و لەگەڵما سازی دەدەن. باشە ئێستا من لەم دووانە کامیانم بوێ، ئەو دنیا خاپورەی کە ئێستا تیایدام، یان ئەو دنیا پڕ خۆشی و گوڵ و ئافرەتەی وەک خۆیان دەڵێن دەمدەنێ، بە بارمتەی دۆستایەتی و کارکردن بۆیان؟ یەک راستی هەیە ناتوانم نەیڵێم، **10 ساڵ خەبات لەناو ریزەکانی ی. ن. ک لە کەمی و کەوتن و ئەشکەنجە و هەژاری زیاتری تیادا نەبوو بۆم. تەنانەت**

**پاش ئەوەی ئەمڕۆ دوا ئەنجامم لە راگەیاندنی مەڵبەند پێ وترا، هەر ئەمشەو 5|6ی 1992/12 بەتەواوی قەناعەتەوە دەستلەکارکێشانەوەم نووسی و لەم رۆژانەشدا دەیبەم بۆ کۆمیتەو نامەوێ لەوە زیاتر خۆم لە سەنگەرێکدا ببینم، کە نازانم مانەوەم تیایدا تا چەند لەسەر هەڵوێست و مانای نووسەرێتیم دەکەوێ؟ ئەمە راستییەو ناتوانم نەیڵێم، بەڵام خۆ ئەمەش ناکاتە ئەوەی ناپاکییان بەرامبەر بکەم. چونکە من لەو جۆرانە نیم، گەر هەر ناپاکییەک بەرامبەر بە ی. ن. ک بکەم وەک ئەوە وایە ناپاکیم بەرامبەر بە 10 ساڵ تەمەنی خۆم کردبێ.** ئەوەندە هەیە دەمەوێ لەم ساتەوە پەیوەندی و ئینتیمام بە هیچ تاقمێکی سیاسییەوە نەبێ. خواستەکانم لە هیچیاندا نایەنەدی، هەموویان یەک شتن، بە چەند ناوێکی جیاوازەوە. منیش یەکجار خۆم ناودەنێم، رێگەش نادەم ببمە بەکرێگیراوی هیچ تاقمێک، کە نەتوانێت وەک پێویست رێزی خۆم و گەلەکەم بگرێ. بەداخەوە لەوە ناچێ لەم وڵاتەدا پارتێک هەبێ بەو جۆرەی کە من ئەیڵێم.




(13)

ئەمڕۆ 1992/12/8 سەر لە بەیانی چوومەوە بۆ ڕاگەیاندنی (لقی چوار) چاوم بە کاک عەبدولوەهاب کەوت و زۆر سەرقاڵ بوو، بەهەرحاڵ خستمانە سبەینێ، کە چاوم بە دەروێش ئاغا بکەوێت و لەگەڵیدا بە وردی باسی پرۆژەی پەڕاوەکەم بکەین.

دواتر چوومە گازینۆی شەعب، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ پارەم لە گیرفاندا نەبوو، نەمتوانی دانیشم و چایەکی گەرم بخۆمەوە. بڕیارم دا بچمە لای تۆفیقی برادەرم لە چوارباخ، کەوتمەڕێ و برسیم بوو و جگەرەشم پێ نەبوو. بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە بچمە مەزادخانەی خوارەوەو پێڵاوەکانم لەگەڵ جووتێک پێڵاوی لەوانەی خۆم کۆنتر بگۆڕمەوەو داوای باقی بکەم. بەم کارەش چەند دیناریکم دەست دەکەوت، کە نانی پێ بخۆم و جگەرەش بکڕم. بەڵام لەوێ بۆم نەفرۆشرا، بۆیە نەچوومە لای تۆفیق و یەکسەر لەوێوە سەرکەوتم بۆ مەزادخانەی سەرەوە، خەریکی تاقیکردنەوەی جووتێک پێڵاوبووم، گوێم لێ بوو پێڵاوفرۆشەکە بە هاوڕێکەی وت: (ئەزانی جووتێک پێڵاوی ـسۆنیـ یان لە پیاوێک دزیوە کاتێک لە مزگەوت خەریکی نوێژکردن بووە) هەرچەندە هەستم بە جۆرە شەرمێک کرد، بەڵام گوێم بە قسەکە نەدا، چونکە پێڵاوەکانی منیش سۆنی بوون. لە دڵی خۆمدا وتم: تۆ بڵێی ئەم کارەم، کە گۆڕینی پێڵاوە تازەکانمە بە پێڵاوی کۆن، گومانی لا دروست نەکردبێ؟ چونکە خۆ ئەوان نازانن، کە من ئەم شتە دەکەم برسیمە و پارم پێ نییە.. لای ئەوان ڕۆشتم و کەوتمە گەڕان بە ناو دوکانە پێڵاوفرۆشییەکاندا بۆ ئەوەی پێڵاوێکی باشم دەست بکەوێت و بەدڵم بێت. هەستم کرد پیاوێکی چوارشانەی ورگنی جامانە بەسەر، ورد ورد لەدوامەوە دەڕوات و جارجار سەری نزم دەکاتەوە بۆ زەوی، تا جوانتر دیقەتم دا، سەیر دەکەم لە پێڵاوەکانم دەڕوانێ و لە پڕ پرسی: (ئەرێ کاکە ئەو پێڵاوانەی پێت ژمارە چەندن؟) منیش وتم ژمارە 44. وتی: (ئەتوانی تاکێکیان دابکەنی؟).. وتم: بەڵێ و تاکێکیانم پێدا.





لەوێدا دوو هەستم لا دروست بوو، یەکەم: ڕەنگە بزانێ، کە خەریکی ئاڵوگۆڕی پێڵاوەکانمم و دەستم ناکەوێ و بیەوێت لێم بکڕێ.
دووەم: ڕەنگە ئەمە ئەو پیاوە بێ، کە پێڵاوفرۆشییەکە باسی ئەکرد، کە گوایە پێڵاوی لێ دزراوە. پاش سەیرکردنی پێڵاوەکەم وتی: (ئەم پێڵاوانەت کەی کڕیوە؟)
وتم: دوو هەفتە زیاترە.. قسەکەم تەواو نەکرد بوو، دوو ژن کە دوکاندار بوون لەو ناوەو کۆنەیان ئەفرۆشت، قیژاندیان، چییە دەڵێی پێڵاوەکانت دۆزیوەتەوە؟ ئەویش وتی نازانم ئەون، یان نا.. بەڵام زۆر لەوانەی من دەچن. لەم کاتەدا چەند کەسێکی تریش هاتنە ناو ڕووداوەکەوەو بەمە زۆر تەریق بوومەوە، چونکە چاوەکان پڕبوون لە گومان و جنێوی هەمەجۆر بە من، ئەمەم باش هەست پێدەکرد. بۆیە بە کابرام وت: کاکی برا ئەگەر بڕوا ناکەی وەرە با بتبەمە لای ئەو کەسەی لێم کڕیوە. ئەویش وتی: وەڵاهی برا گیان تۆ قسەو ڕەفتارت لە هی کەسێکی خراپ ناچن.. جا ناشزانم!.. ئەم قسەیە وەک ئەوە وا بوو، هەردوو گوێی پڕ کردبم لە گڕ و پشکۆ، نەک وشە. بۆیە ناچاربووم بەجۆرە تووڕەبوونێکەوە پێیبڵێم: کاکە لەم ئاستەدا بوەستەو زیاتر مەڕۆ، من ویستم بێ دڵیت نەکەم، دەنا ڕێگەت پێ نادەم، بە دزم تێبگەیت، بەتایبەت لەم بازاڕەدا کە پڕە لە دز. ئەگەر دەڵێی با بڕۆین بۆ لای ئەو کەسەی، کە لێم کڕیوە، دەنا من ئەڕۆم وریێزی خۆشت بگرە، من پیاوێکی شەڕیفم، باش ئەمە بزانە. ئەمەم وت و ڕۆیشتم. بەکۆڵانەکانی سەرو مزگەوتی گەورەدا بەرەوخوار بوومەوە بۆ گازینۆی شەعب، بەڵام هەر وام هەست دەکرد کابرا بەدوامەوەیەو چاودێریم دەکات، تا بزانێ دزم، یان نا؟ هەرچۆنێ بێ نەمتوانی لەم ڕێیەوە پارەو نان و جگەرەم دەستبکەوێ و زۆر پەست و کەساس چوومە گازینۆ، بەڵام نەمتوانی داوای چا بکەم، **چونکە گیرفانم لە ئابڕووی هەندێ کەس وێران و شڕتر بوو.**
هەڵبەتە هەموو ئەوانەش کە برادەرمن و لەنزیکەوە دەمناسن، دەرەوەم دەخوێننەوەو نازانن ناوەوەم چ باسە، منیش خۆم وا نیشان نادەم کە پارەم پێ نییە، دەنا ئەمڕۆ زۆر کەسم بینی و چوومە زۆر جێی ڕەسمی و





دەمتوانی پارەم دەست بکەوێ، بەڵام ئاخ لەو نەفسەی کە تەنها لەودا دەوڵەمەندم و ناهێڵێ دڵم بخەمە سەر زمانم و بەئاشکرا هاوار بکەم.. ئەرێ خەڵکینە ئێوە ورچن، یان مرۆڤ؟ هەر دەبێ خۆم قسە بکەم. ئایا خۆتان هەستناکەن چ درزێک لە ژیانمدایە؟ یان هەست دەکەن و ناتانەوێ پیاوەتی بکەن؟!





(14)

ئەمڕۆ 1992/12/14 دوای ئەوەی چوومە ئاسایش و نەمتوانی مامۆستا شاهۆ جێگری بەڕێوەبەر ببینم، چوومە بانکی خوارەوە (بانکی رافیدەین) لە شەقامی مەولەوی، تا چاوم بە کاک بەهادین بکەوێت دەربارەی ئەو کارە ئەمنییەی کە بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەی باری شارستانی پێی سپاردبووم. دواتر چوومە بانکی سەرەوە(بانکی رەشید) بۆ لای (س)خان. پاش سڵاو لەسەر زۆر شت دواین، ئەم ئافرەتە غەریبە بە من، زۆر نییە دەیناسم، بەڵام رەوشت و زمانی وایانکردووە لە زۆرێک لەو کەسانەم خۆشتربوێ، کە ساڵانێکە دەیانناسم. ئەویش وەک خۆی دەڵێ: وەک من، ساڵەهایە بۆ کەسێک دەگەڕێ، کە خەمەکانی لەگەڵ بەش بکات. بێ گومان، لەم رەگەزە بێ مووەی پێی دەڵێن ئافرەت، هاوڕێم نییەو پێویستیش ناکات هەمبێ، چونکە پێویستە نەمبێ. رواڵەت وەها گێژ و کەڕی کردوون، کە نایانەوێ وەک پێویست ناوەوەیان بخەنە سەر زمانیان، بەڵام ئەم دڵگیرخانە، جۆرێکی ترە، کە دەدوێ، هەر زمانی نادوێ، بەڵکو هەموو پارچەیەکی لەشی دەدوێن. ئەمە ئەو جۆرە ئافرەتەیە، کە من ناتوانم رێزی نەگرم. ئەوە چەندین جارە پێمدەڵێ، کە حەزدەکات زوو زوو بمبینێ، تەنانەت ئەمڕۆ بێ پەردەو و بە ئاشکرا، بێ خۆبەستنەوەو تەمسیلکردن پێی وتم: خۆزگە ئەوەندە دوور نەبوویتایە لێم، تەنها هاوڕێمی. راستە، کە ئەمە هەمان هەستی منیشە، بەڵام زۆر دەترسم ئەم هاوڕێیەتییە شتی تری لێبکەوێتەوە، چونکە ئەو زیاد لە پێویست کارم تێدەکات. جگە لەوەی، ئەو ژنە نەک کچ، واتە لەنێوان من و ئەودا پیاوێکی بەشەرەف هەیە. ئەم جۆرە پەیوەندییەش بەتایبەت لە وڵاتی ئێمەدا نائاساییین، تێکدانی بەختەوەری خێزانن.

پێم وت: سەرت لێ دەدەم، بەڵام وا زوو نا، چونکە من دەمەوێ پارێزراوبی و لە چاو و زمانی خەڵکیش دەترسم. ئیتر رۆیشتم و نازانم کەی چاوم پێی دەکەوێتەوە.

(15)

ئەمڕۆ ڕێکەوتی 1992/12/28 چوومە لای (موقەدەم جەمال) لە ئاسایشی بەلدە، تا گەواهی نامەیەکم بداتێ بۆ مەڵبەند و لە مەڵبەندیشەوە بۆ کۆمیتەی 3. ئەمەش لەسەر ئەوەی، کە دوو هەفتە زیاترە لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕەگەزنامە و باری شارستانی سلێمانی ( لیوا عەزیز شەفیق) خەریکی بەردەستخستن و دۆزینەوەی ئەو چەندان کەسەین، کە ناسنامە و ڕەگەزنامەی تەزویر بۆ ئەم و ئەو دەکەن و کارتی ئەم جۆرە ناسنامانەیان لایە. دیارە ڕێگرتن و بەربەستکردنی ئەم کارە لە ئەستۆی هەمووانداپە، بەتایبەت لەم قۆناغە ناسکەی حکومەتی کوردستاندا، کە بە سەدان پیاو و سیخوڕی بەعس و نیزامی نا ئیسلامی ئێران و تورکیا، پەڕیونەتە ناومانەوەوخەریکی ئاشوب نانەوەن، دوور نییە لە هەندێکیان لەو جۆرە ناسنامەیەیان پێ بێ. بە هەرحاڵ کاک (جەمال) وتی: تا ئێستا دوای (ع. ت) 3 کەسی ترمان گرتووە، کە ئەندامانی ئەو تۆڕەن و 2 کەسی سەرەکی ماوە نەگیراون و خەریکی دۆزینەوەیانین، بۆیە پەلە مەکە بزانین کۆتایی چی دەبێ.

منیش وتم: چاکە و جێم هێشت و گەڕامەوە ماڵەوە.





(16)

ئێوارەی سەری ساڵ 1993/1/1 کە هاتمەوەماڵەوە، بینیم براژنم مەنجەڵێکی بەدەستەوەیە، زانیم دەیەوێ بچێتە ماڵی شێخ، کە تەکیەشە (شێخ قادری چوێسە) تا خواردنی بدەنێ و خۆی و منداڵەکەی بیخۆن، دیارە کە ئێمە دراوسێی ماڵی شێخین. رۆیشت و هاتەوە و مەنجەڵێک برنجی هێنابوو، بەڵام هەر زوو ئەم جەژنە بوو بەهۆی شڵەژان و شەرمێکی وا، کە باس ناکرێت. باجی مەلەکی دراوسێمان هاتە ژوورەوەو وتی: ئێوە کەستان چوونەتە ماڵی شێخ؟ ئێمەش کە هەر زوو زانیمان شتێک روویداوە و بۆ ئەوەی خراپ لەسەرمان نەکەوێ، وتمان: نەء. کە چووینە دەرەوە بینیمان، چەند چەکدارێکی ماڵی شێخ شڵەژاون و وەک بڵێی لەدوای شتێکی زۆر گرنگ بگەڕێن. بیستم گوایە ئافرەتێک چۆتە ماڵی شێخ و گوتویەتی خواردنم بدەنێ، لەکاتێکدا ئەو ئافرەتە هیچ شتێکی لە سواڵکەر نەچووەو مەترسی ئەوەی لێدەکرێت، کە نێردراوی یەکێک لە لایەنە تیرۆریستییەکان بێت. یەکێک لە چەکدارەکان بە منی وت: (کاکە گیان من دڵنیام ئەو ئافرەتە خۆی کرد بە ماڵی ئێوەدا). دیاربوو ئەو چەکدارە دڵنیا نییە، بەڵام حەزدەکات دڵنیا بێت. خەڵکی گەڕەک لەدەرەوە بوون و ئێمەش بەو پێیەی دراوسێی نوێین و خۆشمان وا نیشان ئەدەین، کە حاڵمان باشە و بەتایبەت من، کە بەیانیان بە خۆم و لیڤاکسە قاوەییەکەمەوە لە ماڵ دەرئەچم و جۆرە مۆسیقاو فیزێک ئەدەم بە رۆیشتنم، ترساین لەوەی کەشف بین. بۆیە هەر زوو ئەو دوو چەکدارەم بانگ کرد، کە لەو ساتەدا لێمەوە نزیک بوون و لەگەڵ دراوسێی دەستە چەپمدا ئەدوان. پاش ئەوەی کە یەکێکیانم ناسییەوەو عومەری ناو بوو، دەمێکە یەکتری دەناسین، پێم وتن: برادەرینە خۆتان تێکمەدەن، ئەو ئافرەتە براژنی منە و.... .. . مەسەلەکەم بە وردی تێگەیاندن. خودا هەڵناگرێ لەگەڵ بیستنی ئەم حەقیقەتەدا، ئەو دوو چەکدارە، کە پێشتر لە دوو پشکۆی باڵدار ئەچوون، ئێستا ببونە دوو گەنجی شەرمن و بە شەرم و رێزەوە، داوای لێبووردنیان دەکرد و تەنانەت یەکێکیان ماچیشی کردم. ئەمە





تراژیدیای برسێتییەو ئەوەتا لەم وڵاتەدا، نرخی مەنجەڵێک برنج، ترس و شەرم و ئابڕوو تکان و ئەوەندە جوڵە و قسەیە.

(17)

ئەو مەنجەڵە برنجە بەخێر گەڕا، ئەمشەو دوو پیاوی ماڵی شێخ، کە یەکێکیان گەنجیکی خاوێنی شەرمن، کوڕەزای شێخ بوو، هاتنەلام و بەشەرمەوە پێیان وتم، کە بنەماڵەی شێخ دەیانەوێ لە هەموو ئەو یادگاری و نامەو بەسەرهاتانەی لە پاش شێخ بەجێماون، کتێبێک ئامادە بکەن و ئەو ئەرکەشیان بە من سپارد. هەڵبەت منیش باشترە هەلێکی وا لەدەست نەدەم، چونکە هەر هیچ نەبێ لەم ڕێگەیەوە پاروە نانێکم دەستبکەوێ. ئەوەندە هەیە، کە من لەنزیکەوە شێخم نەناسیوەو لەم دوورەشەوە، تەنها لە ڕێی قسەی خەڵکییەوە دەیناسم، کە گوایە باش نین. بۆیە دەبێت زۆر ئاگاداری ئەوەبم، کە ئەو کارە لەسەر سومعەی قەڵەمەکەم نەکەوێت. بەهەرحاڵ ئێستا من بوومەتە ئاشنایان و میوانی نوێی تەکییەکەی شێخ. با بزانین ڕۆژگار بەرەو کوێمان ئەبات.

1993/1/2

(18)

1993/2/23 لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین- هۆڵی کامەران موکریی بە هاوکاری (ک. خ. ل. ک) کۆڕێکی شیعریم سازدا..

یادگارییەکانم لە هەولێر زۆرن و ناتوانم هیچیان دەرخواردی هیچیان نەدەم. دیارە من خۆم هەستەکانم لە هی خەڵکی جیاوازن، گەر هەڵە نەبم بە ڕای من نووسەر ئەو کەسەیە، کە زۆرجار درۆزنی خەیاڵەکانی وا دەکەن، بەشێوەیەکی زۆر سەیر، مانا بداتە شتە بێماناکان. رەنگە تۆمارکردنی ئەم چەند یادگارەشم، کە ئاوا بە ماناوە باسیان دەکەم، هەر لەم روانگەیەوە بێت.

## یادگارەکان

1. لە یەکێ لەو رۆژانەی لە هەولێر بووم، بەو پێیەی لە هەولێردا هەمیشە مەترسی تەقینەوە هەیە، خەڵکانی ئەم شارە ناچارن چاودێری کەسانی غەریب بکەن. زۆربەی مزگەوتەکانیش، تەنها لەکاتی نوێژی بەکۆمەڵدا نەبێ ناکرێنەوە. ئەمەش بۆ من ناخۆش بوو، چونکە لەبەر بێ شوێنی و بێ هاوەڵی و حەزکردن لە تەنیایی ئەچوومە چایخانەی (مەچکۆ) و (چا)م زۆر ئەخواردەوە. رۆژێکیان میز تەنگی پێهەڵچنیم و سەغڵەتی کردم و هیچ مزگەوت و شوێنێکم دەستنەکەوت، تا خۆم لەو سەغڵەتییە رزگار بکەم. بیرم کەوتەوە، کە بچمە یەکێک لە مەیخانەکان و یەک، دوو بیرەش بخۆمەوەو میزێکی بەکاوەخۆ بکەم) گەرچی ئەشمزانی بیرەش دیسان تووشی هەمان سەغڵەتیم دەکاتەوە. بەهەرحاڵ چوومە یەکێک لە مەیخانەکان و کات نیوەڕۆ بوو. بۆیە جگە لە خاوەن مەیخانەکە و شاگردێک کەسی تر لەوێ نەبوو، دوو بیرەم داواکرد و پاش خواردنەوەی یەکەم پێک، هەستام و خۆم کرد بە ئاودەستەکەدا و هێندەم خۆش بوو، تا چوومە ژوورەوە،





یەکسەر خاوەن مەیخانەکەو شاگردەکەی بەچرایەکەوە لەسەر سەرم وەستان، نەکا تەقینەوەم پێبێت و لەوێدا دایبنێم. هەرچۆنێک و هەرچیم کرد لەژێر ئەو چوار چاوە گوماناویانەدا میزم بۆ نەکرا و نەکرا. بۆیە پاش هاتنە دەرەوەم، زیاتر لێم کەوتنە گومانەوە و کە هاتمەوە سەر مێزەکەم هاتن و داوای ناسنامەیان لێکردم، شاگردەکە رۆیشت و کە هاتەوە چوار کەس لە دوایەوە هاتنە ژوورەوە، کە دیاربوو پیاوانی ئاسایش بوون. ئەوانیش چوون و ئاودەستەکەیان پشکنی، هاتنە دەرەوەو بە زمانێک لەگەڵ خاوەن مەیخانەکە ئەدوان، کە تێیان نەگەیشتم. هەرچۆن بوو ئەمجارە چووم و خۆم لەو سەغڵەتی و ناڕەحەتییە رزگار کرد. ئەوەی سەیر و مایەی تێڕامانە ئەوەیە، کە رژێمە تیرۆریستکارەکانی دژی گەلەکەم، کارێکیان کردوە، کە من بۆ تەنها میزکردنێک (32) دینار لەسەرم کەوت.

2. بێ گومان من، کە چوومە هەولێر نزیکەی هەفتەیەک پێش بەرواری کۆڕەکەم بوو.. راستییەکەی لەو کاتە زووەدا بۆ کۆڕ نەچووبووم، بەڵکو لەگەڵ دایکم و شێرکۆی برامدا شەڕمان ببوو. بڕیارمدا ماڵ جێبهێڵم، بۆ ئەم سەفەرەش هەولێرم بەباشترین شوێن زانی، جا بەوپێیەی، کە ئەمزانی مومارەسەی ژیانی غەریبی ئاسان نییە و پارەی دەوێ و منیش خۆم کارێکی ئەمنیم بۆ مدیریەی جنسیەی ئەنجامدابوو و بەڵێنی مکافەئەشیان دابوومێ. وام بەچاک زانی هەر خۆم لە رێی ئەم مدیریەتەوە داوای مکافەئەکەم ببەمە هەولێر و کەلێنێکم بۆ بگرێ. ئەوە بوو چووم و وەزیرم نەدی و بێ هیوا مامەوە. بۆیە بیرمکردەوە، کۆڕێکی شیعری بگرم، هەر هیچ نەبێ وەک دڵدانەوەیەک بۆ خۆم، بەهەرحاڵ تەرتیبات و بەرواری کۆڕگرتنەکەم دەستکەوت، لە کۆلیژی ئاداب، بەو





پێیەی چەند هاوڕێیەکی نوێم لە هەمان کۆلێژ ئەیانخوێند. ڕۆژانی بەر لە کۆڕەکەم ئەچوومە کۆلێژ و لە یانەی کۆلێژ لەگەڵ هاوڕێکانما دائەنیشتین. بێ گومان لەم یانەیەدا سەدان ئافرەتم دی، سەدان چاوی نەوسن و لەنجەی ناچاریی کچانم دی، کە چەکی زۆربەیانە. بەڕێکەوت ڕۆژێ لەپڕ و نازانم چ نەگبەتییەکم بوو، کچێکی ڕەشپۆش، قژ خورمایی، چاو زەرد، زیاد لە پێویست کەمتەرخەم و ساکار. بەبەر مێزەکەمان تێپەڕی و چوو لەولای ئێمەوەو لەگەڵ هاوڕێکانیدا دانیشت. بەدەست خۆم نەبوو سەیرم کرد، ئەویش سەیری کردم، ئەتوت لە دامەنی کراسەکەی دایکم بۆتەوەو هاتۆتە ئێرە، ئەو دایکەی، کە نەیئەزانی ئەمبینێتەوە یاخود نا؟! ئەم کچە لەوانی تر نەدەچوو، تەنانەت ڕۆیشتنەکەشی بەو بەرگە ساکار و ڕەشەوە، هێندە شەکەت بوو، ئەتوت شاخێک بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت. بەدەست خۆم نییە، هەمیشە شتی ناوازە خەریکم دەکات، لە ڕاستیدا لە کچی ناو شیعرەکانم ئەچوو. بۆ ڕۆژی دواتر و لەهەمان جێدا و بەهەمان شێوە بینیمەوە، بۆیە ئەم هەستەم پێ ئەسیر نەکراو بە (ئازاد)م وت: کە ئایا ئەیناسێ، یان نا؟ ئازاد وتی ئەیناسم. منیش وتم دە بچۆ پێیبڵێ ڕۆژی سێ شەممە و لەم کۆلیژە، کۆڕێکی شیعریی هەیە، بابفەرموێ و پێیشی بڵێ، کە من شاعیرەکەیم و ئەوەش بڵێ، کە سەیرکردنەکانم لە چ هەستێکەوەیە. ئازاد چوو پێی وت، هەستم کرد زۆری پێخۆش بوو، وتبووی دێم. دواتر ئازاد پێیوتم، کە ناوی (ج) و خەڵکی (کەلار)ە. لێرەدا نەمتوانی ئاهێک هەڵنەکێشم، چونکە ئەمە بەختمە، هەموو ئەو شتانەی بە دڵمن باجی گەورەم بۆ داون و ئەنجام بێهودەیی بووە. بۆیە ناچار تەنازولم لە هەستە ڕاستگۆکەم کردو.. بەخۆمم وت، قەیناکە، هەر هیچ نەبێ ئەتوانم لە کاتی شیعر





خوێندنەوەدا ئیلهامی لێوەرگرم. ئەمە هەستی منە، بەڵام ئەو دیاری گەورەتر لەمەی لە چاو و ئاکارمدا ئەدی و خۆشیشی دەویێم. هەرچۆن بوو رۆژی کۆڕەکە لە هۆڵەکە ئامادەبوو، ئاخ خۆزگە ئەتانبینیم، کە بوونی ئەو لەو هۆڵەدا چ هێزێکی عاتفی دابوومێ، وام هەست ئەکرد لە پرسەی خۆما شیعر ئەخوێنمەوە. بە دەستخۆم نەبوو لەکاتی خوێندنەوەدا، چەندین جار چاوم پڕ بوو لە فرمێسک و ئەمگێڕایەوە. چونک وەک دواتر لە نامەیەکدا نووسیم و بۆم جێهێشت، نەمدەویست لەو هۆڵەدا و لەناو ئەو هەموو گەورەیەدا مناڵ ببمەوە. جا نازانم من وام ئەدی، یان هەر وابوو، ئەویش چەند جارێک چاوانی سڕی. پاش کۆڕەکە بە ئازادم وت با بمێنێتەوە ئەمەوێ پێکەوە بدوێین. ئیتر دانیشتین و لە زۆر شت دواین، بەڵام نەمان ئەتوانی غەمبار نەبین. چیمان وت و چیمان نەوت، شتێکی ترە. بەڵام ئەوەی جێی داخمە و خۆمی پێ گوناهبار دەکەم ئەوەیە، کە ئێوارە لەگەڵ جەباری برادەرم، ئەو و دوو هاوڕێیمان بینی، کە دیار بوو لە نامیلکە شیعرییەکەی من ئەگەڕان تا بیکڕن. دیار بوو ئەیەویست ئەو دوا دیدارە قەبارەیەکی مێژوویی هەبێت و پێکەوەبین، بەڵام من لەبەرئەوەی شەرمم ئەکرد، هەر زوو بێ ئەوەی وەک رۆژانیش سەیری بکەم، زۆر رۆتین بەجێمهێشتن. بەڵام هەر زوو پاش ون بوونیان، هەوڵم دا ئەوە بکەم، کە دەبوو بیکەم، بەڵام ئەفسوس، کە ئێوارەی هەولێر قوتیدا و نەمبینییەوە، بێ گومان ئەو شەوە لە هۆتێل گریام. رژێمی باوکایەتی وای کردووە، بێ شەرمانە مەزاد لەسەر کەسێتیت بکەیت، ئەمە ئەو کۆمەڵگایەیە، کە شیعری بۆ ئەڵێین، تۆ بڵێی جارێکی تر چاوم بەو فرمێسکە وەریوەم بکەوێتەوە؟!





(19)

لە دووەمین ساڵیادی راپەڕینە مێژووییەکەی 1991/3/7ی کوردستاندا، دژی رژێمی رەفتار فاشستی بەعس، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی میهرەجانێکی شیعریی لەهۆڵی رۆشنبیری و جەماوەر لە سلێمانی سازدا، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی حیزبی، رۆژی میهرەجانەکە دواخرا بۆ 1993/3/9 و رۆژی دوایش 3/10 واتە دوو رۆژ شیعر خوێندنەوە.

من لەم یادە پیرۆزەدا بەشیعرێکی عاتیفی بەشدار بووم، کە تاکە شیعر بوو لەو میهرەجانەدا لە سیاسەت نەئەدوا، پاشان لەلایەن دەستەی هەڵسەنگاندنی شیعرەکانەوە چوار کەس خەڵات کراین، واتە من و سەلام مستەفا و عوسمان شەیدا و محەمەد عومەر عوسمان. بێ گومان هەندێ لە ئامادەبووان نیگەران و ناڕازی بوون بەرامبەر بەو جۆرە بەشدارییەی من، کە گوایە لەگەڵ بۆنەکەدا نەبووم و شیعرەکەم عاتیفی بووە. دیارە ئەو بەڕێزانە عەقڵیان لە گوێ و چاویاندایە، دەنا نەدەبوو وا کوێرانە حوکم بدەن. چونکە من راستە لەو یادەدا لە سیاسەت نەدوام، بەڵام هەر ئەو کاتەی لە مایکرۆفۆنەوە شیعرم ئەگەیاند، پسولەیەکی فەرمانی وەزارەتی ناوخۆم لە گیرفاندا بوو، کە دوای ئەنجامدانی چالاکییەکی ئەمنی و سیاسیم تەکریم کرابووم و ئەبوو لە هەولێر بوومایە بۆ وەرگرتنی تەکریمەکەم. ئەمە جگە لەوەی لە کاتی نووسینی ئەم یاداشتەشدا، واتە شەوی 1993/3/11 بەنیازم بەیانی کاتژمێر 10. 30ی سەر لەبەیانی تا 1ی نیوەڕۆ خەریک بم بە ئەنجامدانی چالاکییەکی تر. من هەمیشە لەسەنگەردام، چاوەڕێش نیم هیچ کام لە پارتەکان سێبەر بگەیەننە، ئەو هەڵقرچانە بێدەنگ و نهێنییەی ناوەوەم. یان بە واتایەکی تر، من لەو میهرەجانەدا ویستم ئەوە بسەلمێنم، کە هەرگیز خۆم بە کەڵەبابی بەر مایکرۆفۆن نەزانیوەو ناشزانم. هەندێ ئەرکی نیشتمانی هەن، نایاندەم بە قەڵەمەکەم و سواڵی چەپڵەش ناکەم و بەنیازیش نیم خۆم تەرشیح بکەم بۆ هیچ دەزگایەکی باڵا و شیعر و نەڕە نەڕ پاسپۆرتی ئەو خەونەم بن.

بۆ نانەڕێنم؟! 1993/3/11





(20)

ئەمشەو ڕێکەوتی 18 1993/5/19 لەگەڵ دایکم و شێرکۆ لە ژوورەوەین و لە گەرما کراسەکەم داکەندووە، دیارە بەهارێکی درەنگەو گەر تاو نا تاوێک هەورو سەرما نەبووایەو خانووەکەش هەر خۆمانی تێدا بووینایە، ئەبوو لەدەرەوە، یا سەربان بنووستینایە. بەڵام چارمان ناچارەو دەبێ تەحەمول بکەین. وا بۆ 5 مانگ ئەچێ (م)م خۆشدەوێت، بەڵام چ خۆشەویستییەک، خۆزیا ڕووبارێکم قووتدایە و خۆشم نەویستبایە. بێ گومان من سروشتم وایە، لە خۆشەویستیدا زیاد لە پێویست دڵپیسم، ئەو ئافرەتەم هەراسان کردووە. بە ڕادەیەک کە ئێستا لێم تێکچووە خۆشی ئەوێم یان نا؟ ئەگەر لە ترسا خۆشی بوێم من چیم؟ نازانم و نازانم، ئاخ چ بەڵایەکە ئەم عەشقە؟ ئەترسم ئەمە شتێک بێت لە داهاتوودا هەڕەشە لە ساتە خۆشەکانی ژیانم بکات. سەیرە خەڵک عەشق ئەیانکاتە شاعیر و ئەو لە شیعری کردووم. ئێستا هەموو شتێکم شاعیر نەبێ، ئەو بووە بە هەموو شتێک لەلام شیعر نەبێت، چونکە وەک وێنەیەک لەژێر ئاوێکی خوڕا ببینم وام دێتە پێش چاو و تێی ناگەم. خۆم ڕاستگۆم، ئەشێ هەر ئەمەش بێت، کە وا بکات گومان لە ڕاستگۆیی خەڵک بکەم.

لەگەڵ گۆرانی شاعیریشدا ئەڵێم:

کە تێی ناگەم، کە نازانم ئەڵێ چی
بەڵام خوڕ خوڕ لەگەڵیا ڕۆحم ئەگری

دیسان ئەڵێم:

چییە ئەی (م)ی بێ کەنارو بێ پەی
لە من ناشارەزایی تۆ هەتا کەی؟





(21)

ئەمشەو 1993/10/28 کاتژمێر 9ی شەو، من و دایکم و شێرکۆو فاتحی مامم لە ماڵەوە دانیشتووین. لە دوێنێوە کە دەستمان لە ئیشی گڵەبانی دوو ژوورەکەی حامیە هەڵگرتووە، باران بەخوڕ ئەبارێ. ئای چ خەمێک دایگرتووم، بەڕادەیەک ئەڵێی ئەو بارانە لەسەر دڵم ئەبارێ، ئەوەتا لە ژوورێی کردووین و ترسی داتەپینی خانوەکەشمان لەولاوە بوەستێ.

ئەمشەو لە گشت کاتێ زیاتر بیری (م) ئەکەم، ئەوان لە مێژە ئەم گەڕەکەیان چۆڵکردووەو لێرەنین. بەڵام من واهەستەکەم، کە ئەمڕۆ ڕۆیشتوون. ئاخ (م) گیان من و تۆو باران تەواوکەری یەکتربووین. هاوڕێی نهێنی شەوانی سەربان و ڕۆژانی بەر سۆپا دارەکە بووین. ئێستا هەر ئێمەین، ئەی تۆ لەکوێی؟ من لە ناڵییەوە وام لەگەڵ باریندا خەم دامئەگرێ. پار زستان هەستم یەو خەمە نەئەکرد، چونکە باران شتێک بوو لەچاوی خەڵکی ئەشاردینەوە. باران بیانویەک بوو بە هۆیەوە ئەهاتمە بەر سۆپاکەتان و گوایە سەرمامە، یان خۆم وشک ئەکەمەوە. بەڵام ئەهاتم ئەو پارچەیەی لەشم تەڕ بکەم، کە باران نەیئەتوانی تەڕی بکات (دڵم)، تۆش چەند جوان بووی، کە پاش بەخێرهاتن ئەچویتە دەرێ و باوەشێ دارت ئەهێناو ئەتکردە ناو سۆپاکەوە و بەرامبەرم دائەنیشتی. لەو کاتەدا هێندەم خۆشئەویستی حەزم ئەکرد، وەک یەکێ لە منداڵەکانی ژوورەوە سەربخەمە سەر سنگت و بخەوم. زۆرجاریش کە سەیری چاوە ڕەشەکانتم ئەکرد، وام ئەزانی ئەنواڕمە دوو گۆشەی پڕ سێبەری مەیلەو سپی و هەستم بە ئارامی ئەکرد. تازە لەدەست چوو.. و .. رابردوو ناگەڕێتەوە، خۆزگە ئێستا لام ئەبووی. بمزتنیایە ڕۆژێک دێت ئەوەندەم خۆشئەوێی، قەت خۆشم نەئەویستی، وا بڕوا بەرگەی مانگێکی کە ناگرم. خۆزگە ئێستا لە درزێکی حەوشەکەتانەوە، چاو لێت ئەبوو، ئاخۆ ئێستا تۆش وەک من غەمباری؟! تۆ بڵێی ئێستا بیر لە من بکەیتەوە؟

کارەبا نییەو دڵم تاریکترە.. دەوەرەوە. خودایە خۆت غەمبار بیت و باران و بێ کارەباییش بەشت بن. باشە من ئەم زستانە چۆن ببەمە سەر.. تۆ بڵێی

بەهار ببینمەوەو لەگەڵ یەکەم دەم کردنەوەی خونچەدا بتبینم و بڵێم (گەورەم، گەر خۆشەویستی تۆ نەبوایە، چۆن ئەمتوانی 6 شەش مانگ لەگەڵ خەم و شەو و باران و تەنیاییدا تەواو بکەم؟
دەوەرەوە با سەرمان لە گوڵ و گیا نوقم بکەین.. ئەم وەرزە وەرزی دڵانەو ئێمەش خاوەن 2 دوو دڵی سەوزین، بۆیە رقمان لە پاییز و خەزانە.)

لەو رۆژەوە رۆییوی ونی لەبەرچاوم
خەنجەرێکم لەماو خوێنی خۆما رواوم

***

دە ببڕەوە تۆ ئەی کۆچی درێژخایەن
دوای شیعرو پێک وشەش داڵدەم نادەن

1993/10/28
گەڕەکی شێخان





# کتێبی قارەمان[17]

خوێنەری بەڕێز....

لەم نووسینەمدا، قسە لەگەڵ یەک رووی قارەماندا دەکەم، کە ئەویش قارەمانێتییەکەیەتی و بەس. کەواتە هیچ کام لەو کەسێتیانەی لەم کتێبەدا دەکەونەڕوو، تەنها بەرپرسیارم لەو لایەنانەیان کە پێی دەڵێن قارەمانێتی. هەڵبەتە هەر کام لەوانەش، هەڵگری ناوو نازناوی خۆیانن، نەک من. هەر سلبیاتێکیش کە هەبێ، شتێکی ترەو پەیوەست نییە بەم نووسینەمەوە. هەڵبەتە ئەوانە کێ بن و هەرچییەک بن، هەر ئەوانەن کە رۆژانێک ئێمە، دنیای گەورەو خۆشەویستی گەورەمان لێیان ئەویست. جا ئێستە کە داویانینەتێ، نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەو شتە گەورانە، خەڵکی گەورەشیان دەوێ، سیاسەت و جوڵەی گەورەشیان دەوێ. کەواتە کێن و چین ئەوانەی خەڵک و یاسا و جوڵەی گەورەیان پێ دەڵێن؟ با بێن بجوڵێن، با بێن بڵێن.. گەر راست دەکەن و دڵسۆزن. گەر سۆپەرمانی سەرسەرین و پاڵەوانی ناو خەون نین، خۆ کەس پێی لە ئاسن نەگرتوون. من خۆم دەمێکە لەوە گەیشتووم، کە زۆرن ئەوانەی، زۆر دەڵێن و کەم دەکەن. ئەمەش بەتایبەت ئەوانەی کە رواڵەت جۆرێک گیانی تەنیون" ئەسپی خۆیان ونکردووەو زۆرکەسن لە یەک کەسدا. لەکاتێکدا پێویستە مرۆڤ یەک کەس بێت لە زۆر کەسدا. ئەوانە تەقلیدییەت، بە رادەی نەگەڕانەوە سەرخۆ، گێلی کردوون. بۆیە لەگەڵ (رەسوڵ هەمزەتۆڤ)دا بە هەرکام لە زۆربەی هەرە زۆریان دەڵێم: **"تۆ ئەتوانی تەپلەیەکی وەک هی (لیو تۆڵستۆی) پەیدا بکەی، بەڵام سەرێکی وەک هی ئەو لەکوێ ئەهێنی؟"** هیوادارم کە هەر کەم و کورتییەک

---

[17]. (کتێبی قارەمان) پرۆژەیەکی تەواونەکراوی شاعیر بووە، کە ویستویەتی پیاوانی شۆڕش و بەرپرسانی شاخ بدوێنێت و لەو ڕێگەیەوە بەشێک لە مێژووی شۆڕش بنوسێتەوە. (ف)





لە نووسینەکەمدا هەبێ، نەکاتە ئەوەی بە کەم تواناو گێل ناو ببرێم، چونکە گەر بمویستایە زۆر زیاترو تۆکمەتر لەمە ئەدوام. بەڵام کارەکەم کارێکی مەیدانییەو زیاتر ریپۆرتاژە نەک شتی تر. ئومێد دەکەم لە داهاتوودا بتوانم وەک پێویست بگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە. لەکۆتایشدا دەڵێم:
پێنووسەکەم، شمشێری منە، هاوڕێ و شوناسی منە. جا کە ئێوە هیچ بایەخێک، هیچ هونەرێک، لەم شمشێرە هەڵکێشراوەی دەستمان نابینن، کوا شمشێرتان؟!

1992/11/17

ئەبوبەکر عەلی





## چاوپێکەوتنێکی شیعریی لەگەڵ کاک (ئەبوبەکر عەلی) شاعیردا: [18]

● جەنگی من لەگەڵ ڕەگەز نییە، ئەگەر وابێ لە ئێستاوە جەنگاوەرێکی دۆڕاوم..

● با شەقامەکان بە گوڵ سوور کەین، نەک بە خوێن.

ئامادەکردنی: تۆفیق محمد

خوێنەری ئازیز، کە بەرهەمی شاعیرێکیان ئەدیبێک دەبێتە هۆی تێڕامان و بیرکردنەوەمان، پاش ئەوە حەزدەکەین لە نزیکەوە بیروڕای خاوەن بەرهەمەکەش بزانین. بە ڕای من (ئەبوبەکر عەلی) یەکێکە لەو شاعیرە لاوانەی کە خاوەن دەنگی تایبەتی خۆیەتی. ئەم گفتوگۆیە جۆرە هەوڵدانێکیشە بۆ دەرچوون لەو بازنە داخراوە تەقلیدییەی کە زۆرجار شاعیر ناچار دەکات لە شتێک بدوێت، کە دوورە لە ئەرکە شیعرییەکەی. خاڵێکی تری گفتۆگۆکەش ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ پرسیارەکان کراوەو وەڵامەکانیش لەهەمان کاتدا وەرگیراوە ئەویش بەمەبەستی وروژاندنی زمانەکانی ناوەوەی خودی شاعیرە دەربارەی ڕاوبۆچوونی بەرامبەر بە حەقیقەتە شیعریەکان و بۆچوونەکانی سەردەم، کە ڕەنگە خوێندنەوەی بەشێکی عەقڵیەتی شاعیر بێت بۆ خوێنەر. سەرەتا حەز دەکەم بەم پرسیارە دەستپێبکەم:

پ / لەم وێرانە خاکەدا، لەم کوردستانی زام و برینەدا، لەناو ئەم تراژیدیایەدا تۆ چی دەڵێی، ئایا ئەم هەموو شتە ڕزیوانە لای تۆ چۆن ڕەنگیان داوەتەوە؟

---

18. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ 87، یەکشەممە 1993/8/29





وەڵام/ بەر لەهەر شت، من شاعیری دەربار نیم، ئەوەتا شەقامەکان خێمەی هەزاران رواڵەتی دزێون، کەوتن، برسییەتی، خوێن، تف، دز، چی و چی، من کێم لە شاعیرێک زیاتر؟
رەنگە زۆر جار لای من خاپوور بوونی شارێک، هێندەی بەلاداهاتنی شاخێک جێی سەرنجم نەبێ. من شاعیرم، نەک مێژوونووس. من جەنگم زۆر دیوە، بەڵام هەرگیز جەنگاوەرێکی شاعیر نەبووم. زۆر کارەسات گریاندوومیان، بەڵام مەرج نییە لەگشت کاتێک لەم کاتانەدا گریاوێکی شاعیر بووبم. من حەزم لە خەڵک نەچوونە، گەر سروشت بە گوڵ بیخوڵقاندمایە نەک ئینسان، ئەوساش حەزم دەکرد بە پێچەوانەی هەر گوڵێک بۆنم لە ڕەگەکانما بێ. هەڵبەتە ئەوساش وەک ئێستا لەگشت بۆنەو دەربارێکدا نەدەبینرام.

پ/ وا هەست دەکرێ لە شیعرەکانتا، رق و خۆشەویستی لە یەک کاتدا ئەدەیت بە ئافرەت، ئایا بۆچی؟ زۆرجار کە شیعرێکت ئەخوێنینەوە وامان دێتە بەرچاو کە ئافرەتی ناو شیعرەکانت، فریشتەیەو لەهەمان کاتیشدا شەیتان. ئایا ئەم رەنگدانەوەیە شتێکی تایبەتە بە باری دەروونی خۆت، یان ڕقێکە بەرامبەر بە ڕەگەزی ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی؟

و/ تۆ بڵێی جگە لە من، کەسێکی تر نەبێ رق و خۆشەویستی لەیەک کاتدا بدا بە شتێ، کە لە یەک کاتدا فریشتەو شەیتانیش بێ؟ نازانم من بۆ دەبێ ئەو کەسەیماڵی سووتاندوم، بەفری پێشکەش بکەم؟ تکایە بە هەڵەدا مەچۆ، جەنگی من لەگەڵ رەگەزدا نییە، ئەگەر وابێ.. من لە ئێستاوە جەنگاوەرێکی دۆڕاوم.
هێندە نەبێ کە لەم قۆناغە کۆمەڵایەتییەی ئێستاماندا، ئافرەت وەک پێویست ئینتمای بە ئەسڵی خۆیەوە نییەو ئەمەش جێی داخمە وەک شاعیرێک.

پ/ئایا پەتای تێکشکاندنی وشەو شێوانی زمان و ونبوونی (مانا) لە شیعری هەندێ شاعیری ئەمڕۆماندا بە گوناهێک نازانن دەربارەی شیعری کوردی، تۆ وەک شاعیرێک چی دەڵێی دەربارەی ئەم ....... تۆ بڵێی ئەو شاعیرانە ئەوەندە قووڵ بووبنەوە لە بواری مەعریفەتدا کە خوێنەر ناچار بکەن بۆ گەڕان بەشوێن سەرچاوەو پەراوێزی مەعریفی دا؟

و/ لەمڕۆدا ئەم دیاردەیە تەواو زۆرە، جێی نیگەرانیشمە. بە ڕای من هیچ پێویست ناکات، شتێک لە مانایەک زیاتری بدەینێ، کە ئێستا پێچەوانەکەی دەبینم. بۆ نموونە یەکێ لە هاوڕێ شاعیرەکانم زۆر بە زەوق و نەشئەوە ئەم دێڕە شیعرەم بۆ دەخوێنێتەوە (ئەمشەو خەریکی خواردنەوەی پێکی کەر بووم)، ئایا ئەمە لە شاشەیەکی درۆزن زیاتر چی ترە؟ زۆرن ئەوانەی لە بەرهەمەکانیاندا داوای جمودی بەشەڕی دەکەن. یان بە واتایەکی تر ئەو کارانەی کە هی مرۆڤن ئەیاندەنە شتی تر. چەم چۆن هەڵئەستێتە سەر پێ! پەیژە چۆن بەخۆیدا هەڵئەگەڕێ؟! یان شاعیرێک لە هەولێرەوە دەڵێ (تای لە مەمکان بەرد، تەمبور قوڕ) نازانم ئەمە چ مانایەک دەگەیەنێ؟ زۆر و زۆری تر.. ئای چەند ناخۆشە مرۆڤ لەوەی زیاتر پێ نەدرێ کە بینەرێک بێ و هیچی تر.. سەیرە! تۆ ببینی و شێرێک فیکە لێ بدا. باوەڕت بێ ئەوانەی وا ئەدەب بەکاردێنن، کە گوایە ئەم کارە نوێگەرییە، لە ڤایرۆسی ئەدەب بەولاوە چی تر نین.

پ/ لەم دنیا جەنجاڵەدا کە داماڵراوە لە هەموو بەها ئینسانی و ڕۆحییەکان، بێ گومان شاعیر دەکەوێتە نێوان دوو حاڵەتەوە، یان دەبێ (تەبا) بێ یان دوورەپەرێزی و ناتەبابوون. ئایا تۆ شاعیری ڕاستگۆ لە کارەکانیدا دەبینی؟

و/ شاعیرێتی، شاعیری ڕەسەن لە ناتەباییدایە لەگەڵ کۆمەڵدا، ڕایەڵەی داهێنانیش هەر لێرەوە دەبینم. تەبابوونی شاعیر لەگەڵ کۆمەڵدا، لە

سستکردنی گیانی شاعیرانەی زیاتر، لە درۆو دوو ڕوویی زیاتر چی تری لێ پێکنایەت. بۆ نموونە، ***من قەت لەگەڵ کۆمەڵدا تەبا نیم، کە ڕۆژی سەدان مرۆڤ بە پێش چاوی هەموانەوە کە کەس نازانێ بۆچی ئەکوژرێن!***

بەلای منەوە کەوتنی مرۆڤێک، بەقەد بەربوونەوەی ئەستێرەیەک سەرنجڕاکێشە.. هەر منیشم زۆرجار بە کۆمەڵم وتووە: با شەقامەکان بە گوڵ سوور کەین، نەک بە خوێن. بەڵام کۆمەڵ نەیبیست و نەیبیست. کەواتە من ناتەبام.

گەر شانازی بە خۆوە کردنیش هەبێت، من ئەو شانازییەم لێرەوە دەوێت.

## [19]"بەشێك لەو وتارەی کە (ئەبوبەکر عەلی) لە مەراسیمی 1ی ئایاری 1994 وەك نوێنەری دانیشتوانی حامیە پێشکەشی کرد"

هاوڕێیان چەژنتان پیرۆز، من سەرەتا بەناوی خەڵکی حامیەوە داوای پشتگیری لە هەمووتان ئەکەم و چەند نوکتەیەک هەیە، حەزئەکەم وەکو رووونکردنەوەیەک لەسەر حاڵی خۆمان لە حامیەدا باسی بکەم.

- ئەو حەملە ئیعلامییەی حکومەتی کوردستان لە رێگەی رادیۆو شاشەی تەلەڤزیۆنەکانییەوە ئەیکاتە سەر ئێمە، جگە لە هەوڵێک بۆ شێواندنی رای جەماوەر شتێکی تر نییە. ئەم کارەتەنها زەفەربردنە بە عەقڵی توێژێکی ناکامڵی مەحدود بە کۆمەڵگا و هیچی تر. دەنا ئەو بڕیارانەی بەرامبەر بە کێشەی تەجاوز لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوەو لە زمانی هاولاتی و فلان مەلا و فیسار هاولاتی ترەوە ئەدرێ. تەنها بڕیاری ئەوەندە هاولاتییەو بڕیاری هەموو گەل نییە. دەبێ ئەگەر وایە، با حکومەتی هەرێم تەنها یەک شەو شاشەی تەلەڤزیۆنەکانی بدا بە ئێمە، تا بزانین ئێمەش چەند بڕیارو رای پێچەوانەی ئەوانەی ئەو نیشان ئەدەین. ئەو کاتە دڵنیام ناچار حکومەتی هەرێم ئەبێ هەڵوێستەکانی بەتاڵ بکاتەوە بەرامبەرمان. چونکە بەتەئکید جەماوەرێکی زۆر لەوەی ئەوان زیاتر لەپشتی (ئا)کانی ئەوانەوە ئەڵێن (نا)، لەپشتی (بابڕوخێ)کانی ئەوانەوە ئەڵێن (با نەڕوخێ).
- ئایا ئێمە ئەو ژێر لەوحانەمان پێباشە؟ ئایا ئێمە پێمان باش ئەو حەزارەتەی کە حکومەتی هەرێم بەناوی ئەوەوە

---

[19]. سەعید ئەحمەد و ئارام عەلی، مەراسیمی 1ی ئایاری 1994 (نمایشێکی چینایەتی مەزن)، لە بڵاوکراوەکانی حککع، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی 1995، ل62 63.





ئیدانەی کەرامەتی ئێمەی دەکات، لەو دیو دەرگاکانمانەوە بێت؟ بێگومان نەء. دەی کەواتە ئێمە لەناو ئەو خانووە قوڕانەدا لەگەڵ مارو ئەسپێدا چی ئەکەین؟ گەر حەقیقەت بایی یەک میلی گرام لە ژیانی سەرانی حکومەتدا ماوە، بابێن خۆیان واتەنی لەنزیکەوە سەرنجەکانمان لە بێژنگی واقیعی بدەین. بابێین بپرسین، ئایا ژیان لای ئێمە ژیانی ئاژەڵە ئان ئینسان؟ ئەمە راستە ئێمە ئەم ژیانەی خۆشمان بە شایستەی خۆمان نازانین. بەڵام چی بکەین ناچارین پێی قایل بین. ئەی کە ناچارین بەو ژیانە قایل بین، وەک هێشتا بیر لە گۆڕینی ئەو ژیانە (قوڕینەمان) ناکەنەوە بە ژیانێکی وەک هی خۆیان (گوڵین)، بۆ هێندەشمان پێ رەوا نابینن؟! دەی باشە با کام مەسئولی حکومەت و (فەقیر دۆست) لەخۆی رائەبینێ، ئێمە بهمەرجی حامیەی بۆ چۆڵ ئەکەین، بابێ تەنها یەک هەفتە دەوامەکەی لەژێر ئەو لەوح و تەنەکانەی ئێمەدا بکات، نەک خەو و خۆراک. من دڵنیام هەر لە رۆژی یەکەمەوە ئیستقالە ئەدات بە حزبەکەی.

- وەک ئەو رۆژە لە دانیشتنێکماندا بە خۆشیانمان وت، دەی گەر باس لە گێڕانەوەی مومتەلەکاتی دەوڵەتە، ئێوەش مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی چۆڵکەن وبیدەنەوە بە حکومەتی هەرێم، لقی چواریش با چۆڵی کات وبیداتەوە بە دەوڵەت، ئیزاعەکەی کاکە حەمەش با چۆڵی کات و ببێتەوە بە زراعەکەی جاران و زۆر جێی تریش، ئەو کاتە ئێمەش حامیە چۆڵ ئەکەین. لەکۆتایی قسەکانمدا تەنها داوای پشتگیری لە بەڕێزتان دەکەم، کێشەی ئێمە بەڕاستی بەتەنها لەسەر دەستی ئێمە حەل نابێ، پێویستمان بە وزەی ئێوەشە، بە گیانی هاوڕێیانەی ئێوەشە.

## (نامە)

### ناودەمم پڕبووە لە وڕێنەی هەزاران ساڵەی بەشەڕیەت،
### بۆتە گۆڕستانی تەرمی ئەو گۆرانیانەی لەبار دەچن..

بەکر گیان.. چاوانی دەریا ماچ دەکەم، ڕێزم بە دایەو خوشکە کوێستان بگەیەنە.

وا من لەم مەملەکەتی چاوەڕوانییەدا، تەنیا شتێ سیمای ئینسانییەتی پێوەبێت، یادەکانە.. کە هەروا بە ئاسانیش یادگاری پەروەردە ناکرێت، چونکە قەدەر ئەو پیرەژنە کەسیرە، تەنیا هەر خەریکی ئارایشتی خۆیەتی و لەبەردەم ئاوێنەی (تاریکی) ون بووندا دانیشتووە و چاوی بڕیوەتە سۆمای خۆی.

بەکر گیان.. یادتان دەکەم، بیری تۆفیقی خۆمان دەکەم، لەبری من چوار ماچی بکەو بڵێ: هونەر هەمیشە وەکو هاوڕێیەکی بەئەمەک ڕێزت لێدەگرێت و بووەتە یەکێک لەو ئازیزانەی جێگەیەکی فراوانی لە ویژدانمدا گرتووە.

کاکی هێژام: تکام وایە بەرهەمی ئەدەبی خۆت و بەرنامەکانت و باسی خۆتم لە نامەیەکدا بۆ بکەیت و زۆر بەخێرایی بیدەیتە دەست (بەرهەم)ی برام، چونکە هەڵگری نامە زۆر نامێنێتەوەو زوو دەگەڕێتەوە ئێرە، جا بۆ خاتری ئەوەی فریای بکەون بەخێرایی بۆم بنووسن. چ تۆو چ کاکە تۆفیق، چونکە بەتایبەتی یادتان دەکەم و پێویستم بە هەواڵتانەو سۆراختان دەکەم.

جا ئەرکێکم هەیەو بۆ دیاری بکەن، ئەویش ئەوەیە بەپێی ئیمکان تۆو تۆفیق سێ چوار "سۆما"م بۆ پەیدا بکەن و بەشێوەیەکی تایبەتی بۆم ڕەت بکەن، بێ گومان هەر لەڕێگەی بەرهەمەوە.

زۆر حەزدەکەم قسەو باسی درێژتان لەگەڵ بکەم، بەڵام مەخابن هەلومەرج هەر ئەوەندەیە، پەنا بە دەرفەت بەسەرتان دەکەمەوە.

دەستتان دەگوشم..

براتان / هونەر تۆفیق

دیمەشق1992/5/25





# ئەبوبەکر عەلی[20]

*بەرزان عومەر عەلی*

چ جوانە.. ملوانکەی شین
مزگەوتی نوێژ.. . زەنگی کڵێسە
خاك.. دایك
چ باسە لە وڵاتی ئاخ
کۆچ.. . هاوار!!
پرسیار.. پرسیاری بێ وەڵام
لەگەڵ بوونی ئازاردا هەین
لە هاوینی تین.. لە سەرمای زستاندا
لەگەڵ دووکەڵی یەکەم جگەرەدا
مژت تێر.. پەنجەت زەرد.. دەستت زبر
لە چەقۆکەی بەر گیرفانی مەرگ تیژتر
لە بروسکەی ئەم هەورانە تووڕەتر
لەم بەهارەدا تۆ هەر ئازار
لە وڵاتی دینارو شەرم و دۆلار
نە کەلاوەیەك بۆ باران
نە بن سێبەری کۆشکی بۆرژواکان
نە دەفتەرێ بۆ شیعر
نە قەڵەمێ بۆ نووسین
شك نابەیت.
سەرمایەت، سەیوانە و نووستن
چ باسە.. . چ جوانەمەرگ و کاری زەمانە

---

20 بەرزان عومەر عەلی، نامیلکە شیعری (بوون)، 1993 سلێمانی، چاپی فۆتۆکۆپی.

لە دووتوێی یەك خەمتا
پڕ کەوە کوپەکەی خەیام
لە شەڕابە ڕەنگ خوێنەکەی دوو برا
چراو چاو
لەو نوێنانە دوورن
که پڕن لە ژێر پارەی بازاڕ
وا دەزانی تووڕەم
یان بێ تۆ هەم
یان ڕقم بەردەوامە
لەگەڵ گیرفانما گەورە دەبێ
تۆی بێ بەرگ و پێڵاو
تۆی بەخت ڕەش
ڕەشتر لە پرچی ئەو کچەی کە مرد
ڕەوی دوا شیعری پێ کردی؟
بۆ دەرگاو پەنجەرەکان ناپێچیتەوە
بۆ شەقام و گڵۆپەکان ورد ناکەی
کە ماڵتان نە گڵۆپێ نە ئاوازێ
وەك ڕێبوارێکی سڕ
سڕی دووریی ڕێگاو سەرما
سەری بۆ لێ تێکناچێ
تا لە کلاوڕۆژنەی ژووری بێ ئاگر
ببێتە میوانی شەوانەتان
کە بێ شەوچەرەو پێکەنین
چ جوانە..
شەڕ..
مار..
چ باسە لە سەرتاسەری شار

سێ دارە..
گۆڕ..
پەت.. یان دار
شیعرت مۆمە بۆ شەوی تار
خەڵك یەك ئاخ
تۆ هەزار ئازار.





# وتاری بنەماڵەی شاعیری شەهید (ئەبوبەکر عەلی) لە یەکەمینساڵیادی تیرۆرکردنیدا

سەرەتا بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەین..
ئامادەبووانی خۆشەویست، هاوڕێیانی کاکە بەکری جوانەمەرگ، ئامادەبوون و ماندووبوونتان مایەی هەڵوێست و وەفادارییە بۆ خوێنی بە ناهەق رژاوی شەهید بەکری شاعیر، کە هەگبەی تەمەنی پڕ لە ئاهـ وحەسرەتی، تەرخانی وشەی رەسەنی کوردی کردبوو. تا لەو روانگەیەوەو بە ویژدانەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆی بسەلمێنێت، کە گەلە ستەمدیدەکەمان پێویستی بە وشیارکردنەوەو تێکۆشان هەیە لەپێناو بەرەو پێشبردنی شارستانییەتی ئەم گەلە بن دەستە.
ئێمەی بنەماڵەی شاعیری جوانەمەرگ بە شانازییەوە لەیادی ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر گیان بەختکردنی ئەو مرۆڤە لەخۆبوردووە، وا یادی دەکەینەوەو مایەی سەربەرزییە بۆ بۆ ئەدیب و کەڵە نووسەرێکی ئاوەها، کە بەگیانێکی لەخۆبوردوویی و خۆنەویستییەوە داکۆکی لە مافی ئاوارەکانی حامیە کردو بووە پێشەنگی خۆپیشاندانێکی هێمنانەو مرۆڤدۆستانە. بەڵام ئەفسوس وەڵامی داخوازییەکەی کە سەرەتاییترین مافی مرۆڤ بوو، بە گوللە درایەوە. ئێمە دەڵێین گەرچی ئەبوبەکر عەلی کوڕی بنەماڵەکەمانە بەڵام دڵنیاین موڵکی هەموو کوردێکی رەسەن و هەموو دۆستێکی ئەدەب و شیعر و شاعیرە.
هەر لێرەوە دەڵێین، دەبا بەس بێ زمانی تیرۆر و کوشتن و بڕین، با گوێ لە بیروا جیاوازەکان و داخوازییەکان بگیرێنو چیتر خوێنی گەشی لاوەکانمان بە ناهەق نەڕژێ. با هەر کێشەیەک رووی تێکردین، هەوڵ بدەینبە گفتوگۆو عەقڵ و مەنتیق راڤەی بکەین و نەفرەت بکەین لە زمانی چەک و پیاوکوشتن. با بەندەکانی جاڕنامەی مافی مرڤ پەیڕەو بکەین و ئێمەش وەک گەلانی تری جیهان رێز لە پایەی مرڤایەتی بگرین





و چیتر لاڕێی بەربەرییەت نەگرینەبەرو لەبری تۆقاندن و کوشتن و راوەدوونان، لە خەمی ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان و پەیڕەوکردنی یاسا و چەسپاندنی عەدالەتدا بین.

هەروەک چۆن شەهید بەکری جوانەمەرگ لە هۆنراوەکانیدا باس لە ئازادی و گوڵ و پەپولە دەکات، دە با ئێمەش لە میحرابی مەزارە پیرۆزەکەی کاکە بەکری شاعیر و مرۆڤدۆستەوە پەندو ئامۆژگاری وەربگرین و ئیدی نەهێڵین دڵی دایکان لەوە زیاتر هەڵبقرچێ و رەشپۆش نەکرێن.

بژی ئازادی.. نەفرەت لە تیرۆر





# یاداشتی ئەکرەم محمد (چاوشین)

## گێرانەوەی یادەوەرییەکی تایبەت لە یادی 14 ساڵەی تیرۆرکردنی (بەکر علی) نوێنەری خەڵکی بێ خانەو لانەی شاری سلێمانی دا !

2008/9/1 چوارده ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر تیرۆرکردنی نوێنەری بێ خانەو لانەکانی شاری سلێمانیدا، ئەو نوێنەرە دڵپڕ لە خەمەی خەڵکی هەژارو بێدەرامەت، کە لەپێناو سادەترین داخوازی دا مافی ژیانیشی لێ سەندرایەوە.

(بەکر علی) خۆشەویست و هەست ناسک و شاعیری عەشق و جوانی بوو.

## (بەکر علی)م چۆن ناسی؟

بەیانییەک لە مانگی 1993/12 لە بنکەی یەکێتی بێکاران لە کوردستان/ سلێمانی دانیشتبووم لەگەڵ هاوڕێکانمدا، گوێم لە بەخێرهاتنی ژمارەیەک دەنگ بوو، کە لە هۆڵی بنکەکەوە بەرەو ژوورەکەی ئێمە نزیک دەبووەوە. ئەو هاوڕێیەی لە پرسگە دانیشتبوو خۆی کرد بە ژووردا و وتی هاوڕێ ئەکرەم ئەم میوانانە هەواڵی تۆ دەپرسن و دەڵێن بۆ سوپاسگوزاری ئەو هاتوین! بەڕاستی سەرم سوڕماو بە خۆشی و پێکەنینەوە بەرەو پیریان چووم و پێشوازیم کردن، بەڵام نەمدەزانی کێن و بۆچی هاتوون و سوپاسگوزاری چی دەکەن؟ بەخێرهاتنم کردن و خۆمم پێناساندن و وتم بەخێربێن بۆ بنکەکەتان و بفەرموون، کاسکێت بەسەرێکیان لەگەڵ بوو کراسێک و شەڕواڵێکی لەبەرابوو نەختێک ریش هاتوو، خۆی ناساند وتی: ناوم (بەکر)ە، بە (بەکر علی) ناسراوم و هاوڕێکانی کە لەگەڵیدا بوون پێناساندم و وتی(( ئێمە لە خانووە بێ تاپۆکانی (حامیەی کۆنەوە) هاتووین





و ئێمە ئەمشەو تۆمان بینی لە تەلەفزیۆنی (سۆسیالیست) زۆر دڵسۆزانە بەرگریت لە مافی ئێمە کرد. لە کۆبوونەوەی شارەوانی سلێمانی لە هۆڵی بازرگانی بەرامبەر هەموو نوێنەری حیزبە دەسەلاتدارەکان و حیزبەکانی تر و پارێزگار و سەرۆکی شارەوانی و نوێنەری وەزارەتی نیشتەجێ بوون و بازرگانەکان، بۆیە هاتووین سوپاست بکەین))، لە دڵی خۆما وتم ئەمە یەکەمجارە نارەزایەتییەکی جەماوەری ئاوا گەورە نەچووبین بەدوایداو خۆی رووی لە دەرگامان کردبێت بەو پەرۆشیەوە. بە ڕاستی شانازییەکی زۆر گەورەیان بە ئێمە بەخشی. هەر لەو یەکەم چاوپێکەوتنەدا من و (بەکر علی) بووینە دوو هاوڕێی زۆر نزیکی یەک و داوای ئەوەی کرد کە یەکێتی بێکارانیان بۆ باسکەم چییەو دوای قسەکانم یەکسەر داوایکرد ئەندامەتی ئەو قبوڵبکەین و هاوڕێکانی کە هاتبوون هەموو بوونە ئەندام و داواشی کرد کە بچینە ناو گەڕەکەکەیان (حامیەی کۆن) و لەوێش ئەو خەڵکەی کە زۆربەیان بێکار بوون ناونووسیان بکەین. من هەر لەوێدا وتم هەر خۆت نوێنەری ئێمەیت و دەتوانیت ئەو کارە بکەیت و ئێمەش دێین و هەر کارێک و هەر شتێک وەک ریکخراو بە ئێمە بکرێت ئامادەین بە هەموو شێوەیەک لەگەڵتا هاوکاری بکەین، سەبارەت بە کێشەکەیان تەرحی ئەوەمان کرد هەوڵبدەین گەڕەکەکانی تریش ببینین و ئەوانیش کۆبکەینەوە ئەو بیرۆکەیەیان زۆر پێ باش بوو. بڕیارمان دا بە کۆبوونەوەی گشتی گەڕەکی (حامیەی کۆن) دەست پێبکەین، دوای دوو رۆژ چوین و کۆبونەوەیەکی زۆر فراوانمان کرد و هەر لەوێش (بەکر علی) بوو بە نوێنەری هەڵبژێردراوی گەڕەکی حامیە. ئەم نوێنەرایەتییە زۆر گرنگ بوو چونکە لە کۆبونەوەکەی شارەوانیدا تەنها من و( ئازاد حەمە علی) وەک نوێنەری یەکێتی بێکاران لە کوردستان لەوێ بووین و کاتێک پرسیم بۆ نوێنەری خانووە بێ تاپۆکان نەهاتوون وتیان ئەوان نوێنەریان نییە!





## (بەکر علی) بوو بە نوێنەری خەڵکی بێ خانەو لانەی سلێمانی؟

پاش هەڵبژاردنی (بەکر علی) دەست کرا بە پەیوەندی گرتن بە گەڕەکەکانی ترەوە لە دەوروبەری شاری سلێمانی وەک گەڕەکەکانی (قالاوە و لای گردی سەیوان و حاجیاوە و وڵوبە و.. . هتد) لە هەموو گەڕەکەکان کۆبوونەوەی گشتی سازدرا و نوێنەر ئامادە کرا. لە کۆبونەوەی هەموو نوێنەرەکاندا لە بنکەی یەکێتی بێکاران لە کوردستان / سلێمانی (بەکر علی) وەک نوێنەری هەموویان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ دەسەڵاتداران دەستنیشان کرا، بەڵام من وەک نوێنەری یەکێتی بێکاران هەر لەگەڵیان مامەوە ئەویش نوێنەرەکان بە یەکەوە ئەو بڕیارەیان دا کە دەبێت ئێمە لە هەموو نوێنەرایەتییەک لەگەڵیان بین، تا گەیشتن بە ئەنجامێک لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کێشەکەیان. هەموویان ڕێگە چارەکەی ئێمەیان پێ دروست بوو ئەویش پێدانی زەوی، یان دروستکردنی باڵاخانەی نیشتەجێبوون (شقق سکنیە) لەجیاتی ئەو شوێنانەی کە دەبێت چۆڵیان بکەن.

بۆ یەکەم جار پێکەوە سەردانی پارێزگاری سلێمانیمان کرد؟

لەگەڵ (بەکر علی) و چەند نوێنەرێک و خۆم نامەیەکمان ئامادەکرد بۆ بینینی پارێزگار (مامۆستا جەمال عبدول) لە مانگی 1994/1 دا بوو کە چوین، چونکە پێشتر زۆر هەوڵمان دا بەبیانووی ئەوەی سەرقاڵی جەردی ساڵانەن کۆبونەوەکانیان دوادەخستین. بەیانیەکیان لەگەڵ (بەکر علی) و دوو کەسی تر خۆمان ئامادەکرد بۆ لای پارێزگار پێش چونە ژوورەوە داوایان لە من کرد، کە من وەک نوێنەری هەموویان قسە بکەم، منیش پێم باشبوو یەکێک لەوان قسە بکات (بەکر علی) وتی من قسە دەکەم بەس دوای تۆ ئەگەر پێویستی کرد. بەو شێوەیە خۆمان ئامادەکرد و ڕێککەوتین، کە دانیشتین لەگەڵ پارێزگار و فەرمووی لێکردین کە بۆچی هاتووین من قسەکانم کرد و سەیرێکی هاوڕێکانم کرد، کە ئەگەر شتێکم بیرچووە ئەوان تەواوی بکەن بەڵام وادیار بوو قسەکانمیان بە دڵ بوو هیچیان نەوت. پارێزگاری سلێمانی(مامۆستا جمال عبدول) دەستی کرد بە قسەو باسی





ئەوەی کرد، کە حکومەتەکەمان ساوایەو توانای ئەوەی نییە هەموو شتێک بکات و ئەنجا وتی ئەو خانووانە زیادەڕۆیین و دەبێت تێکبدرێن و ئینجا وتی، دەبێت ئێوە سوپاسی ئێمە بکەن، کە حکومەتی هەرێممان دروست کردووە، کە زۆر جێگای شانازییە و زۆر قسەی تر. کە قسەکانی تەواو بوو یەکسەر (بەکر علی) دەستی کرد بەقسە و قسەیەکی کرد کە لای من قەت بیرناچێتەوەو زۆر بە ئیرادەوە وتی "جەنابی پارێزگار من دەمەوێت وەڵامی کۆتایی قسەکانت بدەمەوە وەک نوێنەری خانووە بێ تاپۆکان (ئێمە سوپاسی هیچ سەرەتایەک ناکەین تا کۆتایی نەبینین) دوواتر ئێوە پێتان وایە ئێمە دڵمان بەو خانووە قوڕو بەردو دارە خۆشە، کە دروستمان کردووەو شەوانە لەگەڵ مارو دوپشکا ڕۆژ دەکەینەوە و نە ئاومان هەیەو نە کارەباو نە هیچ خزمەتگوزارییەک و کەسیش خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لە ژیانی ئێمەو هیچ بەڕێوەبەرایەتییەک وەڵاممان ناداتەوە ئیتر سوپاسی چی بکەین" پارێزگار کە ئەم قسانەی بیست زۆر نارەحەتی پێوە دیاربوو، چونکە بۆیە ئەو قسانەی کرد پێی وابوو ئەوەی من ئەیڵێم قسەی خۆمەو ئەوان ئەو قسانە نازانن، بەڵام ئەوەی (بەکر علی) وتی زۆر لە قسەکانی من کاریگەرتر بوو. هاتینە دەرەوەو هیچ وەڵامێکمان وەرنەگرتەوە تەنها ئەوە نەبێت، کە وتیان پێشنیارەکانتان قسەی لەسەر دەکەین و وەڵامتان ئەدەینەوە و یەکەم کۆبوونەوەمان کۆتایی هات بەم جۆرە و گەڕاینەوە.

## پەیوەندی من و(بەکر علی) هاوڕێیانەو متمانەمان بە یەک بەهێزتر بوو؟

ئێمە چاوپێکەوتنەکانمان بەردەوام بوو پێکەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە یەکتری نزیک ئەبوینەوە و لە بیروڕاو تێگەیشتنەکانمان بۆ دنیا و ژیان. ڕۆژێکیان (بەکر علی) وتی ئەزانی لەو ڕۆژەوەی تۆم ناسیوە هەست دەکەم ژیانم گۆڕاوەو باوەڕم وایە مرۆڤ نابێت بێ هیوابێت لە ژیان و هێشتا خەڵکێک هەیە لەم ژیانە بۆ مرۆڤەکان هەوڵدەدەن، منیش یەکسەر پەنجەم بۆخۆی ڕاکێشا وتم بیرت نەچێت خۆت یەکێکی لەو کەسانە وتی، تۆ بڵێی





چاوشین گیان؟ (بەکر علی) هەمیشە بە چاوشین بانگی ئەکردم لە گفتوگۆکانماندا پێشتر پێم ناخۆشبوو ئەوە ناسناوم بێت، بەڵام هێندە بەدەمی ئەو خۆشبوو لای خۆشم وشەکە ئاسایی بۆوە دواتر زۆربەی خەڵکی خانووە بێ تاپۆکان ببونە ئەندامی یەکێتی بێکاران و دوای فراوانبوونەوەی کارەکانمان لەنێوان ئەندامانی گەڕەکدا (ئازاد کەریم و ئازاد حمە علی) بێکاران وەک نوێنەرانی یەکێتی بێکاران هەمیشە هاوکارو هاوڕێی هەردوکمان بوون و بۆ زۆربەی کۆبونەوە گشتی و قسەو باسەکان لەگەڵمان بوون.

## خۆ ئامادەکردن بۆ یەکی ئایار رۆژی هاوپشتی جیهانی کرێکاران:

کێشەی خانووە بێ تاپۆکان هەر بەردەوام بوو لەگەڵ شارەوانی و پارێزگادا هەر ماوەیەک بێدەنگ دەبوونەوە ئەویش بەهۆی ناجێگیری ناوخۆی حیزبەکان خۆیان بوو (شەڕی بزوتنەوەی ئیسلامی و ینک) و(حشع و ینک) هەتا (ینک و پدک) تاکو ژیانی خەڵکی کوردستانیان بەتەواوەتی شێواند و سیمای شەڕ سەرتاپا جێگای سیمای کۆمەڵگای شارستانی خەڵکی کوردستانی رووپۆشکرد. ئێمە خۆمان ئامادەکرد بۆ مەراسیمی یەکی ئایاری 1994 بڕیاربوو خەڵکی خانووە بێ تاپۆکان پێکەوە بەشداربن، (بەکر علی) نوێنەرایەتی هەموویان بکات لەگەڵ یەکێتی بێکاران لە کوردستان ئەوە بوو لە نیوەڕۆی 1994/5/1 خەڵکی گەڕەک کۆبوونەوەو (بەکر) خۆی هەندێک دروشمی سادەی نووسیبوو، خستبویانە سەر لافیتە و کارتۆن و بە دارەوە حازرکرابوون بۆ بەرزکردنەوە لە رێپێوانەکەدا بەرەو کۆبونەوەی مەراسیمی شار لە یاریگای گشتی سلێمانی یەکێک لەو دروشمانەی (بەکر) پیشانیدام. داوای کرد تا بزانێت بیروڕای من چییە لەسەری ئەو دروشمە (بەڕێز حکومەتی هەرێم.... گەر نان نییە کوانێ جێم) من دەستخۆشیم لێکرد بۆ هەر کارێک و هەر دروشمێک رەنگدانەوەی داخوازی ئەوان بێت دروشم و ئارمی یەکێتی بێکاران لە پێش رێپێوانەکەوە بوو کەوتینە رێ زۆر





ڕێکخراو هێمنانە بەدەم وتنەوەی دروشمەکانەوە بە بەردەم پارێزگای سلێمانی بەرەو گەڕەکی چوارباخ و یاریگای گشتی(مەلعەبەکە) سلێمانی کەوتینە ڕێ و سەیارەیەکی بەرازیلی لە پێشمانەوە بە بڵندگۆوە دروشم و سرودە کرێکارییەکانی دەخوێندەوە سیماو شۆڕو شەوقێکی زۆری دابوو بە بەشداربووان. خەڵکی خانووە بێ تاپۆکان بەخیزانی بەمناڵ و ژن و پیاوی گەنج و پیرەوە بەشداربوون ئەویش بەهەمان شێوە لەسەر داوای (بەکر علی) بوو، دەیگوت با بزانن ئەو کەسانەی لەو خانوانەدا ژیان بەسەر دەبەن کێن و چۆنن کە بە ڕاستی دیمەنێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی هەبوو ئەو بەشداربوونە بەکۆمەڵەیان لەو ڕۆژەدا. لەو ڕۆژەدا (بەکر علی) وتارێکی ئامادەکردبوو زۆر دوورو درێژ بوو بەرنامەکانی مەراسیمەکەش زۆر زۆر بوو ماوەش زۆر کەم مابۆوە و (ینک و پدک) دەیانویست داری شەڕەکەیان لەسەری ئێمەیا بشکێنن چونکە بەتەمای شەڕ بوون بۆیە لیژنەی بەرێوەبردنی مەراسیمەکە دەیانویست زوو کۆتایی بە کارەکان بهێنرێت، تا خەڵکەکە لەو گێژاوە بپارێزین، چونکە هێزێکیان لە لیوای تایبەت هێنابوو تەنها بۆ دروستکردنی هاوارو هەڵاو ژاوەژاو کردن لەکاتی قسەکاندا بەڵام لیژنەی ئەمنیەتی مەراسیمەکە و سەرجەم هاوڕێیان ڕێگەیان نەدەدان لێمان تێکدەن هەر لەوێشدا (بەکر علی) چەند جارێک دەنگی هەڵدەبری و پێیدەوتن (ئێمە تەنها ڕۆژێکمان هەیە دە لێمانگەڕێن تا پڕ بەگەرووی خۆمان هاوارو قسەی خۆمان بکەین ئەم ڕۆژەشمان پێ ڕەوا نابینن)، هەرچۆنێک بوو من لەگەڵ (ئازاد کەریم) توانیمان لە بەرنامەی کورتکراوەی مەراسیمەکە تەنها چەند دەقیقەیەک بۆ وتارەکەی (بەکر علی) وەک نوێنەری خانووە بێ تاپۆکان بڕەخسێنین، چونکە ژمارەیەکە زۆری بەشداربووان چاوەڕوانی ئەو وتارەی ئەویان ئەکرد وەک خەڵکی گەڕەکە بێ تاپۆکان من و (بەکر علی) چوینە سەرەوە بۆ شوێنی خوێندنەوەی وتارەکەی وەک هەموو نوێنەری ناوەندەکانی تر بەشداریان کرد بوو. پێشتر (بەکر) وتی هەوڵدەدەم زۆر بە کورتی بیخوێنمەوە، وتارەکەیسادەو سەرنج ڕاکێش بوو خەڵکی بۆ یەکەمجار بوو هاوار بکەن وتاربێژێک وتەکەی دووبارە بکاتەوە ئەویش





کاتێک وتی ((ئەگەر کاربەدەستان بەقەد یەک زەرە ویژدانیان تێدایە با بێن تەنها بۆ یەک رۆژ لەناو ماڵەکانی ئێمەدا ژیان بەسەر بەرن)) هەروەها وتی((ئێمە بەکاربەدەستان دەڵێین مادام کێشەکە باس لە تەجاوزە زۆرباشە هەرکاتێک لقی چوار و مەڵبەندی یەک و مقەڕەکەی کاکە حەمەی حاجی محمود لە دایەرەی زراعە چۆڵیان کرد و بیناکانیان دایەوە بە دەوڵەت ئەوا ئێمەش چۆڵی دەکەین بۆتان)) ئەو وشانەی هێندە هەستی بەشداربووانی وروژان هەموو بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد بیڵێرەوە بەناچاری بە کورتی دووبارەی کردەوە لەگەڵ رێزگرتنی زۆری بۆ ئەو ماوە کورتەی بۆی دانرابوو چونکە تا دەهات کات کەم دەبووەوە.. .

## (بەکر علی) هەڕەشەی لێکرا

لە دوای ئەوەی (بەکر علی) هاتەوە ناو خەڵکەکە، ئاگاداری کردمەوە وتی:

- هەندێک چڵکاو خۆر هەرەشەیان لێکردم.
  - وتم، ئاگات لەخۆت بێت.
- تۆش ئاگات لەخۆت بێت،
  - بۆ کێ چوون؟
- دوایی قسە ئەکەین.
  - باشە من دێم لەگەڵت
- نا تۆ خۆت بپارێزە خەمی منت نەبێت.

بەڵام وردەکاری لای خۆشی زۆر نەبوو وەک دواتر قسەمان کرد چەند کەسێک کە سەربە (ینک) بوون هەڕەشەیان لێ کردبوو و ئەوەی بە من وت کە ئەندامی ئەوان بووە و وازی هێناوە لێیان. وتم کێشەکەیان ئەوەیە تۆ بۆ خەڵک بڕیارتداوە ئیش بکەیت نەک بۆ ئەوان وتی منیش هەر ئەو بڕیارەم داوە چونکە ئەمانە دژی ئێمەی کرێکار و زەحمەتکێشن بۆ ئەو مەبەستە داوام لێکرد کە دەکرێت، بێت لەگەڵ من بۆ ماوەیەک بمێنێتەوە لە ماڵی خۆمان





وتی بابزانم چۆن دەبێت جارێ، هەر بۆ هاودەنگی (ئازاد کریم) پێم وابێ چەند شەوێک لەماڵیان مابۆوە بەردەوامیش لە هەواڵی ئاگاداربووین هەموو.

## بڕیاری جێهێشتنی شاری سلێمانی؟

(بەکر علی) بڕیاری دا کە سلێمانی بۆ ماوەیەک بەجێبهێڵێت چونکە بە بەردەوامی هەستی بە بوونی جاسوس و راوەدونان ئەکرد و ژیانیان لێ تاڵ کردبوو. هەروەها سەرەتای شەڕی ناوخۆی (ینک و پدک) دەستی پێکردبوو، پێش رۆشتنی داوای کرد بیبینم باسی لەوەکرد لەسەر بەیاننامەکەی یەکێتی بێکاران لە کوردستان ئێمە لە گەڕەکی خۆمان رێگامان لە دوو هێزی (پدک و ینک) گرتوە شەڕ بکەن لە ناو گەڕەکەکانی ئێمەداو زۆر سەرکەوتووانە دەرمانکردونەتە دەرەوە. دەستخۆشیم لێکردن و وتم دەبێت هەوڵبدەین هەموو خەڵکی شارەکان چاو لە ئێوە بکەن. وتی، زۆر باشە بەڵام زۆر قورسە ئەمانە دڕندەن دەستان لێ دەوەشێنن ئێوە وەک من نایاننناسن. وتم ئەگەر خەڵک لەگەڵمان بن هەموو شتێک دەکەین وتی من باوەڕی تەواوم بە دڵسۆزی و چاونەترسی ئێوە هەیە، بەڵام من وەک خۆم دەبێت ئەم شارە جێبێڵم باشترە. وتم تۆش بڕۆی ئێمە هەر ئەمێنین لەگەڵ کێشەکەتاندا. وتی، دڵنیام لە ئێوە. باوەشمان بەیەکدا کرد و ئیتر نەی وت بۆ کوێ دەچم تەنها ئەوەندەی وت، کە هەر دەرفەتێکی بۆ رەخسا خۆی پەیوەندیم پێوە دەکات. من پێم وابوو دەڕوات بۆ دەرەوەی وڵات، یان لە لادێیەک لە لادێکانی دەرەوەی شار ئەو رۆشت، دواتر هەواڵیم زانی کە لە هەڵەبجەیە و نەبۆتە پارتی و وەک کەسێکی بێ لایەن خەریکی شیعر و کاری شانۆگەرییە لەو ناوچەیەی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامییەکان و پارتی کاتی شەڕی ناوخۆ بوو.





**سەرهەڵدانەوەی کێشەی خانووە بێ تاپۆکان لەگەڵ دەسەلاتی (ینک):**

مەینەتی خەڵکی کوردستان لەوەدابوو هیچ حکومەتێک نەمابوو دەسەلات بە هەموو شێوەیەک میلیشیایی بوو، هیچ سیمایەکی شارستانی بۆ دەسەلات بەدی نەدەکرا. کەچی وازیان لە خەڵک نەدەهێنا لە ماڵەکانیشیان دانیشن لەو سەرپەنایانەی دروستیان کردبوو بۆ خۆیان. ئەو حیزبانە ببوونە حیزبی دژی بینای دووقات هەر شوێنێک بەرزبوایە لە یەکتریان دەکرد بە سەنگەری شەڕ، کەچی باسیان لە زیادەڕۆیی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش دەکرد. ئێمەو کێشەی خانووە بێ تاپۆکان و حکومەتی دابەشبووی حیزبەکانی هەرێم داینەوە پارێزگار گۆڕابوو (سالار عزیز) بوو بە پارێزگاری سلێمانی ماوەی مانگێکیان دانا بۆ خانووە بێ تاپۆکانی دەوروبەری شاری سلێمانی دیسانەوە هەموو نوێنەری گەڕەکەکان هاتن و کۆبوینەوە لە بنکەی یەکێتی بێکاران لە کوردستان/ سلێمانی لە 1994/7/29. ئاگادارییەکە درابوو پێیان، کە یەکەم شوێن گەڕەکی حامیەی کۆن دەبێت چۆڵی بکەن و دەچنە سەریان بە پۆلیس و شۆڤڵەکانی شارەوانی. خەڵکەکە زۆر ناڕازی و نائارام بوون لەوەی چارەنووسیان چی بەسەر دێت، چونکە ئەم جارەیان دیبوویان چۆن ئەو دڕندانە خەڵک بێباکانە خەڵتانی خوێن دەکەن، وەک هەردوو حیزبەکە بەیەکیان کردبوو بەبەرچاوی خەڵکەوە. هەندێک لەو گەڕەکانەی دەوروبەری شار بڕیاریاندا وتیان ئێمە هەرچی بێتە سەرمان بە چەک وەڵامی ئەدەینەوە ئەمانە گوێمان لێ ناگرن بەڵام هەر لەگەڵیشتان دێین بۆ گفتوگۆ. رازیم کردن قەت واز لە گفتوگۆ نەهێنن، وتیان باشە قەت پشتتان بەرنادەین چونکە ئێوە بۆ ئێمە هەوڵدەدەن. چوینەوە لای پارێزگار بەڵام ئەم جارەیان (بەکر علی) مان لەگەڵ نەبوو هەموو داوایان کرد، کە هەر دەبێت من قسە بکەم وەک نوێنەری ئەوان، چوینە لای پارێزگار(سالار عزیز) لە1994/8/2 هەر کە پارێزگار سەیرێکی کردین یەکسەر زانیم شەڕێکمان لەگەڵ دەکات. ئەوە بوو من لەو دانیشتنەدا بەندکرام و فڕاندمیان بۆ شوێنێکی شاراوە وردەکاری ئەوەش دادەنێم بۆ





باسێکی تر. من بەربووم رۆژێکیان لە پڕێکدا کەسێک وتی چاوشین گیان کەفارەتت بێت زۆر دڵخۆشبووم، کە دەنگی (بەکر علی)بوو. وتم ئەوە چۆنە گەڕایتەوە وتی بیستم گیراوی خۆم بۆ نەگیرا و تۆ لەسەر کێشەی ئێمە بگیرێیت و هەڕەشەت لێ بکەن و منیش خۆم بشارمەوە. بە ڕاستی چەندم پێ خۆشبوو هێندەش خەمیم بوو، چونکە دەمزانی ئەویش وەک من دەگیرێت پاش چەند رۆژێک(بەکر علی) گیرا و ئیتر دەستمانکرد بە نووسینی بەیاننامە و لافیتەی مەحکومکرنی ئەو هێرشانە ئەوەبوو، لەژێر ئەو ناڕەزایەتی و فشارانەدا ئەویش بەربوو. کە بەربوو وتی نامەیەکم بۆ ناردیت لە بەندیخانەوە بە دەستت گەیشت؟ وتم نا هیچم بە دەست نەگەیشتووە. وتی، لە وەرەقی پاکەتی جگەرەیا بۆم نووسیبووی. وتم، سوتووەکەشیم نەدیوە. بەهەرحاڵ وادیاربوو ئەوەش فێڵێکی تر بوو لەویان کردبوو تابزانن چی دەنووسێت. خۆشی وتی هیچی تێدا نیە تەنها ئاگادارکردنوەی تۆ لە وەزعی خۆم تا خەمی منت نەبێت وتم باشە (بەکر)گیان دەبێت لەمەودوا نەختێک بەئاگا تر بین. بەتایبەتی من و ئەو، حسابی ئەوەم ئەکرد هەر لایەکیان شتێکمان لێبکەن ئەیهێنن بەسەر لایەکەی تردا و پەردەپۆشی ئەکەن پێش چەند رۆژ لە وادەی تەواوبوونی ئاگادارییەکە، ئێمە لە 1994/8/25 کۆبوینەوە لەگەڵ نوێنەرەکان، ئێمە وەک یەکێتی بێکاران پێمان باشبوو خەڵکەکە بمێننەوە لە گەڕەکەکانی خۆیاندا و ئێمەش لە ئاستی ناوخۆو جیهانیدا پشتیوانیان بۆ کۆبکەینەوە و بەهەمووان رێگە نەدەین رووخاندن و دەستدرێژی رووبدات. بەڵام وەک خانووەکانی حامیە بڕیاردرا، کە رێپێوان بکەن. ئێمە نوێنەرەکانمان گۆڕی لەجیاتی من، (ئازاد کریم) و لەجیاتی (بەکر علی) پیاوێکی بەتەمەن بوو بەناوی (عبدالله) لە ناو خەڵکی حامیە، لەبەر دوو هۆ:

1- ئێمە گیرابوین و بەرچاو بووین وا باشتریش بوو خەڵکی تریش بێنە پێش بۆ هەر ئاڵوگۆڕێک گەر رووبدات پێویستمان بەوە هەبوو ئەگەر ئێمەش نەبین ئەو هەولانە بەردەوام بن بۆ چارەسەری کێشەکە.. .

2 لەلایەن کەسێکەوە ئاگادار کرابوینەوە، کە پیلانێک هەیە لەو رۆژەدا بۆ تیکدانی خۆپیشاندانەکەو تیرۆرکردنی من و (بەکر علی) لەو شوێن و کاتەدا. ئەگەر چی هەردوکمان ئەو ئاگاداریيەمان بە هەند وەرنەگرت، بەڵام بڕیارماندا ئەو رۆژە هەردووکمان لەو خۆپیشاندانەدا نەبین لانی کەم بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانەکە و هەوڵی تێکدانی.. .

من نەچووم لەو شوێنەی بڕیاربوو (بەکر) ببینم نەهات. شوێنی یەکتر بینینمان زۆر دور نەبوو لە شوێنی خۆپیشاندانەکە، کە لەبەردەم پارێزگای سلێمانیدا بوو، دڵم کەوتە ناڕەحەتی، کە بۆچی (بەکر) دیار نییە. بڕیارم دا منیش بچم تا بزانم لەویَ نییە، چونکە ئەو بڕیار بوو کەسێک دانێت بۆ گەیاندنی هەواڵەکان بە من و(بەکر) کەچی نە خۆی و نە کەسەکە دیار نەبوو. پێم وابوو (بەکر) کاتێک خۆپیشاندانەکەی دیبوو دڵی نەهاتبوو بەجێی بهێڵێت. بەڵام ئەوەشم بیست کە چەند کەسێک لە خشتەیان بردووەو پێیان وتبوو کە ئەوە ترسنۆکییە و نامانەوێت بەشداری بکەین. بەڵام بەداخەوە من لە رێگادا بووم گوێم لە تەقەکان بوو، یەکسەر رێگام گۆڕی و وتم کارەساتێک روویدا. هیوادار بووم کەس نەبووبێتە قوربانی ئەو کارەساتە و تەنها تەقەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرەکان بوبێت. لەو کاتەدا یەکێک لە خۆپیشاندەرەکانم دی کە ئەندامی یەکێتی بێکارانیش بوو زۆر پەشۆکابوو، وتم ئەوە چییە؟! وتی بڕۆ دوورکەوەرەوە لێرە نیشتنە سەر (بەکر علی) و کردیان بە هەراو تەقەکردن ویستیان بیگرن و بریندارە. وتم لەکوێیە وتی پێم وایە لە کۆڵانەکەی لای باخچەی گشتیەوەیە، بە ڕاستی نەمدەزانی چی بکەم و چۆن بچمە ئەو ناوە دواتر کەسێکی ترم دی وتی (بڕۆ بەکر منی نارد پێش تەقەکان، کە بەتۆ بڵێم نەیەیت و ئاگات لەخۆت بێت) وتم ئەی کوا خۆی وتی نازانم بەس زۆر وەزعی خراپ بوو، کە منی نارد و وتی خۆشم ئەڕۆم لێرە باش نییە بۆمن چونکە هەوڵیان دەدا بیفڕێنن. وتم کێ؟ وتی پاسەوانەکانی پارێزگا. ئیتر هەر گرم گرت دەبێت چۆن بزانم چی بووە؟ دواتر هەواڵی ئەوەم بیست کە بە برینداری تیرۆر کراوە بەدەستی چەکدارو پاسەوانانی پارێزگا و رێگاشیان گرت لە هەر

شێوازیک بۆ بەخاک سپاردنی تەرمەکەی" چونکە بکوژان حاکمانی ئەو بستە خاکە بوون کە تێیدا نێژرا.

## پەیامی ئەم یادە دڵتەزێنە !

(بەکر علی) جێگای چۆڵە لە ناو ئێمەی هاوڕێیدا، بەڵام هەموو کات وتەکانی(با شەقامەکان بەگوڵ سور بکەین نەک بە خوێن) لەگوێمدا دەزرنگێتەوە و بۆ کورتترین ماوە لە ژیانمدا هاوڕێمبوو. بەڵام ئەمڕۆ 14 ساڵە یادی ئەو هەمیشە زیندووە لە ناخمدا و لە ناو بزوتنەوەی کرێکاری کوردستان دا، بە یەکێک لە خەباتکارانی ئازادی و یەکسانی و گیان بەختکردوانی دنیایەکی باشتر دەژمێردرێت. پێش لەدەستدانی ئەو ئازیزە لەسەر داوای خۆی بۆ ئەندامێتی لە (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) دا لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری خانووە بێ تاپۆکاندا رادەگەیەنێت و من شاهیدی ئەو ئاواتەی بووم و هیوادارم ئاواتەکەی ئەو بۆ هێنانەدی دنیایەکی باشتر لە رێگای پتەوبوونی ئەو حیزب و بزوتنەوەیە لە عێراق و کوردستان و جیهان دا بە پەیوەستبوون و رێکخراوبوونی ریزی فراوانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بێتە دی.. بەو هیوایەم چۆن هەموو ماڵەکانی حامیە ئاڵای رەشیان هەڵکرد لەسەر ماڵەکانیان بۆ تیرۆری رابەرەکەیان ئاوەها ئاڵای سوری خەبات ئیرادە و بەرخۆدان و سەرکەوتنی ئاواتەکانی(بەکر علی) و هاوڕێیانی لەسەر هەموو ماڵە ئاوەدانەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ هەتا هەتایە هەڵکرێت و ژیانی ئازادی و یەکسانی و سۆسیالیزم جێگای هەموو کوشتن و شەڕو ئاوارەیی و نەدارییەک بگرێتەوە.. .

**بەرزو بەڕێزبێت یادی گیانبەختکردنی نوێنەری بێ خانەو لانەکانی کوردستان (بەکر علی)...**

**بەرزو بەڕێزبێت یادی هاوڕێی ئازیزو خۆشەویستی کرێکاران و بێکاران**

**2008/9/1**

# ئەو چالاکیانەی لە دژی گوللەبارانکردنی (بەکر عەلی) لە ئەوروپا بەڕێخران

بەشێک لەراپۆرتی بڵاوکراوەی (بۆپێشەوە) لەسەر ئەو چالاکیانەی بەدژی تیرۆرکردنی (بەکر عەلی) ئەنجامدراوە، لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کۆمیتەی هاوپشتی لەبزوتنەوەی کرێکاری عێراق:

1- بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی "تەقەکردن لەخۆپیشاندانی زەحمەتکێشانی حامیە نیشانەی داماوی بۆرژوازی کوردو حیزبەکانێتی!" ئەم بەیاننامەیە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراق و یەکێتی کرێکاران لە کوردستان و ژمارەیەک لە ڕێکخراوەی جەماوەری و کرێکاری لە کوردستان دەرکراو لە ئاستی ئەوروپاشدا بڵاوکرایەوە.
2- دەرکردنی بەیاننامەیەک لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لەژێر ناوی "بەردەوامی کوشتن و تیرۆری هەڵسوڕاوانی کرێکاری لە کوردستانی عێراق، ئەمجارە (بەکر عەلی) لە رابەرانی یەکێتی بێکاران" کە بە زمانەکانی فارسی و کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی بڵاوکراوەونەتەوە.
3- بانگەوازێک لەژێر ناونیشانی "ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سەرکوت و تیرۆری هەڵسوڕاوانی کرێکاری لە کوردستانی عێراق" لەلایەن کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری عێراق و کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ی ئێران، کە بە زمانەکانی فارسی و کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.
4 بەیاننامە لەلایەن "کۆمیتەی نێونەتەوەیی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری عێراق" لەژێر ناوی "هەڵسوڕاوێکی کرێکاری لە کوردستانی عێراق ئیعدام کرا" کە لە 1994/9/26 لە سوید بڵاوکراوەتەوە.

5- بەیاننامەی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی ژنانی ئەفغانستان" کە لە 24ی ئۆکتۆبەری 1994 بڵاوکراوەتەوە، ئیعدامکردنی (بەکر عەلی) لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە مەحکوم دەکات.

6- بەیاننامەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری عێراق بەزمانی ئەڵمانی لەئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە.

7- نامەی نارەزایەتی مەحکومکردنی سەرکوت و ئیعدامی هەڵسوڕاوانی کرێکاری، لەلایەن "نەقابەی لۆست بەشی محەلی 109 شاری هملینا لەفنلەندا"لەژێر ناونیشانی "سەرکوت و ئیعدامی هەڵسوڕاوانی کرێکاری مەحکوم دەکەین".

8- بەیاننامەی ح. ک. ک. ع سەبارەت بەگوللەبارانکردنی (بەکر عەلی).

9- لە ڕۆژی 1994/12/8 لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوید خۆپیشاندانێکی اعترازی دژی گوللەبارانکردنی ڕابەری کرێکاری "بەکر عەلی" لەبەردەم مەکتەبی حکومەتی کوردستان بەرپاکرا. خۆپیشاندانەکە لەسەر داوای کۆمیتەی نێونەتەوەیی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری عێراق و فیدراسیۆنی شورای پەنابەرانی عێراقی و کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری ئێران- سوید و فیدراسیۆنی شورای پەنابەرانی ئێرانی بەرپاکرا.





## بەشێک لە سەروتاری بڵاوکراوەی خەباتی بێکاران[21]
## (خەباتمان)

## کێ گێرە دەکا و کێ گێرەشێوێنە؟!

.........................................

.........................................

ئێمە دەبینین چۆن سەرمایەداران و حاکمان (گێرە) بەو هەموو سەروەت و سامانەو چارەنووسی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە دەکەن. ڕۆژانە هێرش و فشار دەخەنە سەر ژیانیان. چینی ئێمەش لەبەرامبەریدا بێدەنگ نەبووەو بەشێوازی جۆراوجۆر بەرپەرچی داونەتەوەو گێرەکەیانی شێواندووە. ئێستاش دەبینین حاکمانی نوێ دەیانەوێت بە ئارەزووی سوودی خۆیان گێرە بەژیانی کرێکارو زەحمەتکێشان بکەن. دەمی شۆڤڵەکانیان دەکەنە سەرپەناو خانووە بێ تاپۆو عەرەبانەکان دەشکێنن و دەڕوخێنن و لەنێو شەکرو ڕۆن و برنجی ڕژاوی سەرجادەکان بە پۆستاڵی پیسیانەوە گێرەدەکەن. کرێی کرێکار زیاد ناکەن و هێرش دەکەنە سەر ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ڕابەرانیان دەگرن و دەکوژن و درێژە بە بێکاری و هەژاری دەدەن. هیچ بەرنامەیەکی ئابووری دانانێن و بیمەی بێکاری بە بێکاران نادەن. دیفاع لە بازرگان و قاچاخچیانی بازاڕ دەکەن، کە ڕۆژانە بە ئارەزووی خۆیان نرخی کاڵا پێویستەکانی ژیان بەرز دەکەنەوە. تیرۆری ژنان دەکەن و شەڕی کۆنەپەرستانە ساز دەدەن. ڕۆڵەی کرێکاران بەدەستی یەکتر بەکوشت دەدەن. هێرش دەکەنە سەر ئازادییە سیاسییەکان و تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن و شەوانە زۆر ترسنۆکانە بەیاننامەو لافتە لێدەکەنەوە. سەرمایەداران و حکومەتەکەیان بەم جۆرەگێرە بە چارەنووسی

---

21. خەباتی بێکاران ژ4 تشرینی یەکەم 1994، ساڵی یەکەم، ل1.



هەزاران هەزار ئینسانی كرێكارو زەحمەتكێش دەكەن. لەگەڵ هەر ناڕەزایی دەربڕینێكدا بەڕووی گێرەكەیاندا كە بەژیان و چارەنووسیان دەكرێ، دەڵێن: (گێرەشێوێن)، دنیایەكی سەیرە گوڵم!!

هەموو دەزانین كە چۆن رۆژی 1994/9/1 هێرشیان كردە سەر خۆپیشاندەرانی (حامیە) و زۆر نامەردانە (ئەبوبەكر عەلی) نوێنەر و ڕابەری خۆشەویستی خەڵكی هەژاری حامیەیان گوللەباران و شەهید كرد و هەر ئەو ڕۆژە ئەندامی هەیئەی نوێنەرانی ڕێكخراومانیان، هاوڕێ (فەرهاد فەرەج) ئیختتافكرد.

هەر ئەو ڕۆژە بۆ شەوەكەی پارێزگار لە كەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان دەستیكرد بە.... . و هێرش بۆ سەر ئەو زەحمەتكێشانەو ئەو ڕێكخراوە جەماوەرییانەی كە بەرگریان لێ دەكەن، بە گێرەشێوێن و پیاوی بەعس و ناوی بردن. ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی ناڕازین بە ڕووخاندنی كوخەكانیان.

ئەگەر بەڕاستی گێرەكردن و گێرەشێواندن، گوزارشت لەململانێی چینایەتی بێت، ئەوا بەڕاستی پارێزگارو حاكمان بە ماڵ و سەرپەنای خەڵكییەوە گێرەدەكەن و بە ناچاری كرێكاران لە بەرامبەر ئەو گێرەكردنە بە چارەنووسی ژیانیان وەک مافێكی سەرەتایی خۆیانە بەر بەو گێرەیە بگرن.

# چۆنێتی شەهیدکردنی ئەبوبەکر عەلی[22]

عەباس شوان

لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەلای نوێنەرانی گەڕەکی هەژارنشین و خانووە بێ تاپۆکانی حامیەی شاری سلێمانی، پەیوەندیکردن بە رێکخراوە جەماوەری و کرێکارییەکان و ئەو لایەنانەی دوور و نزیک سەر بە کرێکارانن، بۆ پشتگیری کردن لێیان.

لەدوای چەند کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەک و دەرکردنی چەند بەیاننامە، ڕۆژی 1ی9ی1994 کەڕۆژی تەنفیزکردنی ڕووخاندنی خانووەکان بوو، خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو گەڕەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی رێکخراوە جەماوەرییەکان بەتایبەت رێکخراوی بێکارن، بڕیاری خۆپیشاندانی هێمنانەیاندا، لەژێر دروشمی:

( با ئەو مەسرەفەی بۆ شەڕی ناوخۆ خەرج دەکرێ، خانووی بۆ ئێمە پێ دابین بکرێ) بۆ بەردەم دیوانی پارێزگای سلەیمانی بەرێخست.

لەگەڵ گەیشتنی جەماوەر، کەنزیکەی 150 کەسێک دەبوون، پۆلیسەکان کەوتنە قسەی هەلەق و مەلەق و بێ سەروبەر دەرهەق بە خەڵکە ناڕازییەکە! لەو کاتەدا جەنابی پارێزگار سالار عەزیز لە دائیرە نەبوو، دەبوایە چاوەڕوان بکەن تا تەشریفی دێتەوە.

پۆلیسەکان نەیانهێشت جەماوەرەکە لەبەر دەرگا ڕابوەستن و کردنیانە ئەوبەری جادە، یەعنی بەری باخی گشتی! پیاوانی پۆلیس دیار بوو ئەبوبەکریان دەناسی و لێی پڕ و داخ لە دڵ بوون، دەیانویست بەهەر قیمەتێک بووە بیگرن، بۆیە لە بێنەوبەرەی هەڵبژاردنی نوێنەر تەدەخولیان کرد، دەیانویست ئەبوبەکر یەکێک لە نوێنەرەکان بێ!

22. خەباتی بێکاران، ژ4 تشرینی یەکەم 1994 ساڵی یەکەم، ل2.





کەئەوەیان بۆ نەچووەسەر، ئینجا کەوتنە محاوەلەی گرتنی. بەڵام، جەماوەر هەوڵەکەیان پوچەڵ کردەوە، ئەوەیش بووە مایەی سڵەمینەوەو نیگەرانی لەلای ئەبوبەکر.. ئیتر کەوتە هەوڵی خۆ دوورخستنەوەو بەجیهێشتنی جەماوەرەکە.. بەهاوکاری و حیمایەی چەند کەس، لەسەر داخوازی خۆی بۆ سەری کۆڵانی باخی گشتی و یانەی فەرمانبەران دوورخرایەوە..

لەگەڵ گەیشتنە سەری کۆڵان و ڕاکردن یەک شت بوو!! پۆلیسەکان ئاگایان لێ بوو، بۆیە هاواریان لێ هەستا:( ئەها ئاژاوەگێڕەکان ڕایان کرد) و بەهەڵەداوان دوایان کەوتن.. لە ڕاکەڕاکەو پەڕینەوە لە جادە کە پاسێکی ڕێم لەیەکێ لە پۆلیسەکانیدا و هێندەی تر بووە مایەی شڵەژان و شیرازە تێکچوون و تەقە لە جەماوەری خۆپیشاندەر کردن!!

بەجیا، چەند پۆلیس بە تەقەکردنەوە دوای ئەبوبەکر و هاوەڵەکانی کەوتن.. یەکێ لە ڕاکردووان لە شپرزەییدا کەوت، کە پۆلیسەکان گەیشتنەسەری و دوای لێووردبوونەوە، هیچیان لێ نەکرد و بەجێیان هێشت.. . زۆر تێنەپەڕی هاوەڵەکەی تری ئەبوبەکریان گرتەوەو بەشەق و قۆناغە تفەنگ پیاکێشان بردیان.. یەک دوو پۆلیس زۆر قیرچیسمە بوون هەر وازیان نەهێنا و دوای ئەبوبەکر کەوتن.. پاش برینداركردنی زۆر نامەردانە کوشتیان؟؟!!





لە سەرەتای ئەم مانگەدا
لە بەردەرکی دیوەخانی پارێزگارا
هەڵۆیەکی هەستناسکی سپی و ئازا
نامەردانە
بەر دەسترێژی گوللەدرا،
خوێن و مۆخی هەڵۆ، ئێستا
بە دیوار و لێواری شۆستەکانەوە
گۆرانی دەڵێن بۆ لانە

1994/9/13

## سەروتاری ژمارە4ی بڵاوکراوەی (ڕێگەی کرێکار) سێپتەمبەری 1994

ڕۆژی پێنج شەممەڕێکەوتی 1994/9/1 نزیکەی (300) کەس، لە دانیشتووانی هەژارنشینی گەڕەکی خانووە بێ تاپۆکانی حامیە، لە بەرامبەر بە ڕووخاندنی خانووەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، ڕێپێوانێکی هێمنانەیان سازدا بۆ بەردەم پارێزگای سلێمانی. داخوازی ڕێپێوەکان تەنها بریتیبوو لەوەی کە(تا چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزنەوە خانووەقوڕینەکانیان چۆڵ ناکەن و جێی ناهێڵن.)

بەڵام هەر گەیشتن و نەگەیشتنە بەردەم پارێزگار، لەگەڵ یاساوڵە چەکدارەکانی پارێزگاردا بەرەو ڕووبوونەوە.. دوای سوکایەتی و بێحورمەتییەکی زۆر بە خۆپیشاندەران، کەوتنە تەقەو لە ئەنجامدا، بە پیلانێکی نەخشە بۆ کێشراو، یەکێ لە نوێنەرەکانی خەڵک (بەکر عەلی) درایەبەر دەسترێژی گوللەو گیانی لەدەستدا، پاش ئەمەش بەشەق و تێهەڵدان بەربوونە گیانی ئەوانی ترو ژمارەیەکیشیان دەستگیرکرد.

هەر دوای (10) سەعات لە رووداوەکە، شەخسی پارێزگار هاتە سەر تەلەفزیۆن و کەوتە هەڵبەستنی چەندەها درۆو دەلەسەی شاخدارو بێ مەعناو پڕوپووچ، لە دژی خۆپیشاندانەکەو خۆپیشاندەران. ئێمە لێرەدا یەکە یەکەی قسەکانی ئەم بەڕێزە شی ناکەینەوە، تەنها ئەوە نەبێت، کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ڕووداوەکان بیروڕای خۆمان دەردەبڕین.

ئاشکرایە ئەمڕۆ لە سەرەتای دنیادا تەپڵی مافی مرۆڤ ئەوەندە لێدراوە، کە زۆربەمان ئاشنای زۆربەی بڕگەو بەندەکانی بووین. بۆیە هەر لە دیدگای ئەم بڕگەو بەندانەوە کارو کردەوەکانی ئەم پارێزگارە مرۆڤپەروەرە، شی دەکەینەوەو رەخنەی لێدەگرین.

ئاشکرایەزۆربەی زۆری دانیشتوانی خانووەبێ تاپۆکانی کوردستان لە ئەنجامی نزمی ئاستی گوزەران و نەتوانینی دانی کرێ و پێشەکی بەخاوەن خانووەکان ناچار بەدروستکردنی ئەم خانوانە بوون، کە بارودۆخی تەندروستی و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئەمڕۆ لەچەشنی ئاوو کارەباو سەیارەو باخچەو.. . هتد، تێدا بەدیناکرێت. خەڵکێک کە ژیانی بەڕێوەناچێت و سەرپەنایەکی نییە، رووی هەڵبزرکاو و برسی خۆی و منداڵەکانی تێدا بشارێتەوە. خەڵکێک کە شەریفەو ئامادەنییە لە ڕێگەی نا شەریفانەوە، پارووی دەمی منداڵەکانی بەدەستبهێنێت، ناچاربوون ئەم کۆڵێتە قوڕینانە دروستبکەن.

خەڵکێک سەرباری گیروگرفتە رۆژانەییە هەمیشەییەکانی خۆیان، بەم جۆرەش قایل و بێ ئەرک و کارو داخوازی سەریان کردووە بە ناو خۆیانداو رۆژێ لە رۆژان داوای خانوویەک، یان بستەزەمینێکیان لەحکومەت نەکردووەو هیچیان لەو داوانەکردووە. ئەی حکومەت چی لەوان دەوێت؟ وا رۆژێک خانووەکانیان بەسەردا دەڕووخێنێ و ڕۆژێکی تر پارێزگار دەهێننە سەر تەلەفزیۆن، تا سوکایەتی بەکەرامەت و شەرەفی خەڵکی هەژاری ئەم خانووانە بکات و بڵێت: (فاسد و بێ ئەخلاقن). رۆژێکی تر بە گوللە خۆپیشاندان و ریپێوانەکەیان وەڵام بداتەوەو پیلان بۆ نوێنەرەکەیان دابڕێژێت و بە ڕۆژی نیوەڕۆو بێباکانە خەڵتانی خوێنی بکەن.





ئینجا بێتە سەر تەلەفزیۆن و خۆپیشاندەران بە موخابەرات و ئاژاوەگێڕو هەرزەکاری سیاسی تاوانبار بکات، راستییەکان ئاوەژوو بکاتەوەو بێ پەروا شانی لێهەڵخات فشەبفرۆشێ و درۆ ئاڵوگۆڕ بکات.

ئایا ئەم کردارانەو کردەوەکانی گەورە لێپرسراوانی حزبی بەعس چ جیاوازییەکیان هەیە؟ ئایا ئەمانە پێشێلکردنی مافە هەرە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان نین؟! ئەی ئەگەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ نییە چییە؟ بڕگەکانی مافی مرۆڤ دەڵێت: هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە شوێنی نیشتەجێی دڵخوازی خۆی بەهرەمەندبێ و ئازادە خۆپیشاندان سازبدات و بیرو ڕا دەرببڕێت و سەلامەتی ماڵ و گیانی پارێزراو بێت و لە هەموو دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان بەهرەمەند بێت و کەرامەت و کەسایەتی پارێزراو بێت. ئەمانەو دەیان مافی تر..

ئەی کوان بۆ جێبەجێ ناکرێن؟!.

# ترێی تاڵی شەهید ئەبوبەکر عەلی[23]

## "گوڵەسوورەکەی حامیەی سلێمانی"

حەمە فەریق حەسەن

ساڵ زیاترە ئەم شیعرەی (ئەبوبەکر عەلی)م لەلایە، یان دروست ئەوەیە بڵێم ساڵ زێترە داوێتی پێم، بەو نیازەی چەند لاپەڕەیەکی لەسەر بنووسم و لەگەڵ شیعرەکەدا بڵاوی بکەینەوە. بەڵام تەماشاکەن ڕۆژگار چ بۆسەیەکی نایەوە؟!.. چاوەڕوانی هەموو شتێکم دەکرد، بەڵام هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات بەم مەرەیە بچێ و ئەمڕۆ 1994/10/10 لەچلەی شەهیدبوونیدا ئەم کورتە نووسینە لەسەر (ترێی تاڵ) بخوێنمەوە.

ئەبوبەکری ڕاستگۆو ڕێزدار.. ئەبوبەکری (عیصامی) و ڕەنجدەر، پشتوپەنای بێلانەو بانەو ئۆردووی لە ژمارە نەهاتووی خەڵکی بێکار.. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم هیچ کام لە هاوتەمەنەکانم هێندەی من شارەزای ئاکاری نووسەرە لاوەکان نین.. لێیان داواکارم پەیڕەوی ڕەوشتی شاعیرانەو نەفسبەرزیی ئەو بکەن. ئەو ئامادەنەبوو لەبەردەم هیچ کەسێک و بۆ هیچ دەستکەوتێک بنوشتێتەوە. زمان پاک بوو، ڕێزی لە خۆی لە پێشتری دەگرت و بەردەوام خۆی پێدەگەیاند. ئەو بۆ خەڵک دەژیا. ئەو لە ڕووی نەدەهات لافی شاعیریێتی لێبدا، چ جای سینگ هەڵکێشان و خۆهەڵکێشان.. کەمیشی دەگوت. ئەم قسانە بۆ ئەوە نییە خوانەخواستە لە ڕێزی کەس کەم بکەمەوە، بەڵام پێمخۆشە لاوەکان، ئەبوبەکری گوڵەسوورەکەی حامیەی سلێمانی، بکەنە پێشەنگ بۆ خۆیان و لەمەولایش سوێندی گەورەی هەمووومان (بەگۆڕی ئەبوبەکر عەلی) بێت.

---

23. محەمەد فەریق حەسەن، تکایە..! دەست بە شیعرەوە بگرن، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم_ هەولێر، 2005، ل19.

شەهیدان لەهەمووان راستگۆترن. کە دێنەسەر گفت، خاوەنی گفتی خۆیانن.. کە دێنەسەر هەڵوێست، خاوەنی هەڵوێستی بێ لاف و گەزافی خۆیانن. مرۆڤ بەدەستی خۆی شەهادەت هەڵنابژێرێ. خوا شەهیدەکان هەڵدەبژێرێ. شەهیدان چەپکەگوڵی خواوەندن. شەهیدان میوانی حەزرەتی حسێن و حەزرەتی مەسیحن. گوڵە سوورەکەی حامیەش میوانێکی ئازیزی ئەوانە.

❋❋❋

رەنگە جیاوازی نێوان شاعیرو کەسێکی دیکەی ئاسایی ئەوەبێ: شاعیر دەتوانێ ئەو خەم و نارەوایی و ناجۆرییەی، کە خەڵکی دووچاریان دەبن و بەدەستیانەوە دەناڵێنن و پێوەی دەتلێنەوە، ئەم بتوانێ بەرزیان بکاتەوەو بیانگۆڕێ بە شیعر. یان بە واتایەکی دی: جیاواز لە خەڵکی ئاسایی ئەم بتوانێ لە رووی چۆنێتییەوە هەڵچوونەکان ئاراستەبکاو گۆڕانکارییان بەسەردا بێنێ. بیانکاتە کاری هونەری و شۆڕشێ لەچۆنێتییاندا بەرپا بکا. دەنا ئەم وشانەی ئەبوبەکر عەلی، بۆ کەرەستەی شیعر بەکاری هێناون، هەر ئەو زاراوانەن، کە رۆژانە بەسەر زاری ئەو خەڵکەوەن. ئەبوبەکر، وەک هەندێک نەچووە لە بنکی فەرهەنگ و گوندی چەڵەکەوە بە شوێنیاندا بگەڕێ.. بۆیە شیعرەکانیشی پێویستیان بە پەراوێز بازی نییە. لەم شیعرەدا رەگەزی (نێر) دەنگی دلێرەو رەگەزی (مێ) رۆڵی نەرێنی دەبینێ و سست و نادیارە، یان دەکرێ بڵێین نائامادەیە. مەگەر تەنها لە وشەکانی بەراییدا شتێ ئاکاری (مێ) مان بۆ روون ببێتەوە.. هەر ئەو مێینەیەشە شیعرەکەی ناوناوە (ترێی تاڵ) و گەلێک ناتۆرەی تریشی داوەتەلاڵ شاعیر، وەک: تەریو، خۆپەرست، گێل، سست..

لەهێکرا ناونیشانی شیعرەکە: (ترێی تاڵ)، سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ. ترێ، میوەیەکی شیرینە، ئەدی بۆ لێرەدا تاڵە؟!.. ئەوی راستی بێ ترێی تاڵ تانووتی کەسی، یان ئەگەر بگونجێ بوترێ، تانووتی پاڵەوانی شیعرەکەیە. ئەویش کارەکتەرێکی مێینەیەو بە تەوسەوە، تەشقەڵە بە شیعرەکانی شاعیر دەکات.





ئەم ناونیشانە(مفارقە)یەو، یەکەمجار نییە بێتە نێو ژانرە ئەدەبییەکانەوە. ئیبراهیم ئەحمەد، لەساڵی 1932، هێشتا قوتابی (حقوق) بوو، کاتێ (یادگارو هیوا)ی لە گۆڤاری (هاوار)ی وڵاتی سوریادا بڵاوکردووەتەوە. تیایدا دەڵێ:

لەبەرچاوی بەد، لەترسی بەدکار
دڵـم دەکـــەمــەگـــۆڕی یادگـــار
بەگـریانی وشک بەناڵــەی بێدەنگ
دێنمــەلــەرزین تەختی کـردگــار

سەرنج بدەن: (گریان) تەڕەو فرمێسکی لەگەڵدایە. کەچی ئەو گوتوویەتی: "گریانی وشک".. (ناڵە) دەنگەو دەنگێکی بەرزو سەرنج کێشیشە. کەچی ئەو گوتوویەتی: "ناڵەی بێدەنگ".. لەم رۆژگارەشدا نموونەی دیکەی لەو جۆرە لەلای خۆمان زۆرن. وەک: پەڕەسێلکەی سپی، ناونیشانی دیوانە شیعرێکی سەلام مستەفایە.. یان فرمێسکی رەش، درامایەکی تەلەڤزیۆنییە، لە سیناریۆو دەرهێنانی کامەران رەووف.. یان ئەستێرەیەک لە رۆژی روونا، کورتە چیرۆکی محەمەد فەریق حەسەن، 1972.

لە ئەدەبی بیانیشدا نموونە زۆرن، وەک بەفری گەرم، رۆمانی یوری پۆنداریف.. گوڵە زەنبەقی رەش، رۆمانی ئەلکساندەر دۆما.. شەوە سپییەکان، رۆمانی دۆستۆیڤسکی.. یان نیوەشەو بەیانیت باش، رۆمانی کچە نووسەری دۆمنیکی: جین ریز.. تۆوی ئاگر، (بذور النار) رۆمانی (لطیفة الدلیمی)، 1988. یان کۆمەڵە چیرۆکی: تاوانبارە پیاوچاکەکان (مجرمون طیبون)ی: مهدی عیسی الصقر، 1964.

شەو لەلای ئەبوبەکر عەلی، هەرجارەو لە بەرگێکدا دووبارە دەبێتەوە. وەک پرچ و شەو و رق، ئەو شەوانەی منی رووبار، ئەو شەوانەی منی باران.. شەو کاتی حەوانەوەی دوای ماندووبوون و رەتاندنی رۆژە. کاتی حەوانەوەو ئارامی و بیرکردنەوەیە. کاتی پێداچوونەوەیشە بە کردەو





کۆششی رۆژانەماندا، بە چاک و خراپیانەوەو هەڵسەنگاندنیانەوە. وەلێ دەکرێ لەژێر باڵی شەودا پیلانی ئەهریمەنانە بهۆنرێتەوە، هەر لەژێر چارشێوی شەویشدا جێبەجێبکرێ.. لای ئەبوبەکر هەر ئەوەندە نییە. ئەو ناونیشانی دیوانەکەیشی بە وشەی شەوەوە پەیوەندە. کە ناوی (ئەو شەوانەی لە پرچەکانت رەشترن)ی لێناوە. لەو دیوانە چکۆلەیەدا، شەش شیعر هەن بەناوی: شەوی یەکەم، شەوی دووەم.. . هتد. لەکۆتایشدا نووسیویەتی "چاوەڕوانی شەوەکانی تریش بن" رەنگە زیاتر بۆ ئەوەبگەڕێتەوە، ئەو شەوانە بۆی دەلوێ بە شێنەیی بیربکاتەوە. دەکرێ مەبەستی درێژەدانیش بێ بەمەسەلەیەک و بخوازێ بخایێنێ و بەم زووانە کۆتایی نەیەت. رەنگەکۆنترین کتێبێک ناوی شەوی هەڵگرتبێ: "هەزارو یەک شەوە الف لیلە و لیلە" بێ. کە مەبەستی سەرەکی تێیدا درێژکردنەوەی شەوەکانەو بەو پێیە درێژەدانیشە بە حیکایەتەکان تاکو شەهرەزادی نەوبووکی حیکایەتخوان بتوانێ بەڕادەیەک کار لەپادشا بکا، پەشیمانی بکاتەوەو دەست لەژن کوشتن هەڵبگرێ.. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین، شەو بەهەموو ئەو خاسییەتە رۆمانسییانەی، پێیانەوە پەیوەستە وەک: دیمەنی مانگ و خەرمانەی دەوری، جریوەی ئەستێرەگەشەکان و هێمنییەکەی و هەندێ جار ترسناکییەکەی؛ هەردەم جێی ڕامانی شاعیران بووەو دەرفەتێکیش بووە، بۆ ڕۆنان و بیرکردنەوە.





# بەکر عەلی لەگەڵ میلی کاتژمێردا یەکتر ئەخۆن[24]

ئازاد کەریم/ سویسرا

(بەکر عەلی) ساڵی 1968 چاوی بە ژیانی پر مەینەتی هەڵهێنا، بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1982 ناسیم، لە یەک گەڕەک بووین، ئەو کاتەش لەبەر دەست تەنگی هەموو خێزانەکەی لە یەک ژووردا دەژیان. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە خولیای شیعرو نووسین لە ناخیدا چەکەرەی کردبوو. لەساڵی 1982 بە دواوە زیاتر لە رێگای کاک (عیرفان ئەحمەد)ی شاعیرەوە کۆمەکی جدی پێکراو هونەری شیعر نوسینی پێناساند. لەناوەڕاستی هەشتاکاندا لە چەندین کۆڕی شیعریدا لەگەڵ چەند شاعیرێکی لاوی تردا لە سلێمانی بەشداریکرد و لە بڵاوکراوەکانەوە بەرهەمی بڵاودەکرانەوە و کۆمەڵێک لە شیعرەکانیشی لە دوو توێی نامیلکەیەکدا بڵاوکرانەوە. وەک شاعیرێکی لاو و هەڵکەوتوو، دەریایەک پڕ لە خۆزگەی ئینسانی جەمسەرگرتوو لە وڵاتە گچکەو بێگەردەکەی دڵی دا ناسرا. خۆی و هۆنراوەکانی خۆزگەی رەشبوونی دەوەنی خوێنە گەشەکەی بوون، لەپێناو کاروانی رێگای چرپە نەبیستراوەکان، سکە برسییەکان، خەمی بێ خانەو لانەکان، نەمانی ناڵەی دایکە کۆستکەوتووەکان، مافە ژێر پێ نراوەکان و ژیانێکی باشتر بۆ ئینسانەکان. لە کوردستاندا سەرباری گرانی و نەبوونی بێکاری و مەسەلەی بێ خانەو لانەییش مۆتەکەیەکە باری سەرشانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی قورس کردووە. بەناچاری هەزاران خێزان لە کوردستاندا سەرپەنایەکیان بۆ خۆیان لە شوێنە چۆڵەکان و قەراخ شارەکاندا دروستکردووە لە قوڕو بەرد و دار و تەنەکە. بەڵام لەلایەن حکومەتی هەرێمی ئەو کاتەی (سەوز و زەرد)ەوە، ئەو سەرپەنایەشیان پێ رەوا نابینرێت و نەخشە دائەنێن بۆ رووخاندنیان. لە مانگی 1993/11 بە

---

[24] بەکر عەلی لەگەڵ میلی کاتژمێردا یەکتر ئەخۆن، ئازاد کەریم، ژیلەمۆ ژ6 کۆڵن 1999.

ئامادەبوونی ژمارەیەک لە وەزیرو بەرپرسانی حکومەت و نوێنەری حزب و ڕێکخراوەکان لە سلێمانی کۆبوونەوەیەک دەکەن لەسەر مەسەلەی "تجاوزات" زیادەڕەوی. لەکۆتاییدا بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە ئەو خانووانە بێ تاپۆن و دەبێ بڕووخێنرێن. هەر لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەری (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) بە توندی لە ڕووی ئەم پیلانەدا وەستایەوەو ئەرکی بەرگریکردنی لەو مەسەلەیە خستە دەستووری کارییەوە. بەکر عەلی لەگەڵ دایکی و براکەی خێزانێک بوون لە خانووە بێ تاپۆکانی حامیەی سلێمانی.. لە دوای ئەو کۆبوونەوەیە (بەکر) بەیاننامەیەک بە زمانێکی ئەدەبی کاریگەر دەنووسێت بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و حزب و ڕێکخراوەکانی دەنێرێ و داوای هاوکاری دەکات. ئیتر لەوە بەدواوە دەبێتە رابەرێکی خۆشەویستی خەڵکی بێ خانە و لانەی سلێمانی. بەهاوکاری راستەوخۆی یەکێتی بێکاران ئەو ناڕەزایەتییە درێژە پێ ئەدرێ. هەر لەو کاتەوە بەکر و ژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکە، دەبنە ئەندامی (ی. ب). لە رۆژی 1ی ئایاری 1994 هەموو خەڵکی بێ خانەو لانەی سلێمانی بە ڕێپێوان بەرەو پارێگای سلێمانی دەچن و بەشداری دەکەن لە مەراسیمەدا. بەکریش وەک نوێنەریان وتارێک لەسەر کێشەکەیان دەخوێنێتەوە، کە زیاتر لە 10 دە هەزار کەسگوێیان لە قسەکانی بوو، تەواو جێگای ڕەزامەندیان بوو. دوای سەرهەڵدانی شەڕی کۆنەپەرستانەی (یەکێتی و پارتی)، پارتی دەیویست بەکر بکڕێ و بە سوودی خۆی بەکاری بێنێ، (یەکێتی)ش دەیویست رازی بکات و خانوویەکی بداتێ و تێیدا دابنیشێ، بەو مەرجەی واز لەو مەسەلەیە بێنێت. بەڵام هەوڵەکانی (زەرد و سەوز)ی ڕەتکردەوە، چونکە ئەو تەنیا بیری لە خۆی نەدەکردەوە. لە درێژەی ئەو کێشەیەدا پارێزگاری سلێمانی (سالار عەزیز) لە رۆژی 1994/8/15 بانگی دەکات و هەڕەشەی لێ دەکات، کە واز لەو مەسەلەیە بهێنێ، کە رازی نابێت، بۆ ماوەی شەش رۆژ زیندانی دەکاتو پاش سوکایەتی و ئازاردانی لەژێر فشاری (یەکێتی بێکاران) کە بەیاننامەی بە ژمارەیەکی زۆر لەسەری بڵاو دەکاتەوە، ئازادی دەکات. بەکر سوور بوو لەسەر بەرگری کردن لە





مافەکانیان، تا حکومەتی سەوز بێ هیچ گوێدان بە خواستی ئەو خەڵکە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو، بڕیار دەدات، کە لە 9/1 دەست بکات بە رووخاندنی خانووەکانی حامیە. خەڵکەکەش بڕیار دەدەن کە بەیانی هەمان رۆژ بە ئاکسیۆنێکی هێمنانە بچنە بەردەم بارەگای پارێزگار. بەیانی ئەو رۆژە لەلایەن نوێنەری پارێزگارەوە پێش دەستپێکردنی ئاکسیۆنەکە، هەڕەشەی راستەوخۆ لە بەکر دەکەن، ئەگەر ئاکسیۆن بکەن ئەوا باجەکەی لەدەستدانی ژیانی خۆیەتی!! بەڵام بە باوەڕی بەهێزو لەخۆبوردوویی ئەو، ئاکسیۆنەکە ئەنجامدرا و ئەویش بەشداری تێدا کرد. بەداخەوە لەبەردەم پارێزگاری مافی مرۆڤ!! و بە نەخشەیەکی پێشتر داڕێژراوی تیرۆریستانە لەبەرچاوی خەڵکەکە تەقەی لێدەکەن و پاش برینداربوونی زۆر ترسنۆکانە ئیعدامی دەکەن. دایکی جگەر سووتاویش شینی بۆ سێیەم کوڕی کرد. دووانی پێشتر کە بە دەستی بەعسییەکان ئیعدام کراون، مەخابن پاش ساڵێک دایکیشی بە حەسرەتەوە سەر دەنێتەوە.

بەکر عەلی تا ئاستی ناوەندی خوێندووە، لەبەر نەبوونی وازی لە قوتابخانە هێناوە. لە رووی سیاسییەوە ئەندامی (ی. ن. ک) بوو، تاوەکو سەرهەڵدانی کێشەی خانووە بێ تاپۆکان، کە بینی چۆن یەکێتی وەک پارتێکی بۆرژوازی بە کردەوە تەنها لە ئاستی خەڵکی کرێکارو دەست تەنگدا یاسا بە زەبری هێز بەکار دەهێنن، بەڵام سیاسەتیان و هەموو یاسا شارستانی و ئینسانییەکان دەکەنە قوربانی بازرگانانی نان و شەڕ و خوڵی بەر پێی تیرۆریستان. هەر بۆیە بەکر بەقەناعەتەوە وازی لەو حزبە هێناو نزیک بووەوە لە بیروباوەڕی کۆمۆنیستی. رۆژێکیان پێکەوە بووین لە خانووەکانی حامیە قسەیەکی زۆر جوانی کرد، وتی(بیرو باوەڕی کۆمۆنیستی لەنێو واقیعی ژیانی ئەم خەڵکە هەژار و برسییەوە سەرچاوە دەگرێ و مانا پەیدا دەکات، کەچی خۆشیان لێی بێ ئاگان!) منیش وتم ئەرکی تۆو ئێمەشە بیگەیەنین پێیان.

بەکر کەسێکی لەخۆبردوو بوو، لە رۆژی 1994/8/14 ئێوارەیەکی درەنگ بوو، لەگەڵ بەکر دا لە حامیەوە بەرەو خوار دەهاتین، لەبەردەم





باخی گشتیدا کوڕێک بەرەو رووومان هات، پێش ئەوەی بگاتە لامان پێی وتم بەجێم مەهێڵە، ئەو کوڕە لەگەڵ مندا کێشەی هەیە. کوڕەکە گەیشتە لامان و سڵاوی لە بەکر کرد و پێی وت: با پێکەوە چەند قسەیەک بکەین. بەکریش وتی باشە ئەویش هاوڕێمە و حەز دەکەم لە کێشەکەمان ئاگادار بێت. بەکر روو لە من دەستی بە قسە کرد، (لە ساڵی 1982 لەگەڵ هاوڕێیەکەم بە رێگادا دەڕۆیشتین، تووشی ئەم کوڕەو کەسێکی تر بووین، من نەمدەزانی ئەم لەگەڵ هاوڕێکەم کێشە لەنێوانیاندا هەیە، رووبەڕووی یەکتر بوونەوەو کردیان بە شەڕ. منیش لەگەڵ ناوبژی کردندا لایەنگریم لە هاوڕێکەی خۆم دەکرد، ئەوان دووان بوون، ئەوساکەش ئێمە هەرزەکار بووین.)

بەدەستی برادەرەکەم خوێن لە دەم و چاوی ئەم کوڕە هات، ئیتر رۆژگار هات و رۆژگار تێپەڕی، برادەرەکەشم لە پێشمەرگایەتیدا شەهید بوو. بەڵام ئەم کوڕە هەر وازی نەهێناو رق و کینەو گیانی تۆڵە سەندنەوە لە ناخیدا هەر هەبوو، وەک گرێیەکی دەروونی لێ هاتووە. (بینینی خوێنی دوژمنەکەی)، برادەرەکەی منیش شەهید کراوە، ئەمیش لەگەڵ مندا ئەو کێشەیەی هێشتۆتەوە. چەندین جار پێکەوە قسەمان کردووە، بۆ ئەوەی واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنێت، دوازدە ساڵە ئەم کێشەیە درێژەی هەیە، پێم وتووە کاکە گیان وەرە بمکوژەو خۆت و منیش رزگار بکە.

کوڕەکە قسەکەی بە بەکر بڕی و وتی: بەڵێ چەند جارێک دواشت کەوتووم و دەمانچەشم پێ بووە کە بتکوژم، بەڵام ئاخ تۆ ئەو کوڕەی جاران نەماوی، ئێستا مرۆڤێک و کەسایەتییەکی تری و رێزت لێ دەگیرێت، دەستم ناچێتە ئازاردانت، خۆزگە وا نەبویتایە بۆ ئەوەی هەموو شتێکم بەرامبەرت بکردایە. لە وەڵامدا بەکر وتی: باشە کاکە گیان هەر بە مەبەستی چارەسەرکدنی ئەو گرێ دەروونییەی تۆ، ئەو جارە گوێزانێکم نەدایتێ، بۆ ئەوەی بیدەی لە گیانم و خوێنم ببینی، کەچی نەتکردو رازی نەبووی، تا خۆم دەستم گرتی و بەزۆر دام لە سەری خۆم و خوێنی لێ هات، پێم وتی با بەس بێت، ئەوە خوێنەکەم.





پاش چەند قسەیەکی من، کوڕەکە ڕوو لە بەکر وتی: باشە سبەینێ ئێوارە تۆ و ئەو هاوڕێیەت (واتە من) دەچین بۆ دوکانی برای ئەو برادەرەت کە کوژرا، لەوێ بۆ دواجار قسە دەکەین و کۆتایی بە کێشەکە دەهێنین. بەڵام سبەی نیوەڕۆکەی بەکر زیندانی کرا، وەک پێشتر باسم کرد.

یادگارییەکی تری هاوڕێی گیان بەختکردوو کاتێ کە لە (فەوجی حیمایەی سالار عەزیز) لە ژوورێکی بچووکی بە پلێت دروستکراو، کە بە ڕۆژ دەبوو بە تەنوور زیندانی دەکرێت. خۆی دەیگێڕایەوە: پەنجەرەیەکی بچووکی هەبوو، لەودیو ژوورەکەوە گوێم لێ بوو، پاسەوانەکان بەیەکتریان دەگووت: ئەوە ئەو کوڕەیە گیراوە، کە لە مەراسیمی یەکی ئایار لە مەلعەبەکە قسەکانی کرد. ناوبەناو هەر دەم و چاوی تازە بوو لە پەنجەرەکەوە بە چاوی ترسنۆکانەوە سەیریان دەکردم. بەخۆمم وت فعلا کەسایەتییەکی گەورەم، هەر بۆیە گوێم بە گەرمایی ناو ژوورەکە نە ئەدا. هەروەها تەواو هەستم بەوە کردبوو، کە ئێوە (ی. ب)و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان، پارتە بۆرژوازییەکان لێتان ئەترسن، کە ڕۆژێ: ببنە هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان و بە مەرگیان بسپێرن، هەر بۆیە حیسابتان لەسەر دەکەن.

پاش تیرۆرەکەی لەلایەن چەندین ڕێکخراوی کرێکاری جیهانەوە نامەی ناڕەزایەتی نێردرا بۆ نووسینگەکانی (ی. ن. ک) و لەلایەن ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییەوە بەیاننامەی لەسەر دەرچوو. لە چەندین بڵاوکراوەی سیاسی و ئەدەبی لە کوردستان و ئەوروپادا باسیان لەو تاوانە کرد. بەداخەوە ئێستا ئەو نامەو بڵاوکراوانە لەبەر دەستدا نین. ڕۆژنامەنووسێکی ژاپۆنی کە هاوڕێیەکی بەکری دەناسی، پاش تیرۆرکردنەکەی وتی: **(بەکر ڕابەری ئەو خەڵکە هەژارە بوو، ڕابەری ئاواش بە زەحمەت پەیدا دەبێتەوە، پێویستە هەرگیز لەیاد نەکرێت.)**

# ئەبوبەکر عەلی[25]
# 1968-1994

**(شاعیر کە پێویست بوو، بە خوێنی خۆی شیعر دەنووسێت، بەڕاست هیچ شیعرێکی ئەبوبەکر عەلی لەمەرگی جوانترە!)**

**حەمە سەعید حەسەن**

## یەکی ئەیلولی 1994

1989 دوو برای ئەبوبەکر، لەبەر ئەوەی سەر بە(ی. ن. ک) دەبن، لە زیندانی ئەبوغرێب لەسێدارە دەدرێن. هەر لەسەر یەکێتیی هەموو ئەندامانی خیزانەکەیان، تەنانەت براژنەکانیشی بۆ باشووری عێراق دوور دەخرێنەوە. پێش راپەڕین دوو جار دەگیرێت. هەڵسوڕاوێکی چالاکی یەکێتیی بێکاران دەبێت. 1993 کۆشیعرێکی 34 لاپەڕەیی: (ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن،) بڵاودەکاتەوە. تا سەرهەڵدانی کێشەی خانووە بێ تاپۆکانی حامیەی سلێمانی هەر لە(ی. ن. ک)ەوە نزیک دەبێت.

لە یەکی ئایاری 1994دا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لە یاریگای سلێمانی کۆبوونەوەیەک سازدەکات، تێیدا ئەبوبەکر لە بری دانیشتوانی گەڕەکی حامیەدەپەیڤێت و بەدەسەڵاتدارانی شار دەڵێت: (ئێوە نەک هەر ژیانێکی گوڵینی وەک ژیانی خۆتانمان بۆ دابین ناکەن، ئەوەتا لێمان ناگەڕێن ژیانێکی قوڕینیش بەسەر ببەین.) 1994/8/16 ئاسایشی سلێمانی دەیگرێت و شەش رۆژ زیندانی دەبێت. کەسێکی دەرەوەی دەزگای ئاسایش بەتایبەتی دێت و بەشێوەیەکی سەخت ئەشکەنجەی دەدات. لەیەکی ئەیلولی 1994دا

[25]. حەمە سەعید حەسەن، شیعرو شمشێر، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم_ هەولێر 2004، ل5.





لەشەقامی بێسارانی، کە دەکەوێتە نێوانی باخی گشتی و یانەی فەرمانبەرانەوە، تیرۆر دەکرێت. ساڵێک بەسەر مەرگیدا تێناپەڕێت، دایکیشی سوێی دەبێتەوە.[26]

لە9ی حوزەیرانی 1963 دا هاتووچۆ قەدەغەکرا، لە درزی دەرگاکەوە چاوم لێ بوو، سەربازێک دیلێکی پێ بوو، پێی گوت هەڵێ! کە ڕایکرد گوللەیەکی بە دەفەی شانییەوە نا. ئەو سەربازە لە حامیەی سلێمانییەوە هاتبوو. هەر ئەو ڕۆژە سەربازانی هەمان سەربازگا، دەیان دیلیان لە دۆڵێکدا کوشت و هەر لەوێشدا تەرمەکانیان شاردنەوە. ئەو شوێنە دواتر بە دۆڵی مەرگ ناوبانگی دەرکرد. چیرۆکی (چاڵی جەرگی پیرێژن)ی حسێن عارف، باس لەو ڕووداوانەی هاوینی ساڵی 1963ی سلێمانی دەکات. لەو حامیەدا کە خەڵکی ڕاپەڕیوی سلێمانی داریان بەسەر بەردییەوەنەهێشتبوو، خەڵکێکی لێقەوماو، خانووچکەی پەڕپووتیان بە وشکەکەڵەک، لەوح، تەنەکەو قوڕ پێکەوەنابوو، پارێزگاری سلێمانی بێ ئەوەی هیچ ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو خەڵکە هەژارەدیاری بکات، لە 1994/8/20 دا بەنووسراوێک ئەو دوو سەد ماڵە ئاگادار دەکات کە: (لە یەکی ئەیلولدا، ئەو خانووانە تەخت دەکرێن، بۆیە چی زووترە دەبێت چۆڵ بکرێن.)

لە یەکی ئەیلولدا خەڵکی خانووەکانی حامیە، بە مەستی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکەیان، بەڕێپێوانێکی هێمن دەگەنە بەردەمی باڵاخانەی پارێزگا. پاسەوانەکانی پارێزگار دەیانەوێت بەتۆپزی ئەبوبەکر بەو بیانووەی نوێنەری گەڕەکە، بۆ وتووێژ ببەنە ژوورەوە. ئەو چونکە پێشتر دەزگای ئاسایش هەڕەشەی کوشتنی لێکردبوو، دەزانێت نیازیان خراپە، خۆی بەدەستە وەنادات و دەیەوێت دوور بکەوێتەوە. پاسەوانان دوای دەکەون، تەقەی لێدەکەن، سەرەتا بریندارو دواتر دەیکوژن. بۆ شەوێ، سالار

[26]. بەداوای لێبووردنەوە لە کاک حەمە سەعید حەسەن، دیارە ئەم زانیارییە بە هەڵە گەیشتووە بە بەڕێزیان، چونکە دایکی ئەبوبەکر عەلی، دوو ساڵ دوای تیرۆرکردنی کوڕەکەی گیان دەسپێرێ. (ف)





عەزیزی پارێزگار لە tv یەکێتییەوە دەڵێت: (گەڕەکی حامیە سەرەڕای ڕێز لە یاسا نەگرتن، شوێنی بەدڕەوشتی و کانگای فەسادیشە.) ڕێی تێدەچێت سالار عەزیز لە داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانی تیرۆرکردنی ئەبوبەکردا بەشدار بووبێت، ئەگەر نا، تاوانبارانی سزا دەدا، یان دوای ئەو ڕیسواییە وازی لە پارێزگاری دەهێنا. بە عەقڵی کێدا دەچێت، بە ڕۆژی نیوەڕۆو بە بەرچاوی خەڵکەوە، لەبەردەمی باڵاخانەی پارێزگاردا، بێ فەرمانی پارێزگار خۆی، پاسەوانانی پارێزگار کەسایەتییەکی ناسراو تیرۆر بکەن!

بەعس کە شۆڕشگێڕێکی لەسێدارەدەدا، بەڵێننامەی بە کەسوکارەکەی ئیمزا دەکرد، کە بەهێمنی بینێژن، ئینجا تەرمەکەی دەدایەوە، (ی.ن.ک)یش بەهەمان مەرج تەرمی ئەبوبەکری دایەوە. تەرمەکەی تەنیا جێی دوو گوللەی پێوەبوو، یەکێکیان بەپشتییەوەو ئەوی تریان بە ناو دەمییەوە. ئەم رقە ئەستوورەی دەسەڵاتداران لە ئەبوبەکر، لەبەرئەوە بوو، داکۆکیی لە چەوساوەکان دەکرد و لەپێناوی بەدیهێنانی داخوازییەکانیاندا، بەگژ چەوسێنەراندا دەچووەوە.

ئەمە عەشقەو
ئەمە بەری ڕووبارێک بە لەپ گرتنەو
هەر بە منداڵی ڕۆچۆتە دەمارمەوە. (هۆنراوەی ترێی تاڵ)
خۆم گۆڕی خۆم هەڵدەکەنم
لانکەیەکم دەیان ساڵە
چەقۆو خەنجەر ڕائەژەنم. ل3

ئیفلاتوون بۆیە شاعیرانی لە کۆمارەکەی وەدەرنا، چونکە ڕەخنەیان لە خواوەند و قارەمانە ساختەکان دەگرت. ئەبوبەکریش چونکە (نە بە تەویڵی هۆنراوە کەوشی میری دەسڕی) و نە بە نسکۆی سوڵتانی دەگوت سەرکەوتن و نە دۆزەخی نیشتمانی وەک بەهەشت نیشان دەدا، بۆیە





زمانیان بڕی. بکوژە راستەقینەکانی ئەبوبەکر کەی ئارەزوویان لێبێت، دەتوانن تەلارێکی بڵند، یان ژنێکی نوێ بکڕن، بەڵام ئاخۆ دەتوانن هەر بەو ئاسانییە پەڵەی نێو چاوانیشیان بسڕن! سادات کە لەبەردەم رووناکبیرانی میسردا شکستی خوارد، هەموویانی فڕێدایە زیندانەوە، یەکێتیش کە ئەبوبەکری پێ کەوی نەکرا، تیرۆری کرد. هەمان گوللە هاوزەمان زمانی ئەبوبەکری لە گۆ خست و تیرۆرستانیشی ڕیسواکرد.

## خوێن و پارە

هێشتا دەسەڵاتدارانی سلێمانی ئەو تاوانبارەیان دەستنیشان نەکردووە، کە ئەبوبەکری کوشت، بەڵام بۆ داپۆشینی تاوانەکەیان، سالار عەزیز پەنجا هەزارو عومەری سەید عەلی (بەرپرسی مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی ی.ن.ک) دە هەزار دیناری بە دایکی شاعیری شەهید دابوو. خوشکی ئەبوبەکر لەو وتوێژەدا کە (ئاشنا کەمال) لەسەر خواستی نووسەری ئەم باسە لەتەکیدا کردوویەتی، دەڵێت: (بەکری برام لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەوەی کردووە، کە ینک نیازی هەیە تیرۆری بکات.. ئێمە لەبری خوێنی براکەم پارەمان ناوێت، دەمانەوێت خوێنی بەفیڕۆ نەڕوات، تاوانبار بدۆزرێتەوەو بەسزای خۆی بگات.)

ماوەیەک ینک مێردمنداڵێکیان (کە<گۆران> ی ناوبوو،) بەگیر هێنابوو، گوایە ئەو ئەبوبەکری کوشتووە، دواتر گۆرانیان ئازادکرد و (شێرکۆ)ی برای ئەبوبەکریان بەو بیانووەی نیازی وایە تۆڵەی براکەی بکاتەوە، گرت. وەک خوشکی ئەبوبەکر دەڵێت، (قوبادی جەلیزادە) فریای کەوت، ئەگەر نا ئەویشیان تەمێ ئەکرد.

(دڵنیاین گوللەبارانکردنی ئەبوبەکر عەلی لەلایەن چەکدارەکانی پارێزگاری سلێمانییەوە، دوا تاوان نابێت. شەهیدکردنی ئەبوبەکری ئاشتیخواز، خۆشەویست و جێی متمانەی ماڵە ئاوارەکانی حامیە، کارەساتێکی گەورەیەو هیچ پاساودانێک قەبوڵ ناکات و پەڵەیەکی رەشی لەسڕینەوە





نەهاتووە، بە تەختی تەوێڵی پارێزگارو حکومەتی هەرێمەوەو بە ڕەسمی دەستپێکردنەوەی قەتڵوعامی ئەدیب و هونەرمەندانی کوردستانەو هەڵگەڕانەوەیە لە راپەڕینی شکۆمەندی ئاداری 1991 و گەڕانەوەیە بەرەو فاشییەت و لە نوێ بەکۆیلەکردنەوەی جەماوەرە، بە گشتی.)

لەسەر ئەم رستانە کە لە بانگەوازی 14ی ئەیلوولی 1994ی نووسەران و هونەرمەندانی سلێمانیدا هاتبوون، پارێزگاری سلێمانی بەمەبەستی پەشیمانکردنەوەیان بەشێک لە ئیمزاکەرانی بانگەوازەکە بانگ دەکات و چەکی هەڕەشە دەخاتەکار، بەڵام کەسیان لە ئیمزای خۆیان پاشگەز نابنەوەو تەنانەت پێشیدەڵێن: "بەعس هەڵسوکەوتی لەگەڵ رۆشنبیراندا چۆن بوو، هیچ نەبێت ئێوەش وا رەوتارمان لەتەکدا بکەن."

کوشتنی ئەبوبەکر بەجۆرێک لە سوێد دەنگی دایەوە، هەندێک کەسی سەر بە ینک پەنایان بردەبەر هەڕەشەکردن، لە ئینگرید کارڵکڤیست و ئولا ڕیشاردسۆن، ئەو دوو رۆژنامەنووسەی لە 24ی شوباتی 1995 دا لە رۆژنامەی iDAG دا ناو و وێنەی ئەو سوێدییانەیان ئاشکراکرد، کە لە کوردستان شاعیریش تیرۆر دەکەن. سالار عەزیز و عومەری سەید عەلی، کە هەردووکیان هاوڵاتی سوێدن، iDAG دا، وەک مرۆڤکوژ ناویان هێنرابوو. نزیکەی 22 مانگ بەسەر تیرۆرکردنی ئەبوبەکردا تێپەڕیبوو، لە21ی 6ی 1996 دا سالار عەزیز لە رادیۆیەکی کوردیی ستۆکهۆڵمەوە گوتی: (ئەبوبەکر بێ تاوان بوو، ترسا، رایکرد، تەقەی لێکراو کوژرا، هێشتا قەزیەکەی لای حاکمە.) ئەوی ئەبوبەکری کوشتبوو، خۆی نکۆڵی لێ نەدەکرد، فەرماندەی پاسەوانانی پارێزگار بوو، لە شەڕی نێوان یەکێتی و پارتیدا، کوژرایەوە.





## دەربڕینی نوێ

شیعری نوێ وێنەی خۆرئاوابوون، خەرمانەی مانگ، درەوشانەوەی ئەستێرە، هەڵچوونی زەریا، هاژەی رووبار، جریوەی چۆلەکە، باڵای چنار، سەوزایی دارستان و بۆن و بەرامەی گوڵ ناکێشێت، بە کامێرای نهێنی وشە وێنەی خەون و خولیا، هەست و نەست، خەم و شادی، هیواو بێ ئومێدی، دڵەڕاوکێ و ئارامی، ئەوین و قین دەگرێت. شیعری نوێ بەناخدا رۆدەچێت، حاڵەتەئاڵۆزەکان بەرجەستە دەکات، تژییە لە شتی سەیر و نهێنی و ناکۆک. هیچ هونەرێک هێندەی شیعر ناخی ئینسان ناخاتەڕوو، شیعر ئەگەرچی هاواری ناخی شاعیرە، کەچی لە ناخی کەسانی تریشدا دەنگ دەداتەوە. شیعر سەبارەت بە شتێک نادوێت، شتەکە دێنێتە قسە.

تازەگەری لە شیعردا لە بۆشاییدا روو نادات، بەشێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکی پتەوی بەو قۆناغە مێژووییەوە هەیە، کە هەر کۆمەڵگایەکی پێدا تێدەپەڕێت. شیعری نوێ لە دەسەڵات یاخی دەبێت، شیعر تەنیا بەشێوازی کۆن و باو دەتوانێت لە ڕاژەی دەسەڵاتدا بێت. دەسەڵاتدار لە شیعری سوریالی تێناگات، بۆیە دژی دەوەستێت. کەس شیعری سوریالی بۆ دیکتاتۆر ناڵێت. (ریتمی شیعری ستوونی، ریتمی گیانی خێڵە، بۆیە نوێخوازترین شاعیریش کە بیەوێت بەباڵای سوڵتانێکدا هەڵبڵێت، دەگەڕێتەوە سەر هەمان ڕیتم. سەییاب کە ناساغ بوو، بە شیعرێکی ستوونی ستایشی (قاسم)ی کرد، تا بۆ چارەسەر بۆ دەرەوەی عێراقی بنێرێت.) ئەم ڕێسایە شێرکۆ بێکەس ناگرێتەوە، ئەو گوڵی پەخشانە شیعریش لە یەخەی دەسەڵاتداران دەدا.

ئەدۆنیس دەڵێت: (زمانی ئاسایی زمانی روونکردنەوەیە، وەلێ زمانی شیعر زمانی ئاماژەیە. شیعر ئەو شتانە دەڵێت، کە بەزمانی ئاسایی ناگوترێن.)

بۆچی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی!
بۆ مەی نەڕژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە!





نالی بە راشکاوی نەیگوتووە، تەنیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە فرمێسکی ئاڵی لە مەی و دڵی ناسکی لە شووشە دەچێت. ئەرکی رەخنەگرە بایەخ بەوەبدات، کە فلان شاعیر کام بەردەی ناوەتەسەر دیواری کەلەپوور و چی تازەی گوتووە؟

بەشەو چەمی گەوهەربەندی پشتوێنت
لێم دەبێتەئەستێرەی باڵانوێنت. <هۆنراوەی مۆسکۆی جوان>

لای گۆران چەم پشتوێنی شارێکە، کەچی لای ئەبوبەکر چەم پشتوێنی کچێکە:

دیجلەم ئەکردە پشتوێنت. <هۆنراوەی ترێی تاڵ>

لای لەتیف هەڵمەت پرچی کچ: رەشماڵە، لای ئەبوبەکر گۆڕە:

وەرە ئەمشەو لەپرچەکانتا بمنێژە. ل1

سەرنجی ئەم دەربڕینە نوێیانە بدەن، کە ئەبوبەکر دایهێناون:

سارد وەک ئەو گڕەی
شەو لە چراکەی موشیردا ئەنووست،
زەرد وەک دڵی پیر. ل17
کورت وەک دارەکەی مێجەرسۆن. ل4
ئەو پرچانەی لە جۆگەلە درێژتر بوون. ل1
پرچەکانت دوو چرای قوڕگ هەڵکەنراون. ل2
وەک توولەڕێی قەدپاڵێکی گوێژە تەنیام. ل30
هۆ ئەو کچەی لاسارتری لە رەشەبا
هۆ شارنشینی چاو گەڵا. ل7
خۆشەویستیتان سەگێکە پێم ئەوەڕێ. ل11
ئەم بازانە پۆلێ ئاگری باڵدارن،
مەلۆی فڕیوی جوتیارن. ل13
رووبارێک بووی پەلت گرتم. (ترێی تاڵ)
ئەم شیعرانە گونکی ژێر تیرۆکەکەی تۆن. (هۆنراوەی دایە.. دایە)





## زمانی شیعر

زمانی شیعر لە زمانی ڕۆژانە جیاوازە، بەڵام ئایا کرۆکی شیعر، زمانی شیعرە؟ ئایا دەقی شیعری بە پلەی یەکەم جەستەیە کە لە زمان؟ ئایا ئەو زمانە سادەیەی ئەبوبەکر پێی دەنووسێت، لە زمانێکی ئاڵۆزی داتاشراو، شاعیرانەتر نییە؟ ئایا جوزێف برۆدسکی گوتەنی: شیعر زمانە لە باڵاترین توانایدا؟ ئایا زمان ئامانجە؟ (شەکسپیر بەسەر زماندا زاڵ و شارەزای نهێنییەکانی بوو، بەڵام ئەوەی ئەوی بە نەمریی هێشتۆتەوە، لە زمان قووڵترە، ئەوەیە کە ئینسانی ناسیوە.)

تۆ خوێنی سەوزی ئەو دارستان و لێڕەوارانەی
ئاسمان کاسکێتە هەورینەکەی خۆی تیا نەتەکاندوون. ل16

داهێنان بە گوتنی شتی جیاوازەوە بەندە، نەک بەتوانەوە لە کەلەپووردا. تەقاندنەوەی زمان، نە فەرامۆشکردنی زمانە، نە شێواندنی ڕێنووسە، نە بەکارهێنانی وشەی بێگانەیە، نە تەمومژی ساختە، بەڵکوو گەشەدانە بە زمانە دێرینەکە، بۆ ئەوەی بکارێت دیاردە نوێیەکان بەسەر بکاتەوە، ئاخر زمانیش دەبێت لە گەشەسەندندا بێت، ئەگەر نا توانای پرسیاری نوێی نابێت.

وەک ئەو هەورانەی
هەرگیز بیابان مەمکی نەمژیون،
گریای پڕ چاوی ئەو جۆگەلانەی
لەشوێنپێکانی <نالی>دا تەقین،
هێندەگریاوی هاکا پاییزێ
چاوەکانیشت وەک گەڵا وەرین. ل19

ڕاستە شاعیر دەبێت بوێرانە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکات، ڕچەبشکێنێت و سڵ لە تابوو بەزاندن نەکاتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە <شیعری باڵا وەک پارچە ئێسکێک فڕێ بداتە بەر دەمی سەگی پەخشان.> شاعیری بوێر، شۆفێر نییە تا (نیزار قەبانی) گوتەنی: لەبەردەم گڵۆپی سووری سەروادا





بوەستێت. خۆبەستنەوەش بە کێشێکی دێرینەوە، هەر لاساییکردنەوەو گیرخواردنە لە بازنەیەکدا، کە پێشتر سنوورەکەی دیاری کراوە.

ئەم دڵە باڵندەیەکە، شەوانەدێ

پەڕو باڵی لە دەرگەکەتان هەڵدەسوێ. ل31

دەشێ بەلای <کەمال محەمەد>ەوە ئەمە باڵا بەرزترین شیعری ئەبوبەکر بێت، ئەگەر نا نەیدەکرد بە گۆرانی، یان بەلای <عەدنان کەریم>ەوە تەنیا ئەو دێڕانەی لاوکی هەڵەبجە شیعر بن، کە بە گۆرانی گوتوونی، بەڵام شیعری نوێ ئەگەرچی کێش پشتگوێ ناخات، وەلێ بە تەرازووی گۆرانی ناکێشرێت. شیعری نوێ پشت بە کێشێکی حازر بەدەست نابەستێت و ریتمی نوێ لە وشەکاندا دەدۆزێتەوە.

خۆت لە دووبارەکردنەوەی وشەی هاوواتا بپارێزە!

وشەی ئاسایی بەکار بهێنە، نەک ئاڵۆز!

بەدڵنیاییەوە مەدوێ!

ئەوانە ئامۆژگارییەکانی <بۆرخیس>ن، ئاخۆ شیاوی ئەوەنین شاعیر لەبەرچاویان بگرێت؟ بەلای <برۆکس>ەوە شیعر بەرجەستەکردنی بیرۆکەیەکی پێشوەختی شاعیر نییە، شیعر شتێک بە خوێنەر ناگەیەنێت، خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێت. بەدەگمەن فەیلەسووفێک شیعری جوانی نووسیوە، چونکە زمانی فەلسەفە، زمانی شیعر نییە. شیعر هاوزەمان وێنەکێشان و موسیکلێدان و سەمایەبەوشە. سەرنجی هەر دێڕەشیعرێکی جوان بدەیت، هاوزەمان وێنەیەک و رستەیەکی موسیکییەو وشەکانی سەرقاڵی سەمایەکی ئەفسووناوین.

دەمامک و وێنە

بۆچی لەو شیعرانە ناڵێیت کە تێیان بگەم؟ ئەبو تەمام لە وەڵامدا دەپرسێت: بۆچی لەو شیعرانە تێناگەیت کە دەیانڵێم؟ ئایا شیعر بۆ ئەوەیە تێی بگەین، یان بۆ ئەوەیە چێژی لێ وەربگرین؟ ئایا ئەو شیعرەی لێی تێنەگەین، چێژی لێ وەردەگرین؟ ئەوەی لەو دیو دیوارەوەیە دیار نییە،





ئەوەی لەو دیو شووشەوەیە دیارە، شیعر دەشێت شووشە بێت، یان دیوار. شیعری ئەبوبەکر ئاوێنەیەکی ڕوونە، شاعیری بە زیندوویی تێدا دەبینرێت، ئاخر شیعر و شاعیر دوو شتی جیاواز نین، هەر یەک شتن، شیعر، شاعیرە لەشێوەی وشەدا. شیعر پێناسەیەکی نەگۆڕی نییە، پێناسەی شیعریش وەک شیعر خۆی، هەمیشە لە گۆڕاندایە.

بێخود دەڵێت:

ئەی فیدای رەحم و وەفاتان بم مەگەر من یوسفم
ئەم برای خۆتانە وا ئاوارەو ون کردووە.

هەروەها دەڵێت:

بۆچی نەڕژێ سەیلی سروشکم وەکو باران
بۆچی وەکو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران
لەو یوسفە پرسیومە لە بێگانەو و یاران
هەرگیز نییە سۆراخی لە هیچ لاوە دڵی من.

<ئەمەل دەنقەل>دەڵێت:

من یوسفی خۆشەویستی زولێخام
کە هاتم بۆ کۆشکی ئازیز
تەنیا هەر مانگم شک دەبرد.

ئەبوبەکریش دەڵێت:

کام زولێخا
کام یاقووب و بیرو برا
لە تەنیایی و گریانی یوسفیت ئەگا؟ ل8

بەڕاست شیعر پێویستی بە سیمبۆل، داستان و ئەفسانە هەیە؟ شاعیر پێویستی بەوە هەیە لەودیو دەمامکی ئۆلیس، سیزیف، پرۆمیتۆس و یوسفەوە خۆی بشارێتەوە؟ هەندێک جار شاعیر خۆی لەو دیو دەمامکێکەوە کە کەسایەتییەکی مێژووییەوە، حەشار دەدات و رەخنە لە کەموکوڕییەکانی سەردەم دەگرێت و باس لە خولیاو خەم و ئەندێشەکانی خۆی دەکات. گەلێک جار دەمامک هێندە ڕوونە، ڕووی شاعیر لەو دیویەوە دیارە. لە شیعری دەمامکدا شاعیر لە پشتەوەیە، <چیرۆکبێژ> بەشداری ڕووداوەکان





دەکات، کات: رابردووە، راناو: کەسی یەکەمی بگۆیەو سەرچاوە: مێژووە، بەڵام شیعری ئاوینە کە لای ئەدۆنیس دوا تەکنیکە، وەک شیعری دەمامک درێژ نییە، چڕە، شاعیر: لە پێشەوەیە، چیرۆکبێژ: شایەتە، کات: ئێستایە، سەرچاوە: رووداوی رۆژانەی تێکەڵ تێکەڵ بە ئەفسانەیەو راناو: کەسی سێیەمی بزرە.

کوڕانی یاقووب، یوسفی برایان دەخەنە بیرێکەوە، کراسەکەی لەخوێنی بزنێک هەڵدەکێشن، وەک کۆیلە دەیفرۆشن و لای باوکیان دەڵێن: گورگ خواردوویەتی. مەحموود دەروێش لەسەر زاری یوسفەوە دەڵێت:

<گورگ لە براکانم دلۆڤانترە، باوکە. >

براکانی یوسف لە برا دێرینەکانی ئەبوبەکر دلۆڤانتر بوون، ئەمان هەر بەزیندانی کردن و ئەشکەنجەدان لە براکەی جارانیان خۆش نابن، لە خوێنی خۆشیدا شەلاڵی دەکەن.

ئەمەل دەنقەل دەڵێت:

خەو بەدنیای خۆشترەوە مەبینن

کە میرێک دەمرێت، میرێکی

دیکە جێگەی دەگرێتەوە.

کۆمەڵگایەک نییە، بێ زەبرو زەنگ بێت، بەئاسۆی ئایندەشەوە تروسکەی کۆمەڵگای بێ توندوتیژی بەدی ناکرێت. مێژووی ئینسان، مێژووی سەرکوتکردنیەتی. بەعس دووجار ئەبوبەکر دەگرێت، بەڵام نایکوژێت. یەکێتی یەکجار دەیگرێت و کە بەرەڵای دەکات، تەنیا نۆ رۆژی تر لێی دەگەڕێت <شنەی ئازادی هەڵبمژێت،> لەرۆژی دەیەمدا دەیکوژێت.





**قین و ئەوین**

حەمەفەریق حەسەن دەڵێت: (رەنگە کەم شاعیر هەبێت هێندەی ئەبوبەکر بەرامبەر بە رەگەزی مێ تووڕەبێت، تا ئەو رادەیەی پێیان دەڵێت:

هەریەکەتان تاوانێکی تری حەوان.

بەڵام تووڕەبوونی لە بەکەمزانینی رەگەزی (مێ)وەنییە، بەقەدەر ئەوەی بۆ بێدارکردنەوەی خۆیانە. ئەو هەڵچوونەی زیاتر لە خۆشەویستییەکی بەتینەوەسەرچاوەدەگریت.)

تۆش هەر وەکو
کچانی تری شارەکەم
با نیت، شنەی
چەم نیت، زنەی
شەستە باران نیت، پڕووشەی
تەنیا درۆ و عەتر و بۆیەو بووکەشووشەی. ل33

ئاخۆ ئەبوبەکر لە یەک ژن تووڕەیە، یان لە ژنان بە گشتی؟ ئایا ژن هەمیشە لەسەر هەقە؟ ئاخۆ چ ژنێکی دڵبەرد، هەوێنی بێزاری ئەبوبەکر بووبێت؟ ئەگەر ژنێک بە سەختی بریندارى نەکردبێت، ئەوێ کە رۆژێک لە رۆژان گوتبێتی:

لەو رەشەبایەش خۆش نابم
تەنیا شەوێ لە حەوشەتانا نووستبێ
بۆنی تەوێڵ و پەرچەم و هەناسەتی
بۆ کەسێکی کە بردبێ. ل6

چۆن دڵی دێنێت بنووسێت: (ئافرەتیش لەم وڵاتەدا پیاڵەیەکە، فەیلەسووفێک و گەمژەیەک بەیەک نرخ تیا ئەخۆنەوە.) یان بڵێت: (نازانم چۆن ئەو دەستە بە دەستی گیڤارا بزانم، کەمەمکێکی تیایە نەک نارنجۆکێک!)





من ئەڕۆم و
تکایە پێی بڵێن ئیتر
بە دیدارم ناگاتەوە،
وەک چەم ئەڕۆم
چەمیش ئاوڕ ناداتەوە،
بێزارم، بێزارم لێرە
لە دار، لە بەرد
بێزار لە شارەکەی لە خۆی،
لە ئاوێنەو تەوقەو شانەو
قژی نیگرۆی
لە دەست و پەنجەی دەستەمۆی. ل22

ئەبوبەکر لە ژن بێزار نییە، لە ژنی دەستەمۆ تووڕەیەو دەیەوێت لە ڕێی وروژاندنیەوە بۆ یاخیبوون، هانی بدات. مارکۆس دەڵێت: (تا گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سایکۆلۆژیای تاکەکاندا ڕوو نەدات، شۆڕش بەرپا نابێت.)

ئایینی شاعیری یاخیبوو، وروژاندنە تا ڕادەی بریندارکردن provocation، ئەو شاعیرەی بڕوای بەو ئایینە نەبێت، نەک هەر بەرەنگاری واقیع نابێتەوەو تابوو ناشکێنێت، بەڵکوو داکۆکیش لەو شتانە دەکات، کە دەسەڵاتداران بە پیرۆزی دەزانن.

## شیعری پەپوولەیی

ڕاستگۆییەکی دەگمەن بە ئاسمانی شیعری ئەبوبەکرەوە دەدرەوشێتەوە، ئەو لەگڵی واقیع جۆرە گۆزەیەک چێ دەکات، هەر دەڵێی گۆزەی شەرابی خەیام، یان گۆزەی سەرشانی کچی شیعری (گۆران)ە. دەزانێت خەیاڵ بڕبڕەی پشتی شیعرە نەک واقیع، هەر بۆیە بەجۆرێک واقیع لە خەیاڵی هونەریدا دەتوێنێتەوە، کە شیعرێکی دەبینیت، هەست ناکەیت لە دەرەوە

دەیخوێنێتەوە، پێتوایە بەشێکی لە شیعرەکەو لەناویدایت. ئەبوبەکر بەشێوەیەکی نائاسایی و چاوەڕێنەکراو، جیهانێکی ئاسایی بەرجەستە دەکات، زێدەڕۆیی لە بایەخدان بە شێوازدا ناکات، گەر شتێکی پێ بێت شیاوی گوتن بێت، دەیڵێت. چی دەڵێت، بەلایەوە گرنگترە لەوەی چۆنی دەڵێت. دەستۆیفسکی لەبەر ئەو شتانە نەمرە کە گوتوونی، نەک لەبەر ئەوەی چۆنی گوتوون.

ئەمشەو ئەنووم..
شیعر ناڵێم..
شیعر مۆمێکە پێ نابێ
من شاعیری چرایەک نیم
لەگەڵ فووا
پەنجەیان تێکهەڵکێشابێ..
من شاعیری..
وڵاتێ نیم
سەدان شەو پۆلیسەکانی
جرت و
تف و
لیسەکانی..
خواو..
ئەستێرەو
خۆشەویستی و
شیعرەکانمیان.. ڕاونابێ. ل11

لە سەردەمێکدا جەللاد مافی هاوڵاتیبوون لە شاعیر بستێنێتەوە، وەک جەعفەر نومێری لە فەیتووری و سەددام لە بەیاتیی سەندەوە. لە شوێنێکدا دەسەڵاتدار ئەوە دەستنیشان بکات، کێ مافی ژیانی هەیەو کێ نەء، دەوێ نیشتمان نییە. نیشتمان شوێن ێکەتێیدا بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی ئینسان





بدرێت. لە شوێن و سەردەمی وادا، بانگەشەکردن بۆ شیعری سپی و پەپوولە ئاسا، سووکایەتی کردنە بە هۆشیاریی خوێنەر. شیعری بێلایەن مەگەر لەسەروەختی سەروەریی یەکسانیدا لە دایک ببێت. ئەوە چارەنووسی شاعیرە، چ لە باوەشی نیشتماندا بێت و چ دوور بێت لێی، هەر هەست بە نامۆیی بکات، بەڵام وەک (کیرکیگارد) بۆی چووە، دژوارترین جۆری نامۆیی، لەخۆ بێگانەبوونە، چونکە هەوێنی ئەوپەڕی بزربوون و تاریکترین نائومێدییە.

لە وڵاتە بچکۆلەکەی دڵی خۆشما پەناهەندەم. ل33
ئەمشەو من و پەنجەرەکەم
دوو تەریکی
شارێکی پڕ لە تلیاک و
کەڵبەو قەڵەمی سۆزانین. ل10
ئەم سەدەیە
سەدەی دۆلار و قەحبەیە. ل8

لە دوای جەمال عیرفانەوە ڕستەیەک جێ نەماوە، بەڵام هێشتا ئەستێرەی ناوی هەر گەشە، هێشتا بە هەنیەی بکوژانییەوە، خوێنی پەڵەیەکی ڕەشە. با بکوژانی ئەبوبەکر عەلیش خاتر جەم بن، مێژوو ناویان وەک جەللادی شاعیر تۆمار دەکات، ئاخر مێژووی راستەقینە، شاعیری یاخی دەینووسێتەوە، نەک جەللاد.

1999/12/3





# بەیادی هاوڕێ (بەکر عەلی)[27]

ڕێباز مەحموود

من لەمەیدانی شەڕێکدام،
ناوبژیوان ناخولقێ.. تا جێی بێتەوە
جا دڵنیام یا دێتەلام..
یا لە دوا ئەنجامی شەڕا،
دەستی شیعرم تەرمەکەت ئەدۆزێتەوە

ساڵێک لەمەوبەر کاتێک هاوڕێ بەکر ڕابەرایەتی خۆپیشاندانێکی هێمنانەی خەڵکی بێ خانەو لانەی سلەیمانی دەکرد، لەبەرچاوی خۆپیشاندەران و کەسوکارییەوە، لەلایەن ئینسانکوژانی هێزی تایبەتەوە، درایە بەر گوللەو تیرۆرکرا.

هاوڕێ بەکر لەگەڵ ژیان و خەباتی زەحمەتکێشان و لەگەڵ ئینسانە زەحمەتکێشەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبوو، کەلەنەتیجەی عەشقێکی شاعیرانەی ئەو پێکهاتبوو. عەشقێکی بێ سنوور بە خێزانێک، کە خۆی لە داوێنی دا گەورەببوو. تامی تاڵی و هەژاری و بێبەشیی خەڵکی زەحمەتکێش.

بەکر عەلی، کرێکارێکی ناڕازی، یەکێ لە وتاربێژانی مەراسیمی ئایاری 1994 بوو. وتارەکەی بەکر، دەنگی ناڕەزایەتی هەموو بێبەشان و بێ خانەو لانەکان بوو، لە دژی بێ مافی و بێ خانەو لانەیی و ناعەدالەتی ئەم کۆمەڵگایە. لەڕاستیدا دەنگی بەکر عەلی دەنگی دابینکردنی خانووبەرە بوو، دەنگی ناڕەزایەتی بوو دژی بێکاری و نایەکسانی و سەعاتی کاری زۆر و کاری منالآن و شەوکاری و کاری قۆنتەراتی و..... .. . دەنگی بەکر دەنگی ناڕەزایەتی هەزاران کرێکارو زەحمەتکێش بوو دژی ئەم بێ مافیانەو دەیەها بێ مافی تر، کە کرێکاران هەموو ڕۆژێ بە خوێن و گۆشتەوە دەیچێژن.

[27]. خەباتی کرێکار، ژ2، سەرەتای ئەیلولی 1995، دوا لاپەڕە.





بەکر دەنگی ناڕەزایەتی کرێکاران بوو بە کۆمەڵگەیەک، کە لەوێ ناڕەزایەتی و خەبات لە دژی بێکاری و گرانی و نەبوونی کرێ و بێ مافی و.. . هتد، بەشێکی جیانەکراوەن لەژیان و خەباتی کرێکاران. چونکە تا کاتێک کە سەرمایەداری و خاوەندارێتی تایبەتی هەبێت، چەوسانەوەی چینی کرێکارو بێ مافی هەیەو هەتا ئەمانەش هەبن ناڕەزایەتی کرێکاران درێژەی هەیە. کاک بەکر بەتاوانی رابەرایەتیکردنی ناڕەزایەتییەکانی بێ خانەو لانەکان و وتار خوێندنەوەی لە مەراسیمی سەرتاسەریی کرێکارانی سلێمانی و راگەیاندنی هاوچارەنووسی خۆی لەگەڵ کرێکارانی رێکخراو لە رێکخراوە جەماوەرییەکان و ئەندامبوونی لە یەکێتی بێکاراندا تیرۆرکرا.

ژنان و پیاوانی کرێکار: ئەگەر ئایاری ئەمساڵ بەکر لەناو ئێمەدا نەبوو، و ئەمساڵ بەبێ بەکر درێژەمان بەخەبات و تێکۆشانی خۆماندا و بەبێ وتارخوێندنەوەی ئەو، مەراسیمی شکۆداری ئایارمان بەڕێخست، وا بیربکەنەوەو بڵێن: ئیتر ناڕەزایەتی بەتیرۆری هاوڕێ بەکر بێ فایدەیە. نەخێر ئەمڕۆ پێویستە کرێکاران، هەموو ئازادیخوازان بەهەر شێوەیەک کە خۆیان بەباشی دەزانن، بەدەستەوە بگرن بە دەرکردنی بەیاننامەو ئیمزا کۆکردنەوەو ناڕەزایەتی خۆیان تیرۆری بەکر عەلی مەحکوم بکەن. لەبەیاننامەو بڕیارنامەکانی خۆیاندا، داوا لە رێکخراوەو ئیتحادییە کرێکارییەکانی جیهان بکەن، کە تیرۆری بەکر عەلی مەحکوم و ریسوا بکەن و پشتیوانی هەمیشەییان بن و دەنگی ناڕەزایەتی خۆتان بگەیەنن بەناوەندە نێو نەتەوەییەکان. تەنها بە خەبات و ناڕەزایەتی ئێوەی کرێکاران دەتوانین ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی و مانگرتن و خۆپیشاندان بسەپێنین و نەهێڵین تیرۆر دووبارەببێتەوە، و بەڵکو تیرۆریستانیش بە سزای خۆیان بگەیەنن.

هاوڕێ بەکر عەلی لەناو ئێمەدا نەماوە، بەڵام یادی ئازیزی زیندووەو ئامانجەکانی بەرز راگیراون، تاوانبارانیش بەسزای خۆیان دەگەن.

**بەرزو بەڕێز بێت یادی ئازیزی هاوڕێ بەکر**





# لە كوژرانی ئەبوبەكر عەلی دا[28]
# مافی مرۆڤ و یەكێتی نووسەران، بێ هەڵوێست بوون

**(دڵنیاین گوللەبارانكردنی شاعیری لاو ئەبوبەكر عەلی لەلایەن چەكدارەكانی پارێزگاری سلێمانییەوە، دوا تاوان نابێت. شەهیدكردنی ئەبوبەكر عەلی ئاشتیخوازو خۆشەویست و جێگای متمانەی ئەنجوومەنی ماڵە ئاوارەكانی حامیە، كارەساتێكی گەورەیەو هیچ پاساودانێك قەبووڵ ناكات و پەڵەیەكی رەشی لەسڕینەوە نەهاتووە بە تەختی تەوێڵی پارێزگارو حكومەتی هەرێمەوە. بەڕەسمی دەستپێكردنەوەی قەتڵوعامی ئەدیب و هونەرمەندانی كوردستانەو هەڵگەڕانەوەیە لە راپەڕینی شكۆمەندی ئاداری 1991 و گەڕانەوەیە بەرەو فاشییەت و پێشینەیەكی خەتەرناكەو سەرلەنوێ بەكۆیلەكردنەوەی جەماوەرە بە گشتی).**

ئەم رستانەی سەرەوە بەشێكن لەو نامە بانگەوازییەی كەلە14 ئەیلولدا، بە ئیمزای 14 گرووپ و 3 رووناكبیری شاری سلێمانی بەرەو ڕووی جەماوەری ئاشتیخوازی كوردستان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ كراوەتەوە.

ئەبوبەكر عەلی، یەكێك بوو لە شاعیرە لاو و پێشكەوتوخوازەكانی شاری سلێمانی و بە داكۆكیكەر لە مافی ماڵە ئاوارەكان ناسراوبووە. لەرۆژی 1ئەیلولی رابردوودا، دوای ئەوەی بە بریندارى كەوتە دەست پاسەوانەكانی پارێزگای سلێمانی و كوژرا. ئەبوبەكر عەلی لەگەڵ نزیكەی هەزار كەسی تر لە خەڵكە ئاوارەكانی گەڕەكی حامیەی كۆنی سلێمانی، لە خۆپیشاندانێكدا گەیشتبوونە بەر دەرگەی پارێزگاو داوای ئەوەیان دەكرد. كە پارێزگار دەست لە بڕیاری تێكدانی خانووەكانیان هەڵگرێ، بەو ناوەی كە گوایە خانووەكانیان بێ تاپۆن.

---

[28]. گوڵان، ژ25، 6ی تشرینی یەكەم 1994، ل8.

کوشتنی ئەبوبەکر عەلی بە پێشێلکردنی مەترسیداری مافی مرۆڤ دادەنرێ لە کوردستاندا، بەڵام تا ئێستا کە نزیکەی چل رۆژ بەسەر کوشتنیدا رادەبووری، نە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان و نە یەکێتی نووسەرانی کورد کە ئەبوبەکر عەلی خۆی تیایدا ئەندام بووە، هیچ هەڵوێستێکیان لەم بارەیەوە نەنواندووە.

پارێزگاری سلێمانی دوای کوشتنی ئەبوبەکر عەلی، لەرێگەی تەلەڤزیۆنەوەوای راگەیاند، کەخۆپیشاندەران چەکیان پێ بووەو – گوایە ویستوویانە هێرشی سەر باڵەخانەی پارێزگا بکەن بەڵام هەموو سەرچاوەکانی ناوشاری سلێمانی وا رادەگەیەنن کەئەبوبەکر عەلی لەڵێکداداندا نەکوژراوە. بگرەدوای برینداربوونی بەهۆی دەسرێژی چەکی پاسەوانەکانی پارێزگارەوەبەبریندراری هەڵاتووەو لاشان لەشوێنێکی دوور جارێکی تر کەوتووەتەوەبن دەستی پاسەوانەکانی پارێزگاری سلێمانی و بەمەبەستی کوشتن کوشتوویانە.

کوژرانی بەم جۆرەی شاعیرێک و بێ هەڵوێستی رێکخراوی مافی مرۆڤ و یەکێتی نووسەران و دام و دەزگای حکومەت لەبەرامبەریدا، بووەتە مایەی چاندنی دڵەڕاوکەو نیگەرانییەکی گەورە، لەناو نووسەرو هونەرمەنداندا. ئەمە چەندەمین جارە ئیمزا کۆدەکەنەوەو ناڕەزایی دەردەبڕن، بەڵام دەنگەکانیان هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبووە.





# چی لەگەڵ بکوژانی "بەکر عەلی" کرا؟[29]

ڕۆژی 1994/9/1 لەبەردەمی پارێزگای سلێمانیدا، تەقە لە خۆپیشاندانێکی ئاشتیخوازا نەکرا، کە دانیشتووانی خانووە بێ تاپۆکان ڕێکیانخستبوو. هاوڵاتی لاو "بەکر عەلی" کە یەکێک بوو لە خۆپیشاندەران، شەهید کرا. ئەمە تاوانێک بوو کە بە هیچ جۆرێ پاساوی بۆ نادۆزرێتەوەو لەگەڵ هیچ یاساو شارستانێتییەک ناگونجێ. هەرچۆنێکیش ئەم تاوانە جێبەجێ کرابێ، بەرپرسیارێتی هەر یەخەی دەسەڵاتدارێتی هەرێم لە شاری سلێمانی (ی ن ک) دەگرێتەوە، چونکە لەو ڕۆژانەدا دەسەڵات تەنها لە دەستی ئەواندا بووە. لەهەموو شتیش ترسناکتر ئەوەیە کە تاوانی وەها، مەترسییەکی زەق و گەورە لەسەر ئاییندەی مەسەلەی دیموکراسی دروست دەکات. ئەگەر هەر لە ئێستاوە کە هێشتا (بسم الله) بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندانێکی ئاشتیخوازانە بکرێ کە بەدڵی دەسەڵاتداران نەبێ، ئاخۆ سبەینێ چی لەگەڵ ئەم جەماوەرە بکرێ کە بچێتە سەر جادەکان و بەتوندی ناڕەزایی خۆی بەرامبەر حوکمڕانان دەرببڕێت؟

ئەگەر دەسەڵاتداران بیانویستایەو (بیانەوێ) ئەم تاوانە لەملی خۆیان دابماڵن، دەبوو لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەیان دروستبکردایەو بکوژانیان بەند بکردایەو هەنگاو بە هەنگاو ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکە بخرایەتە بەردەمی جەماوەرو دادگایی کردنیشیان بڵاوبکرایەتەوە.

سەبارەت بە کێشەی خانووە بێ تاپۆکانیش، کە بووەهۆی خۆپیشاندانەکە پێویستە دوو وشە بوترێ. ڕاستە ئەو هاوڵاتییانەی کە خانووی بێ تاپۆیان هەیە، تەجاوەزیان کردوەتەسەر زەوی شارەوانی، یان زەوی ئەم و ئەو. بەڵام تەجاوەزکردنی سەرەکی بۆ سەر زەوی شارەوانی، بە دروستکردنی سەدان و هەزاران دوکان و گەراج و خانوی گەورە، لە خەڵکی هەژاری بێ خانووەوە دەستیپێنەکرد، بەڵکو لە کەسانی دەوڵەمەند و لەکاربەدەستانی

[29]. گۆڤاری دیموکراسی، ژ28، تشرینی دووەمی 1994، ل11.

هێزی چەکدارەوە دەستیپێکرد. لەبەرپرسانی خودی شارەوانی و دەزگا ڕەسمییەکانی دیکەوە دەستیپێکرد. ئەوەیشی کە پێیوا نییە، با بفەرموێ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە کەسانی بێلایەن و داوێن پاک دروست بکرێ، هەتا هەزارو یەک بەڵگە نیشانی بدا کەوایە.

ئێمە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ تەجاوەز نین بۆ سەر حامیە، کە(گۆڤاری دیموکراسی) بەر لەهەموو کەس پێشنیاری کردووە، کە حامیە بکرێتە پارکی گشتی سلێمانی. بەڵام بۆچی تا ئێستا کەس بە تەجاوەزە سەرەکییەکانی نەوتووە "بەری چاوتان کلی پێوەیە" کەچی بە ئاگرو ئاسن ڕووبەڕووی تەجاوەزکەرە بچووکەکان بوونەوە؟ بۆچی؟!

ئەگەر بەشێوەیەکی مەنتیقی، دەسەڵاتداران بچوایەن بەپیر کێشەی خانووەبێ تاپۆکانەوە، ئەوا بەئاسانی و بێ خوێنڕشتن چارە دەکرا. بۆ ئەمەش دەبوو لیژنەیەکی ڕێک و پێک لە نوێنەرانی حکومەت و لە پسپۆڕانی دیکەو هەندێ کەسایەتی کۆمەڵایەتی دروستبکرایە، بۆ دیراسەی مەسەلەکەو دۆزینەوەی چارەسەری بەجێ. بەهەرحاڵ ئەرکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی هەموو دڵسۆزێکە داوای لێکۆڵینەوەو سزادانی بکوژانی (بەکر عەلی) بکەن. ئەو دەسەڵاتدارانەش کە دژی لێکۆڵینەوەو سزادانی تاوانبارانن بێ گومان دەیانەوێ وڵات بەرەو دیکتاتۆریەت بەرن.





# لە 9/1 ساڵیادی شەهید ئەبوبەکر عەلی شاعیردا، گوڵەکانی پارکی ئازادی شادی، یان شیوەن[30]

بەرزان حامد

شەش ساڵ لەمەوبەر لە خۆپیشاندانێکی هێمنانەی ئاوارەکانی (حامیە)دا، هاوڕێ (ئەبوبەکر عەلی) شاعیر شەهیدکرا. بەکر دنیایەک بوو لە عەشق، مەملەکەتێک بوو بۆ خۆشەویستی ئینسان، دەنگێک بوو بەردەوام لە بێدەنگیدا، دڕی بە شەوی ترس و دڵەڕاوکێ دەدا. ئەو چرایەکی پێ بوو، لەو چرا سەربەرزانەی کە لەگەڵ (فوو)دا دەستیان تێکەڵ نەکردبوو.

بەکر لە بەرەبەیانێکی نزیک بە پاییزی خەمباری نیشتمان، بۆ دواجار دەرگای شیعری لەسەر هەموو ئێوارە خەمبارەکان پێوەداو لەو دەمەی برینی براکان قوڵپ قوڵپ خوێنی گەرمیان لێ دەچۆڕا، جێی هێشتین. ئەو ڕۆیشت و شیعرەکانی باخی گشتی و کافتریای زانکۆو ژوانی کوڕ و کچە عاشقەکانی سلێمانی جێنەهێشت، ئەو ڕۆیشت و هەڵوێستە جوانەکانی دڵی ئەو پیرەژن و پیرەمێردانەی جێنەهێشت، کە لە چرچ و لۆچی نێوچاوانیان نووسرابوو: (حامیە شوێنی مردن بوو، ئێمە کردمان بە شوێنی ژیان).

ئێستا پاش شەش ساڵ بەسەر مەرگی (بەکر)دا، من نازانم گوڵەکانی پارکی ئازادی شادن، یان بە نیگای پڕ لە پرسیارەوە بۆ ئەو ڕێبوارە عاشقانە دەڕوانن، کە بەدەم پیاسەی ئێوارانەوە شیعرەکانی (بەکر عەلی) دەڵێنەوە؟ بەڵێ پارکی ئازادی ئێستا نەک هەر شوێنی ژیانە، بەڵکو شوێنی ژیانەوەی ئەو دڵانەشە کە ژیان ڕۆژانە ماندوویان دەکات. سەرەڕای ئەوەش کە بڕیارە(سەکۆی ئازاد) لەو پارکە دروستبکرێت، پرسیاری من

---

[30]. ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ 38، شەممە 2001/9/2، گۆشەی هەناسە.

ئەوەیە، ئایا ئەگەر (بەکر) بمایە لەسەر ئەو سەکۆیەوە چی بە ئێمە دەگووت؟

خۆ هەر زوو بە ڕووی هەمووواندا هاواری کرد (با شەقامەکان بە گوڵ سوور بکەین نەک بە خوێن). یان ئایا (بەکر) گیانبەخشی کامیان بوو، (سەکۆی ئازاد) یان لانە تێکنەچوونی ئەو منداڵانەی خرمەی بارانی ژێر نایلۆن، خۆشترین سەمفۆنیای ژیانیان بوو؟

من نازانم شەهیدی کامیان بوو! بەڵام دڵنیام کە9/1 ی هەموو ساڵێک، یادی (ئەبوبەکر عەلی) شاعیرو مرۆڤە.





# بیرەوەری و یادێک[31]

## ڕەوەند

ئەبوبەکر عەلی ئەو مرۆڤەبوو گەر دەنگی کپ نەکرابا، ئەوا سەدایەکی گەورەتری لە دنیای ئەدەبیاتی کوردیدا بەتایبەت لە شیعری هاوچەرخ و تەڕو پاراودا، گەورەتر لەو دەنگەی کە پاش شەهیدکردنی دنیای هەژاند. نەک هەر لەکوردستاندا، بگرە لەهەندەرانیش بووە هێمای قوربانی دەستی پاوانخوازی. ئەو مرۆڤە توانایەکی کەم وێنەی هەبوو، خۆشەویستی ناو هاوڕێیانی و بگرە ئەوانەش بوو، کە ئاشنای شیعرەکانی و نووسینەکانی بوون. هاوڕێیەکم ساڵی 1993 لەڕۆژنامەی (الموتمر) کاری دەکرد، بۆی گێڕامەوە کە زۆرجار تکام لە(ئەبوبەکر) دەکرد، کە شیعرێکم بداتێ، تا وەریبگێڕمە سەر زمانی عەرەبی و لەڕۆژنامەکەدا بڵاوی بکەمەوە.. !
کێ هەیە(ئەو شەوانەی لەپرچەکانت ڕەشترن)ی نەخوێندبێتەوەو ئاشنای ئەو قەڵەمە بە بڕشتەی ئەو لاوە نەبووبێ.

بەبیرم دێت، یەکی ئایاری 1994 بوو لە یاریگای سلێمانیدا لەنێو ئاپۆرای خەڵکدا و لە یادی ڕۆژی کرێکارانی جیهاندا، ڕووی دەمی کردەئەوانەی کەلاوەکانی (حامیە) یان ڕەوا نەدەبینی بەو خەڵکە هەژارو بێلانەیە تێیدا بژین، پێیگوتن: "ئێوە تەنانەت ڕازی نابن سەگەکانتان لەوێ بژین، ئیدی بۆ لە ئێمە ناگەڕێن؟" ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بڕیاردرابوو حامیە بکرێتە پارک. لە سەرەتای شەڕی ناوخۆی کوردستاندا، شارەکەم هەڵەبجەی مەڵبەندی دەیان کەڵەنووسەر ئامێزی بۆ ئەوانە کردەوە، کە لەو قەیرانەدا لەوێ گیرسانەوە. ئەبوبەکر، یەکێک بوو لەوانە. ئێوارەی ڕۆژی 1994/5/15 بوو، لەباخی گشتی شاری هەڵەبجەدا ناسیم. مرۆڤێکی زۆر سادەبوو، کەم دەدوا، بەڵام کە قسەی دەکرد زۆر لەسەرخۆو لەجێی خۆیدا قسەی دەکرد. ئەو وەک وەفایەک بۆ ئەو دەڤەرە، دەقی شانۆیی "قریشکەکان"ی نووسی، کە

---

[31]. هەرێمی کوردستان، ژ43، دووشەممە1997/1/27.





کۆمەڵێک هونەرمەندی ئەو شارە نمایشیان کرد. زۆر بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لێکرا، بەڕادەیەک ببووە خۆشەویستی خەڵکی شار. کە بەرەبەیانی 1994/9/1 هەواڵی شەهیدبوونی گەیشتە هەڵەبجە، خەڵکی زۆر ماتەم و تازیەبار بوون، بەڕادەیەک ڕۆشنبیران و خەڵکی شار، هەفتانەو چلەو ساڵڕۆژەکەیان هەر لەوێ بۆ سازدا.

ئەبوبەکر عەلی شاعیر و مرۆڤ، تێکڕای تەمەنی بۆ خزمەتی هەژاران تەرخانکرد. نوێنەری بێلانەکانی حامیە بوو، لە ڕێپێوانی هێمنانەی ئەو گەڕەکە بۆ بەردەم پارێزگای سلێمانی ڕۆژی 1994/9/1 بەمەبەستی ناڕەزایی لەدووجار بێلانەکردنی ئەو سەدان خێزانەدا، بەڵام جێی داخە بەفیشەک وەڵام درانەوەو شاعیری هەست ناسک و نوێنەری هەژاران بوو بەقوربانیی پەیامە پیرۆزەکەی.

وێڕای گەورەیی ئەو مرۆڤەو مەزنییەتی لەدڵی هەژاراندا، با هەمووان وێردەکەی سەر زمانی ئەو بڵێینەوەو کاری پێبکەین.

"با شەقامەکان بەگوڵ سوور کەین، نەک بەخوێن ".

لێرەدا پارچە شیعرێکی شەهید دەکەمە دیاری بۆ مەزاری پیرۆزی خۆی و ئەوانەشی کە وەک خۆی پێشکەشی کردبوو، "ئەوانەی گرەو نین کێ بیانباتەوە هی ئەو بن". (شەوی شەشەم) لە کۆمەڵە شیعری (ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن)، کە دوا شەوەو خۆی بەڵێنی دابوو شەوی تریان بەدوادا بێت، بەڵام بەرلەوەی شەوەکان تەواو بکات خۆی تەواو بوو.

شەوی شەشەم
ئەمشەو من و پەنجەرەکەم..
دووهاوڕێی گیانی بەگیانین
ئەو (با) دڵدارێتی و منیش
خانمێکی سەرلێشێواو
ئەمشەو من و پەنجەرەکەم..
دوو تەریکی شارێکی پڕ لەتلیاک و





کەڵبەو قەڵەمی سۆزانین
ئەو (با) دڵداریێتی و منیش
چەمێکی دەستەمۆکراو.
دەئەی پەنجەرەی دارینم
زویر نەبی ئەمشەو ئەنووم..
هۆ خانمەکەم.. .
تۆش ئەی هەڵبەستەوانی زووم
ئەمشەو ئەنووم..
شیعر ناڵێم..
شیعر مۆمێکە پێ نابێ
من شاعیری چرایەک نیم
لەگەڵ فووا
پەنجەیان تێکهەڵکێشابێ..
من شاعیری..
وڵاتێ نیم
سەدان شەو پۆلیسەکانی
جرت و
تف و
لیسەکانی..
خواو..
ئەستێرەو
خۆشەویستی و
شیعرەکانمیان.. ڕاونابێ





# نامۆبوون لە (دایە)ی ئەبوبەکر عەلی دا[32]

**نامق هەورامی**

**لەپشتی هەموو سەرەتایەکەوە سەرەتاکان هەن، گرنگ ئەوەیە شاعیر چی بەئەنجام گەیاندووەو چۆن و لەکوێ تەواو بوو.**

**(ئەدۆنیس)**

شیعر ئەو دنیا پڕ لە جەنجاڵی و سەراسیمە بوونەی مرۆڤە کە تەنها تاکی هۆشمەند دەتوانێ بەناو کوچەکانیدا بڕوات و بەئاسانی لێوەی دەرچێت. شاعیریش ئەو پەیامبەرە مەزنەیە، کە پەیامێکی نوێ دەدات بەگوێی خەڵکیدا.

ئەگەر تەماشای لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بکەیت ڕۆژی چەندان تەرزە شیعر بڵاودەبێتەوە، بە بێ ئەوەی بۆ تەنها چرکەیەک تینوێتی خوێنەر بشکێنێ. لەنێو ئەو لێشاوی بڵاوکردنەوەیەدا خەڵکانی باش گۆشە گیردەبن، یان ئەوەتا خوێنەر هێندەجارس بووە، حەوسەڵەی خوێندنی شیعری نەماوە. لەدوای ڕاپەڕینەوە کۆمەڵێک دەنگ پەیدابوون، کە لە بزاوتێکی هونەریانەوە چەندین دەقی سەرکەوتوو باشیان بەرهەمهێنا.

ئەبوبەکر عەلی، یەکێک بوو لەو شاعیرانە ئەگەر مەرگ مەودای بدایە، چاوەڕوانیی زۆر باشی لێدەکرا. شاعیرێک هەمیشە ڕۆچوو بەناو بەنێو قوڵایی ناخی خۆیداو دووبارە گەڕان بۆ خودی خۆی لەناخی خۆیدا.

بەکر عەلی ئەو شاعیرە نامۆیەی (نامۆبوون، بە مانا فەلسەفیەکەی) کە بەردەوام لە جەدەلدا بوو، پرسیار لە شتەکان، تەوەری سەرەکی خەیاڵی ئەو مرۆڤە نامۆیەبوو.

---

32. ڕۆژنامەی برایەتی (ئەدەب و هونەر)، ژ201، هەینی 2000/11/3، ل3.





بۆچی ئەتهێشت خۆشم بوێی
که ئەتزانی من ئەو ڕەندەم
لەم وڵاتەبچکۆلەیەی دڵی خۆشما
پەناهەندەم؟

ئەگەر شیعر هەڵگری گوتارێکی قوڵ نەبێت و لەپشت دالەکانییەوە مەدلولی فەلسەفیانەی هەڵنەگرتبێت، ناتوانێت بەزیندوویی بمێنێتەوە. زۆربەی شیعرەکانی ئەبوبەکر عەلی شاعیر لەگەڵ ئەوەدا بەزمانێکی سادە نووسراون، بەڵام خوێنەری هۆشیار، (بارت) وتەنی دەتوانێت بەدوای شەهوەتێکدا بگەڕێت.

(دایە) یەکێک لەدەقەجوانەکانی شاعیرە، کە مەخابن پاش مەرگی خۆی بڵاو بۆوە، لێرەدا دەقەکەو ڕاڤەکردنی دەخەینەڕوو.

دایە.. دایە
ئازارە بێ جەمسەرەکەی شیعرو دەسرازەو لای لایە
لەگەڕانی ئەو جانتایەی خۆمی تیابووم
دام بەشانا..
درەختێ بووم هەڵیان کەندم
لەنێو دنیای ڕەگەکانا
ڕۆژگارەکان
لەچاوی قەسیدەوە ڕەنگ ئەڕێژن
تابووتەکانیش پێم دەڵێن:
دایکت دەمرێ و لە دەستی تۆیا دەینێژن
شەقامەکان
لەهەردوو قاچم ئاڵاون
گەر بێ و بچم
وا تێک دەشکێم پەراسووم ئەچێ بەچاوما
گەر بێ و نەچم





ئەبمە تەختەو لە قەراغی شۆستەکانا
بزمار دەژی لە هەناوما
دایە.. دایە
وا دەبینم خۆزگەکانم
لەگەڵ میلی کاتژمێردا
یەکتر ئەخۆن..
ئەم شیعرانە
وڵاتەگچکەکەی من و
گونکی ژێر تیرۆکەکەی تۆن.

دەق لە هەموو سەردەمێکدا ئەبستیمێکی خوێندنەوەو لێکدانەوەی تایبەتی تایبەتی خۆی هەیەو خوێندنەوەش پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ گەڕان بەدوای مەدلولە پەنهانەکانی ئەو دیو (دال)ەوە.

دەقی سەرکەوتوو خوێنەر ناچار دەکات بەدوای ئەو پەنهانانەدا، یان کۆد و شیفرکاندا بگەڕێن، بۆ ئەوەی بتوانێت دەق بکاتەوە. چونکە هەمیشە لە دەقەوە پرسیارەکان دروست دەبن و بەپێچەوانەشەوە پرسیار لە دەق دەکرێت.

لەنێو ئەم دەقەدا دەکرێت لەودیو ماناکانەوە سێبەری نادیارەکان بەیان بکەین و بەلای منەوە هێڵی فکری و نامۆبوونی شاعیر لەم دەقەدا دیار دەکرێت.

ئەو پرسیارەی هەمیشە ببووە مایەی نیگەرانی گەورە فەیلەسوفان و زۆریانی دەگەیاندە ئاستی ئەوپەڕی بێهودەبوون و دواجار خۆکوشتن دەبووە تاکە چەکی دەستیان. شاعیر جارێکی تر ئەم پرسیارە لە قاڵبێکی تر دادەڕێژێتەوەو سەرەتاکانی بوونی خودو بوونی دەق و هاتن کۆدەکاتەوەو هەموو شتەکان دەباتەوە ئەو جانتایەی _ ڕەحمی دایک_ کە سەرەتا لێوەی بووەو دەیکاتە سەرەتای سەفەرو دەبێتە ئەو درەختەی ڕەشەبای بوون لەڕەگەوە هەڵیدەکەنێ و لرفی دەدات.





درەختێ بووم هەڵیان کەندم
لەنێو دنیای ڕەگەکانا

ڤان کوخ، لەساتەکانی خۆکوشتنیدا، بە چەند چرکەیەک بەرلەوە لەو نامەیەی کە نووسیویەتی لە دێڕێکدا دەڵێت: (من ئەو درەختەم کە لەبەردەم گشت رەشەباکاندا خۆم گرت، ئێستاش بەر لەوەی لرفم بدات، خۆم کۆتایی بەخۆم دەهێنم). بەڵام شاعیر لە وڵاتێکدایە، رەشەباکان لەبەردەم تەور بەدەستەکاندا لاوازو کەم دەسەڵاتن و دەسەڵاتی موتڵەق دەسەڵاتی تەورە.

لەوڵاتێکدا کە قەدەری مرۆڤەکان لە دەست چارەنووسێکی نادیارو دنیای خەیاڵ و دێوەزمەی مردن هەمیشە چارەنووس سازی مرۆڤەکان بن ئیدی:

ڕۆژگارەکان
لەچاوی قەسیدەوەڕەنگ ئەڕێژن

لێرەوە مرۆڤ دەبێتە بونەوەرێکی لەکارکەوتوو، ئیدی ئایدیاو ئایدۆلۆژیاکان رەنگرێژی چارەنووس دەبن و پەیتا پەیتا لەنێو گەرمەی زرم و هوڕی شەڕگەکاندا مردن چارەنووس دیاری دەکات و هەڕەشەی لەناوچوون لەهەموو شتەکان دەکات، بەخاک و نیشتمانیشەوە. لەو ساتەدا لەنێو دووڕیانی چوون و نەچووندا سەراسیمە دەبێت و لەچوونتا تێکشکان و لە نەچووندا خۆخواردنەوەو کۆیلەبوون چاوەڕێتە.

تابووتەکانیش پێم دەڵێن:
دایکت دەمرێ و لەدەستی تۆیا دەینێژن

دوالیزمی چوون و نەچوون هەمیشە پرسیاری شاعیرەو دەبێت بەدووی یەکلاییکردنەوەی ئەو سەفەرەوە بێت، کە دەسەڵاتی مردن نەخشەی بۆ کێشاوە، کێشانی ئەو تابلۆ سوریالییەی لەتێکشکانی (خود)دا، ماهیەتی بونیادی ژێرەوەی شیعرییەتی زمانی دیاری دەکەن و بارت وتەنی، دەق دەبێتەدەقێکی چێژ بەخش.

(پەراسووم ئەچێ بەچاوما)
(بزمار دەژی لە هەناوما)





ئەم دوو دەستەواژەیە دەبنە گوتاری ئاراستەکراوی نووسەر لەڕێگەی ئەو نامە_دەق_ ەوە، کەواتە هەموو دەقێک گوتاری تایبەتیی خۆی هەیە، کە ئاراستەو ماناکانی لە خوێندنەوەدا دیارن و ئەویش وتاری رۆشنبیری و فیکری و مەعریفی نووسەرن لە رێگەی دەقەوە ئاراستەیان دەکات. نامۆبوون تا ئەوپەڕی بێمانایی ئەو حاڵەتە هەمیشە لە یاسای جەنگەڵەوە مرۆڤ تووشی دەبێت و ناچار دەبێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، خۆ ئەگەر مرۆڤ لەئاستی ئەو بڕیارەدا نەبوو، ئەوا بەجارێک رەشبینی ئەوکی دەگرێت و ناچار دەبێت بڵێت:

وا دەبینم خۆزگەکانم
لەگەڵ میلی کاتژمێردا
یەکتر ئەخۆن..

لێرەدا شاعیر دەکەوێتە کێبڕکێی زوو ئاوابوون، ئەوەتا وێکچوونێک لەنێوان خۆزگەکانی و میلی کاتژمێرەکاندا دەکات لەپێناو هەرچی زووتر ئاوابوون و بە دووماهی هاتندا. ئیدی شیعر کە دەروازەی ئاراستەکردنی گوتارە مەعریفییەکانە، تووشی هەمان چارەنووسی (دڵ و گونک) دەبن، ئەمیان شێلان و ئەویان پانبوونەوە لەژێر تیرۆکدا. لێرەوە دەمەوێت بڵێم مادام شاعیر پەیامبەرە، بێ گومان دەبێت خاوەنی کەرامەتی پێشبینی کردن بێت. ئەوەتا ئەو دونیایەی، کە مردن ڕەنگڕێژەو تەور باڵادەستە، شاعیر دەبێت هەمان دروشمی مەسیحی هەبێت، کە دەڵێت: (خەنجەرەکەت بخەرەوە کێلان، ئەگەر بەخەنجەر رووبەڕووی خەنجەر بووینەوە، چۆن جیهان ڕزگار دەکەین لە کوشتن؟) ئاخر لەم وڵاتەدا، گوڵ ڕووبەڕووی خەنجەر بێیتەوە ئەنجامی هەڵوەرینە. ئەبوبەکر عەلی لە سپێدەیەکی سەرەتای مانگی ئەیلولدا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی خەنجەردا گوڵئاسا هەڵوەری.





# لەیادی گیانبەختکردوو، شاعیر ئەبوبەکر عەلی دا

سەردار عەبدوڵا
سەرنووسەری بڵاوکراوەی کاریکاتێر

یەکی ئەیلولی ساڵی 1994 بوو، دانیشتوانی خانووە قوڕینەکانی حامیەی سلێمانی، ژنان و پیاوانی جل شڕو سک خاڵی، مناڵانی پێ خاوس و ڕەنگ لەڕوودا نەماو، وردەوردە بەرەو باڵەخانەی پارێزگای سلێمانی کەوتنەڕێ. بەو هیوایەی پارێزگاری سلێمانی مەرحەمەتێک بنوێنێ و ڕێگەیان بدات لەکەلاوە خاپورکراوەکانی حامیەی تاواندا، ژیانی قوڕینی خۆیان درێژە پێبدەن. لەنێو ئەو ئاپۆرەیەدا لەنێو ژنانی رەشپۆش و برا و مێرد ئەنفال و پێشمەرگەدا، لەنێو پیاوانی بێکارو ڕاپەڕیوی ئازاردا (بەکر عەلی) دەبینرا. بەکر عەلی سادەبوو هەروەک ئەوان، برسی بوو هەروەک ئەوان، توڕەبوو لەیاساکانی دارستان هەروەک ئەوان. بەکر عەلی رابەری خۆشەویستی ئەوان بوو، سیمای ئەو هەمیشە نەگۆڕ بوو، دۆستان و دوژمنانی بەئاسانی دەیانناسییەوە، ئەو لە هەموو لایەک تەنها بەیەک دەست جلەوە دەبینرا، شەڕواڵ و کراسێکی خەت خەت، ڕیشێکی پڕو کاسکێتێک لەسەرا. هەرچەند ئەمە حەزی بەکر نەبوو، کە گەنجێکی وەک ئەو تەنها کراس و شەڕواڵێک شک بەرێت. هەر بۆیە پاسەوانەکانی پارێزگار بەئاسانی و بە کەمترین باسکردن بۆیان، بەکریان بۆ دەستنیشان دەکرا.

ئەو ساتە بەکر دەیزانی کە دەنگی گوللە گوێی خۆپیشاندانە بێدەنگەکەیان کەڕ دەکات، ئەو دەیزانی کە بۆسەی مەرگ بۆ ئەو ئامادەیە. هاوڕێکانیشی زۆریان لێکرد کە ئەمجارە ئەو نەڕوات و کەسێکی تر بەنوێنەر بچێتە لای پارێزگار، بەڵام بەکر نەیتوانی ئەو داوایە قبوڵ بکات. ئەوەبوو ئەو ڕۆژە ئەیلولیەی سلێمانی بەخوینی ئەو سوور ئەچووەوە.





بەکر تا ئەو کاتەی هاوڕێکانی دواماڵئاواییان لێکرد، خوێنی گەش لە جەستەی بێ گیانی وەک بریندار لەبەر ئەڕۆیشت. دیار بوو بەکر بەڵێنی دابوو کە بە کفنی سوورەوە نەبێت نەچێتە گۆڕەوە.

بۆ ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە تەلەڤزیۆنەوە خۆپیشاندەران بە یاسا شکێن و بەدڕەوشت و کانگای فەساد لەلایەن پارێزگاری شارەوە درانەقەڵەم.

شاعیری هەست ناسک و ئینساندۆست بەکر عەلی، ئەو شاعیرەبوو کە هەمیشەسرورودی خۆشەویستی و ئەڤینی بۆ ژیان و بۆ مرۆڤەکان دەووت. دەنگی ئەو، ئەو دەنگە یاخیەبوو، کە گەمارۆدرابوو لە چوارلاوە. ئەو دەنگەبوو کە دەسەڵاتداران و پیاوماقوڵانی شار نەیاندەویست بەرزبێتەوە. وشەکانی ئەو پەیامێکی مەزن بوو، هەر بۆیە نەیاندەهێشت بێتە سەر لاپەڕەی سپی و بۆری ڕۆژنامەکان، مایکرۆفۆنەکانیش لەبەرامبەر ئەو کوژابوونەوەو ببوونە سانسۆرچی. بەڵام دەنگی بەکر، وشەی ڕاساو و خاراوی بەکر، لەکۆڵانە تەسک و تاریکەکانی شار لەخانووەقوڕو بێ تاپۆکانی شارەوە وەک گڕی نەورۆز بەرز دەبووەوەو پەیامی خۆشەویستی و دەنگی هاوچینەکانی بەهەموو خەڵکی شار دەووت.

بەکر عەلی خەباتکارێکی ڕێگای یەکسانیخوازی و ڕادیکالیزم بوو، ڕابەرێکی خۆشەویستی بێکاران و بێلانەکانی کوردستان بوو. گیانی خۆیشی هەر بۆ ئەم ڕێگایە بەختکرد.

بەکر عەلی کەتەواوی ژیانی زەحمەت و قوربانیدان بوو، شیعرەکانی لەدایکبووی ژووری تەڕو شێداری بێ کارەبا بوو، هەربۆیە ئاساییە کە خولیای ڕۆژی سەرفرازی، عاشقی هەوای پاک و ماڵی ڕووناک و پڕ تیشکی خۆر بێت، بۆ هەموو ئەو چینانەی کە وەک ئەو لەخەمی ژیانێکی تردا بوون. ژیانێکی ئینسانی تر بۆ ئینسانە مەحرومانەی کە ماڵە قوڕو لە تەنەکە دروستکراوەکانیان، لەسەر نەخشەی دائیرەی شارەوانی بوونی نەبوو. بێ هێڵی کارەباو تەلەفون بوو، بێ قوتابخانەو دایانگا بوو. بەکر عەلی، یەکێک بوو لەو ئاڵا سوورانەی سەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، کە بەنەوی بوون و کەوتنەسەر زەویی، سەدان ئاڵای ڕەش لە

خانووە بێ تاپۆکانەوە بۆ پرسەکەی هەستانە سەر پێ و (نەء) یان بە دەسەڵاتدارە چەک بەدەستەکانی دانیشتووی کۆشک و تەلارەکانی شار وت.
بەڵێ، بەکر علی ئەو مۆمەبوو، کە بۆ ڕووناککردنەوەی ژیان سووتا، بەڵام دەسەڵاتدارانی شار و ڕابەرانی کوردایەتی فوویان لێکردو ئەو دڵە گەورەیان لە لێدان خست. بەمە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، بێ خانەو لانەکانی شار ڕابەرێکی خۆشەویستی خۆیان لە دەستچوو. دڵداران و کوڕان و کچانی عاشق و دڵ پڕ لە هیواکانی شار، شاعیرە هەست ناسکەکەی خۆیان لە دەست سەندنەوە. بەڵێ، بەکر نووست و لەو ڕۆژەوەی کە فیشەکی غەدر، لەدواوە گیانی لێ سەندەوە، شیعری نەوت. چونکە ئەو شاعیری چرایەک نەبوو لەگەڵ فوو دا، پەنجەیان تێک هەڵکێشابێ. بەڵێ، شاعیری وڵاتێکیش نەبوو، کە پۆلیسەکانی شیعرەکانیان ڕاونابێ.





# ئەمڕۆش هەروەک دوێنێ.. لەیادی ئەبوبەکر عەلی دا

سەردار عەبدوڵا

## بۆ یادی ئەو ئینسانەی بۆ خۆشەویستی ژیاو هەر لەو پێناوەشدا گیانی لەدەستدا

لە ڕۆژمێری دەسەڵاتەوە: لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، سەرۆک وتارێکی مێژوویی پێشکەشکرد، لەگەڵ سەرۆک هۆزو پیاوماقوڵان دیداری کرد. هەر لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، کوڕانی گیان لەسەر دەستی حیزب و سەرۆک، بۆسەیەکیان بۆ چڵکاوخۆرەکانی ڕژێم نایەوە. هەر لەم ڕۆژەو لەچەند ساڵی لەمەوبەردا دەرەبەگێکی کورد توانی ببێتە سەرداری کوردان و چاوی دوژمنانی کوردو کوردستان کوێر بکات. لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا پەرلەمانتاران بڕیاریاندا کۆببنەوە! لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا هەموو گیانلەبەرانی سەر ئەم زەوییە لە جوڵەکەوتن، تەنانەت کاتژمێرەکانی دەستیش لە لێدان کەوتن، دەریاش لە پرخەی خەودا بوو، هەور لە جوڵە کەوت، تەنیاو تەنیا سەرۆک و حیزبەکەیی و پیاوماقوڵانی پشتی بوون، داستان لەسەر داستانیان بۆ مێژووی ئەم گەلە تۆمار دەکرد!!.

بەڵام ڕۆژمێرە خوێناوییەکەی بەرباخەڵی (ئەبوبەکر عەلی)م پەڕە پەڕە هەڵدایەوە، هیچ یەک لەوانەی سەرەوە نەنووسرابوون، بەڵام تاوانەکانی سەرۆک و دەسەڵات لەو ڕۆژەوەی ئادەم سێوەکەی خوارد، هەمووی بە خەتێکی درشتی سوور نووسرابوون، دەنگی ناڕەزایی شەقامەکان، خەمی نەبوونی نان، سەرپەنایەک بۆ حەوانەوە، خەونە وەنەوشەییەکانی خۆشەویستی و ئومێد بە ژیانێکی تر.. هەموو ئەمانەم خوێندەوە. زۆر سەیر بوو، سەرەڕای ئەوەی ڕێکەوت و ڕۆژەکانی ساڵ لە هەردوو ڕۆژمێرەکەدا وەک یەک بوون، سەعات، لەهەردوو لا شەست چرکەی دەژمارد بۆ





لەدایکبوونی خولەکێک، بۆ ئەوەی کاتژمێرێکی تەمەن بەڕێ بکات دەبوو چاوەڕوانی بەرێکردنی تەمەنی شەست خولەک بێت. بەڵام ڕووداوەکانی ئەو دوو ڕۆژمێرە زۆر جیاوازو دژ بەیەک بوون، هیچ شتێکیان لەیەکتر نە دەچوون، نە ڕەنگیان، نە دەنگیان، نە هەستیان.. . ‼

پیاوانی ڕۆژمێری یەکەم، نوێنەری خوا بوون لەسەر کورسی دەسەڵات، بەبێ ئەوان کەس بۆی نەبوو ئاوی گوڵە تینووەکانی نێو باخچەکە بدات. بۆ هەڵکردنی گڵۆڵێک لە شەوە ئەنگوستەچاوەکانی شاردا دەبوو پرسیان پێبکرێت. بۆ ئەوەی بتوانی ڕەنج و شیلەی گیانت بفرۆشی، دەبوو تەزکیەی مقەڕێکی پڕ چەکداریان لەمل بکەیت، ڕەنگی گالیسکەی دەست و تەنانەت ددانەکانیشت وەک ئاڵای سەر مێزەکانی ئەوان ڕەنگ بکەیت. ! دونیای ئەوان زۆر سەیر بوو! ئەوەندە سەیر، بۆ بەدەستهێنانی لانەو چوار دیوارێک دەبوو شەڕی دەستەو یەخەت بکردایە، دەبوو خوێن لەلاشەت بچۆڕایە، دەبوو یان خوێنی دیگەرانت بڕشتایە، یاخود خوێنیان بڕشتیتایە!

لەو ڕۆژانە سواڵکەرەکان پێش ڕۆژنامەکان لەسەر شۆستەی شەقامەکان کەوتبوون، مناڵەکان هەر زوو لە باوەشی گەرمی دایک و یارییەکانیان یاخیبوون بەرەو بازاڕی کار. داوای مووچەی شەرمەزاری و گەدەی خاڵیش کوردایەتی بوو. فیشەک لەبەرد هەرزانتر بوو بۆ پژانی مێشکی ژنان، سرووشتی شار سیمای جوانی خۆی لەدەست دابوو، ڕەشەبای سلێمانی تورەتر لە جاران دەیویست شار بەیەکجاری خاپوور بکات، هەموو چیای ئەزمەڕ بکات بە خۆڵ و بیدا بەدەم و چاوی شاردا. سەرچنار بۆ قومێ ئاو بە ئاسماندا دەچوو.

سەیر بوو ئەو ڕۆژانە لای پیاوانی ڕۆژمێری یەکەم، زێڕینترین ڕۆژەکانی گەل و نەتەوە بوون!

لە یەکێک لەو گەڕەکانەی کە لەسەر نەخشەی شارەوانی بوونی نەبوو، لە یەکێک لەو کوچانەی کەخەم و تۆز داپۆشی بوو، لە بچووکترین چوار دیواری بەتەنەکە هەڵچنراویماڵێکەوە، دەنگێک پڕ بەشار هاواریکرد. دەنگێکی ئێسک سووک بەڵام تورە، دەنگێکی پڕ خەم، قوڕگێکی پڕ گریان





بەڵام عاشقی خەندەو پێکەنین بوو. دەنگێک هەروەک شیعر ناسک و پڕ سەروا، دەنگێک وەک گۆرانی پڕ لەئاواز، دەنگێک هەروەک دەریا پڕ شەپۆل و تێر لەئاسۆ.. دەنگێک کەنەیدەویست ئیتر شیعر لەژێر دڵۆڵەی بنمیچی قوڕدا بتاسێنرێ، خەون و ئاوات لەژووری تووش و شێدار کەڕو بێنێت.. ئەو دەنگە هێندەی بەهار پڕ گوڵ، هێندەی هاوین پڕ خۆرەتاو، هێندەی پاییز غەمبار، هێندەی زستان سپی بوو، هەر بۆیەنەیتوانی لە ژووری شێدارو کۆڵانی تەسک قەتیس بمێنێ، لەحامیەی شار هاتەدەرێ بەرەو شەقامەکانی شار، بۆ بەردەم کۆشکی پڕ ڕەونەقی دەسەڵات.

دەنگێک وتی: تاوانی ئێمە هەر ئەوەبوو، ئێوەمان کردە کوێخای خۆمان. ئاخر ناکرێت ئێوە خاوەنی هەموو کۆشکەکانی شار بن و ئەم ژیانە قوڕینەش بۆ ئێمە بە ڕەوا نەبینن!

ئەو دەنگە لەو ساتەدا کەوتە بۆسەی غەدرو خوێنی گەشی تاکو ئێستاش بەدەست و دەمی گورگە هارەکانی شارەوە هەر دەبینرێت. لەو ڕۆژەوە زوحاکەکانی شار، نە لەخوێن تێر دەبن، نە لە زیندان. هەر خۆپیشاندانێک کە بۆ نان، بۆ ئازادی، بۆ تاپۆ سازدەکرێت، دووبارە بیر لەمژینی خوێنی هاوڕێیەکی تری ئەبوبەکر دەکەنەوە. بیر لە ڕفاندن و زیندانیکردنی (ئەکرەم چاوشین) دەکەنەوە، لەبەردەمماڵەکەی (فەرهاد فەرەج) لە بۆسەدان، کەنگێ دەرگا بکاتەوە؟!

لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستاش، دوای پڕکردنی سندوقەکانی دەنگدان، بە هەزاران دەنگی دزراو هەڵخەڵەتێنراو، شەقامەکانی شار هەر بێ نازن. شۆڤڵەکانی شارەوانی پڕکردنەوەی چاڵەکانیان بیرچۆتەوەو خەریکی تەختکردنی خانووە بێ تاپۆکانن، دادگاکان یاسایان بیرچۆتەوەو خەریکی سوڵحی عەشایەرین.. هەر لەو ڕۆژەوە، ئەمڕۆش هەر وەک ئەو ڕۆژانە، ئەوان هەر وەک خۆیانن.

لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستاش چەندان زمناکۆ، ئەکرەم و فوئاد، شیعرەکانی تەواو دەکەن و لە سۆراغی سبەینێیەکی ڕووناکدان، نایانەوێ ئیتر





ئەبوبەکرەکان هەر لەدەرگا ڕابمێنن، نایانەوێ ئیتر ئەبوبەکرەکان تەنیا کراس و شەڕواڵێک شک بەرن، گیرفان بەتاڵ و سک خاڵی بن!

لەو ڕۆژەوەی ئەبوبەکر یەخەی شەقامی گرت، ئیتر ناوی ئەبوبەکر لە مزگەوت هاتەدەرێ و کەس ئەم ناوە وەک خەلیفەیەکی دوای پەیامبەر ناناسێ، کەس ئەم ناوە وەک سوجدەبەر بۆ خوای تاک و تەنیاو شمشێری سەر ملی ئەهلی کوفر لە منالانی نانێ. ئەمڕۆ ئیتر ئەبوبەکر ناوێکی خۆشەویستە لای خەڵکی شار، سیمبوڵی گەنجێکی خێر نەدیووە، نوێنەری خانووە بێ تاپۆکان، (گوێمەدەرێ و مەجبوراوا)و هەموو شوێنە بێنازەکانە، شیعری نێو گۆرانی کچان و کوڕانی دڵدارە. هەر بەم هۆیە ناکرێ، ڕۆژی لەدایکبوونی ئەبوبەکر، مێژووی شیعری و ڕۆژی تیرۆرەکەی لە ڕۆژمێرو (ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ)ی دەسەڵاتدا بوونی هەبێ، لەمێژوو و ماڵپەڕی گۆگڵیاندا بدۆزییەوە!

ئیتر (ئەبوبەکر) داستانێکە، مێژووی چینایەتی و شیعری ناسکی وڵاتێکە، ڕۆژمێری ئەوان ناتوانێ ناوی بێنێ.

ئێستا، ئەبوبەکر هەر بە کڵاوەکەی سەریەوە، بە ڕیشی پڕ و کراس و شەڕواڵە تاقانەکەیەوە، لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتییەکانەو بە نوێنەر هەڵدەبژێرێ، قسەی دڵی بێکاران، بێ لانەکان دەکات و تەنانەت شەویش سرەوتی نییە، شیعر بۆ خۆشەویستی دەڵێ: شاعیرێکی هەست ناسک و هەڵسوڕاوێکی چالاکی یەکێتی بێکاران بوو، نوێنەری خانووەبێ تاپۆکانی حامیەی سلێمانی بوو، لە خۆپیشاندانێکی هێمنانەی خەڵکی ئەو خانوانە بۆ بەردەم پارێزگای سلێمانی لە1ی ئەیلولی 1994، لەوێدا بەفەرمانی پارێزگاری شار بریندار دەکرێت، لەدواوەو پاشان گوللەیەک دەنێن بەناو دەمییەوە. ئەبوبەکر بەوە دەزانێ کەئ ەو ڕۆژە (یەکێتی) پلانی کوشتنیان بۆ دارشتووە، بەڵام ئەو خەڵکە بەتەنیا بەجێ ناهێڵێت. ئەو کاتەی کە تەرمەکەی لە مزگەوتی کانێسکان هێشتا خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، ئاسایشەکان هەردوو هاوڕێی ئەبوبەکر، (فەرهاد فەرەج و ئەکرەم چاوشین) دەرفێنن لەنزیک هەمان مزگەوتەوە. خەڵکی گەڕەکی خانووە بێ تاپۆکانی (حامیەو





ئاوارەکانی حەسیبساڵح) بۆ نارەزایی هەرماڵەی ئاڵایەکی ڕەش هەڵدەکەن، کە دەبێتە جێگەی سەرنجی هەموو خەڵکی شار. هەروەها لە یادەکەشیدا، کە لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی پاشان حامیە کرا، خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون و لەو دوو مەراسیمەشدا پێشانگایەکی تایبەت لەلایەن شوکاک، ڕێناس و سەردار، تایبەت بەو ئینسانە کرایەوە.

ئەوەی هەرگیز لە یاد ناچێ، شینی خوشکەکەی بوو لەکاتی بەخاکسپاردنەکەیدا کە دەیگوت: براکەم، یەک کراس و شەڕواڵێکی هەبوو.



## بەیاننامە[33]

## با تێکدان لە بارمتەی دروستکردن و دروستکردنیش لە بارمتەی تێکدان دا بێت

لای هەمووان ڕوونە، کە ڕاپەڕینەکەی 1991 هێندەی ڕاپەڕینێکی جەماوەری بوو، حیزبی نەبوو. گەر لایەنێکیش پێش وەخت لێرەو لەوێ هەوڵی دابێ ڕایەڵی شانە چەکدارەکانی بە مەچەکی پۆڵاییی جەماوەرەوە گرێ بدا، هەر بە پلەی یەکەم تاقیکردنەوەکان بەهەر سلبیات و ئیجابیاتەکانییەوە، کە رەنگە نەتوانرابێ وەک پێویست پێشهات بکرێن، لەسەر پێستی جەماوەر بوون. کەواتە جەماوەر بۆی هەیە شەرەفی مەیدانداری بدات بەو پارت و لایەنانەی تەمسیلی دەکەن. هەر لێرەشەوەیە نابێ جەماوەر یەکجار بەپێچەوانەی ئاماژەکانی سەرەوە بەهیچ وەرگیرێ. دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان باش ئاگادارە لەو وەزعە ئیقتیصادییەی، کە وای کردووە تەنانەت دوای ئازادی و ڕاپەڕینیش ئەو مەملەکەتە خاپوورە بێت، کە هەناسەی تێدا نەدرێ، دیارە ئەمەش بۆ هەندێ نا.

کێشەی خانووبەرە کە بە تایبەت لە دوای ڕاپەڕینەوە، بەو پێیەی کە بەهۆی ئەو تێڕژانە هەمەلایەنەی ئاوارەیی و نەبوونی پلانێکی لەبار بۆ گەڕانەوەی گوندییەکان بۆ جێی خۆیان، کێشەکە بەتەواوی هەڕەشە لە ساتە خۆشەکانی خەڵکانی بەتایبەت کرێنشین دەکات. ڕۆژانەش تێک ئەدرێن و دەکرێنە بازاڕ. ئایا ئەمانەو زۆر شتی تر، ئەو عەواملانە نین، کە خەڵکانی هەژار لەبەر بێ جێگەیی و دەرکردن و تەنانەت تەهدیدکردنیشیان، لەلایەن خاوەن خانووەکانیانەوە ئەبنە هۆی ئەوەی ناچارو گەر وەک چارەسەرێکی وەختییش بووبێت لەو جێیانەدا لەبەرد و قوڕ، هەر کەسە کۆڵیتێ بۆ خۆی

[33]. بەیاننامەکان دوو جۆرن، یەکەم لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەی حامیە، دووەم، دوای تیرۆرکردنی شاعیر.



دروست بکات، کە زەوی میری و غەیرە یاساییە. کەچی هەموو چارەسەرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تێکدانی ئەو خانووانە بێ و بەتاییەت لەم وەرزەشدا و بێ ئەوەی بەدیلێکیشی هەبێت. بۆ نموونە گوایە (حامیە) لە نەخشەی نوێی شاری سلێمانیدا دەکرێتە (منطقة الخضراء)؟ سەیرە!! ئەمە وەک ئەوە وایە، وڵاتەکەت لە دیوی پێشەوە نیگارکێش بکەیت و لە دیوی ناوەوەشکەلاوەبێ و سەگی تێدا بترەکێ. یا گوایە بوونی ئەم خانووانە سیمای حەزاریی شاریان تێکداوەو چی و چی؟

ئەی بۆ نالێین ئەو خانووانە ئەو زامانەن، کە بە ڕووخساری کە بە رووخاندنیان ئەمانەوێ لەبەر بەرژەوەندی تاکی لە لەزگەی سەوزی جیهانی ئەم ریکخراوی خێرخواو ئەو حەقیقەت و دیسان چی و چی؟ بشارینەوە کە بەڵگەی بێ توانایی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەی کوان ئەو دەیان و سەدان دروشمە ورگنانەی کە تا دوێنێش هێند لێیان بەگومان نەبووین، کە بتوانرایە لەناو بیستماندا ئیحتیفازمان ئەکردن تا ڕژێم زەفەریان پێ نەبات؟ کوا دیموکراسییەت وەک دەڵێن؟ کوامافی مرۆڤ وەک دەڵێن؟ خۆ ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین، کە کارێکی نایاساییمان کردووە، بەڵام بڵێین چی؟ عەرەب واتەنی (الظروف سيد الموقف).

جا ئێمە چی بە جەماوەری بەشەرەف و حکومەتی هەرێم و گشت پارت و لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی دەڵێین و تکا دەکەین ڕێگاچارەیەکی تر دانرێ و ئەگەر بەم جۆرە بێ کە بڕیاری لەسەردراوە، لەبەرژەوەندی چ حکومەتی هەرێم و چ ئەو خەڵکە ناچارەش نییە و جوان ناکەوێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، کە سەدان خێزان بەم وەرزە حەساسە، لانەیان بڕوخێنرێ و بکەونە سەر لێوی شەقامەکان و زمانی حاڵی هەمووانیش (گۆرگی) مەزنە کە ئەفەرموێ (پێکهەڵپڕژانێکی باش، لە ڕێکەوتنێکی خراپ باشترە)، دیارە ئێمەش لێرەدا بە مانا شەڕەنگێزییەکەی ناڵێین، بەڵکو مانا ئاشتیخوازی و دیموکراسییەکەی.... بەڵام....

دانیشتوانی خانووە نایاساییەکانی سلێمانی

1993/12/1

وێنەیەک بۆ /

- جەنابی پارێزگاری شاری سلێمانی
- مەڵبەندی ڕێکخستنی (ی ن ک)
- لقی 4ی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی
- گشت پارت و لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەش.

تێبینی / هەڵبەتە ئێمە لەسەر چارەسازی هەمان کێشە چەندان جار نوێنەرمان لەگەڵ چەندان لێپرسراوی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گفتوگۆیان کردوە، بەڵام لە زۆربەی ئەو گفتوگۆیانەدا نەک هەر ڕێزیان نەگیراوە، بەڵکو بە چەندان وشەو دێڕی وەک (ئێوە حەیوانن نەک مرۆڤ) و (ئەنفالتان دەکەین) و (گەر زمان درێژی بکەن و هەر ئێستا پارێزگاری بەڕێز بفەرموێت چەندانتان لێ گوللەباران دەکەین) و هتد.... . جا جەماوەری بە شەرەف گەر ئێمە مەحکومین بە شکاندنی یاسا، ئەی خاوەنی ئەو وشانە مەحکومن بە چی؟





# با ڕێزی پرسیار بگرین؟

## بەڕێز/ مافی مرۆڤ لە سلێمانی
## ب/ ئاماژەدان بە بەیاننامەی 1993/12/1 بێدەنگی حکومەتی هەرێم

ڕوونکردنەوەمان لەسەر ئەو ئاماژەیەی سەرەوە ئەم چەند خاڵەیەو تکایە با هەڵوێستیان تیا وەرگیرێ:

1- بۆچی پاش چوونی نوێنەرمان بۆ لای بەڕێز پارێزگاری سلێمانی و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکیش لەسەر کێشەکە و داد بردنە لای ئەم لایەن و ئەو لایەن، وەک لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی پێدراوە: (نابێ جەماوەر بە هیچ وەرگیرێ.) کەچی هەر بەهیچ وەرگیراین و هیچ لایەنێک نوێنەری خۆی نەناردە لامان، تا لە نزیکەوە لە ڕووی ڕاستەقینەی کێشەکە ئاگاداربن؟

2- ئێمە بەرلەوەی هەر شتێک بین، ئینسانین و دیارە بێدەنگی پارێزگار لە ئاستی ئەو وشانەی لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی پێدراوە، ئەوە دەگەیەنێ کە خاوەنی ئەو وشانە تەنازول لەو وشە ناشرینانەیان ناکەن. دە ئەی مرۆڤپەروەران، وەک ئەوان ئاوەهان، ئەی بەڕێزتان چۆن ڕازی بوون کە ئێمەی ئینسان لە مانایەک زیاترمان بدرێتێ؟! تۆ بڵێی ئێمە مرۆڤ نەبین و بەخۆمان نەزانیبێت؟!

3- سێ جار بروسکە کردنی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی بۆ هەلێر، کە گوایە ئێمە بەر دەرگای پارێزگارمان گرتووەو گەر بێتە خوارەوە بۆ لامان دەستدرێژییەکەینە سەر. ئەمە چی ئەگەیەنێت؟ ئێمە پارێزگاری بەڕێز مەحکوم ئەکەین بە تۆمەت خستنە پاڵمان و جۆرە پلانێکیش لەم سێ جار پەیوەندییەی پارێزگار بە هەولێرەوە هەست پێدەکەین. ئایا کەسێک لە گەل بترسێت، چۆن تەفسیری ئەم ترسەی ئەکات و گەر دڵسۆزی گەلە، چۆن لە گەل ئەترسێ؟

4 ئایا پاش ئەم هەموو هەنگاوانەی ئێمەو بۆ نزیکتر بوونەوە لە ئەسڵی کێشەکەو بە هیچ وەرگرتنمان، کە هەموو هەنگاوەکانیش ئاشتیخوازانەو دیموکراسیانە بوون، هەر خانووەکانمان ئەڕووخێنن؟ خۆ گەر رووخانتان و ئێمەش وەڵامی رەوامان هەبوو بەرامبەر هەر شتێک، کە ئیهانەی شەرەف و مافی مرۆڤبوون و چی و چیمان ئەکات، هەر بە هیچ وەرئەگیرێین و ئێستا پێمان ئەڵێن (حەیوان) و (ئەنفالتان ئەکەین) و .. . هتد. ئەوساش بە چی ترمان ناوئەنێن و تۆ بڵێی بە ناوی ئەوەوە، کە لە یاسادا بەزەیی نییەو ئێمەش یاسامان شکاندووە، دیسان خۆیان گووتەنی (چەندانمان لێ گوللە باران نەکەن؟)

تکایە با ئەم پرسیارانە بە هەڵواسراوی نەمێنێتەوە، چونکە ئێمە ناچارین دوای وەڵام بکەوین و وەڵامی زۆر لەو شتانەشمان پێیە کە بەناچاری دێنە رێمان.

هەر بژین و بەهیوای مرۆڤ پەروەریتان

دانیشتووانی حامیە

1993/12/4

تێبینی/ تکا لە حکومەتی هەرێم دەکەین، وەک گووتمان لە مانایەک زیاترمان نەداتێ و داواکانمان نەخاتە ژێر ناوی قسەی خوازراوی وەک (توندڕەو، چەپ، تابوری پێنجەم و چی و چی..)، خۆشمان بە ناوی خۆمانەوە ئەدوێین و حەز لە تێوەردانی هیچ دەستێک ناکەین کە بیەوێت لەسەر حسابی ئێمە و بە شکاندنەوە بەسەر ئێمەدا هەڵوێست وەرگرێ. ئەمە وەک حەز، وەک زەرورەتیش شتێکی ترەو رەنگە جێی سوپاسیش بێ.

# بۆ بەڕێز/ پارێزگاری سلێمانی
# سڵاوێکی گەرم

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شوێنی کارو ژیانیاندا مافی خۆیانە کە نوێنەریان هەبێ، بۆ نوێنەرایەتیکردنیان لە هەر مەسەلەیەکدا بۆ خزمەتکردنیان. ئێمەش وەکو جەماوەری خانووە بێ تاپۆکانی حامیەی کۆن، نوێنەری خۆمان هەیە. ئەویش کاک (ئەبوبەکر عەلی محەمەد)ە، کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی دروست بۆ ڕووخاندنی خانووەکانمان زۆر دڵسۆزانە کاری کردووە. ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە، کە ئەم نوێنەرەمان ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 1994/8/17 کاتژمێر 12ی نیوەڕۆ، بەبەرچاوی خەڵکی (حامیە)وە، لاندکرۆزەرێکی سەر بە دائیرەی ئاسایش لە ماڵەوە گرتوویانە. ئێمە باوەڕمان وایە، ئەو نوێنەرەمان بەهەر بیانوویەک گیرابێت، دوورە لە ڕاستییەوە. تەنها ئەوە نەبێ، کە نوێنەرێکی زۆر دڵسۆزی ئێمەی هەژارو دەستکورتە. بۆیە داوا دەکەین دەستبەجێ کاک (ئەبوبەکر عەلی) ئازاد بکرێت. ئێمە دەنگی نارەزایی خۆمان بە هەموو لایەک دەگەیەنین و بە کردەوەش کاردەکەین بۆ بەردانی نوێنەرەکەمان.

جەماوەری خانووە بێ تاپۆکانی حامیەی کۆن
1994/8/18

وێنەیەک بۆ/
- دائیرەی ئاسایشی سلێمانی
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە سلێمانی
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- حیزبی شیوعی کوردستان
- حیزبی سۆسیالیستی کوردستان
- حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
- یەکێتی بێکاران لە کوردستان/ فیدراسیۆن
- بڵاوکراوەکانی کوردستان
- پارتی دیموکراتی کوردستان
- یەکێتی نووسەرانی کورد





# نەک هەقی نیشتەجێبوونمان پێ ڕەوا نابینن، بەڵکو دەشمانگرن!!؟

ئێمە دانیشتووانی خانووە بێ تاپۆکانی شاری سلێمانی، کە لەبەر نەبوونی خانووبەرەی گونجاو و بێ دەرامەتی خۆمان و بەرزبوونەوەی خەیاڵیی کرێی خانوو، بڕی پێشەکییەکەی، لە کاتێکدا کە حکومەتی هەرێم – هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەش- لە چەند ساڵی ڕابردوودا هیچ چەشنە مەسئولییەتێکی لەخۆی نیشان نەداوە بۆ دابینکردنی خانووبەرە بۆ خەڵکی لە ڕێگای دروستکردنی شوقە سەکەنییەکان، یان دابەشکردنی پارچە زەوی بەسەر خەڵکی دا.

ئێمە لە بەرانبەر هەلومەرجێکی وادا ناچاربووین بە هەر گێرمە و کێشەیەک بێ لەو زەویانەدا خانوو بکەین، کە ئەبوایە پێشتر بەسەرماندا دابەشبکرایە، لە راستیشدا ئەو خانووانە مەگەر هەر بەناو خانووبن، دەنا کەلاوەیەکن بۆ خۆیان و لەهەموو هەل و مەرجێکی تەندروستی و شارستانی بێ بەشن و هەر ئێمەین دەتوانین تیایدا بژین!!!

ئێستاش بێ ئەوەی هیچ باسێک لە ڕێگا چارەیەک بۆ ئەو چەند هەزار خێزانە بکرێت، بڕیاری ڕووخاندنی کەلاوەکانمان و فڕێدانە سەرجادەمان دەدرێ!!!

کار بەوەشەوە ناوەستێ هەرجارەی لە گەڕەکێ چەند کەسێکمان لێ دەستگیر دەکەن، لەوانە:

1- بەکر عەلی
2- جەمال عەزیز
3- ئەنوەر غەریب
4- بورهان محەمەد ڕەشید
5- بالول عبدالرحمن
6- عومەر عەزیز





7 عومەر قادر

8 تەها محەمەد

ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە ناڕەزایەتی خۆمان لەبەرامبەر ئەو پەلامارە جۆراوجۆرانە دەردەبڕین، ڕایدەگەیەنین کە هەتا ڕێگا چارەیەکی گونجاومان بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەو کەلاوانە هەرگیز چۆڵناکەین.

هاوکات داوا لە سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازو حیزب و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەکەین، کە پشتگیریمان بکەن.

دانیشتووانی خانووە بێ تاپۆکانی سلەیمانی
25 ئاب 1994

# بەیاننامەکانی دوای شەهیدبوونی شاعیر

## یاداشتی پەنجاوپێنج شاعیرو هونەرمەندو نووسەر لەمەڕ شەهیدکردنی شاعیری لاو "ئەبوبەکر عەلی"[34]

بەڕێزان/

- مام جەلال و کاک مەسعود
- ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان
- سەرۆک وەزیران و ئەنجومەنی کوردستان

ئێمە زۆربەمان لەو نووسەرو شاعیر و چیرۆکنووس و ئەدیب و هونەرمەندانەین، کە هەمیشە لە ڕۆژگارە سەختەکانی کوردستان هەڵوێستمان دیارو ئاشکرا بووە و زۆرداری چۆکی پێ دانەداوین. ئەمڕۆش لە کوردستانی بە حساب ئازاد و دیموکراسی و بەناو مافی مرۆڤ پارێزدا، بەتوندی دەنگی ناڕەزایەتی و بێزاری خۆمان بەرزدەکەینەوە بەرامبەر بەو هەموو شەڕو ناهەقی و تیرۆر و خەڵک رفاندنەی لە کوردستاندا و بەتایبەت لە شاری سلێمانی دا دەستیپێکراوە دەرهەق ئازادی و دەرهەق ئەو مافی مرۆڤەی بە گاپتەوە باسی دەکەن.

ئێمە داوای هەقی وشەی بەناهەق کوژراو و داوای هەقی شیعری ناسک و داوای تۆڵەی ئەبوبەکر عەلی شەهیدی ئەمڕۆ، خوێنی سبەینێی خۆشمان ئەکەین، کە زۆر نامرۆڤانە دەرگای بۆ خراوەتەوە سەر گازەرای پشت!!! کەچی لەلایەکی ترەوە باوەشی گەرمیان کراوەتەوە بۆ ئەو خۆفرۆشانەی، بۆ ئەو نووسەر و

---

34. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ139، یەکشەممە 1994/9/18، ل4.

هونەرمەندانەی لە رۆژانی بەعس و بەعسیایەتی کاسەلێس و پاشەڵ پیس بوون. ئا لەم کاتەدا ئەم داواکاریانەمان بە تایبەت ئاراستەی ئێوەو حکومەتی هەرێم و پەرلەمان ئەکەین، کە خۆتان بە بەرپرسی ئەم گەل و وڵاتە داناوە:

1. گرتن و دادگاییکردنی ئەوانەی دەستیان هەبووە لە شەهیدکردنی ئەو شاعیرەدا، لەبەردەم خەڵکی کوردستان.
2. رەتکردنەوەی ئەو تۆمەت و بوختانانەی لەلایەن پارێزگارەوە دەرهەق ئەم شاعیرە و هاوەڵە خۆپیشاندەرەکتنی کرا.
3. خوێنانەدانی ئیو شەهیدە بە رەسمی لەلایەن پەرلەمان و حکومەتی هەرێمەوە بە کەسوکارە نەدارەکەی.

ئەگەر ئەم داوایانەمان بۆ ئەنجام نادەن، ئەوا خوێنی بە ناهەق رژاوی شاعیری شەهید (ئەبوبەکر عەلی) بە ناوچاوانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و کاربەدەستانی گەورە و بچوک بۆ هەتا هەتایە شایەتی زۆرداران بە مێژوو ئەدات.

بمرێ تیرۆر و ئەوانەی لە پشتییەوەن

بژی شیعر و شاعیرییەت و خاوەن قەڵەمی بەهەڵوێست

ئیمزا

پەنجاوپێنج شاعیرو هونەرمەندو نووسەر

سلێمانی 1994/9/2





## دەنگی نارەزایی دەربڕینی هاوڕێی شەهید شاعیر و نووسەری کورد (ئەبوبەکر عەلی)

ڕەنگە یاساو بەرنامەی سۆشیال دیموکرات، لە ئاستی تیرۆری شاعیرو هەژاراندا خۆی ببینێ و تەواو.. لەلای بەناو سۆشیال دیموکراتەکان، حکومەت و پەرلەمانی بەرەی کوردستانی بووەتە مۆڵگەی تێکدەرانی یاساو مافی مرۆڤ. لە شارەکەی شێخ و شاری شەهید پەروەران، لەگەڵ یەکەم چرکەی پەلەپیتکەی تفەنگی شاگردەکانی قوتابخانەی (پراگماتیزم)، بانگیانداو مزگەوت و کەنیسەکانیان بە خوێنی شاعیرو هەژاران سوور کرد. وا سەد جار مەسیحیان لەخاچدا.. خزمەتچییەکانی (کۆلۆنیالیزم) کڵۆکڵۆ خوێن و ڕەنگ دەکەن.... . ئەوەتا چنگ لەو گوڵانە گیر دەکەن کە باخچەی ئەدەبیان ڕازاندۆتەوە.

مێژوو لەودیو زبڵدانی خۆی و کەلاوە کۆنەکانییەوە، (هۆلاکۆ، مۆسۆلۆنی) مان بیر دەخاتەوە. ئەم ئازادییە بێ نانەمان بۆتە ئازادی تاقیکردنەوەی ئەتۆم، ڕووەو شەپۆلی شۆڕبوونەوەی ترس، ملی نانمان ڕووەوکەناری مەرگ لە سایەی بەناو دیموکراتخوازان و لەژێر پەردەی ناسیۆنال دیموکرات.. ها ئێستا ناساتێکی تر شەڕ دەبێتەوە، شەڕی شەقامەکان، ئەوسا لەبری دار ئەرخەوان، سەدان کەللەسەری شاعیران و هەژاران لەگەڵ وشەی بەرزی سەربەرزیدا ئەنێژرێن.

ئەگەر هەژاران شارستانی نین.. ئەوا سەرکردەی هەژاران شارنشینیش نین.

بەتەنها کوشتنی کاک (ئەبوبەکر عەلی) شاعیر دوا کێشەی گەل نەبوو، نە چارەسازی هەژاران و شارێک و وڵاتێک نەبوو.. بەڵکو هەڵەیەکی گەورە بوو بە تەوێڵی ئەو پارێزگارەی کە تەنها پارێزگاری کورسییەکەیەتی و بەس .......................... کە دەیەوێت سلێمانی بکاتە شاری لینینگراد، زیندو مردوو بخوات بە تیرۆرکردنی شاعیرێک.. شارێک.. نەخێر وڵاتێک، گشت ئۆقیانووسەکان گڕ ئەگرن و ئەبنە پشکۆیەکی سوور لە کوانووی شۆڕشی





سووری هەژاراندا بڵێسەی دەگەشێتەوەو دەبێتە بوورکانی رق و کینە، ڕووەو بکوژانی شاعیری هەژار پەروەران. کامە بستۆکە زەوی بۆ هەژاران دابینکرا، تا ماڵەکانمان خاپوور بکەن و بیکەنە باخچەی ئاژەڵان.. ئەی نازانن هەژاران جوانترین ئاژەڵی کاتی برسیەتین؟

چیمان کرد.. چیمان گۆڕی؟ باستیلێکی نوێمان دروستکرد. پاسەوانانی کۆشکی قەیسەرمان زیندووکردەوە.

دەنگ و سەدای شەهیدکردنی (ئەبوبەکر عەلی) هەر بەردەوامە تا ئەو ڕۆژەی هەژاران تۆڵەی خۆیان لە چەوسێنەران و بکوژانیان ئەسێنن، شان و بازوی تۆڵە سەندنمان پڕە لە وشەی زیندوو ڕۆحی پاکی جەماوەر و شاعیران و ئەدەب دۆستان.. ئەی ئەوانەی دەستتان بە خوێنی هونەرمەندان و نیشتمانپەروەران و ڕۆشنبیران سوور دەکەن، بە ئاگابن ئەمجارە بوختان و پاکانەکانتان بۆسەر ناگرێت، چونکە چاوی جەماوەر تیژەو شاهیدی تاوانەکانتانن ...................................... .

بڕوا مەکەن چیتر درۆ ڕەنگاوڕەنگەکانتان بە ئاسانی بگەنە گوێی جەماوەری زوڵملێکراو و برسی و ستەم دیدە.

ئەی بۆ کاک (ئەبوبەکر عەلی) چی دەڵێن؟ کە لەسەر تەختەی مەیتخانەکە چەکی قورسی تەنها قەڵەمەکەی دەستی بوو، کە تا ئەو ساتەش لە پەنجەکانی نەکەوتبووە خوارێ و لە خوێنی خۆیدا گۆمی وشەی ناسکی تێدا دیار بوو.. .

چاک بزانن بێدەنگ نابین.. بێدەنگیمان خەڵوەتی جۆشدانی کورەو کوانووی شۆڕشێکی هەڵچوونی بێ ساردبوونەوەیە.

ئەی جەماوەری بەشەرەف

ئەی ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێر

ئەی شاعیر و هونەرمەندان و دۆستانی ئەدەب و خزمەتکارانی وشەی کوردی ئەی زەحمەتکێشانە بێ لانەکان و لاوانی شۆڕشگێڕ و بێکار کەوتووەکان، ئەی ئەوانەی لە پێناوی گەلدا دەبنە مۆم، ڕازیبوون بەم تاوانە، دەرگاکردنەوەیە بۆ تاوانی گەورەترو ناڕەواتر. دەبێت بکوژانی کاک

(ئەبوبەکر عەلی) سزا بدرێت لە دادگای گەل و، پارێزگاری سلێمانیش بە دەنگ و ڕەنگ، لەبەردەم جەماوەردا دانبە تاوانەکانیان بنێن..

با چیتر تیرۆرکردن نەبێتە پیشەی ڕۆژانەیان.. .

کوا مافی مرۆڤ، کوا سۆشیال دیموکرات، کوا ئازادی را دەربڕین، کوا سەربەستی، کوا ئاشتی و ئازادی؟

سەرکەوتن بۆ گەلە و مردنیش بۆ دوژمنان.. .

دەستەیەک لە شاعیران و هاوڕێیانی شەهید و زەحمەتکێشی سلێمانی





## تەقەکردن لە خۆپیشاندانی زەحمەتکێشانی حامیە، نیشانەی داماوی بۆرژوازی کوردو حیزبەکانییەتی!!

کرێکاران، زەحمەتکێشان، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

سەرباری جەهەننەمی ژیانی گرانی و برسیێتی و بێکاری و نائەمنی و شەڕو کوشتارو فەسادی ئیداری و نەخۆشی و.... .. . مەسەلەی بێ خانە و لانەیی و نەبوونی سەرپەنایەک کە ئینسان شەوی تیا ڕۆژ بکاتەوە، مۆتەکەیەکە و دەست لە بینەقاقامان هەڵناگرێ. بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم بەناو کۆمەڵگایە لەم پانتایی زەوییە بێ بڕانەوەیەدا، چوار دیوارێک شک نابەن، کە لە سەرماو گەرما خۆیان و کۆرپەکانیان بپارێزن.

حکومەتی بۆرژوا ـ ناسیۆنالیستی کوردیش هەتاکو ئێستا نەک هەر هیچ جۆرە مەسئولییەتێکی لە ئاست ژیانی نائینسانی ئەو خێڵە بەرینە لەخەڵکی بێ خانە و لانەدا نیشان نەداوە، بەڵکو لەژێر ناوی جیاجیاو پڕوپاگەندەی بێ شەرمانەی "شارستانییەت و ڕازاندنەوەی شارەکان"دا، ئەو کوونە گورگ و دارو قوڕو پەردووەش کە جێگای هەموو شتێکە تەنها ئینسان نەبێت، پێ ڕەوا نابینێ و هێرشی وەحشیانە دەکرێتە سەریان و نووکی شۆڤڵی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لەگەڵ زەویدا ڕێکی دەکات. تەنانەت ئەو ئینسانە شەڕیفانەش کە بەهۆی شەڕی کۆنەپەرستانەو ئاژاوەنانەوەی خۆیانەوە تووشی ئاوارەیی بوون و لە ماڵ و جێگاو ڕێگای خۆیان هەڵکەندراون، یان ئاوارەکانی کەرکووکی "دڵ و قودسی کوردستان" بە قانوونە بێ تاپۆو کوتەکە تەجاوزەکانیانەوە تێکدەڕوخێنن و هیچ شەرمیش نایانگرێت لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانیانەوە نیشانی خەڵکی دەدەن، کە چۆن خەڵکیی بێ خانەو لانە دەکەن و فڕێیان دەدەنە سەرجادەو شەقامەکان!

لەبەرامبەر وەزعێکی نائینسانی وەهادا بوو کە خەڵکی ناو ئەو خانووانە بەگشتی و حامیەی کۆن بەتایبەتی لەشاری سلێمانی، ڕق و تورەییان پردی سەبریانی پساند و چیتر نەیانتوانی لەبەرامبەر گەرووی ئەژدیها ئاسای





بۆرژوازی کە بە سووکایەتی کۆیلەیەتی ئەو ئینسانانەش تینوویەتی ناشکێ، بێدەنگبن و لەبەرامبەر جەوری دیکتاتۆرییەتی شاری سلێمانیدا هاتنە مەیدان. دوای چەندین کۆبوونەوەی جەماوەری خۆیان و هەڵبژاردنی نوێنەریان لە 9/1 بڕیاری ڕێپێوانێکیان دا بۆ بەردەم پارێزگای سلێمانی، بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی و داواکاری جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان، کە بریتی بوو، لە دابینکردنی جێگا و شوێنی گونجاو بۆ خێزانەکانیان کاتێک کە ئەو کەلاوانەیان پێ چۆڵ دەکەن. بەڵام سەرباری ئەوەی کە ڕێپێوانی خەڵکی خانووە بێ تاپۆکان زۆر هێمنانە بوو، کەچی حاکمانی شاری سلێمانی زۆر وەحشیانە و وەک کاری هەمیشەییان ڕووی چەکیان کردە جەماوەری ناڕازی و بۆ تۆقاندن و بڵاوەلێکردنی خۆپیشاندەران تەقەیان لێکردن. کە لە جێدا یەکێک لە ناسراوترین و هەڵسوڕاوترین ڕابەری ئەو "ئیعترازە" هەقخوازانەیە هاوڕێ "بەکر عەلی" کە یەکێک لە وتاربێژانی 1ی ئایار و هەڵسوڕاوێکی یەکێتی بێکاران بوو، لە پیلانێکی نەخشە بۆ داڕێژراودا بەسەختی بریندارکراو دواتریش بە دیلی گوللەباران دەکرێت و لە ئەنجامدا گیانی لەدەست دەدات. دوابەدوای ئەوە لەڕێگای دەزگا جاسووسییەکانیانەوە خەریکی تعقیب و گرتنی ڕابەرانی کرێکارین و ئێوارەی 9/1 "فەرهاد فەرەج" هەڵسوڕاوی ڕێکخراوەی بێکاران بێسەروشوێن دەکەن، کە تا ئێستا چارەنووسی دیار نییە.

دیارە گومان لەوەدا نییە، ئەم کارەوەحشیانەو سەراپا دژی ئینسانییە، یەکەمجار نییە کە بۆرژوازی کورد دەستی بۆ دەبات، بەڵکو ئەم بەربەرییەتە لە درێژەی هێرشێکدایە کە لەچەند ساڵی رابردووە دەستپێکردووەو ئەم ماوەیەش بەهۆی حوکمی میلیشیاو دیکتاتۆرییەتی تاک حیزبی و جەوی عەسکەرتارییەتەوە بەسەر شارەکاندا، چەند ئەوەندەی تر دڕندایەتییەکەی چووەتەسەرەوە. هەتا ئێستا چەندین هێرشی دژی ئینسانییان بۆ سەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان دەستپێکردنووە. هێرش بۆ سەر دەستفرۆشان و گرتن و ڕاونان و ئیهانەت و سووکایەتیلێکردنیان، هێرش بۆ سەر ڕابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و

زیندانی و ئەشکەنجەدانیان و هێرش بۆ سەر بنکەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و.. . هتد. هەموو ئەمانە کارنامەی ئەو حاکمییەتە ڕەش و بێ پەردەیەی شاری سلێمانییە. ئەوەتا لە ڕۆژی 8/10 یەکێک لە ڕابەرانی یەکێتی بێکاران بەناوی "ئەکرەم محەمەد" دەستگیردەکەن و دوای ئیهانەت و سووکایەتی، بێ شەرمانە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن. هەروەها ئەوە زیاتر لەهەفتەیەکە 7 کەس لە دانیشتوانی خانووە بێ تاپۆکانی گەڕەکی سەرکارێز گیراون و تاکو ئێستا ئازاد نەکراون. ڕۆژی 1994/8/31 هێرش دەکەنە سەر ڕێپێوانەکەی ڕێکخراوی بێکاران و کامێرای ڕەسم گرتنەکەیان دەست بەسەردا دەگرن. لە کۆتایی مانگی ئابدا شخصی پارێزگار، هەڕەشە لە نوێنەری ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان دەکات و تهدیدی ڕێکخراوەکەیان دەکات. ئەمڕۆش هاوڕێ بەکر گوللەباران دەکەن. سەرەڕای ئەمەش شێواندنی حەقیقەتەکان لەلایەن پارێزگاری سلێمانییەوە لە ڕێگای تەلەفزیۆنەکەیانەوە، کە گوایە خەڵک تەقەی کردووە، بەڵام ئێمە ڕایدەگەیەنین، کە تەواوی خەڵکی زەحمەتکێشی حامیە شاهیدی ئەو ڕاستییەن، کە خەڵکەکە بە هیچ شێوەیەک نەک چەک بەڵکو تەنانەت قەڵەم بڕیشیان پێ نەبووەو ئەم درۆیانەش خەڵکی فریو نادات و ئەم تاوان خستنەپاڵ خەڵکی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش پیشەی داڕێژراوی هەموو جارەیانە.

بەڵێ، هەموو ئەم هێرشە وەحشیانەیەی بۆرژوازی کورد، لە درێژەی ئەو هێرشانەدایە کە بۆ سەرکوتکردنی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیان دەستپلێکردووە و نەخشەی بۆ کێشراوە. هەتا هەر جۆرە دەنگێکی عەدالەتخوازی و یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگادا لە گەرووداو بتاسێن و جەوی ترس و سەرکوت و وەحشەت بە دیاریبۆ خەڵکی کوردستان بهێننەوە.

ئێمە وێڕای ئەوەی کە ئەم وەحشیگەرییە سەرتاپا مەحکوم دەکەین و بە هیچ جۆرێک لێی خۆش نابین، لە هەمان کاتدا بۆ ڕیسواکردن و پەردە هەڵماڵین لە ڕووی جەهالەت و کۆنەپەرستی ناسیۆنالیزمی کوردو

حیزبەکانیدا لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا خەباتی جدی و نەپساوە دەکەین. بۆ ئەم کارەش لە سەرەتاوە بانگەوازی خەڵکی شەڕیف و ئازادیخوازی کوردستان و سەرجەم ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و شەخسییەتە عەدالەتخوازو ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەکەین، کە لە دژی ئەم وەحشیگەرییە دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی جەماوەری ناڕازی و نەهێڵن جەوی ترس و سەرکوت و ئیستبداد، ملی شکاوی بگێڕێتەوە بۆ کوردستان. بۆیە پێویستە بە شیعاری بژی ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی و ئازادی ڕێکخراوبوون و مانگرتن و خۆپیشاندان و ئازادی هەڵسوڕانی ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکان بێینە مەیدان و ئەم دیکتاتۆرییەتە بێ پەردەیە مەحکوم بکەین و لە ئاستی جیهان و ناوچەکەدا مۆری دژی ئینسانی و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بە نێوچاوانیانەوەو لە لیستی ئەحزاب و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی جیهاندا ناویان سەبت بکرێت. ئەم کارەساتە دڵتەزێنە کە ویژدانی بەخەبەری هەموو ئینسانێکی شەڕیف و ئازادیخواز دەهەژێنێ، پێویستە بەڕیزی یەکگرتوو و ڕێکخراومانەوە وەڵامی ددان شکێن وەربگرێتەوە. بۆیە دەبێ:

1 ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی (ئازادی ڕێکخراوبوون و مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕۆژنامە و.... هتد) بە ڕەسمی بناسرێت و حکومەتی هەرێم لە کەناڵەکانی ئیعلامەوە بە ڕەسمی ڕایبگەیەنێت.

2 تاوانبارانی ئەم کارەساتە دەستنیشانبکرێن و بەسزای تاوانکاری بگەیەنرێن.

3 ئازادی نیشتەجێبوون و هەڵبژاردنی شوێنی ژیان بە ڕەسمی بناسرێ و شوێنی گونجاو بۆ هەموو دانیشتوانی وڵات دابینبکرێ و لە ڕێگای دابەشکردنی زەوی و دابینکردنی پێداویستییەکانی خانوو دروستکردن و.. . یان بە دروستکردنی شوقەی نیشتەجێبوون لەسەر حسابی حکومەتی هەرێم و

4 ........ ........ .... .

5 .... ........ ........

- فیدراسیۆنی کرێکاران لە کوردستان (یەکێتی بێکاران لەکوردستان، یەکێتی کرێکارانی کارگەو پرۆژە ئەهلییەکان، یەکێتی کرێکارانی بیناسازی، یەکێتی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی، ڕێکخراوی کرێکارانی ئەلبیسە، دەستەی کرێکارانی چیمەنتۆ، سەندیکای کرێکارانی پۆست و گەیاندن).
- حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ی عێراق
- ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان
- ڕێکخراوەی سەربەخۆی خوێندکاران و لاوان لە کوردستان
- ڕێکخراوەی بێکاران لە کوردستان
- تیپی شانۆی نینا دەستەی دەستفرۆشان
- کۆمیتەی بێکارکراوانی ڕێکخراوی CARE

1994/9/2





## ڕوونکردنەوەیەک لەسەر چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی

ئەمڕۆ لە کوردستان هەموو کەس شاهیدی ئەو ڕاستییەن، کە هەژاری و بێکاری و چەندین گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بوونەتە مۆتەکەو بە لەحزە بەرۆکی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان بەرنادەنو بگرە ڕۆژانەش ئەم کێشانە لەزیادبووندان و خەریکە بەتەواوی سیمای کۆمەڵگە لە کوردستان ون دەبێت و دۆزەخێک لە شوێنیدا جێگیر دەبێت.

یەکێک لە کێشە هەرە دیارەکانی ئەم مەینەتئاوایە کە لێرەدا جێی مەبەستمانە و بووەتە هۆی ڕوودانی چەندین کارەسات و زەینی کۆمەڵگەی بۆ کێش کراوە، کێشەی خانووە بێ تاپۆکانە کە ئەم دیاردەیەش بەرئەنجامی بێ خانەو لانەیی و کرێچێتی و پێشەکی زۆر و گوێنەدانی دەسەڵاتدارانی کوردستانە، بە چارەسەرکردنی کێشەی بێ خانەو لانەکان.

ماوەیەکە جارێکی تر دەسەڵاتداران(ئەمجارەیان حکومەتی سلێمانی) بەمەبەستی هێرش بۆ سەر ئەم خانوو و چادرو کۆشکە نایلۆنانە، دەستیان داوەتە چەندین کاری لێرەو لەوێ و لەم پێناوەدا لەزیندانیکردن و سووکایەتی بە خەڵک و هەرچی بۆیانکرابێت درێغییان نەکردووە. تاکار گەیشتە ئەوەی، کە خەڵکی خانووە بێ تاپۆکان لە ئەنجامی گوێ نەدانی دەوڵەت بە داخوازییەکانیان ڕۆژی 1994/9/1 ڕێپێوانێکی شارستانی و هێمنانەیان بەرپاکردو بەمەبەستی گفتوگۆکردن چوونە لای پارێزگاری سلێمانی، ئەوە بوو لە ئەنجامدا چەکدارەکان (کە بە حسابی ڕزگارکردنی کەرکوک و پاراستنی سنووری کوردستان دروستبوون) فیشەکی ئەو شەڕانەیان کرد بەسەر ئەو خەڵکەدا و کەوتنە لێدانی خەڵکی بێ دیفاع و بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو و بەدەستی ئەنقەست کەوتنە گوللەبارانکردنی نوێنەری خەڵکەکە کە ناوی (بەکر عەلی) بوو. چەندین چەک لە چەندین شوێنەوە کەوتنە تەقەکردن لەم ئینسانە شەڕیف و حەقخوازە و





بەم کارەیان جارێکی تر سەلماندیانەوە، کە بەڵێ جەنابیان بەڕاستی مۆدێرن و پارێزەری ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ و ئازادین!

بەمەبەستی پاساودانی ئەم کارەو درێژەدان بەم هێرشانە شەوی ½ 9 تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ "سالار عەزیز" دا سازکردو پارێزگار کەوتە هێنان و بردنی کۆمەڵیک قسەو کەوتە هێرشکردن بۆ سەر فدراسیۆنی کرێکاران و بە ئاژاوەگێڕو هۆی ڕێپێوانەکە دانییە قەڵەم و کۆمەڵێک اتهامات(تۆمەت) و شتی سەیری باسکرد، کە بەڕاستی مەگەر ئینسانێک داماڵرابێت لە هۆش و ویژدانئەگینا زەحمەتە کەسێکی یەک تۆز هۆشیاریهەبێت سەرلەقێنی ئەم قسانە بێت:

پارێزگار لەیەکێک لە قسەکانیدا گوتی: گوایە خۆپیشاندەران تەقەیان لە بینایەی پارێزگار کردووە. ئێمە خەڵکی دڵنیادەکەین لەوەی کە نەک خەڵکەکە چەکیان پێ نەبووە، بگرە ئەوەندە بەسلمی و هێمنانە خۆیان ئامادەکردبوو، کە ڕەنگە پێشوەخت نینۆکیشیان کردبێت. بەڵام بەڕاستی جەنابی پارێزگار حەقی خۆیەتی ئەو شتە و دەیان شتی تری لەو بابەتە دروست بکات، ئەگینا تاوانێکی گەورەی ئەوان کردوویانە دەرهەق بەو خەڵکە وا بە ئاسانی پاساو نادرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییە باش دەزانن، کە ئەم حیزبانە بۆ پاساوکردنی تەقەکردن لەم موناسەباتانەو هەر پێشێلکردنێکی مافی مرۆڤ، هەموو کات بابەتی "معلب" و بۆیاخکراوی ئامادەیان لا دەستدەکەوێت و مامۆستای بەتوانان لە حەلاڵکردنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە خەڵکی حەقخواز دەیکەن.

# ئەلبومی وێنەکان



شاعیر لە تەمەنی 6 ساڵیدا





رقم المحفظة /

رقم الشهادة

٦١٦٨٢٢ /هـ

التاريخ ١٩٨٦/٦/١٩

شهادة الجنسية العراقية

بناء على تحقيق اكتساب ابوبكر علي محمد

المثبت صورته الشمسية أعلاه الجنسية العراقية وفق

المادة ( ٢/أ ) من قانون الجنسية العراقية فقد

منح هذه الشهادة .

١ – محل وتاريخ ولادة حامل الشهادة ......... الحلبجة / ١٩٦٨

٢ – الديانة ......... مسلم

٣ – العلامات الفارقة .........

٤ – اسم الاب الكامل ......... علي محمد

٥ – محل ولادته ......... السليمانية

٦ – اسم الام الكامل ......... حليمة

٧ – محل ولادتها ......... السليمانية


الملاحظات (تكتب بالحبر الاحمر)

محمود حمه اغا ابابكر

مدير الجنسية

توقيع حامل الشهادة

بصمة ابهام اليد اليسرى



یەکیتیی نووسەرانی کورد
ناو : ئەبو بەکر علی محمد
سالی لە دایك بوون : ١٩٦٨
پیشە : ئەدیب
مێژووی بونە ئەندام : ١٩٩١
ژمارەی کارت : ١١٧
سەرۆك :
د.عزالدين مصطفى







یەکێتی نیشتمانی کوردستان

مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی

ناو: ابوبکر علي محمد

ڕۆژی لەدایک بوون: ١٩٦٨

شوێن: شقامي جوارتا

پیشە:

گروپی خوێن:

زمارەی بەڵگە:

بەروار: / / ١٩٩٣

کۆمیتەی ڕێکخستنی

٣ی سلێمانی







باخی گشتی سلێمانی 1993





بەر دەرکی سەرای سلێمانی 1992



لەناو خێزان و خزمانیدا لە ماڵە قوڕینەکانی حامیە



لەکاتی دابەشکردنی یارمەتی رێکخراوێکدا بۆ ماڵەکانی حامیە







لە پێشەوەی کەژاوەی خۆپیشاندەران 1ی ئایاری 1994











لەناو ئاپۆرەی خۆپیشاندەران و بەشداربووانی مەراسیمی 1ی ئایاری 1994



شاعیر لە کاتی وتارخوێندنەوە
لە مەراسیمی 1ی ئایاری 1994



دووەم کەس لەلای چەپەوە لە راوەستاوەکان،
ساڵی 1994 (شاری هەڵەبجە)
2 مانگ پێش تیرۆرکردنی



نیو کاتژمێر پاش تیرۆرکردنی
(فەرمانگەی پزیشکی دادوەری سلێمانی)



سالّیادی تیرۆرکردنی شاعیر لە هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی
1995/9/1



خوالێخۆشبوو (حەلیمە خان) دایکی شەهید ئەبوبەکر








دایکی شاعیر لەکاتی کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت
بە ساڵیادی تیرۆرکردنی کوڕەکەی



هۆڵی مۆزەخانە 1995





گۆڕی شاعیر لە گردی سەیوان



الفاتحة
بکر علی محمد لەساڵی
١٩٦٨ لەدایک بووە







## نووسراوی سەر کێلی گۆڕی شاعیر

ئەگەر پێتان وایە بە کوشتنی من، لافاوی رقی پیرۆزی هەژاران دەوەستێنن، بەهەڵەداچوون.. لافاوێکە بەهیچ بەربەستێک راناگیرێ، تاوەکو ئەم دنیا پڕ برسێتی و هەژاری و بێلانەییە رانەماڵێت.

سەرکەوتنیش ئەمڕۆ نا سبەی

# پاشکۆی دۆکیۆمێنتەکان





## بۆ ئاگاداری

دوو هەویـەم لێ ونبـووە بە ناوی (أبو بکر علی محمد)ە وەکە یەکەمیان هەویـەی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانیو دووەمیان هەویەی مەڵبـەنـدی ڕیکخستنی سلێمـانی‌یـە تکـایە هەر کەسێ دۆزیویانێتەوە بیانداتەوە مەکتەبەی شێخ انور لەبەر دەرکی سەرا/ سلێمانی وسوپاسی ئەکەم

دووشەممە: ۱۷/۸/۱۹۹۲/ ـ ۲٦/ خەرمانان/ ۲٦۹۲ ـ (۱٦۷) ساڵی یەکەم

ونبوون ونبوون

**کوردستانی نوێ ۲**

بۆ بەڕێز / پارێزگـــاری سلێمانـــی

سڵاوێکی گەرم

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شوێنی کاروژیانیاندا ماڵی خۆیانە کە نوێنەریان هەبێ بـــۆ نوێنەرایەتی کردنیان لە دەرمەسەلەیەکدا بۆ خزمەتکردنیان . ئێمە ش وەکو جەماوەری خانوە بێ تاپۆکانی حامیەی کۆن نوێنەری خۆمان هەیە ئەویش کاک ((ابوبکر علي محمد)) ە کە بـــۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی دروست بۆ ڕووخاندنی خانووەکانمان زۆر دڵسۆزانە کاری کـــردووە ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئەم نوێنەرەمان ڕۆژی ٤ شەممە ڕێکەوتی ١٧/ ٨/ ١٩٩٤ ســـعات ١٢ ی نیوەڕۆ بە بەرچاوی خەڵکی حامیە وە لەلایەن گرووپێکی سەربە دائیرەی ئاسایش لە ماڵـــەوە گرتویانە . ئێمە باوەڕمان وایە ئەو نوێنەرەمان بە هەر بیانوویەک گیرابێت دوورە لە ڕاستییەوە تەنها ئەوەتەیە کە نوێنەرێکی زۆر دڵسۆزی ئێمەی هەژارو دەست کورتە . بۆیە داوا دەکەین بـــە دەست بەجێ کاک ابوبکر علي ئازاد بکرێت . ئێمە دەنگی ناڕەزایی خۆمان بە هەموو لایـــەک دەگەیەنین و بەکردەوە شکاردەکەین بۆ بەردانی نوێنەرەکەمان .

جەماوەری خانوە بێ تاپۆکانی

حامیەی کـــۆن

١٨/ ٨/ ١٩٩٤

وێنەیەک بۆ/

-------

دائیرەی ئاسایشی سلێمانی

ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە سلێمانی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

حیزبی شیوعی کوردستان

حیزبی سۆسیالیستی کوردستان

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

یەکێتی بێکاران لەکوردستان / لیژنەی ڕاسپێرن

بڵاوکراوەکانی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان

یەکێتی نووسەرانی کورد







بۆپێشەوە

ژمارە ( ١١ ) • کانوونی دووەمی ١٩٩٥

ئەو چالاکییانەی لە دژی گوللەباران کردنی ( بەکر عەلی ) بەریخران لە ئەورووپا •

A labour activist was executed

Revolutionary Association of the Women of Afghanistan (RAWA)

جمعیت انقلابی زنان افغانستان

A labour activist was executed

اعدام احد مناضلى العمال فى كردستان العراق

International Solidarity Committee with Workers' Movement in Iraq

INDUSTRI FACKET

Die Leiche von Bakir Ali, der am 1. September 1994 ermordet wurde.

ماچۆن پانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کۆمیتەی هاوپشتی لە بزووتنەوەی کرێکاری عێراق • لە دژی گوللەباران کردنی " بکر علی " لە ئەندامی

* بە یاننامەی " کۆمیتەی نێونەتەوەیی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری عێراق " بە زمانی ئەڵمانی کە لە ئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە !

پرسی کردن و بێ ماف کردنمان رانەوەستان و لەم جەنگە کۆنەپەرستانەیەدا ماڵەکانمان تۆپ باران کرد و لەپاڵ دەستمان دا ئەدادان لە ئازیزەکانمان بە





PROLETARIAN ARTS AND LITERATURE

ئەدەب و هونەری کرێکاری

1994 سالی سێیەم گۆڤارێکی مانگانەیە

# یاداشتنامە

بەهۆی گەمارۆی ئابووری دووقاتی یەوە ، کۆمەڵگای کوردستان ، ڕۆژانێك دەگوزەرێنێ کە لە مێژووی هاوچەرخی دا نەهاتبێتی و کارەساتێکی هەرگیز تووش و گرانی وای بەسەر خۆیەوە نەبینیوە ... پێ شێل کردنی ئازادی یە فەردی و سیاسی ، کۆمەڵایەتی یەکان وەك باران بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی بە تایبەت کرێکار و زەحمەتکێشان دا دەبارێ !!! ئەمە لە باری ئاسایی دا ، خۆ ئەگەر ئەو جەماوەرە نارەزایەتی لە خۆ نیشان بدات ، ئەوا زۆر خراپ و بێ ڕەحمانە وەڵامی پێ دەدرێتەوە ... نموونە زۆرە ، گەر بیانژمێرین کتێبێکی هەزار لاپەرەیی گەرەکە .

شەهید کردنی ( ئەبووبەکر عەلی ) شاعیر و زەحمەتکێش و نوێنەری خانوو بێ تاپۆکانی ( حامیە ) لە ڕۆژی ١/٩/١٩٩٤ دا بە دەستی ئەنقەست ، وێنەیەکی تاڵ و دزێوە کە هەتا هەتایە دەسەڵاتدارانی شاری سلێمانی ناتوانن بیسڕنەوە .

ئێمە دەنگی نارەزایەتی و تووڕەیی خۆمان لەگەڵ هەموو ئەو دەنگانەی لە هەمبەر بەرز کراوەتەوە ، تێکەڵ دەکەین و داواکارین :

ـ : پێك هێنانی لێژنەیەکی تەحقیقی لە نوێنەرانی ڕێکخراوە جەماوەری و کرێکاری یەکان و مافی مرۆڤ و یەکێتی نووسەران و کەسانی بێ لایەن و هەق خواز بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە .

ـ : بکوژانی گەورە و بچووکی ( شەهید ئەبووبەکر عەلی ) بدرێن بە دادگای ئاشکرا .

ـ : دابین کردنی هەموو هەق و حقوقێکی شەهیدانە بۆ خانەوادەکەی .

ـ : ڕاگرتنی بڕیاری ڕووخاندنی خانووەکانی ( حامیە ) یان دانی ئەوەی گونجاو بێ بۆ دانیشتوانی ئەو گەڕەکە و دیاری کردنی بڕی ئەوەیشەکەش لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەکەوە بێت .

ناوەڕاستی ئەیلول ١٩٩٤





کرێکارانی جیهان ، یەکگرن !

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق          ژمارە / تایبەت          بەروار / ١٩٩٤/٩/٥

بۆ بەڕێز / بنەماڵەی هاوڕێ " بەکر عەلی "

بابەت / پرسەنامە

بە سڵاوێکی گەرم و خەباتکارانە

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی تیرۆرکردنی هاوڕێ و هاوسەنگەر و خۆشەویستی هەموو لایەکمان کاک "بەکر"مان پێ گەیشت ، لەناخی دڵمانەوە سەرەخۆشی خۆمان لە بنەماڵەی بەڕێزی و دۆستان و هاوڕێیانی دەکەین .

بێگومان هاوڕێ " بەکر " نە یەکەمین و نە دوایین قوربانییەکانی چینی ئێمەیە ، ژیان وگوزەرانی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هەمووکاتێک لە نەبەردە چینایەتییەکانی خۆیاندا دەیان ڕابەری وەک هاوڕێ " بەکر " دێنێتە مەیدان ، بەکوژرانی چاوی دوژمنانیشمان هەمیشە ڕێگاکەیان پڕ لە ڕێبوارە .

ئێمە بەتوندی تاوانی تیرۆرکردنی هاوڕێ " بەکر " مەحکوم دەکەین لەسەر ئاستی کوردستان و جیهاندا ئەم تاوانە وبکوژانی ریسوا دەکەین ، هەر ئێستا پاشەکشەی کاربەدەستانی سەلمانیی چەندین داخوازی بەرهەقی خەڵکی زەحمەتکێشی حاسیە بەرەنجامی خەباتی هاوڕێ " بەکر " و ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییەیە کە هاوڕێ " بەکر " نوێنەرایەتی دەکرد ، پێویستە بووترێ کە دەسەڵاتداران هەوڵی ئەوە دەدەن کە ڕووی دزێوی تاوانەکەیان بشارنەوە دەیانەوێ بە دانی چەند ئیمتیازێـــک مەسەلەکە بشارنەوە ، بۆیە ئێمە خوازیاری محاکەمەی عەلەنی تاوانبارانی ڕووداوەکەین و داواکاری ئەوەش لە ئێوەی بەڕێز دەکەین کەپێی لەسەر دابگرن و وەفادار بن بە خوێن وئاواتەکانی هاوڕێ " بەکر " کە هیچ نەبوو بەغەیری ژیانێکی شایستەی ئینسان .

هیوادارین ئەمە دوایین کۆستتان بێت

بژی نارەزایەتی خەڵکی زەحمەتکێش لەپێناو ژیانێکی شایستە بە ئینسان
بەڕێز بێت یادی هاوڕێ " بەکر " وڕێگای پڕ ڕێبوار بێت

سکرتاریەتی نووسینگەی سلێمانی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق





# ئەتەکێ دن لەخۆپیشاندانی زەحمەتکێشانی حامیە نیشاندەی داماوی بۆرژوازی کورد و حیزبەکانیەتی !!

کرێکاران ، زەحمەتکێشان ، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان !

سەرباری جەهەننەمی ژیانی گرانی و برسێتی و بێکاری و نائەمنی و شەڕ و کوشتار و فەسادی ئیداری و نەخۆشی و ... مەسەلەی بێ خانە و لانەیی و نەبوونی سەرپەنایەک کە ئینسان شەوی تیا ڕابکاتەوە ، مۆتەکەیەکە و دەستی لە بینەقاقامان هەڵناگرێ . بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم بەناو کۆمەڵگایە لەم پانتایی زەوییە بێ برانەوەیەدا چوار دیوارێک شک نابەن کە لە سەرما و گەرما خۆیان و کۆرپەکانیان بپارێزن . حکومەتی بۆرژوا ـ ناسیونالیستی کوردیش هەتاکو ئێستا نەک هەر هیچ جۆرە مەسئولییەتێکی لە ئاست ژیانی دانیشتوانی ئەو خێڵە بەرینە لە خەڵکی بێ خانە و لانەدا نیشان نەداوە ، بەڵکو لە ژێر ناوی جیاجیا و بیر و پاگەندەی بێ شەرمانەی " شارستانییەت و ڕازاندنەوەی ... ەکان "دا ، ئەو کۆنە گۆڕ و دار و تەم و پەردووەش کە جێگای حەوشتنی تەنیا ئینسان نەبێت بۆ پەوا نابینێ و هێرشی وەحشیانە دەکرێتە ... یان و نووکی شۆڤڵی ماڵ مرۆڤ و دیموکراسی لەگەڵ زەویدا یەکی دەکات ، تەنانەت ئەو ئینسانە شەریفانەش کە بەهۆی شەڕی کۆنەپەرستانە و ئاوارەبوونەوە تووشی ئاوارەیی بوون و لە ماڵ و جێگا و ڕێگای خۆیان هەڵکەندراون ، یان ئاوارەکانی کەرکووکی "دڵ و قودسی کوردستان" بە قانوونی بێ تاپۆ و کوتەکە تجاوزەکانیانەوە ... و هیچ شەرمیش نایان گرێت لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانیانەوە نیشانی خەڵکی دەدەن کە چۆن خەڵکی بێ خانە و لانە دەکەن و فڕێیان دەدەنە سەر جادە و شەقامەکان !

لە بەرامبەر وەزعێکی نائینسانی ئاوھادا بوو کە خەڵکی ئاو ئەو خانووانە بەگشتی و حامیەی کۆن بە تایبەتی لە شاری سلێمانی ، ڕق و تووڕەییان پڕدی سەبریانی پساند و چیتر نەیانتوانی لە بەرامبەر گەرووی ئەژدیها قاسای بۆرژوازیدا کە بە سووکایەتی کێڵەیەتی ئەو ئینسانانەش تێیە داشکێ ، بێ دەنگ بن و لە بەرامبەر جەوی دیکتاتۆرییەتی شاری سلێمانیدا هاتنە مەیدان . دوای چەندین کۆبوونەوەی جەماوەری خۆیان و هەڵبژاردنی نوێنەرانیان لە ٩/١ دا بڕیاری ڕێپێوانێکیان دا بۆ بەردەم پارێزگاری سلێمانی ، بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی و داواکاری جێبەجێ کردنی داخوازییەکانیان کە بریتی بوو لە دابین کردنی جێگا و شوێنی گونجاو بۆ خێزانەکانیان ، کاتێک کە ئەوکە لاوانەیان بۆ چۆڵ دەکەن . بەڵام سەرباری ئەوەی کە ڕێپێوانی خەڵکی خانووە بێ تاپۆکان زۆر هێمنانە بوو ، کەچی حاکمانی شاری سلێمانی زۆر وەحشیانە و وەک کاری هەمیشەییان ڕووی چەکیان کردە جەماوەری ناڕازی و بۆ ترساندن و بڵاوە پێ کردنی خۆپیشاندەران تەقەیان لێ کردن ، کە لە ئەنجامدا یەکێک لە ناسراوترین و هەڵسووڕاوترین ڕابەری ئەو "ئیمتراز"ـە هەڵنەوازانەیە "بەکر عەلی" کە یەکێک لە ... ی ئاپار و هەڵسووڕاوێکی بەکەسێتی بێکاران بوو لە پەلامارێکی لەخشە بۆ دابڕاوادا بە سەختی بریندار کرا و دواتریش بە دیلی گوللە باران دەکرێت و لە ئەنجامدا گیانی لەدەست دەدا . دوا بەدوای ئەوە لە ڕێگای دەزگا جاسووسییەکانیانەوە خەریکی تعقیب و گرتنی ڕابەرانی کرێکارین و ئێوارەی ٩/١ "فەرهاد فەرەج" هەڵسووڕاوی ڕێکخراوی بێکاران اختطاف دەکەن کە تا ئێستا چارەنووسی دیار نییە .

دیارە گومان لەوەدا نییە ، ئەم کارە وەحشییانە و سەراپا دژی ئینسانییە ، یەکەم جار نییە کە بۆرژوازی کورد دەستی بۆ دەبات ، بەڵکو ئەم بەربەرییەتە لە درێژەی هێرشێکدایە کە لە چەند ساڵی ڕابردووەوە دەستی پێ کردووە و ئەم ماوەیەش بەهۆی حوکمی میلیشیا و دیکتاتۆرییەتی تاک حزبی و جەوی ئەسکەرتارییەتەوە بە سەر شارەکاندا ، چەند ئەوەندەی تر درێژایەتییەکەی چووەتە سەرەوە . هەتا ئێستا چەندین هێرشی دژی ئینسانییان بۆ سەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان دەست پێ کردووە ، هێرش بۆ سەر دەستکەوتەکان و گرتن و ڕاونان و ئیهانەت و سووکایەتی پێ کردنیان ، هێرش بۆ سەر ڕابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و زیندانی و ئەشکەنجەدانیان ، هێرش بۆ سەر بنکەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ... هتد . هەموو ئەمانە کارنامەی ئەو حاکمییەتە ڕەش و بێ پەردەیەی شاری سلێمانییە . ئەوەتا لە ڕۆژی ٨/١٠ یەکێک لە ڕابەرانی یەکێتی بێکاران بەناوی "اکرم محمد" دەستگیر دەکەن و دوای ئیهانەت و سووکایەتی بێ شەرمانە هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکەن ، هەروەها ئەوە زیاتر لە هەفتەیەکە ٧ کەس لە دانیشتوانی خانووە بێ تاپۆکانی گەرەکی سەرکاریز گیراون و تاکو ئێستا ئازاد نەکراون . ڕۆژی ٩٤/٨/٣١ هێرش دەکەنە سەر ڕێپێوانەکەی ڕێکخراوی بێکاران و کامێرای ڕەسم گرتنەکانیان دەست بەسەردا دەگرن . لە کۆتایی مانگی ئابدا شخصی پارێزگار هەڕەشە لە نوێنەری ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان دەکا و تهدیدی ڕێکخراوەکەیان دەکا ، ئەم ڕۆژ هاتوون بە گوللەبارانیان دەکەن . سەرەڕای ئەمەش شێواندنی حەقیقەتەکان لە لایەن پارێزگاری سلێمانییەوە لە ڕێگای تەلەفزیۆنەکەیانەوە کە گوایا خەڵک تەقەی کردووە ، بەڵام ئێمە ڕای دەگەیەنین کە ئەوەی خەڵکی زەحمەتکێشی حامیە شاهیدی ئەو ڕاستییەن کە خەڵکەکە بەهیچ شێوەیەک تەقەی نەکردووە ، بەڵکو تەنانەت ئەم بۆنەیان پێ نەبووە و ئەم درۆیانەش خەڵکی فریو نادات و ئەم تاوان خستنە پاڵ خەڵکی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش پیشەی داڕزاوی هەموو جارەیانە .

بەڵێ ، هەموو ئەم هێرشە وەحشیانەیەی بۆرژوازی کورد ، لە درێژەی ئەو هێرشانەدایە کە بۆ سەرکوت کردنی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی



شەباتی کرێکار

ژمارە (٢) ، سەرەتای ئەیلول ١٩٩٥

بە یادی هاوڕێ «بکر علی»

ژیاننامەی هاوڕێ «بکر علی»



ژمارە ( ٤ ) تشرینی یەکەم ١٩٩٤ ساڵی یەکەم

( ٢ ) خەباتی بێکاران

# چۆنیەتی شەهید کردنی
## ( ئەبو بەکر عەلی )

ئەوت کە پۆلیسەکان گەیشتنە سەری و سەرپیان کرد و هیچیان لێ نەکرد بەجێیان هێشت. . . .
زۆر تێ نەپەڕین هاوەڵەکەی تری (ئەبوو بەکر) خۆی دابەدەستەوە ، بە شەق و قوناغە تفەنگ پیاکێشان بردیان . . . وازیان نەهێناو دوای ئەبووبەکر کەوتن . . پاش بریندار کردنی زۆر نامەردانە شەهیدی دەکـــەن ( ( ؟؟

## وتووێژ لەگەڵ بێکارێکدا

فەرهاد فەرەج

پێناس : محەمەد محەمەد کەریم لە دایـــک بووی ساڵی ١٩٥٢ / رانەندەی شۆفل بووە لە کومپانیای حاموراب...

پ : بەچ کارێکەوە خەریکی ؟
وەڵام : ئەگەر هەبێ حەماڵـــی .
پ : هەولی دامەزراند نەوەت نەداوە ؟
وەڵام : لەبەر ئەوەی سەر بە هیچ حیزبێ نیـــم کەسی واشم نی یە بۆ واسطە ، هەولەکانم ئێستا بە فیرۆ چووە . . . زۆر بە سەختـــی ژیانمان بەرێوە دەچێ ، مردنی هیواش چاوەروانمانە ، کەچی بەم رۆژگارە باس لە دیموکراتی دەکرێ ، دیموکراتی مانـــای چی یە ؟ بەلای منەوە دیموکراتی نە نـــان نە ئاوە نە ژیانە ، کەواتە بێ کەلکە .

عەباس شــوان

ئەنجامـــی هەوڵ و تەقەلای نوێنەرانی گەرەکـــی هەزار نشین و خانووە بێ تاپوکانی ( حامیە ) ی ...اری سلێمانی و پەیوەند کردن بە رێکخراوە جەماوەری ... کرێکاری یەکان و ئەو لایەنانەی دوور و نزیک سەر بـــە ... رێکخراوی ، بۆ پشت گیری کردن لێ یان .

لە دوای چەند کۆبوونەوەیەك لە دوای بـــەلاو دەرکردنی چەند بەیاننامە . رۆژی ٩٢/٩/١ ... رۆژی تەنفیز کردنی رووخاندنی خانووەکان بـــوو ... خەلکی زەحمەتکێشی ئەو گەرەکە بە ئامادە بوونـــی ... ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی رێکخراوە جەماوەری یەک... ان بە تایبەت ( رێکخراوی بێکاران ) ، بریاری خـــۆ ... پیشاندانێکی هێنانەیان دا لە ژێر دروشمی ( بـــا ...





سوپاسی بێ پایانم بۆ ئەم ئازیزانەی لەم کارە دا هاوکارو هاندەرم بوون:

- دڵشاد هیوا
- عومەر ئەحمەد
- مەریوان هەڵەبجەیی
- سەلام مستەفا
- یاسین عومەر ئیبراهیم
- زولێخا
- بوشرا کەسنەزانی
- نامیق هەورامی
- کاژاو جەمال
- ئەکرەم محەمەد (ئەکرەم چاوشین)
- فازڵ نەجیب
- ئاوات عەبدولخالق
- محێدین تەها
- سەرکەوت وەلی حسین
- سابیر ڕەشید
- ڕێبوار ئەحمەد غوڵام
- هێمن بەرزنجی
- داستان بەرزان
- هەموو ئەو بەڕێزانەی نووسینەکانیانم بەکارهێناوە.